# پاشایان کوشت

خوسرەو جاف

# پاشایان کوشت

رۆمان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

خوسرەو جاف
پاشایان کوشت – رۆمان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٦٢
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٢١ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: چرا کاوە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری

پێنج ساڵ و چەند مانگ بەم ڕۆمانەوە خەریك بووم.. شتێکم لێ دەنووسی و ڕادەوەستام، دیسانەوە دەکەوتمەوە هەڵپەی بەدەستهێنانی چاوگەی باوەڕ پێکراوتر.. ناشوکری خوا نەبێت ئێمەی نووسەری کورد دەست بۆ بەردیش ببەین و بیدەین بەسەردا لێمان نایاب دەبێ.. بەهەرحاڵ دوای چەرمەسەرێ و زحمەت و مەینەتێکی فراوان فرکای فرك و هەڵەداوان بەملاولادا، شێوەی لە بەردەستدایە گەیاندوومەتە ئاکام. ئەم ڕۆمانە وەك هەر ڕۆمانێکی مێژوویینە ناکرێت تەنیا زادەی بیر و خەیاڵ و خامە و ئەندێشەی نووسەر بێ.. منیش بەگوێرەی توانا لە چوارچێوەی چاوگە و ڕووداوە مێژوویینەکان وەدەرنەچووم.

هەڵبژاردنی ئەم سەردەمە مێژوویینەی نەتەوەکەمان تەنیا لەبەرئەوە نییە پاشای کوژراو باپیرمە و زۆربەی ڕووداوەکانی لە دیار و تەباری تیرە و تایفەمدا رووی دابێ، بگرە هەڵدانەوەی پەردەیەکی ئەستووری یەك دوو سەدە شاراوە لە رووی ژیان و ژانی نەتەوەکەمانە خەڵکێکی زۆریش لە چۆنیەتی ئەو حەلە ئاگەدار و ئاشنا دەکەم تاچ ئەندازە تێدا سەرکەوتووم.. چاوساقان دەزانن، وەك وتم چاوساقان..!!

خوسرەو جاف

## ١

– قوربان، ڕەسووڵ تەتەر هاتووەتەوە.

–کوا، لە کوێیە؟

ڕەسووڵ، تك تك عارەقی لێ دەچۆڕا، نمی بن دەستی لە شانیدا تێکەڵ بووبوو. کە گەیشتە بەر دالأنی ڕەشماڵەکە، دەستەسڕێکی لە باخەڵ دەرهێنا و، سەر و ڕوو و گەردنی پێ سڕی و، دەستێکی بە قەفەی هەردوو سمێڵیدا هێنا و لە دەوار ڕۆیشتە ژوورەوە..

میر لە بنەبانی دەوارەوە بە سەر کورسییەکەوە دانیشتبوو بە چەپ و ڕاستیدا بەسەر لاکێشی ڕەنگاوڕەنگەوە، سمیڵ تا سمیڵ، پیاو ماقوولانی خێڵ چاو لە میر چووبوون بەچۆکدا، لە دوو لای میرەوە چەند جوان خاسێکی چوارشانە و بالأبەرز و پێ کەوتوو، ئاراستە و هێمن دانیشتبوون، لەولاتریانەوە گەنجێکی مێردمنداڵ یەشتا موو لێ نەهاتوو، بەوپەڕی ژیرییەوە لە حوزووری باوکیدا چووبوو بەچۆکدا.. نیگا و نواڕینی زیرەکی و هۆشیاری و زرنگی و بێداری لێ دەباری.

ڕەسووڵ هەردوو دەستی بەسەر یەکەوە نابووە سەر پشتوێنەکەی هەرکە گەیشتە نزیکی میر بەچۆکدا چوو، دەستی میری ماچ کرد و لەسەر چاوی دانا و وتی:

– میر سەر سەلامەت بێ میوانەکان گەیشتوونەتە دوو فەرسەخیی هەوارگە، ڕەنگە بۆ عەسرێکی درەنگ بگەنە بەرەوە.

– چەند کەسێك دەبن؟

چل، پەنجایەك، قوربان.

میر لە کاتێکدا قلیانی دەکێشا، بێ ئەوەی ڕوو بکاتە هیچ یەك لە دانیشتووان، لەبەر خۆیەوە وتی:

– دەبێ بڕۆین بە پیریانەوە. کابرا نوێنەری پاشای ئینگرێزە. ئەوەی ئامادە نییە بڕوا ئامادە بێ.. تاوێکی تر دەکەوینە ڕێ. ئینجا سەری بەرز کردەوە و چاوێکی گڕدا و، وتی:

– یونس کلیلدارم بۆ بانگ بکەن.

لەودیوی دەوارەوە یەکێك بەرزە دەنگ وتی:

– بەڵێ قوربان.

یونس ڕۆیشتە دەوارەوە، چون پەیکەرێکی لە سەنگ داتاشراو، لە ناوەڕاستی دەواردا ڕاوەستا.

میر وتی:

– میوانخانە تەڕ و تەمیز و ئامادەیە.؟

– بەڵێ قوربان.

ئەی دیوی حەرەم؟

– ئەویش بێ کەموکورتییە قوربان.

میر هەستا، لە دەوار ڕۆیشتە دەرەوە. لەولاترەوە، ڕەشماڵێکی دوازدە ستوونی هەڵدرابوو بۆ حەسانەوە و هەنۆزگای میر و خێزانی. ژنانی میر دەیانزانی میوان بەرێگەوەیە و ئافرەتیشیان لەگەڵە لە گەڕانەوەی ناوەختی میر بۆ حەرەم بەلایانەوە جێگەی سەرسامی نەبوو. میر یەکێك لە جلوبەرگە ماهوتەکانی لەبەر کرد و لە ڕەشماڵ هاتە دەرەوە. جەڵەوی ئەسپە «شێ» بەدەست بارام مەیتەرەوە دەست بەدەستی دەکرد، ئەسپە «شێ» یەکەناس بوو، هەرکە چاوی بە کەیخوسرەو بەگ کەوت حیلەی ئاسمانی داتڵیشاند و پڕموهوڕی دەست پێ کرد.

ناوباوی ڕەسەنی ئەسپە (شێ) لە مەرزی میرنشینی بابان و ئەردەڵانیش چووبووە دەرەوە.. «سەردار میرزای» فەرمانداری کرماشان، داخوازی ئەسپە «شێ»ی لە کەیخوسرەو بەگ کردبوو.

نەچووبووە ژێر، لە عەوەزدا دە سەر ئەسپی ڕەسەنی جۆراوجۆری تری بۆ

هەناردبوو، میر عیشق و عەلاقە و خوویەکی تایبەتی لەگەڵ ئەسپە «شێ» هەبوو.. ئەگەر سەدان میوانی هەبوایە، ڕۆژی جارێك سەری لێ دەدا و نوقڵێکی بەدەستی خۆی پێ دەدا و دەستێکی بە ناوچاوانیدا دەهێنا. ئەسپە «شێ»یش وەك بڵێی بە حیلە و پرمەوە، وەفا و خۆش ڕەفتاریی خۆی وەدەر دەخست.

شۆڕەسوارانی جاف پا لە ئاوزەنگی، هەڵقەدار، لە بەردەمی ڕەشماڵدا، چاوەڕوانی سواربوونی میری جافیان دەکرد. چوار ئەسپی زینکراوی تریش لغاویان بەدەستی مەیتەرانەوە دوور و نزیکی یەکتر ڕاگیرابوون بۆ کوڕانی کەیخوسرەو بەگ کە چاوەڕوانی سواربوونی باوکیان دەکرد. میر پای لە ئاوزەنگی نەخش و نیگاردار نا و دەستی لە کەلپۆزی زێڕینی زین گیر کرد، بەسەر زینەوە نیشتەجێ بوو ئەسپە شێ هەرکە هەستی بە سەنگینی سوار کرد و نەکرد، بەسەر پشتیەوە، لەسەر هەردوو پاشووی هەستایە سەر پا و حیلەیەکی سەرفرازانەی بۆ کرد و وەك بڵێ:

– کوڕینە دەی..

میر کەوتە پێش و پیاو ماقووڵانی ئێلی مورادیش ڕیز و ڕێك، لە دوای میرەوە کەوتنە ڕێ.

شنەی شەماڵی هەواران خۆی لە ڕووی شین و بێ گەردی گوڵە ئەفسانەییەکەی زرێوار دەخشاند، نەرمە شەپۆل یەك بەدوای یەکدا کەف چەرێن خۆیان دەگەیاندە کەنار و لێوار، ماچی خاك و خۆڵیان دەکرد. قریوەی دوبرا و هەڵۆی بەرزەفڕی دوور و نزیك دەهاتە گوێ، مراوی و ماسیگرە و باڵندە ئاوییەکان لە تاوا خۆیان پێ ڕانەدەگیرا، لە بنار و بنچەکی زەل و قامیشەڵانی لێواری زرێواردا خۆیان دەشاردەوە، تاو تاویش نزیکەفڕێك باڵێك دەفڕین.

لەشکری پێشواز لە ژێر سێوەری دارە قرۆڵدا نیشتەجێ بووبوون.. بازنەی سێوەری دارەقرۆڵ لە پێنچ گوریس پان و پۆڕتر بوو، چەند تاکە کورسییەکی سەفەری لە ژێر سێوەردا ڕیز و ڕێك، دانرابوون، زۆری پێ نەچوو سوارێك گەردەلوولی سمی ئەسپە پڕتاوەکەی، چو ئەستێرەیەکی داکشاو، دەهات و هەرکە گەیشتە بەرەوە، بەسەر ئەسپەکەیەوە وتی:

– پێش قەرەوڵیان تا جگەرە خۆرێکی تر وەدەردەکەوێ. من هاتم گەیشتبوونە بەردە چەخماخ..

ئەسپە «شێ» لە دوورەوە دەستی ڕاستی بەزەویدا دەدا و ملی تۆپەڵ دەکرد و بۆنی بەزەوییەوە دەکرد میر ڕووی کردە دانیشتوان و وتی:

– ماینی کامتان وەتەڵەبە؟

یەکێك لە دانیشتوان وەڵامی میری دایەوە و وتی:

– قوربان هی من.

– هەستە بگەڕێرەوە هەوارگە، تاقەتی چەپۆکانی ئەسپە شێم پێوە نەماوە.

ڕیزی زەواری میوانەکان وەدەرکەوتبوون.. زۆری نەخایاند مستەر «ڕیچ» و هاوەڵەکانی گەیشتنە بەرەوە و لە ئەسپ دابەزین. کەیخوسرەو بەگ بەگەرمییەوە بەرەو پیریان ڕۆیشت، باوشی بۆ «ڕیچ» کردەوە و یەکتریان لە ئامێز گرت و بەرەو ژێر سێوەری دارە قرۆڵ ڕۆیشتن و لێی دانیشتن. بارگە و بنە و کەژاوەی کەیوانووی مستەر «ڕیچ»یش بێ وەستان بەرەو هەوارگەی خێڵ ڕۆیشتن.

«ڕیچ» ڕووی کردە کەیخوسرەو بەگ و وتی:

– دەبێ ئەمانە کوڕەکانت بن؟.

میر لە کاتێکدا پەنجەی بۆیان درێژ دەکرد وتی:

– ئەمەیان سلێمانە و.. ئەوەکەیان قادرە و، ئەویش عەبدوڵایە و، ئەویشیان، لە هەموویان بچووکترە، محەمەدی ناوە.

– خوا ئاگەداریان بێ.

– سوپاست دەکەم.

– بەڕاستی مەڵبەند و هەوارگەیەکی دڵگیرت هەڵبژاردووە. ئافەرین بۆ سەلیقەت.

– پێم خۆشە ئەم دەوروبەرەت وا لا جوانە، ئێمە بۆیە پێگیری هیچ جێگە و شوێنێك نابین، تا هەر کوێمان بە دڵ بێ بارگە لەگا بخەین و لێی ببەزین.

– لە سلێمانی کە باسی ئەم ناوچانەت دەکرد، وام نەدەزانی بەم ئەندازەیە سروشت درێغیی لێ نەکردبێ، هەرچیت وتبوو، ئەشهەدو کەمت وتووە.

– ئەم ولاتە گەلێك دیمەن و جێگە و شوێنی دڵڕفێنتری تێدایە ئەگەر مەیلت لێ بێ، ئەوانەی نزیکن بۆی دەڕۆین.

– باشە، بەڵام با لە «سنە» بگەڕێمەوە، هەر بەو مەرجەی ئەگەر لەئەمانوڵلاخان زووتر ڕزگار بم.

تەپڵی هەی سوار هەی سوارلێدانی دەست پێ کردبوو، سوار سوار بووبوون، چاوەڕوانی «ڕیچ» و میری جافیان دەکرد.

لەشکر بەرەو هەوارگە کەوتبووە ڕێ، چەند ئەسپ سوارێك ڕمبازیبان دەکرد، چوار چوار یەکتریان ڕاو دەنا و قیل و خاچیان دەکرد و دەیانخوڕییە یەکتر و ڕمـیـان ڕادەوەشانـد، یـەك دوو سواری تـر بـەدەم تـاوەوە خـۆیـان بـە لاسکـی ئەسپەکانیانەوە هەڵدەواسی، تا ورد نەبوویتایەیتەوە، تەنیا ئەسپێکی ڕەمیدەی بێ سوارت وەدی دەکرد، لەولاترەوە یەك دووانێك بەسەر پشتی ئەسپەکانیانەوە و لە تاوان بەرزە بالا دەوەستان و هونەرنماییی جۆراوجۆریان لە خۆ نیشان دەدا.

کەیخوسرەو بەگ بێ ئەوەی وەدەری خا، دەکۆشا، بیر و ئەندێشە و تێفکرینی «ڕیچ» بخوێنێتەوە، ئەویش کارامە و گورگی باران دیدە و لێزان، زۆری دەدی و کەمی وەدەردەخست.

هەوارگە لە دوورەوە زڵلەی دەهات، دوور و نزیك، تا چاو بڕی دەکرد، ڕەشماڵ هـەڵدرابـوو.. چـەنـد ڕەشمـاڵێکی بـەرز و بڵـنـد بـەسـەر تـەپـۆڵکـەیـەکـەوە لـە دەوری دەوارێکی ڕەنگاوڕەنگدا بۆ بینەر خۆیان دەنواند.

دەواری ڕەنگین، چو ئافرەتێکی نازدار و ڕازاوە، چەند دەستەخوشکێکی جوانکیلە دەوریان دابێ، خانمانە لەنگەری خستبوو، ناز و کریشمەی بەگوڵی ئەفسانەییی زرێوار و چیا سەرسەوزەکانی دەوروبەر دەفرۆشت. دەوار بە شنەی با دەکەوتە نەرمە لەخشین و سەرچۆپی کۆڕی ڕەنگاوڕەنگی سروشتی دەگێڕا.

بەسەر دەست و بازوو و مەچەکی بازەوانانەوە چەند باز و قوش و دوبرا و

هەڵۆی ڕاوی چنگیان گیر کردبوو بۆ خۆڕاگرتن و تەرازووی سەنگینی لەشیان، هەردوو باڵیان کردبووەوە و بە نەرم دەیانکوتا و باوەشێنیان دەکرد. تانجی لەملا و ئەولای دەوارەکاندا ڕس کراو، هەرکە خزمەی پای ئەسپیان دەبیست، هەر هەموویان دەهاتنە وەڕین و جووڵە.

دەواری ڕەنگین لە دووازدە لاوە بە زەویدا شەتەك درابوو. لە پۆپەکەیەوە، فوازەکانی بەرەو خوار داهاتبووە خوارەوە، تا بەرەو خوار دەهات تەختەکەی بەربڵاوتر دەبوو هەر سووچی فوازێکی بەگوریسێکی ڕەنگین بەمێخێکدا ئالابوو، نــاوی دەوار لە هەرچوار لاوە ڕازابــووەوە، لە نــاوەڕاستــەوە کــۆڵــەکــەیــەکــی تــێ هەڵدرابوو، قەد و قامەتی تەنەی کۆڵەکەکە نەخش و نیگاری شێر و پڵنگ و جانەوەرانی جۆراوجۆری لێ هەڵکەنرابوو. سەنگینی تەواوی دەوارەکە لە چەقی سەرەوە کەوتبووە سەر کۆنگرەیەکی زیوینی سەر ستوونی کۆڵەکەکە، گوڵەنگی ڕەنگاوڕەنگی گەورە و بچووك لە سووچی هەر گۆشەیەکەوە شۆڕ بووبووەوە، چەند موبیلیایەکی کەندەکاری دەستکردی ئەسفەهان بەڕووکەشی تەلقرمەوە ڕیز و ڕێك دانرابوون، چەند گۆشە و سەرینی لەڕ و قەڵەوی ڕەنگاوڕەنگ بەسەریاندا پەخش و بڵاو کرابوونەوە، بەسەر مێزێکی چوار سووچەی نەخش و نیگاردارەوە چەندین ڕیز کتاو چنرابوو، لە چەندین لاوە شمشێری نایابی مشتوو زێڕین و سپەری گۆپکەدار و تەورزینی سووك و سەنگین و تفەنگ و قەرەبینا بەسەلیقەوە هەڵواسرابوون.

ئیتر هەر گۆشە و کەنارێکی دەوار باسێکی دەگێڕایەوە.

«ڕیچ» و هاوەڵانی هەرکە دانیشتن، مەسینە و لەگەنی زیوینی نەخشداریان بۆ هێنان و دەست و ڕوویان تەڕ کردەوە، ئینجا دەست و لەپیان گوڵاوپڕژێن کرا، لە چەند گۆشەوە دووکەڵی بوخورد، ئارام ئارام هەڵدەستا و بۆن و بەرامە و هەوا و هەناسەیەکی خۆشی لەناو دەواردا پەخش و بڵاو دەکردەوە..

کەیخوسرەو بەگ لە ڕووی «ڕیچ» ورد دەبووەوە نیگەرانییەکی لە توێی ڕوویدا وەدی دەکرد، هەرچی تێ دەفکرا هۆی نیگەرانییەکەی نەدەزانی و پەی پێ نەدەبرد..! دەستێکی ڕاوەشاند یونس کلیلدار ڕۆیشتە بەرەوە، میر چپەیەکی

چرپانده گوێی یونسدا و ڕۆیشته دەرەوە.

«ڕیچ» هەروا چاوی بەچواردەوری نێو دەواردا دەچەرخاند، چاوی کەوتە سەر ڕیزە کتاوەکانی سەر مێزەکە هەستایە سەر پا، بەرەو لای کتاوەکان ڕۆیشت، دانە دانە سەیری بەرگ و قەد و قەوارەیانی دەکرد و بەتوندی پەڕەکانی هەڵدەدایەوە و لەبەر خۆیەوە دێرێك و ناوی کتاوەکەی دەخوێندەوە.

(حافظ)، گوڵستانی سەعدی، خەیام، خەمسەی نیزامی شانامە..و... شانامەی دانا و کتاوێکی هەڵگرت و بەسەرسامی و وردەکارییەوە دەستی بە هەڵدانەوەی پەڕەکانی کرد بزەیەکی سەرکەوتووانە کەوتە سەر لێوی و گەڕایەوە سەر جێگەکەی، دوای چەند قومێك لە قلیان ڕووی کردە کەیخوسرەو بەگ و وتی:

– لە عادەتی منەوە دوورە داوای شت لە کەس بکەم، بەڵام ئەمڕۆ لە میر داوایەکم هەیە، نازانم میر بۆمی جێبەجێ دەکات، یاخەیر.

کەیخوسرەو بەگ لەسەرخۆ، جووت دانەی تەزبێحەکەی لە سەرەوە تا خوار و لە خوارەوە تا سەر دەگرت و بەرەڵڵا دەکرد، تەزبێحی لە لەپێکدا تۆپەڵ کرد و دای بەو لەپی تریدا و وتی:

– میوانی ئازیزمان داوا ناکا.. بەڵکو فەرمان دەدا..

– زاڵم فەرمان نەدا. ئەوی ڕاستی بێ لەدەمێکەوە بەدوای کتاوی «شەرەفنامە»کەی بەدلیسیدا دەگەڕێم وەچنگم نەهێناوە، وا بەخت هێنای، ئەمڕۆ لەنێو کتاوەکانی جەنابتا دیمەوە دەڵێم بەهیمەت یا....

میر نەیهێلا «ڕیچ» قسەکەی تەواو بکا پێی بڕی و وتی:

– جا هەر ئەمە؟ باوەڕ بکە ئەگەر لێم قبووڵ بکەیت ئەسپە «شێ»یش دەخەمە تەکی مەگەر خوا بزانێ چەندە ئەسپە شێم بەلاوە ئازیزە.

– نا میر، ئەسپە «شێ» هەر لایەقی خۆتە و بۆ ئەم شوێن و مێرگوزارە جوانە و، بەمیرا جوانتر دەکەوێ تا لای من.

لەم باسانەدا ژنەکەی مستەر «ڕیچ» لەگەڵ خێزانی کەیخوسرەو بەگدا بێ

ڕووپۆش و ڕووسەر هاتنە دەوارەوە.

«ڕیچ»و هاوەڵانی لە بێ ڕووپۆشیی خێزانی کەیخوسرەو بەگ سەرسام بوون. میر نەیهێڵا زۆر لە سەرسامیدا بمێننەوە و ئازا وتی:

– بەڵێ ئێمەی جاف لەم ڕووەوە لەگەڵە خێڵ و عەشایەری تردا جیاوازین، ژنانی ئێمە هەرگیز لە هیچ کەس ڕوویان دانەپۆشیوە و عابا و پێچەیان لە خۆ نەئاڵاندووە.. ئەمەش ڕەوشتێکە سەدان ساڵە لەناو ئێمەدا هەبووە و هەتا ئیمڕۆش هەر بەردەوامە.

– ئەوی ڕاستی بێ ئەوەتەی لە بەغدا دەرچووم، لەناو زۆر عەشایەر و ناوچە و عەشاماتدا تێپەڕبووگم، هەڵسان و دانیشتنی ئێوەم بەلاوە سەیرە، پێم خۆشە ئەگەر میر مەیلی لەسەر بێ سبەینێ ڕەسمێکی لێ بکێشم، با ببێتە یادگاری نێو گەشت و سەفەرنامەکەم.

وای بەچاك دەزانیت بەسەرچاو.. منیش لە سلێمانی کە بەخزمەتت گەیشتم دەمویست چەند پرسیارێکت لەبارەی وڵاتی خۆتان و هەڵسان و دانیشتنتان لێ بکەم. هەڵم گرت بۆ دوایی، وا ئەم هەلەم بۆ هەڵکەوتووە، ئەوە لای ئێوەش لەشکر و سوپاگەری وەك لای ئێمە وایە، یا جۆرێکی ترە؟

– لەشکر هەر لەشکرە، بەڵام بەکارهێنانی چۆنیەتی تەقەمەنی و ئەبزار و ئالات و دەزگای لەشکرەکەشی لەگەڵ ئێوەدا جیاوازە. تا ڕادەیەکی فراوانیش زانیاریی جەنگی لای ئێمە لەسەر بنەڕەتێکی لەیەکدراوی زانست و زانیاری بنیات نراوە، تا هەر بە تەنیا ملهوڕی و شەڕ پیشەیی و سارد و گەرمیی ژیان.

– باشە دوژمنایەتیی ئێوە و «ناپلیۆن» لەسەر چییە..؟ نەختێك باسی شەڕی «واترلۆ»م بۆ ناکەی؟

«ڕیچ» دوو سێ قومی لە قلیان دا و لەگەڵ خۆیدا کەوتە بیرەوە. ئەم دنیا چ بچووکە. لەم گۆشە لەبیرەوە چووەی دنیایەدا، لەناو ئەم کێوو کەژە سەر بە ئاسمان کێشاوەدا، کوردێکی کێویلە هەواڵی شەڕی «واترلۆ»م لێ دەپرسێت و تینووی دەنگوباسی «ناپلیۆن»ە.

– بەریتانیا، ئاوا بیت، چ دوژمنێكی جیهانگیر و مەزنت هەیە.

كەیخوسرەو بەگ ئاورێكی لە ڕووی «ڕیچ» دایەوە ڕوانی سەخت لە بیر و ئەندێشەدایە.. نەختێك تامولّی كرد چاوەڕوان ڕاوەستا، تا«ڕیچ» دیسانەوە، هاتەوە سەرخۆی ئینجا، ڕووی كردە میری جاف و وتی:

پێم نالّێی، باسی «ناپلیۆن» و شەڕی «واترلّو»ت چۆن چۆنی بیستووە.؟

ئەوەی ڕاستی بێ هەرچیم لەو ڕووەوە بیستبێ لە ئێزانیەكام بیستووە.. دیارە ئەوانیش لە هاتوچۆی ئەشتەرخان و لەباری قەیسەرەوە هەواڵ و ڕووداوەكانی ئەوروپایان بەباشی پێ دەگا.

ئەگەرچی ناوباوی «ناپلیۆن» مەرزەكانی ڕووی زەویی هاڕیبوو بەسەر یەكدا و ئاوازەی جەهانگیری چوو وەبا سنوورێكی نەدەناسی، «ڕیچ» حەزی نەكرد، خەڵكی ئەم وڵاتە پڕ بەردەڵان و كێو و كەمەرە بەوردی ئاگەداری «ناپلیۆن» و شەڕەكانی بن. هەركە لەم ڕووەوە پرسیارێكیان لێ بكردایە زیرەكانە باسەكەی دەگۆڕی، بۆیە لە میری جافی پرسی:

– زۆرم لەبارەی ئەم گۆلی زرێوارە بیستووە پێم نالّێی ئێوە لەبارەی چۆن چۆنی تێ دەفكرن؟

كەیخوسرەو بەگ زانی نوێنەری پاشای بەریتانیا لای سەنگینە باسی دوژمنی وڵاتەكەی بكا، باوەك ئەو دوژمنەش «ناپلیۆن» بێ، لە وەڵامی «ڕیچ»دا، وتی:

– لە ڕاستیدا لەبارەی ئەم گۆلە زۆر شت دەگێڕینەوە و زۆربەی زۆریشی ئەفسانە و وتیوتییە.

– وەك چی؟

– دەڵێن گوایە جێگەی ئەم گۆلە شارێكی بەربلاّو و زل و زەلام و ڕازاوە بووە، ئەوەندە خەڵكەكەی ستەمكار و پیاوخراب و ناشایستە كردار بوون، خوا خاپووری كردووە و جێگەكەی كردووە بە ئاو. ئەم باسە دەماودەم و سنگ بەسنگ وتراوە، تا گەیشتووەتە ئێمە، بەڵام لە ڕاستیدا بناری ئەم كێوانە سەدان چاوگەی تێدایە و لە

ژێرەوە هەر هەمووییان دەڕژێنە ناو گۆلەکەوە و بەردەوامی تەمەنی هەزاران ساڵەی دەپارێزێ زستانانیش سەرتاسەری ڕووکەشی ئەم گۆلە دەیبەستێ و لە بازێك جێگەوە بەستنەکەی ئەستوورە ئەگەر شوێن پای ڕێوی بەسەریا ببینرێ کاروان بێ مەترسی بەسەریدا تێ دەپەڕێ.

– بۆچی شوێن پای هەر بە تەنیا ڕێوی..؟

– ئەوەیان نازانم.. لەبەر هۆشیارییەکەیەتی، یا ترسنۆکی؟ هەروا شەڕی دووازدە سوارەی مەریوانیش لە کەناری ئەم گۆلەدا ڕووی داوە. وەك دەزانی دووازدە شەڕوانی کورد شەبەیخوون دەدەن بەسەر سوپایەکی چەندین هەزار کەسەی قزڵباش و شکاندوویانن.

– یەك دووانێك لەو شەڕوانە لە جافی لای ئێمە بووگن و کوڕەکانیان ماون و لە خێڵدان.

– بەڕاستی من لە باتی هاوەڵەکانیشم سوپاسی میوانداریت لێ دەکەم و خوا بکا سفرە و خوانت هەردەم بەردەوام بێ.. زۆریشم لا خۆشە جارێکی تر بێمەوە میوانیت. ئەگەر میر ئیجازە بفەرمووێ دەمانەوێ سبەی بەرەو «سنە» بڕۆین و ئەرك و مەینەتمان کەم بکەینەوە.

– جارێ ئێوە ئەم ناوچە و کەژ و کێوانەتان نەدیوە و گڕە و گەرمای ئەو خوارە و شاری بەغاتان لە لەش نەهاتووەتە دەرەوە.. دەڵێم هەر نەبێ با پێتان خۆش بێ ڕاوە بەرازێکتان بۆ پێك بهێنین.

– شایانی سوپاسە.. ئەم ڕاوەش هەڵدەگرین بۆ جارێکی تر و لەوەش دەچێ بە زوویەکی زوو دیسانەوە گوزەرمان بکەوێتەوە لاتان تۆیش بۆ خۆت لەسەر سەفەری و بەرەو سلێمانی دەڕۆی.

– مەیل مەیلی ئێوەیە.. سبەی سلێمان و قادری کوڕم تا نزیکی شاری «سنە» لە خزمەتتاندا دەبن، منیش بە دواتانا بەرەو خوار دەبمەوە بەرەو سلێمانی بۆ خواحافیزی لە «مەولانا خالید» ئەگەر کارێك بە من بکرێ ئامادەم.

– دەمەوێ نامەیەك بۆ مەحموود پاشا بنووسم و سەلاویشم بە شێخ خالید

بگەیەنە.. نەدەبوو وا زویری بکەن.

– منیش لە هەمان باوەڕدام.. لە چەندین دەورە و زەمانەیەکدا هەر یەك «مەولانا خالید» دەخوڵقێت، لەبەر بازێك بەرژەوەندی شایستە و پەسەند نەدەبوو مەولانا ئاوا وڵات بەجێ بێڵێ و ئاوارەی وڵاتان بکرێ.

## ٢

– عەبدوڵا، پێش قەرەوڵت دەرکردووە؟

– بەڵێ قوربان، دوو دەستەی پازدە نەفەری..

– بەسەرپەرشتی کێ و کێ؟

– دەستەی یەکەم، ڕۆغزاد ڕموەشێن و دووەمیش ڕۆبیتەن گەلالی.

– باشت هەڵبژاردوون. خۆزگە حەمەی برایشت لەگەڵ دەستەیەکیاندا دەچوو. با چاو و گوێی باشتر بکرێتەوە.


– پرسم نەکردبوویت، بۆیە نەمنارد. دەفەرموویت هەر ئێستا دەینێرم..

– ئەی ئازووقە و ئاشپەزخانە؟

– ئەوانە دەمێکە بەڕێ کەوتوون. ڕەنگە تا دەگەینە یەکەمین قۆناغ، هەموو شتیان ئامادە کردبێ.

ڕۆبیتەن و ڕۆغزاد چو سێوەری عەبدوڵا بەگ وابوون. بەدەگمەن لێی دوور دەکەوتنەوە. جاروبار کاری تایبەتی پێ دەسپاردن. عەبدوڵا بەگ ڕووی کردە حەمەی برای و وتی:

– دوو سوار لەگەڵ خۆتا ببە و بگەرە ڕۆغزاد، لە ژێر چاودێریی ئەوا دەجووڵێیتەوە. حەمە بەگ بە تەمەن لە باروودۆخی سوارکاری و دەشتو دەر و ڕم و شمشێر و تەقەمەنیدا تاقیکردنەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو. ئەگەرچی چو کوڕە ڕەوەند و کۆچەرێك لە تەمەنی زۆرتر هۆکارەی تەنگوچەڵەمەی ژیان و سەخت و دژواری بووبوو. هەر کە فەرمانی لە کاکی بیست، ئاوزەنگی لە ئەسپەکەی کوتا و لەگەڵ دوو سواردا بە پڕتاو بۆی دەرچوون و چو سێ گلۆڵە، لە هەوراز بەربوونەوە لە



ڕۆغزاد ڕموەشێن



رۆبیتەن گەڵاڵی

تووڵەرێگەدا داکشانەوە، دوو سواری هاوڕێ هاواریان دەکرد: لەسەرخۆ! بەردەڵانە هەورازە حەمە بەگ نەیدەبیست. خرمەی سمی ئەسپەکانیان دەگەیشتە دووری دوور تا لە چاو گوم بوون.

لەناو کوڕەکانی میری جافدا عەبدوڵا بەگیان لە ڕشتەی چەك و شەڕ و سوپاگەریدا شارەزاتر و لێزانتر دەردەکەوت، خەڵکەکەش، ئەوەی بۆ ڕوون بووبووەوە لە شمشێروەشاندندا کەس شانی لە شانی نەدەدا، ڕمی بە هەڵە نەدەڕۆیشت، سوارکاری و دەست و تفەنگ خاسیی، ویردی سەر زمانان بوو هێزی بازوو و دەست و پەنجەی دەماودەم دەبیسرا. چەندین جار قاڵیی تەورێزی بیست و دوو گرێیی بەدەست و پەنجەی ڕووت هەڵدەتڵیشاند و لە چەندین شەڕی ناوچەییدا لەگەڵ قزڵباشە ڕۆمییەکاندا تاقی کرابووەوە و سەر و گەردنێك لەناو شەڕکەراندا دەرکەوتووتر بوو. ئیتر جوان خاسی و شۆڕەسواریی لەناو دۆست و دوژمندا دانی پێدا نرابوو.

عەبدوڵا بەگ هەر کە حەمە بەگی برای لە چاو ون بوو ڕووی پەری ئاسای گوڵ ئەندامی هاتەوە بەرچاو، بیر و ئەندێشەی پڕ بوو لە تابوو خەیاڵی ئەو. حەزی دەکرد شەو و ڕۆژ ڕانەوەستن و هەر بە ڕێگەوە بن.. تا دەگەنە سلێمانی. ئەورەحمان بەگی میران زۆری حەز دەکرد کوڕی میری جاف ببێ بەزاوای.. لەلایەکی تریشەوە هەڕەشەی عوسمان بەگی برای مەحموود پاشای بابانیش بێ ناوبڕ دەگەیشتە ئەورەحمان بەگ و دەیزانی دڵڕەق و کینەداری و هەوەسبازی عوسمان بەگ بنێشتی دەمی ناسراوانە. عوسمان بەگ بە زۆر و بەخوایشت، دەستی دەخستە سەر زۆر لە ئافرەتانی مێردداری و کچی جوانکیلەی دوور و نزیك. بەزمە شەوانەکانی لەنێو خەڵکیدا دەنگی دابووەوە و زەبر و زۆر و ملهوڕیی عوسمان بەگ خەڵکەکەی هێنابووە زمان.. چەندان جار شکاتیان بردبووە لای مەحموود پاشای برای، پەیمانی دەدا و ئەنجامی نەدەداو سبەی لە دوێنێ ملهوڕتر، داوێنپیستر دەبوو، بەسەر سێ ژنەوە چەندان جار ناردبوویە داوای گوڵ ئەندام، ئەورەحمان بەگیش نەچووبووە ژێری گفت و دان و هەر ئەوڕۆ سبەی دەکرد.

عەبدوڵا بەگ لە بیری خۆیدا دەتلایەوە و دەتلایەوە، ئەم جارە هەر چۆنێك بووە

کاری خێری داواکردنی گوڵ ئەندامی، دەبێ بۆ تەواو بکەن، لەم ڕووەوە کە زانی باوکی وا بەرەو شار دەڕوا، بۆ دوعاخوازی لە «مەولانا خالید» دەردی دڵی خۆی بۆ مەلا سەعیدی سەرمەلای خێڵ کرد و داوای کرد داخوازییەکەی بە عەرزی کەیخوسرەو بەگ بگەیەنێ.

کاتێك کەیخوسرەو بەگ لە باسەکە و بنەماڵەکە ئاگەدار دەبێ، بیروڕاکە بە پەسەند دەزانێ و گفتی داواکردنەکەشی دەدا. ڕاستەوخۆ باسەکە لەگەڵ عەبدوڵای کوڕیدا دەکاتەوە و پیرۆزبایی لێ دەکا.

سوارەی جاف بەرەو شار کەوتبوونە ڕێ. کەیخوسرەو بەگ، جگە لە پارێزەرانی تایبەت و سوارەی پشت ماڵە بەبێ پێنچسەد سوار، لە خێڵ دەرنەدەچوو.. بەتایبەت ئەگەر بەرەو شاری سلێمانی بڕۆیشتایە، بەتفاق و بار و بنە و ئازووقەوە دەچوو تا گرفتاری هیچ کەموکورتی و نازانم کارییەك نەبێ، مەحموود پاشای بابان لەم ڕەفتارەی تا ئەندازەیەك ناڕەزایەتی وەدەردەخست کەیخوسرەو بەگ نەدەچووە ژێر بارو دەیوت: خەتای خۆم نییە، لە ژێر بنمیچی خانوودا خەوم لێ ناکەوێ. ئەگەر ترپە ترپی دەوار و ڕەشماڵ نەڕواتە گوێما هەنۆزم پێ ناکرێ.

سوارەی جاف لە دەوری شاردا هەڵیان دابوو بەپێی ڕەوشتی ئەو حەلە دەبوو کەیخوسرەو بەگ پێش هەر کار و بارێك بەرەو بارەگای پاشای بابان بڕۆیشتایە.

ڕەفتار و کردار و جلوبەرگ و دیمەن و شێوەی سوارەی جاف، بۆ دانیشتوانی نێو شار، مایەی سەرسامی و واق وڕمان بوو، تەرزی جلوبەرگیان، سەر و زولف و پەلکەی هۆنراوەیان، پەسەکی چەرمینی سەر ڕانکیان، کڵاوقووچی لە لووا دروستکراوی سەریان، دیمەنێکی سەیر و بەسامی لە چاوی بینەردا دەخولقان.

میری جاف نەیدەهێڵا سوارەی جاف، هاتوچۆی نێو شار بکەن، مەگەر بۆ کارێکی گرینگ و پێویست.

دوای ناشتای بەیانی، لە دەوارەکەیدا قلیانی دەکێشا، ڕووی بەلای عەبدوڵای کوڕیەوە کرد و وتی:

– دەڕۆین بۆ لای مەحموود پاشا و مەلاونا خالید پێم خۆشە حەمەی برایشت

بێ، پێی بڵێ، با ئامادە بێ.

یونس کلیلدار هاتە ژوورەوە و وتی:

– جەنابی مەحموود مەسرەف لەگەڵ چەند سوارێکدا گەیشتە بەرەوە. کەیخوسرەو بەگ لە ڕەشماڵ ڕۆیشتە دەرەوە، مەحموود مەسرەف لە ئەسپ دابەزی و هەردووکیان باوەشیان بۆ یەکتر کردەوە و پێکەوە چوونەوە نێو دەوار، کەیخوسرەو بەگ وتی:



مەحموود مەسرەف

– بڕیارم دابوو ئێوارە سەرێکت لێ بدەم. کارێکی خێرمان پێتە.

– کاری خێر و بە من؟!

– ئا، بە تۆ دەمانەوێ ژن بۆ عەبدوڵڵا بهێنین.

مەحموود مەسرەف لە تەرزی قسەکەی میری جاف تێ نەگەیشت، هەرچی سەری دەهێنا و سەری دەبرد، بۆ خۆی کچی وا، یا خوشکی وای نییە، لە ڕێك

عەبدوڵا بەگدا بێ بۆیە لە گێژاودا مابووەوە..

کەیخوسرەو بەگ نەیهێڵا زۆر بیر بکاتەوە، وتی:

– دەمەوێ عەبدوڵا پاشا و تۆ لەگەڵماندا بێن بۆ خوازبێنی، بۆ ماڵی ئەورەحمان بەگی میران.

– خێری پێوەیە، بەڵام وا دەزانم لە پاشایش ئیجازە وەرگریت جوانتر دەبێ.

– ئێمە هیچ کارێك بێ ئاگەداریی پاشا ناکەین، بەڵام بۆ ئەم کارە خێرە، ڕەنگە پێویستی بە لێپرسینی پاشا نەبێ.

مەحموود مەسرەف دەیزانی مەسەلەکە بەم سادە و سووك و سۆلەییە نییە، ڕەنگە گۆبەنیشی بەدواوە بێ.

لەلایەکەوە نەیدەویست دەست بەسنگی میری جافەوە بنێ، لەلایەکی تریشەوە نەیدەویست عوسمان بەگی برای مەحموود پاشاش لێی زویر بێ، بۆیە وتی، قسەی پاشایشی لەسەر بێ جوانترە.

– نا، پێویستی هەیە، مادام داواکە لە شاردایە و پاشایش لە دەرەوەی شار نییە،

بەتایبەت، کەسی کاروبار هەڵسووڕێنی دارولئیمارەی پاشا، ناشیرینە بە پاشا نەوترێ.

کەیخوسرەو بەگ بەقسەی مەحموود مەسرەف ڕازی بوو، بڕیاریان دا، بەعەرزی مەحموود پاشایشی بگەیەنن.

ئینجا مەحموود مەسرەف وتی:

– کەواتە با بڕۆین بۆ دیوان.

کەیخوسرەو بەگ و مەحموود مەسرەف شان بەشان لە ڕەشماڵ هاتنە دەرەوە.
ئەسپ ئامادە کرابوو. سوار بوون بەرەو دیوانی پاشای بابان کەوتنە ڕێ.

دەرگەی حەساری کۆشکی دیوان و خانووبەرەی پاشا نیشانەی شەڕوشۆڕ و ئاڵۆزی و نائارامی و دووبەرەکیی نێوخۆ بوو.

ململانێی نێو بنەماڵەی بابان لەگەڵ یەکدا و سەنگەر لەیەك گرتنیان و لە بینی

یەکترنان و پەنابردنە بەر دوژمنی یەکتر، ماوە و مەودای دروستکردن و حەسانەوە و ئارامی بە خۆیان و بەکەسی تر نەدەدا. هەرووژان و کاولکردن و هاوار و پەلامار هەر دەمێ نا دەمێ پەرەی دەسەند و گڕ و کڵپەی سووتان و ئاگر ئاسمانی بەشێك لە کوردستانی دەگرتە بەر.

کەیخوسرەو بەگ و مەحموود مەسرەف لە دەرگەی حەسارەوە لە ئەسپ دابەزین و پیادەڕەو، بەرەو پاشا وەڕێ کەوتن. لە چەند پلەیێ سەرکەوتن و لە داڵانێکی چوار تاقی تێ پەڕین و چوونە ژووری لای پاشاوە.

مەحموود پاشا گەرموگوڕ، باوەشی بۆ میری جاف کردەوە و کەوتنە قسە و گفتوگۆوە لەبارەی سەرحەد و ڕەفتاری ژاندرمەکانی عەجەم و چۆنیەتیی ئاژێل و ئاو و هەوا و زۆر باسی تر.

ئینجا کەیخوسرەو بەگ ڕووی کردە پاشا و وتی:

– ئێمە خەریکی کارێکی خێرین، ئەگەر ڕای پاشای لەسەر بێ، دەمانەوێ بڕۆینە داوای کچەکەی ئەوڕەحمان بەگی میران، بۆ عەبدوڵای کوڕم.

پاشا، لەسەرخۆ، تەزبێحی لە نێوان پەنجەکانیدا دەوشارد و بەرەڵای دەکرد، وتی:

– ئەوەی دەکەوێتە سەر من ئامادەییم. ئینشاڵا خێری پێوەیە.

کەیخوسرەو بەگ لە دیوان هاتە دەرەوە و یەکڕاست، بەرەو لای مەولانا خالید وەڕێ کەوت.

مەولانا بیستبووی خەیمەگای میری جاف لە دەرەوەی شاردا هەڵدراوە و بەتایبەت هاتووە بۆ خواحافیزی لەو.

مەولانا لە پشتی سەریەوە کتاوی ئەستوور ئەستووری، بۆری ڕەنگ و ڕوو چڵکنی هەڵچنیبوو، بەسەر کەوڵی بەرانێکەوە لەسەر چۆك لێی دانیشتبوو، بەدوو لایدا، ناسراوان و شێخ و مەلاکان، دوور و نزیك، بێدەنگ دەیاننواڕییە مەولانادا.

هەر کە کەیخوسرەو بەگ وەژوور کەوت مەولانا بەرزەپێ لەبەری هەستا، لە

کاتێکدا بەرەو ڕووی دەڕۆیشت وتی:

– ئێمە بە پسوولەیەك کاغەز ڕازی دەبووین، چ حاجەت بەم ڕێگە دوورە بڕینە؟.

– قوربان چی دەفەرمووییت.. ئێمە تەمەنێکی ئەوتۆمان بۆ نەماوەتەوە و نامانەوێ شەرمەزاری نە ئەیرا بین و نە ئەویش. کێ یەژێت، من جارێکی تر دەگەمەوە خزمەتتان؟.

– نا، وا مەڵێ تەمەن بەدەستی خوایە.

– بەدەستی خوایە، بەڵێ بەدەستی خوایە، بەڵام منیش دەردەپیریم گرتووە و لەو دنیاوە فرە نزیکم و تۆیش وا وڵات بەجێ دەیەڵیت، خوا پیاوخراو بگرێ.

مەولانا بۆ ئەوەی باسەکە بگۆڕێ ئەم هەڵبەستە فارسییەی خوێندەوە:

قضا دەستی است پنج انگشت دارد

چو خواهد آزکسی کامی برآرد

دوبر چشمش نهد، دیگردو برگوش

یکی برلب نهد، یعنی که خاموش

ئیتر کەیخوسرەو بەگ زانی مەولانا لای ناخۆشە باسی چۆنیەتی سەفەرەکەی بکا و، چۆن و کێ و کام هۆ بووە هۆی دەربەدەریی لە وڵات. مەولانا ئاوڕێکی دایەوە و مێردمنداڵێکی لەگەڵ میردا دی و وتی:

– دەبێ ئەمەش ئاغازادە بێ؟

– بەڵێ قوربان ئەمەیان لە هەموویان بچووکترە و تا ئێستا نەگەیشتووەتە خزمەتت، بەتایبەت هێناومە تا دوعای خێری بۆ بکەیت. میر خوڕییە محەمەدی کوڕی کە ڕاپەڕێ، دووبارە دەستی مەولانا ماچ بکا.

مەولانا لە کاتێکدا سەری ماچ دەکرد دەیوت:

– دوعای پیاوچاکان بێ، ئینشائەڵا لەش ساغ و سەرفراز دەبێ.

کەیخوسرەو بەگ چرپاندییە گوێی مەولانادا و وتی:

– دەمانەوێ ژن بۆ عەبدوڵا بهێنین.

– لە چ بنەماڵەیەك؟

– کچی ئەوڕەحمان بەگی میران.

– موبارەکە. موبارەکە ئینشائەڵا.

کەیخوسرەو بەگ لەلای مەولانا وەدەرکەوت و شەوێ لەگەڵ عەبدوڵا پاشای بابان و مەحموود مەسرەفدا، چوونە خوازبێنی گوڵئەندام و بە خۆشی هەر لەوێدا، گۆڵئەندامیان لە عەبدوڵا بەگ مارە بڕی و بڕیار درا بەهاری داهاتوو بکرێن بە بووك و زاوا.

کەیخوسرەو بەگ ئەگەر لە شاردا بایە، بەیانیان پێش هەموو کارێك سەری لە بارەگای داروئیمارە دەدا و ماوەیەك لای پاشا دەبوو، ئینجا بیری لە کاری تر دەکردەوە. کە گەیشتە دیوان زانی لەلایەن سەردار میرزای قاجارەوە چەند نوێنەرێك هاتوون و میوانی تایبەتی پاشان و پاشایش بەو هۆیەوە دەیەوێ لە دەری شاردا، بەزم و بەرنامەیەك بگێڕێ بۆ سوارەکان و شمشێروەشێنانی ناسراو و ناوداری ناوچە. کەیخوسرەو بەگ گەیشتە لای پاشا، پاشا وتی:

– پێم خۆشە عەبدوڵای کوڕت و چەند سوارێکی جافیش لەم ئاهەنگەدا بەشداربن.

میر پرسی دەمەوێ بزانم ئەوانەی بەشدار دەبن کێن؟

– عوسمان بەگی برام، حەسەن بەگی بلباس و دوو کەس لە میوانەکانمان.

– هەرچی پاشا ئەمر بکا..

– کەی ئامادە بن. کەی ئەم ئاهەنگە دەگێڕرێ؟

– بۆ سبەی عەسر.

بەسبەینێدا، هەر لە شەفەقەوە، ئاسمان کەوتبووە لوورە. لەوە دەچوو ڕەشەبا پووی پیاکا و هەموو شت ڕامالێ، عەبدوڵا بەگیش پەشێو و نیگەرانی ڕەشەبا، دەهات و دەچوو، دەترسا ڕەشەبا بەرنامەکە بشێوێنێ و توانا و هێزی بازووی بەو

چەشنەی دەیەویٚ وەدەرخا.

خوا هاتە هانای عەبدوڵا بەگەوە با و گەردەلوول دامرکایەوە، ناسراوانی شار و پیاوماقووڵانی میرنشینی بەبە، دەستە دەستە و تاقم تاقم لە شار چوونە دەرەوە.

چادرێکی ڕەنگاوڕەنگی چواردەور ئاواڵە بۆ پاشا و پیاوماقووڵان هەڵدرابوو. داروٚغەی شار و ژێر دەستەکانی بەدار دەهاتنە سەر و گوێلاکی خەڵکی ڕەشوڕووتەکەدا، تا لە چادر دوورکەونەوە و ڕەتیٚ ئەسپەکان تەنگ نەکەنەوە. بەرنامە دەستی پیٚ کردبوو. سوارکارانی چاپك و چالاك و ناودارانی وڵاتی بابان، هونەرنمایی یان سەیرکەرانی سەرسام دەکرد.

جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی سوارەی عەشایەری ناوچەکان، تیٚ خورینی نێو قیل و قاچ و قاڵە و گاڵە خرمەی سمی ئەسپی ڕەسەن و پرمەی لووتی ئەسپی سەرکێشی چاو دەرپۆقیو و ورەوڕی بگرە و دەری مەکەی تەماشاکەران، دنیا و دیمەنێکی تایبەتی پێك هێنابوو.

نۆرە هاتە سەر شمشێربازی. بەرانبەر چادری پاشا لووایەکی لە ئاو ژەنیاوی سفت و سەختیان لە نێوان دوو دارا هەڵواسیبوو.

دەبوا شمشێروەشێن بە یەك لێدان لووای هەڵواسراوی دوولەت بکردایە.

لە پێش هەمووانداعوسمان بەگ ڕۆیشتە مەیدانەوە، هەراوهوریا و ورەوڕ دامرکابووەوە بریقە و بریسکەی شمشێری مشت زێڕینی عوسمان بەگ دەیدا لە چاوان، هەناسەی تەماشاکەرانی ژمیراو دەکرد. عوسمان بەگ دوو سیٚ جار بەدەوری لووادا هات و چوو، لە ناکاو دانەکانی بەسەر یەك چووقاند و نەڕاندی و شمشێری لە ئاسمانەوە داهێنایەوە چو خەیار لووای دوولەت کرد و هەر لەتێکی بە دارێکەوە مایەوە شریخەی چەپڵە و ئافەرینی میر ئاسمانی گرتەوە.

نۆرە هاتە سەر یەکێك لە خانزادە عەجەمەکان، ئەویش بەشێوەی عوسمان بەگ لووای دوولەت کرد و حەسەن بەگی بلباس لووای سەرتاسەر لەت نەکرد، لەتێکی لیٚ مایەوە و لە بەرانبەرکیٚ ڕۆیشتە دەرەوە. دوا کەس عەبدوڵا بەگی کەیخوسرەو بەگ خوێن ساردانە لە لووای هەڵواسراو نزیك بووەوە پشتی تیٚ کرد، لە پڕ

وەرچەرخایەوە و دەستیشی لە کاردابوو لووای دوو نیو کرد و نووکی شمشێرەکەی نەختەکێك زەویشی هەڵدڕی لەسەر داوای عوسمان بەگ لووا، کرا بە دووان.

بە شمشێر دوو لووای تەڕ لەتکردن کارێکی سادە و ئاسان نەدەژمێردرا و، لە هەر کەسێك نەدەهات. میری بابان باوەڕێکی پتەوی بەهێز و بازووی خۆی هەبوو، لە هەمان کاتدا دەیووست وەدەری بخا شمشێر وەشاندن هەر لەو دێ و ئەشهەدو قەدوقامەت و کەڵەگەتی و توانست و زەبر و زۆریشی، تا ڕادەیەکی فراوان بەگوێی دەکرد، دوو لووایان لە نێوان دوو داری داچەقێنراودا، سفت و سەخت هەڵواسی و پەیتا پەیتا ئاویان بەسەردا دەکرد، لووا چو لەوحێکی تەختینی لێ هات.

عوسمان بەگ لە لووا نزیك بووەوە، دەستێکی لە سفتوسۆڵینی لووادا هێنا و دیسانەوە شمشێری لە کێلان دەرهێنا و، وردە وردە ڕۆیشتە دواوە، ئینجا، پڕتاو شمشێری بەتەواوی تواناوە داهێنایەوە، لە نیوەی زۆرتر شەق کرا.

هێندە بەهێز دای هێنایەوە، دوو دارەکە هەر دەلەرزینەوە، دوو لووای تەڕی تریان بۆ خانی عەجەم هەڵواسی، ئەویش تا نیوەی لەت کرد و ناکام گەڕایەوە جێگەی خۆی.

نۆرە هاتە سەر عەبدولا بەگ، ئارام لەسەرخۆ لە لووا نزیك بووەوە، پەنجەیەکی لێ دا و ڕوانی لووایان بە چاکی تەڕ نەکردووە داوای کرد کونەیەك تر ئاوی پێدا بپرژێنن.

عەبدولا بەگ لە لووا دوور کەوتەوە قەدەرێك لە دوورەوە ڕاوەستا دەینواڕییە ناوەڕاستی لوواکە، لە پڕ بەتاو بە شمشێری ڕووتەوە چو پڵنگێکی بریندار، کە گەیشتە نزیکی لووا لەپڕە بەرز بووەوە، چوو بەئاسماندا و بەتەواوی تواناییەوە لەگەڵ هێز و قورساییی لەشیدا شمشێری داهێنایەوە. شمشێر ئاسمان و لووای پێکەوە تلیشاند و دوولەت کرد.

لەگەڵ دوو لەتکردنی لووادا هاڕەی چەپڵە، ئافەرین، هەزار ئافەرین بەرز بووەوە. تا ئەو حەلە کەس لە دوور و نزیك، بە ئاسانی نەیتوانیبوو، دوو لووای

تەرکراو دوولەت بکا.

مەحموود پاشای بابان، هەستایە سەر پێ، شمشێرە مشت زێڕینەکەی قەدی خۆی کرد بە قەدی عەبدوڵا بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف دا و، وتی:

خوا دەست و شمشێرتمان بۆ بپارێزێ و هێز و بازووی تۆ لەم خاك و بوومە نەبڕێ.

## ٣

درەختـەکـەی زایـەر بـەگ چـو گیـانلـەبـەرێکـی پـیری ئـەفسانـەیـی تـەمـەشاکـەری گەردوون بوو، سەر پۆپەی گەردن کەشی، سپیپۆشی زەردەی کردبووە دیدگا و هـاوڕان، تـاو تـاو چپە و ئـاوات و نیـازی دەدایە دەم شەمـاڵەوە و دەیگەیـاندە لووتکەی بەرز و بڵند و سەرفرازی کێوی ئاسمان لە ئامێزگری زەردە.

هەمان درەخت چەندین ساڵ پێش، تەرمی خنکێنراوی میری جافی بە سێوەری خۆی داپۆشیبوو، گوێگری شێوەن و سەربوورەی ژنان و تەماشاکەری کۆتەڵ و قورپێوانی چاو ساقان و سوارەی کۆسکەوتووی خێڵی جاف بوو.

هەرکە کزەبای ساردی کوێستان هەڵی کردایە و نەرمەشنەی لە ڕوو و لەش و گیان بخشایەوە، تاکە تاکە کەلا جومجومەك لە زەوی کەوتایە، فەرمانی خێڵ بەرەو خواری دەدا و خێڵیش بەرەو دەشتی شارەزوور و دۆڵی قەرەداخ هورووشیان دەکرد و پەخش و بڵاو دەبوونەوە.

– بارەگای میری جافیش لە بانی (دزی ئایش)دا، لە ژێر درەختەکەی زایەر بەگی باپیریدا هەڵدەدرا و دوور و نزیك چو پاسەوانێکی هۆشیار و ئاگەدار هەواڵی تێپەڕبوونی تیرەکانی جافی لە گوزەرگا و تەنگەبەری «پەیکوڵی»دا دەپێوا و هەڵدەسەنگان، تا لە دەشتی پێواز و شێروانەدا، هەر خێڵێك لە هەوارگەی هەمیشەی خۆی نەبەزیایە لە دزی ئایشدا نەدەجووڵا.

بـارەگـای کـەیـخـوسرەو بـەگ زڵـلـەی دەهـات. ئـێشکگـر دەهـاتن و دەچوون و ئاگەداری دەورویەر. خوان ڕۆژ و شەو ڕاخراو خۆراکی جۆراجۆر، بریانی لەسەر، هەموو کات قلیان و قاوە و سرەی سەماوەر، پیاوماقوولانی خێڵ هەموو کات ئامادە و دەست لەسەر خەنجەر، شەروانان ڕم و دەست و شمشێر لە کەمەر، لە هەرچوار لاوە حیلەی کەحێلان و پرمەی ئەسپی ڕەسەن و جوانە مایین. لە ژێر

ڕەشماڵدا ڕێك و ڕیز چاو ساقان دانیشتبوون، سەر تا پایین، کوڕە میرزادە و سەرعیڵ و سەرمەلا و پیاوانی

ئاین، میر لە سینگی دیوانەوە دەم دەم ڕووی لە یەکێك لە دانیشتوان دەکرد و پرسیارێکی دەکرد.

یونس کلیلدار لە میر نزیك بووەوە، وتی:

– قوربان ئافرەتێك لە گەرمیانەوە هاتووە، دەیەوێ بگاتە خزمەت.

– ئادەی با بێ! ئافرەت ڕۆیشتە ڕەشماڵەوە، بەشێوە و ڕوویدا دیاربوو ڕێبواری ڕێگەیەکی دوور و درێژە و نەیش حەساوەتەوە، یەکڕاست بەرەو میر ڕۆیشت، شانی ماچ کرد و چەند هەنگاوێك کشایە دواوە، لە ناوەڕاستدا وەستا.

کەیخوسرەو بەگ ڕووی کردە ژنە، وتی:

– کچم، دەی، بڵێ! دیارە لە دوورەوە هاتوویت؟

– ئا وەسیاقە تووم لە گۆبانەوە هاتووم.

– دەبی لە تیرەی کەماڵەیی بی، کچی کێی؟

– قوروان، هەر واسە کچی قادری شێروانم، پەنام هاوردووە چارەمان بکە.

– میرزا وەلی چۆنە؟ بۆ وا دەرحەقمان کەم لوتفە؟.

– قوروان، نازانم بێژم، یانا ئەگەر پیانەگەی میرزا بە فەتەراتا چووە. میرزا شەو بێداری و چۆڵ پێوی بەتەواوی کڕاندوویەتەوە.

وەقوروانەکەت وم، چارەیەکی میرزامان بۆ بکە. جوانکەیە، حەیفە تیا چێت.

ئینجا دەستی کردە گیرفانی سەڵتەکەیدا، نامەیەکی دەرهێنا دای بەدەستی کەیخوسرەو بەگەوە و وتی:

– ئەمیچە نامەی میرزا.

کەیخوسرەو بەگ سەری سوڕما، میرزا وەلی و نامە بۆ ئەو نووسین نامەی کردەوە، ویستی بیخوێنێتەوە، لە بیری چوو چاوی کزبووە و توانای خوێندنەوەی

نەماوە، دای بەدەستی مەلا سەعیدەوە و وتی:

– زۆرم لا خۆشە «وەلی دێوانە» نامەی بۆ نووسیوم وەك هەمووان دەزانین، تا، ئێستا نامەی بۆ کەس نەنووسیوە، پێم سەیرە.. سەیر.

– مەلا سەعید نامەی وەرگرت و بۆ خۆی جارێك پیاهات تا لە خوێندنەوەیدا دووچاری هەڵە نەیەت، ئینجا هەستایە سەر پا و بەرانبەر بە کەیخوسرەو بەگ وەستا و دەستی بە خوێندنەوەی کرد:

خـوسرەو خـەیـاڵـێ.. خـوسرەو خـەیـاڵـێ
ئای پەی خان خاسێ خوسرەو خەیاڵێ
ساحب سوپـــا و سان دار و ئـیـقـبـاڵـێ
مـوهـەیـا نـە گـەنـج خـەزێنـە و مـاڵـێ
بـەخشەنـدەی بـێ بـاك، كۆی كـەرم بـیـا
ساحب شەوق و زەوق دڵ بـێ خـەم بـیـا
بـــــامـــــاوە شكـــــار سەر دیـــــاران دا
وە مـــاوای مـــەجـــنـــوون رۆزگـــاران دا
بـــدیـــاوە جـــەستـــەی خـــەم بـــێ وارم دا
وەكـــــۆمـــــای دیـــــوان وەحش سارام دا
وە سەیـــل ئـــەسریـــن دیـــدەی تـــارم دا
وەدەرد دەروون ئـــــەنـــــدووبـــــارم دا
وەعـــوریـــان تـــەن تـــەنـــیـــای تـــاكـــم دا
وە سەنگ بـــاڵین خـــەفـــتـــەی خـــاكـــم دا
وە سەرگـــەردانـــی سارای چـــۆڵـــم دا
وە ئـــاسا و كـــەشكـــۆڵ پـــۆست كـــۆڵـــم دا
وە ئـــاهـ و نـــاڵـــەی شەوان تـــارۆم دا
وەزایـــەڵـــەی سەخت شین بـــێ شوم دا

وە نامورادی.. سیابەختم دا
وەزام بێ سۆ شین سەختم دا

وە پەشێوی بەخت شوم چارەم دا
وەزووخاو زام جەرگ پارەم دا

وە بڵێسەی بەرز گڕتێ بەستەم دا
وە جەستەی خاتر خار خەستەم دا

بەزەییش باما وە جەستە و حاڵم
بزاناش کوشتەی کامین نەوهاڵم

جە کێوەن خاتر خەستەم گرتەن خەم
سفتە و سوزانم چۆن پەروانەی شەم

سەرمایەی عەقڵم کێ کەردەن غارەت؟
کام دولبەر بەردەن وەیەك ئیشارەت؟

وەلی ئەو خەیاڵ «نوقڵ» نەدڵ بەرد
گیان وێش هیلاك ژار قاتل کەرد

نە کەردا ئەو تیر ناوەردا ئەو دڵ
نەشیا نە سەودای خەیاڵ باتڵ

یا وە گەنج وە ماڵ یا وە زۆر وێش
شادکەر داخاتر پەروانەی دڵڕێش

بکردا هیمەت چۆن خان حاتم
شەم واسڵ وە من واسل وە شەم

هەرچەن مەگیلون نەی روزگاران
کەس نیەن دڵسۆز سیاستاران

مەرهەم خوداوەند گوشایەندەی بەخت
رەها بدۆ بەخت من جەی بەند سەخت

وەرنـــە ئـــەی بـــەنـــدە پـــا بـــەنـــد پـــامـــەن
تـا مـەردەن چون قـەیس وا حـەسرەتـامـەن

تا ئەو حەلە کەس فرمێسکی میری جافی نەدیبوو.. دڵۆپێ فرمێسك ڕیشی سپی و بەرۆکی نمدار کردبوو، ئارام گریانێکی پیاوانە و لەخواترسی سەردار بوو.. میر دەسەسڕەکەی لە گیرفان دەرکرد و فرمێسکەکانی وشك کردەوە و ڕووی کردە ژنە و وتی:

– میرزا هەر لەوێیە؟

– ئا وە قوروانەکەت وم.. هەر لە پەیکوڵی یە.. هەمان ئەشکەوت.

کەیخوسرەو بەگ ڕووی کردە مەلا سەعید و وتی:

– مەلا جارێکی تر، بۆم بخوێنەرەوە.

مەلا دووبارە دەستی کردەوە بە خوێندنەوەی نامە.

میر نامەکەی لێ سەند و لە کاتێکدا، لوولەی دەکرد، لەبەر خۆیەوە، ئەم بەیتەی وتەوە:

بەخشەندەی بێ باك كۆی كەرەم بیا

ساحب شەوق و زەوق دڵ بێ خەم بیا

میر پەنجەکانی لەناو ڕیشیدا نوقم کردبوو هەر ئەو بەیتەی دەوتەوە.. لە پڕ هەستاو وتی:

– یـەڵـڵا دەی! ئـامـادەبـن. مـیـرزا تـاسۆمـان دەکـا.. دەیـەوێ بـڕۆیـنـە دیـدەنـی و چاوپێکەوتنی.

هەموو بەرزە پا هەستان، لە ڕەشماڵ چوونە دەرەوە، زۆری نەخایاند، لەشکر کەوتە ڕێ.. بەرەو زەردە و ملە گەردنەی «پەیکوڵی» و بانی خێڵان، گەیشتبوونە دامێنی چیا لە گەردنەی پەیکوڵییەوە تاك تاك تەقە دەهاتە گوێ.. میر دەیزانی لەسەر زووتر تێپەڕ بوونی گوزەرگای «پەیکوڵی»یەوە چەند سوارێکی هەنارد و سەبەبکارانیان بەباڵ بەستراوی بەرەو هەوارگە برد و میریش گەیشتبووە گوزەرگا

و لـە ئـەسپـیش دابـەزیـبـوو. پـیـادە بـەرەو مـەکۆی «وەلـی دێوانـە» کـەوتـبـووە ڕێ. ئەشکەوت دەینواڕییە، ڕێچکە و گوزەرگای خێڵدا.. میرزا زانی خەڵکێکی فراوان وا بەرەو لای ئەو دێن.. یەکێك لە چاپك پیاوانی میر بە توولە ڕێگەکەدا سەرکەوت تا میرزا لە هاتنی میر ئاگەدار بکا.

با وەك میرزا لەوانە نەبوو بڕواتە پیریی هیچ کەسەوە، باوەك کەیخوسرەو بەگی جـافـیش بـێ.. کـابـرا کـە لـە هـاتـنـی مـیـر ئـاگـەداری کـرد، وەك هـەردەم لـە دەمـی ئـەشکـەوت نـەهـاتـە خـوارەوە و بـەرزە قـامـەت لـە دەمـی ئـەشکـەوتدا ڕاوەستـا تـا کەیخوسرەو بەگ سەرکەوت و گەیشتە نێو ئەشکەوت.

ئەشکەوتی بێ دەر و دەروازە لە چەند گۆشە و کەناریدا چەندین کیتاوی تێدا هـەڵـخرابوو.. گۆزەیـەکی ئـاو لـە سووچێکدا سێ کوچکـەیـەکی بـەردین دووکـەڵ ڕەشیانی کردبووەوە. لووایەکی بۆر هەڵگەڕاو ڕاخرابوو.. میر باوشی بۆ میرزا کردەوە، لە ئامێزی گرت و وتی:

– نازانی بە نامەکەت چەند دڵشاد بووم، دەبوا زووتر ئەو نامەت بنووسیایە.

میرزا لە کاتێکدا دەستی بۆ لووا ڕاخراوەکە درێژ کردبوو، وتی:

– جەناب لەو نەوگە زیاتر هیچم نییە تا رایخەم، فەرموو دانیشە..

– مـیـر لـەسەر نـەوگ دانـیشت و مـیـرزایش لـەولاترەوە بـەسەر تـاشە بـەردێکـی تۆپزەوە لێی دانیشت، ئینجا میری جاف ڕووی تێ کردەوە و وتی:

– ئێ، میرزا وەك وتم دەبوا زووتر ئەو نامەت بنووسیایە، بەڵام هێشتا وا نازانم زۆر درەنگ بـێ. دەبـێ بـزانـیـت هــەم زەڕ و هــەم زۆرم لــە ڕێگـەتـدایـە. وا دەزانم شەونخوونی و عەوداڵی ساراگەشیت بەسەر هاتبێ و، سبەی دەشتی «شەم»ت دەدەم بەدەستەوە.

میرزا لە پڕ شێتانە هەستایە سەر پا و بزە و کەنینێکی شیرین کەوتە سەر لێوانی. بزە بوو بەکەنین.. کەنین بوو بە قاقا.

میرزا هەردوو دەستی لە تاڵە بەنەکەی کەمەری گیر کردبوو. هەی شێتانە

قاقای لێ دەدا و چوو بە پشتدا.. تا لەسەر چۆك كەوتە زەوی، ئینجا ئارام گریا و گریا.. هەی گریا.. كەیخوسرەو بەگ هەستا دەستی خستە سەر شانی و لە تەنیشتیەوە دانیشت و وردە وردە بە میهرەبانییەوە پەنجەی خستە نێو پرچ و زولفە ئالۆز و خۆڵاوییەكەیەوە، میرزا ئارام بووبووەوە.. میر و خەڵكەكە ئارام و بێدەنگ، ورتەیان لێوە نەدەهات.. میرزا چوكلێكی بەدەستەوە بوو، بێ ئەوەی سەر بەرز كاتەوە هەی لە زەوی ئەشكەوتەكەی دەخشاند.

میر ڕووی تێ كرد و وتی:

بەخشەندەی بی باك كۆی كەرەم بیا

ساحێب شەوق و زەوق دڵ بێ خەم بیا

میرزا سەری بەرز كردەوە و وتی:

مەرهەم خوداوەند گوشایەندەی بەخت

ڕەها برۆ بەخت من جەی بەند سەخت

وەرنە ئەی بەندە پا بەند پامەن

تا مەردەن چون قەیس واحەسرەتامەن

– جەناب! قەینا با بە سەرشێت و دێوانەم دانێن، با دەوروبەرم كەم ڕێزانە تێم بنوارن. با بەبێ سەرمایەم بدەن لە قەڵەم، با ڕەوای كەن دەرحەقم دنیایە ستەم، با سەرجەم وا بزانن هیچم و بابردەڵەم، گەوج و گێل و گومڕاو هەڵەم..

من هەر ئەو مۆمەم گڕم پێ گەیشتووە، هەر ئەم مریدەم مورشیدم تێم گەیشتووە.

پیری من پیری پیرانە، سەرچاوگەی ئاوی ڕەوانە، بەخشینە، تۆڵەیە، ویژدانە، مەرگە، ژیانە، بەرزی بەرزە، بڵندە بۆسەیە، داوە، كەمەندە، بریسكەیە، برووسكەیە، شاخەیە شریخەیە، جریوەی ئەستێرەی بەیانە، ڕێ نما و چاوساقی زەواری عاشقانە..

بەو لال لە بان یاقووت بێزەوە.

بەو نوختەی خالان دڵ ئاوێزەوە

بــەو مــیــنـــای گــەردن سیـم سافــەوە

بەو کەوتون کۆی زولف موشك نافەوە

– میر! با خەڵکی وام تیٚ بگا دەستەپاچەو چارەڕەشم، دڵی دەروێش سفەتم ڕۆشن و ڕوونـاکـە، دەرد و ئـازارم پـردێکـی هـەتـا هـەتـاییـیـە، بـەسەر ڕوخـانـەی هـەڵچووی هـەزار بەهـەزاری (عیشق)دا تێ دەپەڕم.

نۆرە هاتبووە سەر گریانی میری جاف، دانەدەمرکایەوە، بێ خواحافیزی بەدەم پڕمەی گریانەوە قۆڵیان گرتبوو، لە ئەشکەوت دەهاتە خوارەوە.

## ٤

پاشا هەردوو دەستی لە پشتەوە هەڵەقە دابوو، تەڵێ سوێلی لە نێوان دانەکانیدا دەکرتاند و نیگەران و پەشێو لە تەلاردا دەهات و دەچوو.

مەحموود مەسرەف چەند هەنگاو لە پاشا نزیکتر بووەوە، ئامادە ڕاوەستا، پاشا لە هاتوچۆکەیدا لە دوورەوە وەرچەرخا و نیوڕوو ڕاوەستا، پەنجەی شایەتمانی بۆ مەحموود مەسرەف درێژ کرد و وتی:

– نەتوت ئامادەییی تێکڕایی گەیشتە کوێ؟

مەحموود مەسرەف دڵنیایانە چەند هەنگاوێکی تر لە پاشا نزیکتر بووەوە، وتی:

– وا نازانم کاروبار هێندە ناجۆر و ناڕێك بێ، کە پاشا بەم شێوەیە نیگەران و ئاشوفتە بێ، قەینا ژمارەی دوژمن زۆرترە و توانای بەربلاوتر، بەڵام ئەوەی ئیمە هەمانە دوژمن لێی بێ ورەیە.

– وەك چی؟

– ئیمان، قوربان ئیمان.. باوەڕ بەخۆبوون.. باوەڕ بەخۆڵ و خاکی ئەم ولاتە..

زۆر ڕووی داوە تاقمێکی کەم بەسەر جەماعەتێکی زۆردا سەرکەوتوون، بەئیزنی خوا.

– ئەمانەی دەیڵێی هەر هەمووی ڕاستن و منیش دەیزانم.

– ئەوە بڵێ، ئەم عەجەمانە چییان لێمان دەوێ؟ ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان چ خوێنێکمان پێ دەگێڕێ؟ بۆ وازی لە هاندان و دوژمنسازی نەهێنا و، هەر ماوەیەك جارێ ئێرانمان لێ هان دەدا؟.

– پاشا، ئاشکرایە. بەتیکەیەکی چەور و نەرم و ئاسانمان دادەنێن.

– دەیانەوێ هەڵمان لووشن، بەڵام پاشا خۆش بێ، شاخمان لە کەلاوەیاندا گیر

دەکا و هەڵمان دێننەوە.

– بەحەول و قووەتی خوا، هەر دەبێ.. بیروڕای عەشایەر چۆنە؟

– هەموو هاتوونەتە دەم شەڕەکەوە. پاشا لە ئامادەییی تێکڕای ئاسوودە بێ، جێگەی نیگەرانی نییە.

– ئەی لەشکری جاف بۆ نەگەیشت؟

– قوربان، بە ڕێگەوەن هاکا زانیت، خرۆشان و گەیشتن.

– هەم باشە و.. هەم خراو.

– پاشا خۆش بێ، ئاخۆ دەبێ خراوەکەی چی بێ؟.

– ئاشکرایە، جاف زۆر لە پێویست زۆرتر بووگن و دەسەڵاتدارتر، ئەگەر بەڕاستی لەگەڵماندا بن، پشت و پەنایەکی شایستەن.. ئەگەر ڕگەبەری و بەرهەڵستیمان بکەن، گۆبەنێکی گەورەمان بۆ دەنێنەوە.

– تا ئەوێی من دەیزانم، هەموو کات دەرحەق بە بنەماڵەی بەبە، لە ڕاستی و سەداقەتدا درێخییان نەکردووە.

– ڕاست دەکەی تا بە ئەوڕۆ خراوەیان لێ نەوەشاوەتەوە، بەڵام دەسەڵاتیان جێگای مەترسییە. عەجەم لەولاوە، ڕۆم لەملاوە خزمانی نامەردی خوەیشم لەلایەکی ترەوە، ئەردەلانەکانیش سەرباقی و، دەڵێی نەترسم؟ هەر یەکێك لەم مەترسییانە بیەوێ دەتوانێ لە زۆر و دەسەڵاتی جاف سوود وەرگرێ و هەڵیان خەڵەتێنێ، بەتایبەت کۆچەری و ڕەوەندیشیان، ناچاری بازێك کاریان دەکا.

– دەترسم بۆ گوزەران و هاتوچۆی گەرمیان و ئێلاخ بڕۆنە ژێر بازێك کارەوە.

– پاشا دەزانێت کەیخوسرەو بەگ وا پیر بووە و عومرێکی وای نەماوە، ویژدانەن تا بە ئەوڕۆ بۆ سەرفرازی و پایەداری و دەسەڵاتی بەبە، هیچ کۆتایەکیشی نەکردووە، ئەوەی دوای ئەویش دەبێتە سەرۆکی جاف هەر پەیڕەوی ڕەوشتی باوکی دەبێ.

– ڕەنگە، بەڵام ترسم لە دەسکیسە و پیلانی دەوروبەرمانە دەنواڕی چۆن برا و ئامۆزا و خزمانم لێ هان دەدەن و هەر یەکەیان ئاهەنگێکیان ساز کردووە!

– پاشا دڵنیا بێت، جاف کاری خراوی لێ ناوەشێتەوە.

– چی دەڵێی.. خودی کەیخوسرەو بەگ مەیلی زۆر بەلای سلێمان پاشاوەیە، تا من، ئەمەش ناتوانم بە کارێکی رووکەش لە قەڵەم بدەم، یا باشتر بڵێم، لەوە دەچێ رۆژگار ئاوس بێ.

– جا قوربان، ئەمرۆ کەی رۆژی ئەم قسانەیە؟ وا دەزانی ئەم وردە حیسابانە، باسکردنی لەم کاتەدا بەسوودی وڵات بێ.

– نا، وەختی نییە، بەڵام تۆ مەخزەنی ئەسراری منی، دەبێ ئاگەداری دەردی دڵ و بیر و ئەندیشەم بی، با ئەوەش بڵێم دەبێ لەم رۆژانەدا زۆرتر هۆشیار و ئاگەدارتر بین.. نەکا لایەنگرانی سلێمان پاشا کارێکی نارەوامان بدەن بەدەستەوە و کەتنێکمان بەسەر بهێنن وەك ئاگەداری لە نێوان عەجەمەکان و سلێمان پاشادا نامە و نامەنیگارییەکی فراوان هەبووە.

– راستە، هەر بووە، زۆرتر لەبەر تۆڵەسەندنەوەی لە والیی بەغدا بووە، نەك جەنابت ئەمن وا نازانم کاری وا نامەردی لێ بوەشێتەوە.

– ئەم باسە هەڵدەگرین بۆ دوایی، راستی ئەوە دەنگوباسی ئۆردووی والی لە چی لایە؟ خۆ کەموکورتییان نییە؟

– پێم وا نییە، رۆژانە پەیکی بەغدایان پێ دەگا و هەر هەموو پێویستییەکی شەریان پێ دەگا. دیارە داود پاشا ئەم شەڕەی بەلاوە زۆر گرینگە، ئەگینا ئاوا بەدەمی شەڕەکەوە نەدەهات یا مەرامێکی تایبەتی لەم شەڕەدا خستووەتە پێش چاوی، کامیان نازانم؟

– بەلایەوە گرینگە راست دەکەی گرینگە، بەڵام وە نەبێ لەبەر دوژمنایەتی دێرینی نێوان ئێران و عوسمانلی بێ، بگرە زۆرتر لەبەر شەخسی خۆیەتی و مەبەستەکانی ئەو دەم لە بەرزتر و بەرزتر دەکوتێت. دەیەوێ ببێ بە سەدرولئەعزەمی لەباری سوڵتان.

– ئەم شەڕە بەلای داود پاشاوە شەڕی دەسەڵات و توانایە.. سەیرکە! ئێمەی کوردی بۆنەهاتیش، چۆن گرفتاری دوو بەرداشی زەلام هاتووین و لە نێوانیاندا

بەسەر یەکدا دەهاڕیێن.

– قوربان، وا دەزانم، ئەگەر سەرێکی ئۆردووی والی بدەیت، باشتر بێ. ڕەفعەت پاشای گوێزلك چەند دڕە هێندەش دڵناسکە.

– کابرا فرە بەرزەدەماخە لە با و فیشاڵی ترساوم وا دەزانێ بۆ سەیران هاتووە نەك شەڕ.

– دەنگوباسی دوژمن چییە؟

– گەیشتونەتە بناری گوڵ عەنبەر لەشکرێکی فراوانیان کۆکردووەتەوە.. بازێك لە دێ و ئاواییەکانی سەرەڕێی خۆیانیان تاڵان کردووە و بازێك تریشیان بە زۆر و بە ڕەزا چوونەتە ژێر پەرچەمیانەوە.

عوسمان بەگی برای پاشا هاتە ژوورەوە، بەشێوەیەکی کورت و کۆتا چۆنیەتیی لەشکر و دەردەسەرییەکانی بە عەرزی پاشا گەیاند و ناڕەزاییی خۆی لە ڕەفتار و کرداری ڕەفعەت پاشای گوێزلك دەربڕی وتی:

– بەم کەش و فشەوە، ئەم کابرا دەیکا ڕەنگە ئەم شەڕەمان گران بۆ تەواو بێ ئەم گەوجە هەر دەڵێی لە لووتی فیل کەوتووەتە خوارەوە. خۆ ئەمە خۆی بە ئەسکەندەری زەمان دەزانێ. من لەگەڵ ئەم کابرایەدا قەت ناڕۆمە جەواڵێکەوە.. لە ئێستاوە بەعەرزی پاشا دەگەیەنم، قسە و بەرزەدەماخیی ئەم کابرا دەبێتە هۆی کارەساتێکی گەورە.. دەترسم دامێنگری ئێمەش بێ. ئەم جۆرە یارمەتییانە نەبوونیان باشترە.

– نەبوونیان باشترە، یانی چی؟ دەزانی دوژمن چی لێ گلێر کرووینەتەوە؟

– پاشا، خۆ سەرکەوتن بە زۆری و بۆری نییە.. خوا یاربێ بەسەرشۆڕی دەیانگێڕینەوە، بەپێی هەواڵێك پێش قەرەولانێ لەشکری جافیش گەیشتوونەتە ملەکەوە و سبەی بەرەوخوار دەکشێن.

– ئەم شەڕە شەڕی سەروماڵییە، هەر خەنجەر لە پشتەوە نەخۆین دڵنیام سەردەکەوین، تەنیا ترسێکم هەبێ، هەر ناو خۆمانە..

– پێم وایە پاشا مەبەستی سلێمان پاشایە، وانا؟

– بۆچی کەسێکی تر شك دەبەیت؟

– دوژمــن زۆر و زەبــەنــەیــە، پــاشا سەر سەلامــەت بــێ، بــە بــاشی ئــاگــەداری هــەنــگــاوەکــانــیــم. چــاوســاقــانم لــە دەوروبــەریــدا پــەخش کــردووەتــەوە و هــەنــگــاو بەهەنگاو ڕاپۆرتم دەدەنێ.

– عوسمـان، لەم ڕۆژەدا تەنیا ڕاپۆرتدان کافی نییە و دەرد دەوا ناکا.

– ئەگەر خوا نەکەران کار لە کار بترازێ چارەسەرکردنی ئاسان نابێ ئێمە لە شەڕێکی سەروماڵی داین، سەروماڵی، تێ دەگەی؟

– جا چی دەفەرموویت؟

– دەڵێم بۆ ئاسوودەبوون و دڵنیاییەکی زۆرتر، تا ئەم شەڕە دوایی دێ، با سلێمان پاشا. دەستبەسەر بکەین.

مەحموود مەسرەف نەرمە کۆکەیەکی کرد و لەسەرخۆ، وتی:

– فــەرمــان فــەرمــانــی پــاشایــە، بــەڵام وا دەزانم لــە ئــاوا ڕۆژگــارێکدا کــاری وا زیانبەخش بێت تا سوودبەخش... ڕەنگە دەستبەسەرکردنی بێ دەردەسەر نەبێ. وەك پاشایش دەزانێ خەڵکێکی زۆر بە هەوا و هەناسەی سلێمان پاشاوە لەم شەڕەدا بەشدار بووگن بێگومان ئەم دەستبەسەرییە، دووبەرەکی دەخاتە نێوان لەشکرەوە.

– ئەمانەی دەیڵێی هەموویم بەراورد کردووە، پێم وایە بە غەیری دەستبەسەری چارەیەکی دیم بۆ نەماوەتەوە.

– عوسمان بەگ لە دەمێکەوە ڕقی سلێمان پاشای لە دڵدا بوو، بەهەلی زانی جەزرەبە و زەبر و زۆری خۆی پێ نیشان بدا و پێی بسەلمێنێ بەزاوا هەڵنەبژاردنی یانی چی؟ هەڵیدایە و وتی:

– ڕا هەر ڕای پاشایە، چی تێدایە، چەند ڕۆژێك دەستبەسەر بێ، با خەیاڵمان هەر لەلایەکەوە پەرت و ناڕەحەت بێت.

مەحموود مەسرەف دیسانەوە ڕووی کردەوە پاشا و، وتی:

– قوربان، مادام هەر بڕیاری دەستبەسەریت داوە، وا دەزانم لە ژێر سەرپەرشتی

خۆتا بێ باشترە، یانی بنێرە بە دوایدا پێی ڕابگەیەنە بەرژەوەندی گشتی لەوەدایە، تا شەڕ تەواو دەبێ بۆ ڕاوێژ و بەرنامەڕێژی ئەم شەڕە لە جەنابتان دوور نەکەوێتەوە و میوانی جەنابت بێ، بەم شێوەیە ڕەنگە بە تیرێك دوو نیشانت شکاندبێ.

– ئافەرین مەحموود هەرواش دەکەم.

پەیکێك هات بەژووردا و، وتی:

پەیکێك لە ڕەفعەت پاشاوە هاتووە، دەیەوێ بگاتە خزمەت پاشا، پاشا دەستی ڕەزایەتی ڕاوەشاند، کابرایەك هاتە ژوورەوە نامەیەکی لە باخەڵ دەرهێنا دای بەدەستی پاشاوە.

پاشا، تا زۆرتر نامەی دەخوێندەوە. لە ڕق و قینا، ڕەنگی فرەتر زەرد دەبووەوە، هەردوو پەڕەی لووتی هاتبووە لەرزین. بە تووڕەبوونەوە نامەکەی لەبەر پای مەحموود مەسرەفدا، دا بە زەویدا و وتی:

ئەو کەرنامەیە بخوێنەوە..

مەحموود مەسرەف جارێك نامەکەی بۆ خۆی خوێندەوە ئینجا بەدەنگی بەرز.

– لە ڕەفعەت پاشای گوێزلکەوە فەرماندەی سوپای سوڵتان بۆ مەحموود پاشای بابان.

دوای سەڵاو..

وەك دەزانن شەڕی ئەورۆ فەن و فێڵی تیادایە و زانیاریی منیش، ئەفسەرێکی جەنگی و شەڕدیتەم، وام بە چاك زانی سەرپەرشتیی ئەم شەڕە بخەمە سەر ئەستۆی خۆم و ئوموووراتی ببەم بە ڕێگەوە جا لەم ڕووەوە، پێم خۆشە. لە بارەگای ئێمەدا پێکەوە کۆببینەوە و ڕاوێژ بکەین، تا سەرفەرازی و سەرکەوتن بەدەست بهێنین.

هەر پایەدار بێ سوڵتان و خەلیفەی ئیسلام.

ڕەفعەت پاشای گوێزلك
فەرماندەی سوپای سوڵتان

– دەمزانی ئەم کابرا کەرپیاوە، بەڵام نەك بەم ئەندازەیە.

– جا قوربان ئەمەی پێ ناوێ، وەڵامێکی دانشکێنی بدەرەوە. با بۆ جارێکی تر لەم گوانە نەخوات.

مەحموود مەسرەف قسەکەی عوسمان بەگی بڕی و وتی:

– من لەگەڵ ئەم ڕایەدا نیم، دەڵێم ئەگەر ئەم کابرایە جارێك ڕاژەنین تا داود پاشا ئاگەدار دەکەین، پێم وایە داود پاشا ماوە و مەودای ئەم کەر ڕەفتارییانەی پێ نەدا.

– دوژمن دەرگەی پێ گرتووین، دەستم بەم کەین و بەینەدا ڕانەگەین و بەرەنگارمان بن.

– قوربان. با بڕۆم پێی رابگەیەنم، فەن و فێڵ و زانیاریی شەڕی خۆی لە کۆڵ نێ لە هەر کوێوە هاتووە بۆی بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ.

دیسان مەحموود مەسرەف قسەی عوسمان بەگی بڕی و وتی:

– ئەگەر ڕای پاشای لەسەر بێ بەندە بڕۆم پێی ڕابگەیەنم پاشا دەڵێ: «تۆ لە بەغداوە هاتوویت بۆ یاریدەی ئێمە، نەك فەرماندەر، ئەگەر فەرمانێکی همایوونی سوڵتانت پێیە، بەسەرچاو، یا نامایەکی ڕەسمیی داود پاشا، هەر نەیسە، ئەگینا ئێمە هەر بەناوی یاریدەرەوە تێت دەنوارین.

– ئەگەر ملهوڕی کرد، چی؟

– لام وایە پێی ناکرێ، تا ئەو حەلە داود پاشاش ئاگەدار کراوە.

– باشە، هەستە بڕۆ بەو چەشنە پێی ڕاگەیەنە، کابرا زۆر گەوجە، نامەوێ زۆر لە قاوی بۆ شل کەیت، بگرە پێی ڕاگەیێنی چاو لە یاریدەدانەکەی بپۆشین و نەڕۆینە ژێر ئاوا نەنگییەکەوە.

– پاشا خۆش بێ، لەوە باشتری تێ دەگەیەنم.

– عوسمان، دەنگوباسی ئۆردووی دوژمن چییە؟

– وەك پاشا دەزانێ دۆست و ئەربابی باشمان لە ئوردووی دوژمندا هەیە و دەم

دەم هەواڵمان بۆ دەنێرن، لەبارەی هێزەوە.. فرە زۆرن و بە تەمای یارمەتیی تریشن، ئەگەر عەشایەری لوڕ و بەختیاریش بگەنە بەرەوە، ئەوە ڕەنگە ئەم هێزە تەنیا بۆ شەڕی ئێمە کۆ نەکرابێتەوە.

٥

– دەزانی ئەگەر لەم شەڕەدا هۆشیار و زیرەك نەبین خراو لێمان دەقەومێ؟

– بێ شەڕیش هەر دەبێ هوشیار بین، بەڵام بڵێ داخۆ دەبێ ترست لە چی بێ؟

– ترس، نا، بەڵام دەبێ فرە ئاگەداربین، ئەگینا گورگان خوارد دەکرێین.

– دەتەوێ چی بڵێی؟

ڕۆغزاد هاتە نێو گفتوگۆی ڕۆبیتەن و عەبدوڵا بەگەوە و، وتی:

– قوربان، دەیەوێ بڵێ، ڕەنگە لەناو دۆست و خوێشا، هەبن تەپکە و داومان بۆ بنێنەوە و لەو شەڕەدا بۆمان لە پارێزدا بن.

– وەك دەزانی شەڕ شەڕە و تێکەڵ.

عەبدوڵا بەگ لقاوی ئەسپاکەی سفت بەرەو خۆ ڕاکیشا و ئەسپی تایەن دەم و قەپۆزەی بە گەردنیەوە چەسپا و کەف لە کەلاوەی تك تك کەوتە خوارەوە پڕمەیەکی کرد و لە جێگەدا نەرمە چەپوکانێکی دەست پێ کرد و عەبدوڵا بەگیش تاوێك لەقاوی شل دەکردەوە و تاوێك توندتری دەکرد ئینجا، وتی:

– کوڕینە ڕاستم پێ بڵێن ترس و چەکەرەتان لە چییە و لە کێیە؟ ئەم قسانەی دەیکەن بێ مەلامەت نییە؟.

– قوربان دەڵێن جەنابت باش دەزانێ و ئێمەش بە چاکی دەیزانین دوژمن و شەڕ و خوێن و کوشتن و بڕین بەلامانەوە ئەگەر خۆش نەبێ، ڕەنگە ناخۆشیش نەبێ، دوژمنی دیاری و ناسراو ترس و باکی پێ ناوێ ئێمە ترسێکمان ئەگەر هەبێ تەنیا لە فێڵ و فەن و پیلانی عوسمان بەگە، دەترسێین لە ئاشوفتە بازاڕی شەڕدا دەستی خۆی بوەشێنێ.!

عەبدوڵا بەگ لەقاوی ئەسپەکەی شل کردەوە، ئەسپ مەغروور و مەوزوون

دەستی هەڵدەهێنایەوە ڕۆغزاد و ڕۆبیتەن لە دوو لای بەگزادەوە ئەسپیان دەڕانی.. لەشکر نەرم نەرم بەرەو خوار بووبوونەوە، خرمەی ناڵ و پرم و هوڕی بڕناخی ئەسپ و حیلە و گاڵە تێکەڵ بووبوون.

عەبدوڵا بەگ بێ ئەوەی لا بەلایانەوە بکا، وتی:

ئێمە بە سەروماڵەوە هاتووینەتە هانایانەوە قەت باوەڕ ناکەم عوسمان بەگ نامەردی وام دەرحەق بکا. تازە ئەگەر بیشیوێت، پێم وا نییە مەحمووود پاشا ئاوا مەودا و ماوەیەکی بداتێ.

– قوربان ئێمە گومانمان لە گەورەیی و جوامێریی مەحمووود پاشا هەر نییە.

بەڵام مایەی ترسەکەشمان یەکجار بێ جێگە نییە. عوسمان بەگ ئەم کارانەی لێ دەوەشێتەوە کردووشیەتی.

– جا چی دەڵێن؟.

– دەڵێین باوەڕ بەگفت و قسە و دۆستایەتی نەکەیت، ڕاستت لەگەڵ ناکا.

سوارێك لە پێشەوە ڕوو بە لەشکر پڕتاو دەهات، زۆری نەخایاند گەیشتە بەرەوە و بەهەناسەبڕکێوە وتی:

– سوارەی پێش قەرەوڵ لەگەڵ دوژمندا کەوتوونەتە شەڕەوە..

– عەبدوڵا بەگ پرسی:

– لە کوێدا دەرگیر بووگن؟

– میرم لە سەروخواری تاشەبەراندا.

– زۆرن؟

– زۆرێکی وا نین، بەڵام لە پێش قەرەوڵی خۆمان زۆرترن.

عەبدوڵا بەگ ئەو خەت و ڕێچکە و دۆڵ و بەندەنەی بست بست دەناسی، ڕووی کردە ڕۆغزاد و، وتی:

– بەخۆت و جەماعەتەکەتەوە ئازا بکەونە ڕێ و لەپشتی بزنە ڕێگەوە پشتیان لێ دەگری و ڕێگەی کشانەوەیان بۆ ناهێڵی.

ئینجا ڕووی کردە ڕۆبیتەن و، وتی:

– تۆش بەخۆت و تاقمەکەتەوە دەڕۆنە هانای پێش قەرەوڵەوە، ئەگەر زانیت ژمارەی دوژمن زۆرترە و دەرەقەتیان نایەن، ئاگەدارم بکەرەوە.

حەمە بەگی کورە بچووکی کەیخوسرەو بەگ یەکەمین جار بوو، هاتبوو نێو لەشکرێکەوە بۆ شەڕ بڕاو، کە زانی وا شەڕە و برێك لە سوارەکان دەڕۆنە هاناوە، پرتاو خۆی گەیاندە عەبدوڵا بەگی برای و وتی:

– ئەگەر کاکەم ڕای لەسەر بێ پێم خۆشە منیش لە گەڵیاندا بڕۆم.

– نا، تۆ هەر لەگەڵ خۆمدا دەبیت ئەو ئیجازەتە جارێ نییە.

لەشکری جاف وەك هەر هێزێکی عێلاتی و عەشایەری لەناو خۆدا بەپێی تیرە و هۆزەکان لەلایەن سەرکۆماری تیرەکانەوە ڕاستەوخۆ دەبران بەڕێگەوە و سەرکۆمارەکانیش لە ژێر فەرمانی سەرۆکی عێلدا دەجوولانەوە.. ئیتر بە ئادەیەکی سەرکۆمار هێزەکەی لە چاوتروکاندنێکدا پا لە ئاوزەنگی ئامادە دەبوون.

ڕۆبیتەن و ڕۆغزاد، بەپێی فەرمانی عەبدوڵا بەگ، لەقاوی ئەسپەکانیان هەر یەکە بەرەو لای تاقمی خۆی وەرچەرخاند و لە هەناسەیەکدا پرتاو و گەردەلوول ئاسا بۆی دەرچوون و سوارەکان سوارەی عیشقی گوڵئەندام لە بیر و ئەندێشەی عەبدوڵا بەگدا هاتنەوە چەپۆکان، خرمەی ناڵیان ناڵەی لە ناخ و دەروونی هەستاند و کەوتەوە بیری شێوە و ڕووی پەری ئاسای گوڵئەندامەوە.. کڵاو و مشکییەکەی لەسەر داماڵاند و لەبەر خۆیەوە بۆڵەی دەکرد و دەیوت:

– چاوت لێیە بۆ نەهات چۆن یەخەی پێ گرتوویت.. ئەگەر ئەم شەڕە لەعنەتییە نەبایە هەر لەم مانگەدا دەگەیشتینە یەك، ئەمانوڵڵا خانی ئەردەلانیش خۆش بێ پێم وا نییە ئەم شەڕە بەم زووانە دوایی پێ بێ.. شەڕە و خراوەتە بەرمان، خوا بەخەیری بگێڕێ.

لەشکر لەسەرخۆ بەرەو هەوارگەی شەو دەچوو، هەتاو زەرد هەڵگەڕابوو چەند ڕمێکی مابوو، ماچی پۆپەی چیاکان بکا و ئارام خۆی بخزێنێتە پشتیەوە.. زستان

لە دوا هەناسەدا بوو، ڕەگ و دەماری زەوی خوێنی گەرمی تێ زابوو، کەوتبووە هەناسەدان، پۆپەی چیاکان زستانی وەدەردەخست، بۆن و هالاوی بەهار گەیشتبووە کەپوو، زستان، زەبر و زۆر و سامی چەکەرەی لە دڵاندا شکابوو، دەروون گەرم بووبووەوە، کزەبای ساردی دوا هەرەشەی لەشکری زستانی ڕادەگەیاند.

پێشی لەشکر گەیشتبووە قۆناغ، دووکەڵی کوانوو و سێکوچکەی دوور و نزیك لە نزار و لاتل و دەوەندەکاندا مار ئاسا بەرز بووبوونەوە لەگەڵ پۆپەی چیاکاندا ململانێیان دەکرد.

لە کلکەی چیاوە چەند سوارێك پڕتاو وەدەرکەوتن، ڕاستەوخۆ بەرەو بارەگای عەبدوڵا بەگ دەهاتن عەبدوڵا بەگ لە بیر و ئەندێشەی جۆراوجۆردا دەپلیکایەوە و لە ناخیدا شەپۆلی دەدا، کە سوارەکانی پڕتاو و پەلە بەو شێوەیە دی، ئەگەرچی دەکۆشا هیچ نیگەرانی و نارەحەتییەك وەدەرنەخا، تا نزیکتر دەبوونەوە دەروونی ئاشوفتەتر دەبوو، یەکێك لە سوارەکان بۆ ئەوەی لەشکر لە دوودڵی و دڵەڕاوکێ دەربێنێ، هەر لە دوورەوە بەنیشانەی خۆشی، مشکێکەی ڕادەوەشاند و دەیقریواند، ئەو جووڵانەوەیە تا ئەندازەیەك لەشکری لە نیگەرانی دەرهانی.

هەمان مشکی سووردەر لە عەبدوڵا بەگ نزیك بووەوە، هەر بەسەر ئەسپەکەیەوە وتی:

– خەڵاتم، میر خەڵاتم! کوشتارێکی زۆرمان لێ کردوون، پازدەشمان لێ دەستگیر کردوون چەند دانەیەکیان بە فەلاکەت دەرباز بوون، وا لە دواوە بەرەو لەشکر دێنەوە، تەرم و مەیتی کوژراوەکانی خۆمان ڕەنگە دوایان بخات.

– چەندمان لێ کوژراوە؟

– قوربان، شەش چەند دانەیەکیشمان بریندارن.

ڕۆبیتەن دەیوت: عەرزی میرکە، عەبە مارگیرمان وە خۆی و داودەرمانەکانیەوە، بۆ بنێرێ.

– ئەی ڕۆغزاد هیچی نەوت؟

– با، قوربان، ئاخر دیلەکان لە قۆڵی لای ئەوەوە بوون، خراو لە پڕ لێیان هەڵپەڕی بوو، جا دەیوت ئەگەر درەنگی کرد، خەریکی پرس و جوێی دیلەکانە.

عەبدوڵا بەگ نامەیەکی لەبارەی ڕووداو بۆ کەیخوسرەو بەگی باوکی نووسی، فەرمانی دا چەند سوارێك ئامادەبن، تا بە گەیشتنی تەرمەکان و بریندارەکان بەرەو خێڵ بگەڕێنەوە.

شەو داهاتبوو ئەستێرەکان لە گۆمدا مەنگ و مەدهۆش مەلەیان دەکرد، سۆزی با لەشی دەتەزان، عەبدوڵا بەگ لەناو دەوارەکەیدا ئارام هەنگاوی دەنا و جاروبار لە دەواریش سەری وەدەر دەبرد و سەیرێکی بناری ئاسمانی دەکرد. دەترسا باران بەئاسمانی ڕەواڵ و ڕێ ڕۆیشتن و بارگە و بنە و ئازووقەی لەشکر بشێوێنێتە سەر یەکدا.

مەلا سەعید هاتە نێو دەوارەکەیەوە، عەبدوڵا بەگ لە هاتوچۆ کەوت و مەلا رووی تێ کرد وتی:

– ئەگەر ڕات لە سەرە، با لەگەڵ مەیتەکاندا بگەڕێمەوە و دوای تەسلیمیان دیسانەوە دێمەوە خزمەت.

– هەر وام لە بیردا بوو، نامەیەکم بۆ باوکم نووسیوە بیگەیەنە خزمەتی.

– بەسەرچاو

یەکێك هاتە نێو دەوارەوە وتی:

– شەڕاوانان گەیشتنە بەرەوە.

عەبدوڵا بەگ وتی:

– بڕۆ بە ڕۆبیتەن و ڕۆغزاد بڵێ، سبەینێ زوو پێکەوە بێن بۆ لام.

هاژە و لرفەی با تەختەی دەوارەکەی هێنابووە سەما، ستوونەکانی نێو دەوار، نەرم نەرم، بە چەپ و ڕاستدا دەلەخشین، گڕی نێو کوانوەکە بڵێسەی بەردەوام بوو، سێوەری جۆراوجۆری لەسەر چیخ و دامێنی دەواردا دەنواند.

عەبدوڵا بەگ بەتەواوی بەرگەوە بەسەر دۆشەکێکەوە ڕاکشابوو، دەستی

بەلاهەنیسکیەوە نابوو، سەخت لە بیر و تێفکریندا دەینواڕییە گڕی ئاگری کوانووەکە، شمشێرێکی مشت زێڕین بە یەکێك لە ستوونەکاندا هەڵواسرابوو، دەمانچەیەکی دەم پڕ، لە ژێر دەمی دۆشەکەکەوە، لوولەکەی هاتبوو دەرەوە، مشتی خەنجەرەکەی عەبدوڵا بەگ جاروبار لە شان بەشاندا لە ڕیش و زولفی دەخشا، ورەوڕی ئێشك دێران لە دوورەوە دەهاتە گوێ، ئاسۆ ڕۆشناییی تێ کەوتبوو، بۆنی پاشووی،ماینی وەتەڵەب با دەیدا لە برناخی ئەسپەکان، بۆیە دەهاتنە حیلکە و پڕمە و چەپۆکان لە هەر چوار لاوە دەبینرا هاژەی بەفراوی چیا لە چۆمدا بواری نەدەدا و سەربەرەوخوار لرفەی دەکرد. خەڵکەکە کەوتبوونە جووڵە، بازێك لە پشتی مەلاوە قامەتیان بەستبوو.

ڕۆغزاد و ڕۆبیتەن هاتنە نێو دەوارەوە.

عەبدوڵا بەگ لە خەودا بوو، ڕۆغزاد لێی نزیك بووەوە و ئارام دەستی گرت و لەسەرخۆ وشاردی.

میرزادە خەوەری بووەوە و چاوی کردەوە و نەختەکێك لە جێگەدا خۆی گرمۆڵە کرد و ئینجا دیسانەوە لەسەر شان لێی کەوتەوە و بە ڕۆغزاد و ڕۆبیتەنی وت:

– دەی بڵێن.

ڕۆبیتەن لە کاتی جیابوونەوەدا گێڕایەوە تا ئەو حەلە.

ڕۆغزاد ماندووتییەکی زۆری لە ڕوودا وەدی دەکرا، شەو هەنۆزی نەکردبوو، تا ئەو حەلە هەر خەریکی پرس و جوێی دیلەکان بوو.

بازێکیان ملهوڕی و سەرسەختییان نیشان دابوو، نەرۆیشتبوونە ژێر وەڵامدانەوە، ئەوەی لە دیلەکان تێ گەیشتبوو گێڕایەوە. عەبدوڵا بەگ بە ڕۆغزادی وت:

– دەزانم فرە ماندوویت، بەڵام نامەیەك دەنووسم لەگەڵ دیلەکاندا هەر ئێستا بەرەو شار برۆ و بیگەیەنەوە خزمەت مەحموود پاشا.

٦

– قوربان پەیکی لەشکری جاف هاتووە و چاوەڕوانی حوزوورە؟

– با بێتە ژوورەوە.

ڕۆغزاد هەردوو زولفی لە ژێر کڵاوە لوواکەیەوە لوول خواردوو هاتبووە دەرەوە، کڵاوەکەی چەرخاند و لەسەریدا چەسپاندی و چوخەکەی چەپ و ڕاست ئاراستە کرد و لەسەرخۆ ڕۆیشتە ژوورەوە، یەکڕاست بەرەو مەحموود پاشا ڕۆیشت و دوای سەڵاو دەستی بەگیرفانیدا کرد و نامەکەی عەبدوڵا بەگی دایە دەست پاشا، پاشا نامەکەی کردەوە و ئارام خوێندیەوە، مەحموود مەسرەف چاوی بڕیبووە ڕووی و ڕووی پاشا، تا لە چۆنیەتی نامەکە ئاگەدار بێ.. چەند پیاوماقوولێکی داوودەزگای بابان لە حزووری پاشادا دەست بە نەزەر وەستابوون. پاشا لە نامە خوێندنەوە بووەوە، ڕووی کردە ڕۆغزاد و، وتی:

– خۆش خەوەر بیت، دیلەکان لە کوێن؟

– قوربان تەسلیمی سەرداروٚغەم کردن.

– بە ڕووتدا دیارە گەلێك ماندوویت.. بڕۆ. بحەسێرەوە.

ئینجا ڕووی کردە مەحموود مەسرەف و وتی:

– لەشکری جاف لەگەڵ دوژمندا بەرەنگار بوونە و دیارە زۆریان لە دوژمن کوشتووە و دە پازدە کەسێکیشیان لێ دەستگیر کردوون.

لەوەش دەچێ داوودەزگای عەجەم و ئەردەڵان بەزۆر و بە ڕەزا پەیتا پەیتا خەریکی لەشکر گلێرکردنەوەن و زووتر خۆیان هەڵگرتووە بۆ وا توانەوەی بەفر و نەمانی سەرماوسۆڵە.

– یانی جگە لەم هێزەی هێناویانە، هێزی تریشیان لە دواوەیە بەپێی ئیقراری

دیلەکان، لەشکری عەجەم و ئەردەڵان بەتەمای یارمەتی و هێزێکی فراوانی ترن؟

– لەوە دەچێ، دەیانەوێ خەڵکێکی زۆرمان لێ گلێر بکەنەوە.

– جا پاشا، ئەگەر وایە، با ئەم هەلەیان لە چنگ وەدەربهێنین و خۆمان ڕەشمەی شەڕەکە بەدەسەوە بگرین.

– یانی دەڵێن پێش دەستی بکەین.

– بۆ نا، قوربان.

– ئەی گوێزلك پاشا چی لێ دەکەی؟ نایبینی دەڵێی گونی قۆڕە، دەیبڕی ناکرێ، نایبڕی لەپەسا هەر قۆڕەی دێ.

تا ئەو حەلە دەم و هەناسەی داود پاشامان بۆ ئاشکرا بوو، جگە لەمانەش نابێ بەمە ڕازی بین، ڕاستە ئێرانییەکان پەلاماریان داوین و دەیانەوێ ئاوەڕۆمان بکەن، ئەگەر بیو لەم شەڕەدا سەربکەون، ئەوا ئەوە بۆ خۆی لە خۆیدا دار دەدا بە ڕوحی داود پاشادا، دڵنیام دوژمنە سیاسییەکانی نێو لەباری سوڵتان ڕۆژی ڕۆشنی لێ دەکەن بەشەو و سەرنەکەوتنەکەی ئێمەی لێ دەکەن بەکراسەکەی عوسمان، جا کەواتە ئێمە بەم وەزعە بۆ ڕازی ببین؟.

– دەڵێن چی بکەین؟

– بە عەرزی گەورەی خۆم بگەیەنم، دەبێ هەرچی زووتر بە داود پاشا ڕابگەیەنین، دوژمن لەوە زووتر سوپا و سانی گلێر کردووەتەوە کە ئەو تێ دەفکرێ. ئەگەر وا دەزانێ ئێمە و هێزەکەی گوێزلك پاشا بە تەنیا دەتوانین بەرەنگاریان ببین و سەربکەوین ئەمە خەیاڵە و ئارەزوویەکی مەحاڵە.

– کەواتە دەبێ هەرچی زووتر و باشتر بکەوینە تەقالاوە و یارمەتی بنێرێتە هانامانەوە.

– ئەگەر نەینارد چی؟.

– ئەو حەلە بیرێکی تری لێ دەکەینەوە، یا شەڕی سەروماڵی، یا ڕێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەلی میرزادا.

– پێم وا نییە بە ئاسانی بتوانین لەگەڵیدا بڕۆینە جەواڵێکەوە خراو ها لە ژێر بیروڕای ئەمانوڵلاخاندا، بیروڕای ئەویش دەرحەق بە ئێمە ئاشکرایە.

– قوربان ژیان بۆ خۆی سیاسەتە و گوزەران هەموو شت قابلی گۆڕانە وەك دەشبینی شەڕ یەخەی پێ گرتووین، دوژمنەکەمان یەکجار بە هێزە و پۆشتە و بە توانا ئاراستە هاتووە تەواوی یارمەتییەك کە داود پاشا بۆی ناردووین، کەرپیاوێکی چو (رفعەت پاشای گوێزلکە) و تازە داوای فەرمانبەریشمان لێ دەکا، ئایا ئەمانە هەمووی ڕێکەوتە، یا نەزانین؟.

– ڕەنگە زۆر لە پێویست، باوەڕی بە شەڕکەرانی ئێمە بێ.

– جا قوربان ئێمە بۆ هەر لەم گۆشەیەوە بنواڕینە مەسەلەکە، ئەم شەڕە بۆ ئێمە سەروماڵییە؟.

– دەتەوێ چی بڵێی؟

– زۆر سادە و ڕەوان دەمەوێ بڵێم، داود پاشا دڵ و دەروونی دەرحەق بە ئێمە پاك نییە.

– بۆ پاك نەبێ، تۆ دەزانی تا بوو بە پاشا چەندمان یارمەتی دا و هەر لەم بارەگایەدا چل ڕۆژی ئازگار لێی کەوت.

– قوربان ئەمانە ئەوسا بوو، ئێستا باری لە گا ناوە و داود پاشایە و والی شاری بەغدا.. ئەمڕۆ ئەمانە کەم نین، تازە پێم وا نییە بەمانەی وا بەدەستی هێناوە ڕازی بێ، بەتایبەت دوای ئەوەی کەم و زۆر بۆی دەرکەوتووە سەدرولئەعزەمی سوڵتان کارێکی ئاسان نییە. وا دەزانم وردە وردە دەیەوێ لە لەبار و سوڵتان دوور کەوێتەوە لە خۆی دەخوێنێ، لێی بیستراوە وتوویەتی: چیم لە محەمەد عەلی پاشای میسر کەمترە! تا کەی فەرمانبەری تاقمێك دز و دەخەلی لەباری ئەستەنبوڵ بم؟.. ئەمانە هەمووی بەڵگەیە بۆ ڕاستنەکردنی لەگەڵ ئێمەدا.. ئەو بەتەمای توانا و دەسەڵاتی تێکڕای وڵاتە و دەیەوێ هەرچی هێز و توانا و ئیمارات هەیە، هەلی لووشێ، سبەی زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ئێرانییەکانیشدا ڕێك دەکەوێ بەسەر لەشی نەك ئێمەدا، دایکشیدا تێ دەپەڕێ.. جا تا ڕێگەکانی لێ نەگرتووین،

با تەقالایەك بدەین.

– خۆ خراو نالّێی. بەلام دەبێ جارێك ئەوپەڕی نهێنێتی بەکار بهێنین.

– هەروا دەکەین ئەگەر ڕای پاشای لەسەر بێ، بابڕۆم محەمەد عەلی میرزام چاو پێ بکەوێ و بیروڕای پاشای پێ ڕاگەیەنم.

– پێم وایە خراو نەبێ، بەلام پێم خۆش نییە جارێ هیچ کەس بەم کەین و بەینەمان بزانێ، تا بەتەواوی دەگەینە قەرار و مەدارێك و دڵ و نیهادی داود پاشاشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

کابرایەك، پەشۆکاو هاتە ژوورەوە، لە مەحمموود مەسرەف نزیك بووەوە، چپەیەکی بۆ کرد مەحموود مەسرەف بە چپەکە پەشۆکا، کۆشا خۆی گلێرکاتەوە، پاشا نیگەرانیی مەحموود مەسرەفی قۆستەوە، سفت و سەخت پرسی.

– چی ڕووی داوە؟ دوژمن هێرشی دەست پێ کردووە؟.

– نەخێر، قوربان، شتێکی ئەوتۆ نییە، سلێمان پاشا لە بەیانییەوە دیار نییە، لەوە دەچێ هەر بەشەوا ڕای کردبێ، پاشا تا ئەو حەلە بەرزەبالا ڕاوەستابوو، ئارام بەرەو کورسییەك ڕۆیشت لەسەری دانیشت، بێدەنگ و ئارام چوو بەفکردا. پەنجەکانی لەناو ڕیشیدا لەسەرخۆ دەجوولاندەوە.، بێ ئەوەی  سەر بەرز بکاتەوە، لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئەوەی لێی دەترسام قەوما، دەمزانی خەنجەرێکە و لەناو کێلاندایە، ئینجا ڕووی کردە مەحموود مەسرەف و وتی:

خۆزگە خوا دەرد و وەبایەکی دەخستە نێو بنەماڵەی بابانەوە، لە یەکێکیان زیاتر کەسی نەدەهێلا و ئەم ولاتەی لە دووبەرەکی و دوژمنایەتیی ناوەخۆی ئێمە ڕزگار دەکرد، خۆزگە و هەزار خۆزگە.. چاوت لێیە چەند وەستاکارانە خەنجەر بۆ پشتی یەکتر رادەهێنینەوە؟ ئەمەیە ماڵوێرانی و براکوژی، ئێمە ئەگەر وا نەبووینایە ڕۆژمان بەم ڕۆژەڕەشە نەدەگەیشت، بێگومان ئێستا لەبن دەستی محەمەد عەلی میرزادا خپکەی داوە.

– نەخێر قوربان.. دیویانە بەرەو ڕێگەی کەرکووك ڕۆیشتووە.

– کەرکووك؟.

– بەڵێ ڕێگەی دەربەندبازیان و چەمچەماڵ و کەرکووك.

– کەم کەم خەریکە بازێك پیلان و داڕشتن نووك و پۆپەکانی دەردەکەون.. باشە کەست ناردووە بە دوایدا؟

– عوسمان بەگ بەهێزێکەوە بە دوایدا بەرەو بازیان ڕۆیشتووە و چەند سوارێکیشمان لە لاڕێ و کوێرەڕێ وە ناردووە.. لەوەش ناچێ پیا بگەن.

– دیارە هەر بە شەودا بۆی دەرچووە.

– هەروا بووە، هەر بە ئێوارەدا لە قەراخی شاردا بینراون.

– بۆچی چەند کەس بوون؟

– لە شار دەرچووە، سێ سوار بووگن، لەوەش دەچێ هەبووبێ لە دەرەوەی شاردا چاوەڕوانی کردبن.

– ناسراو، کێی لەگەڵدا بووە؟

– جارێ ئەوانەی دیار نین مەقسوود بەگە و شەوقی ئەفەندییە و مەلا مووسایە و مەحموود ئاغای بڵباسە.

– دیارە لە دەمێکەوە خەریکن. ژانی ئەم خەنجەرە کۆڵەواری کردووم، بە حەول و قوەتی خوا زەفەرمان پێ نابەن.

– بە عەرزی پاشا بگەیەنم، لەوە ناچێ بەرەو ئۆردووی ئێرانییەکان ڕۆیشتبن.

ئەمەش بەلای منەوە بۆ خۆی جێگەی سەرسوڕمانە وەك دەزانیت نێوان داود پاشا و سلێمان پاشا، تاکو دوێنێ شەکەر و ئاو بوو.

– خوا بکا لەم ڕووەوە بەخت و ئەستێرەی ئیقبالمان کاری بێت و بەرەو سەر ئاخوڕی بەغا ڕۆیشتبێ.

عوسمان بەگی برای پاشا هاتە ژوورەوە، ڕووی کردە مەحموود مەسرەف و وتی:

– دەبوا مارە زەردمان لە گۆشەی بەندیخانە بترنجاندایە، چاکتر بڵێم، دەبوا سەرمان پان بکردایەتەوە، تا کەتنی وای نەکردایە. لە جۆیی مەحموود مەسرەف

مەحموود پاشا وەڵامی دایەوە.

– ئەم قسانە پڕوپووچ و بێ سوودن و دەردێك دەوا ناكەن، كار لە كار ترازاوە، تۆ بڵێی بەرەو كوێ ئەستۆی ورد كردبێ؟

– عەرزی پاشای خۆم بكەم دیارە داود پاشا لە دەمێكەوە لە مەڵاسدایە.

– هەر لە شار دەرچووە، تابوورێك عەسكەری گوێزلك پاشای لەگەڵدا ڕۆیشتووە، لەولای چەمچەماڵیشەوە سوارەی شەوكەت پاشای كەركووكی بەپیرەوە هاتووە، بێگومان ئێستا لە قەڵای كەركووكدا لەنگەری خستووە.

ئینجا مەحموود پاشا لەسەر كورسییەكەی هەستا ئەندێشمەندانە، دەستی بەسەر ڕیشیدا هێنا و بەرەو عەرووسی ژوورەكە ڕۆیشت و لە كاتێكدا دەینواڕییە لووتكەی گۆیژەدا، وتی:

– پێم وایە ئێمە هەروا وەك هیچ ڕووی نەدابێ بجووڵێینەوە و هیچ جۆرە نیگەرانییەك وەدەرنەخەین باشترە گومانم نییە داوودەزگای بەغا خۆیان پێ ڕاناگیرێ و بەشێوەیەكی تر بیروڕای خۆیان جوانتر وەدەردەخەن.

ئینجا وەرچەرخایەوە و پەنجەی بۆ مەحموود مەسرەف درێژ كرد و وتی:

– هەر ئێستا وەرێ كەوە! ئەوانەی وتوومانە عەرزی محەمەد عەلی میرزای دەكەی، ئەمما لە بیری نەكەی ئێمە نۆكەریمان پێ ناكرێ واش دەزانم، ئەگەر ڕاستەوخۆ چاومان بە یەك بكەوێ، ڕەنگە باشتر بێ.

عوسمان بەگ قسەكانی پاشای بڕی و، وتی:

– ئەگەر ڕای پاشای لەسەر بێ، سبەی نا، هەر ئەم شەو، با هەڵكوتینە سەر گوێزلك پاشا و دەمار لە ڕۆژگاری دەربهێنین، كەمی كەشوفش بە سەرماندا نەكردووە.

– تامۆڵكە، جارێ نەگەیشتووەتە ئەوە.

٧

– پێم وایە زۆربەی زۆری عەشایەرەکە لەگەڵ مندایە، ئەمەش لە خۆمەوە ناڵێم.

جا شەڕ هەر عەشایەر دەیکا، هەر ئەوانن بڕبڕاگەی پشتی لەشکر و ئۆردوو، پێم وایە ئەبێ بجووڵێیت، ئەگینا تیر لە کەوان  دەرئەچێت و هەر چیشمان ڕێساوە ئەیکەنەوە بە خوری.

– من لە ئەو ڕووەوە نامە و پەیکم بە هەرچوار لادا دەنێرم لەوەش دڵنیام دێنە دەمی داواکەمەوە.. ئەگەر درۆم نەکردبێ زۆربەی زۆری شاریشم لەگەڵدایە.

– کەیخوسرەو بەگی جاف چی؟ دەزانی ئەگەر هێزی جافت لەگەڵدا بێ، ئەوا پشتی مەحموود پاشات بێ شەڕ شکاندووە؟.

– لەمەش دڵنیابن، ئەوڕۆ نامەی بۆ دەنووسم و وەڵامەکەشی دەبیسنەوە.

– وا دەزانم چاوت بە داود پاشا بکەوتایە باشتر بوو.

– زۆرم لا خۆشە، بەڵام وەك دەزانی زۆر کارمان لە بەرەو یەشتا نەمانکردوون.

– ڕاست دەفەرمووی، بەڵام تا وەڵامی نامەکانت دێنەوە پیاڕادەگەی، ئەوەتانێ، لە دێڵتاوادا هەڵی داوە و خەریکی گلێرکردنەوەی لەشکرە.

– لەوە دەچێ شەڕ شەڕی بابان نەبێ، ئەگینا، ئەم هەموو لەشکر و کێشە کێشەی بۆ چییە؟.

– ویستم ئەوە بزانم ئەگەر لە جێی مەحموود پاشا و ئێستا بوایتایە، چیت دەکرد و چۆن سەیری گرفتارییەکانت دەکرد؟

– ئێوە باری مەحموود پاشا نازانن چەند ناسکە، من پێوەندیم لەگەڵ ئێرانییەکاندا زۆر بەهێز بوو، دەمزانی چەندە لە ڕەفتار و کرداری مەحموود پاشا

ئالۆز و توورەن، جگە لەمانەش ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان فرە لای محەمەد عەلی میرزا ئازیزە و قسە ڕۆیشتووە. بەبێ قسەی ئەو دەس بە ئاوا ناکا و، ئەویش خوێن لە کاسەی سەری مەحموود پاشادا دەخواتەوە، چەکەرەی ئەوە بە دڵتانا نەیەت، چارەی نییە تەنیا ئەوە نەبێ، دەبێ شار بەجێ بهێڵێ.

– کەواتە لە ئێستاوە ئیمارەتی بابانت لێ پیرۆز بێ.

– سوپاست دەکەم، لە سایەی سەری دۆستانەوە هەروا دەبێت.

– وا دەزانم ئەگەر نامەیەکیش بۆ حەمە شەریفی هەمەوەند بنووسیت بەجێ بێ.

ئەگەرچی کابرا زۆر خۆی بەزل و ملهوڕ دەزانێ، تاقیکردنەوەی زەرەری نابێت.

– بۆی دەنووسم، بەڵام وا نازانم لەگەڵماندا سازگار بێ، ئەو خۆی بەکوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان دەزانێ و دەم لە ئیمارەت دەکوتێ.

– ئەوە ڕاستی و درۆی ئەم باسە چۆن چۆنییە؟

– دەڵێن، بیست ساڵێك لەمەوبەر ئەوڕەحمان پاشای بابان کەنیزێك دەبەخشێتە سەرکۆماری هەمەوەند بەناوی «ڕەندانە»، کەنیز لە ئەوڕەحمان پاشا دووگیان بووە و کوڕێکی دەبێ، ناوی دەنێن «حەمە شەریف»، گوایە ئەوە ئەم حەمە شەریفی ئێستایە و لە توخمانی ئەوڕەحمان پاشای بابانە و، لە هەمان کەنیزی «ڕەندانە» ناوە.

– ئەمە عەقڵ ڕێی پێ دەبا، ڕەنگە هەر واش بێ.

– ڕەنگە، چی تێدایە، با ئەویش بێتە سەر لیستەی داواکارانی ئیمارەت، وا بڕوا داواکارانی ئیمارەت لە تابوورێك زۆرتر دەبن.

– تۆ خەمی ئەوەت نەبێ. داود پاشا و دەوڵەتی موعەزەمەی عوسمانلیت لەگەڵدایە، ئەم وردە موددەعییانە کەفی سابوونن، بەهەوا و هەناسەیەك دەتەقنەوە، ئەوڕۆ گرفتاری تۆ کەمی وەختە و نەخۆشی تاعوون، تەیموور پاشا لە نامەکەیدا دەڵێ: لە کۆیە و دێهاتی دەوروبەریدا وەبا و تاعوون کوشتاری ناوەتەوە ئەگەر وا بڕوا بوار و بەرنامەمان لێ تێك دەدا.

– ئەگەر وابێ سبەی دەگاتە سولەیمانی، هەم باشە و هەم خراو.

– باش و خراوی چییە؟.

– باش ئەوەیە شار چوڵ دەبێ و خراویش ئەوەیە زۆر لە خوێشیان و ناسراوانمان سەریان تیا دەچێت.

– بەدبەختی لەوەدایە گەرما بە ڕێگەوەیە دەترسم وەباکە هەموو جێگیر بێت، ئەو حەلە یەخەی هەموومان دەگرێتەوە.

– بەم حیسابە تا زووە دەبێ بجووڵێین، ئەگینا کلاومان با بردوویەتی.

– کلاومان نا، کلاوی جەنابت.

– کلاوی من هی ئێوەیە و، ئێوە لە سەرمی دادەنێن، ئەگەر با بیبا هەر هی من نییە بە تەنها، شوورەییەکە یەخەی ئێوەش دەگرێتەوە.

کابرایەك هاتە ژوورەوە و، وتی:

– پەیکێك لە داود پاشاوە هاتووە، نامەی هێناوە.

با بێتە ژوورەوە.

کابرا نامەی دا بەدەستی ئیسماعیل پاشا وە، خوێندییەوە و، وتی:

داود پاشا وەڵامی مەحموود پاشای داوەتەوە و پێی ڕاگەیاندووە، فەرماندەی شەڕەکە بسپێرێتە (گوێزلك پاشا).

بێگومان ئەم وەڵامە ئاژاوە و بشێوی دەنێتەوە، بەتایبەت دوای پەنادانی تۆ،پێم وایە ( گوێزلك) نیازی هەیە یارمەتی پەیدا بکا.

خڕی خاسە ئاش گێڕێك ئاوی پیا سەربەرەوخوار دەچوو، کە دەگەیشتە پانتاییی خڕەکە ئاوەکەی پەخش دەبووەوە و مەنگ و مەن جووڵەی نەدەکرد، تل و گابەردەکانی نێو خڕ سەریان چو جانەوەرانی دەریایی هێنابووە دەرەوە، بڕبڕ بنچك و قەرسیل و قەلاس و زەل و قەوزە لەیرا و لەوێ وەدی دەکرا و، با دەیشەکاندنەوە.

لاشەی ولاخە تۆپیو، بارگیری ئۆردو لە قەراخی خڕی خاسەدا سەگەلی برسی

سەریان تێ نابوو، سەنێر و خوێنی ڕەش داگەڕاوی ماسیاو ڕێچکەی دادەچۆڕایە نێو ئاوی خڕەوە.

کەرکووك بێ ڕوح و گیان ئاوا خڕێك دوولەتی دەکرد، قەڵا بە بەرزی و بڵندیی شوورەی دیوارییەوە دەیناسزی، زەردەخەنەی دەفرۆشتە دەشتی پانوپۆڕ و هەڵقرچاوی لەیلان و تازە خورماتوو و هەردە و ملەی قەرەهەنجیر، شار لە ژێر چەکمەی «یەنی چەری» و سوپا و سانی عوسمانیدا نرکەونکەی دەهات، تاو تاو بۆ خۆنواندن و چەکەرە لە دڵدا چەسپاندن لە کۆشك و کۆنگرەی قەڵاوە دانە دانە تۆپیان وێل وێڵانە بەرەو دەوروبەری دوور و نزیك دەهاویشت.. «یەنی چەری» چو هێرشی کوللە دێ و دیاریان ڕووتاندبووەوە، ئالیك و کا و جۆی ولاخی ئۆردوو بەزۆری قامچی و تێهەڵدان لە دێهاتی دەوروبەردا گلێر دەکرایەوە، خەڵکەکە پەرێشان و ناڵان ڕووتابوونەوە، برسیەتی و نەخۆشی و نەداریی بێ دادیی دەکرد، شەڕ و کوشت و کوشتار و پەلامار لە هەرچوار لاوە دەبینرا. کوردستان ناڵەی دەگەیشتە ئاسمان.. ئاسمانی کەڕ و کوێری ترساو لە زەڕو زۆر.؟

– داود پاشا ئاڵقە لە گوێ و نۆکەری دەوێ.. ئەمەش بە من ناکرێ، بیشتوانم نایکەم ئەو نامەردە تا دوێنێ دۆشداماو و سەرگەشتە و بێ پەنا وەك دەستی کەر لامان کەوتبوو، پاداشتی چاکەمان وا دەداتەوە، داود ئەفەندی؟.

– قوربان ئەمانەی دەیڵێی چ دەردێك دەوا دەکا؟

– دەردی ئێمە یەك و دووان نییە، لە هەرچوار لاوە ڕووداو یەخەی پێ گرتووین.

ژان و سۆی هیچ کامیان ناگاتە نامەردییەکەی سلێمان پاشا هەرچی خۆم دەلاوێنمەوە ئۆقرە ناگرم، دەترسم نەتوانم ئەم تۆڵەیەی لێ بکەمەوە.

– قوربان سەختی لێ مەنەوە. هەر لە پیاوی گەورە دەقەومێ، هەر خۆمان گوم نەکەین. سەر لەبەر ئەم پیلانانە دەردێنین.

عوسمان بەگ ڕەگی گەردنی هەستا بوو، بە ئالۆزییەوە وتووێژی پاشا و مەحموود مەسرەفی بڕی و وتی:

– ئۆردووی گوێزلك کەوتنەتە جموجۆڵ، دیارە دەستوور و فەرمانی تازەیان پێ گەیشتووە، لە دوێنێوە هاتوچۆ و جووڵانەوەیان شێوەیەکی تری بە خۆیەوە گرتووە، ئەمەش بێ مەلامەت نییە.. دەبێ تا زووە دەست بەکار بین، ئەگینا خانە بگیرمان دەکەن.

– بێ شك ئەو ئامادەگی و گۆڕانە ئاکامی نامەکەی ئێمەیە، ترسی هەیە ئێمە نەڕۆینە ژێر فەرمانیەوە و گوێ بە قسە و فەرمانی داودەفەندی نەدەین، هەرواش دەکەین.

– کەواتە، با هەڵکوتمە سەری و هەرچی داخم هەیە پێی بڕێژم.

– نا، ئێمە نابێ تیژپەڕی بکەین، هەڵەیەك لە كارماندا ببێ، گران بۆ ئەو خەڵكە و ئێمە تەواو دەبێ.

مەحموود مەسرەف هاتە نێو قسەكانیانەوە و وتی:

– هەڵبکوتینە سەری.. هەڵدەکوتین، با ئێمەش بەزمانی ئەوان ماوەیەك بدوێین و گفتوگۆ بکەین، ڕەنگە زیانی تیا نەکەین .

– ڕۆشنی کەرەوە.

– دەڵـێم بـۆ ئـەوەی زەرەر و زیـان و کـوشتـار نـەدەیـن، بـابـە زاهـیـر سەر بـۆ فەرمانەکەی داود پاشا داهێنینەوە، سبەی لە خزمەتی پاشادا بەرەو بارەگای گوێزلك بڕۆین و فەرماندەری ئەم شەڕەی لێ قبووڵ بکەین. تا هێمن و هێدی دەبێتەوە، ئەو حەلە شەوەیخوونیان بەینەسەر.

عـوسمـان بـەگ هـەردوو چـاوی بـووبـووە دوو کـاسەی خـوێن، ئـاڵۆز و تووڕە قسەکانی مەحموود مەسرەفی بڕی و وتی:

– ئەم هاتوهوتەی بۆ چییە؟ پاشا ئەمر بکا هەر ئەمشەو دەمار لە ڕۆژگاری دەردەهێنم، ئەمەی تۆ دەیڵێی شێوە و ڕەفتاری عەجەم و ڕۆمییانە.. ئێمەی کورد ئەمەمان پێ ناکرێ ئەمە نامەردییە.

– مەحموود پاشا لە تەلارەکەدا پەنجەکانی لە پشتیەوە هەڵەقە دابوو، دەهات و دەڕۆیشت، لە پڕ وەرچەرخایەوە و وتی:

– کام نامەردی؟ تا دوێنێ داودەفەندی لافی برایەتی و ڕەفاقەتی بۆ ئێمە لێ دەدا هەر لەم دالآنەدا چل ڕۆژی ئازگار نەکەوتبوو؟ چەندین هەزار شەڕوانم نـەخستـە تـەکـی؟ تۆمـاری برایـەتـی و هـاوپـەیمـانیمـان پێکـەوە ئیمـزا نـەکردووە دەشبینی چۆن خزم و خوێشی نامەردی خۆمم لە ماڵ و وڵاتی خۆمدا لێ ڕاست دەکـاتـەوە، لـەنـاو ئـۆردوو لـەشکری خـۆمـدا فـەرمـانـدەر و ئـاغـا و چـاوساقـی بـۆ ناردووم، دەڵێی نامەردی؟.

– ئاخر قوربان..

– وسبە!. دەور دەوری نامەردان و فێڵ و تەڵەکەبازانە، ئێمەش بەهەمان واژە و

زمان دەدوێین باوەك زەمانێكی سەخت و دژوارە، بەڵام دەكۆشین فێری ببین و تێی بگەین بیروڕای مەحموودم بەدڵە و هەر واش دەكەین، یەكێك بنێرە بۆ لای گوێزلكی ناكەسبەچە، سبەی دەگەینە خزمەتی.

– كەین و بەینمان لەگەڵ محەمەد عەلی میرزادا هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە یا خەیر.

– وا دەزانم دوای بەرنامەی گوێزلك بێ باشتر بێ.. لەم ڕووەوە ئاگەداریان بكە.

– ئەگەر پاشا بفەرمویێت. بۆ خۆم دەڕۆم بۆ لای.

– هەروا بكە دەنگوباسی عەبدوڵا بەگی كەیخوسرەو بەگ چییە؟ چەند ڕۆژێكە نەمدیوە خۆ هیچ ڕووی نەداوە؟

– ڕوودان بەو شێوە نا، بەڵام دوو تیرەی نێو خۆیان لە كۆنەوە دوژمنایەتی لە نێوانیاندا هەبووە و، ئێستا چەك بەدەست لە نزیكی یەكدا بوون، ڕق و كینەی كۆنیان تازە كردووەتەوە و پەلاماری یەكتریان داوە ئەم چەند ڕۆژە عەبدوڵا بەگ خەریكی دامركاندنەوەی ئەو ئاژاوەیە بووە.

– ئەی باشە كۆتایی پێ هانی و بڕاندیەوە؟.

– بەڵێ قوربان.

دەركەوان هاتە ژوورەوە و وتی:

– مەلا عیرفان و جەودەتی حاجی زادە لەلایەن كاك ئەحمەدی شێخەوە هاتوون و دەیانەوێ بگەنە خزمەت.

– با بێنە ژوورەوە.

كە هاتنە ژوورەوە هەر بە پاوە مەلا عیرفان وتی:

– شێخ سەڵاوی هەبوو، دەیفەرموو بە عەرزت بگەیەنم لە شاردا چەند دانەیەك بە نەخۆشی تاعوون مردوون، گەرماش دەستی پێ كردووە، زۆر ناخایەنێ مەرگ و میر لە شاردا بڵاو دەبێتەوە. تا هەمووی جێگیر نەبووە تەقاڵایەك بدەین..

– بە عەرزی شێخ بگەیەنە، تا بە ئەوڕو لەبارەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی

بیستبوو، ئەوەی لە دەستم بێ درێغی ناکەم، ڕاستی ئەوە لە بیرم نەبوو، لەسەر داواکەی سوڵتان تەشریف دەبا بۆ ئەستەنبوڵ، یاخەیر؟

– نەخێر بۆ خۆی پێی ناکرێ و سەید محەمەدی مفتی دەنێرێ.

– جا سوڵتان بەمە ڕازی دەبێ؟

– بێ، یانا، شێخ توانای ئەو ڕێگە دوور و درێژەی پێوە نەماوە.

دەنگی چەند تۆپێك لە دەوروبەرەوە هاتە گوێ، هێندە نزیك دەیدا لە زەوی شووشەی عەرووسییەکانی دەلەرزاندەوە، حاجی لەق لەقی سەر گومەت و منارەکانی مزگەوت بە ئاسمانەوە کەوتنە باڵەشەکێ، پاشا هیچ خۆی تێك نەدا و نەشڵەژا، تۆپ هاوێشتن هەر بەردەوام بوو، دەرکەوان هاتە ژوورەوە، عەرزی کرد: لە ئۆردووی گوێزلك پاشاوە یەکێك هاتووە دەڵێ:

– نیگەران و دڵ پەستی تۆپ هاویشتن نەبن، ئۆردوو خەریکی تاقیکردنەوەیە. پاشا تاڵێك لە سۆیلی بەزمان خستە نێو دانەکانییەوە، وردە وردە کرماندی، عوسمان بەگ ژڵێژاوانە هاتە ژوورەوە، ئالۆزانە ڕووی کردە پاشا و وتی:

– دەبینی، کەم کەم، خەریکن ڕسوامان دەکەن، ئەویش لەناو خەڵك و مەردوم و دێ و دیاری خۆماندا، من بەشبەحاڵی خۆم، ئیتر پێم ناکرێ و تاوتامولی نامەردی و نەنگی ئەمانەم پێوە نەماوە.

– توند مەڕۆ، زۆری نەماوە، لێ گەڕێ با قۆڵێکمان قایم بکەین، وا نەکەین بەرگەی ئەم هەموو هێرش و چەپاوڵی پڕ لە نامەردی و نابابییە ناگرین ئەم چەند ڕۆژە کینە و ڕقەکەت سەلارانە قووت بدەوە، تا وەختی خۆی، ئەمانە هەمووی دەستکرد و دەستسازی ئەو کۆیلەزادەیە، (داودەفەندی)یە، نەمرم ئەم تۆڵەیەی لێ دەکەمەوە.

– کاکە بەم کەسوکار و خزم و خوێشە نۆکەر سفەتانەوە، وا لەمەڵاسدان، پێم وا نییە بتوانین هیچ تۆڵەیەك لە هیچ کەسێك بکەینەوە، وا حەسەن بەگی براشمان کەوتووەتە کلکە لەقە و، هاکا زانی ئەویش بەرەو سەر ئاخوڕێك کلکی نایە ناو گەڵی و بۆی دەرچوو.

– بۆچی شتێکی تازەت بیستووە؟

– شت بیسراوە، بەڵام بەتەواوی نازانم چۆن چۆنییە، هێندە دەزانم نامەی داودەفەنی بەویش گەیشتووە. سلێمان پاشایش کەوتووەتە نامەنیگاری و هەڵپە هەڵپ، نامەی بۆ تەواوی سەرەك عەشایەرەکان نووسیوە، هەروەها نامەی بۆ کەیخوسرەو بەگی جافیش نووسیوە، تەنیا ترسێکم هەبێ هەر ئەمەیانە.

مەحموود مەسرەف وەڵامی پاشای دایەوە.

– لەسەر بیروڕای خۆم سوێند دەخۆم، کەیخوسرەو بەگ کاری ناشایستەی لێ ناوەشێتەوە.

تۆپ هاویشتن هەر بەردەوام بوو، تا دەبوو لە شارەوە نزیکتر دەبووەوە، چەند دانەیەکی کەوتبووە نێو ڕان و ئاژیڵی خەڵکەوە، خاوەن ئاژیڵەکان بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندبووە دارولئیمارە و بارەگای پاشا.

چەند سوارێك لە قۆڵی ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە نێو شارەوە، مەحموود مەسرەف و عەبدوڵا بەگی کەیخوسرە بەگ لە ناویاندا دەردەکەوتن، یەك ڕاست بەرەو بارەگای پاشا دەچوون، کە گەیشتن، ویستیان بڕۆنە ژوورەوە، دەرگەوان وتی:

– پاشا و عوسمان بەگ ڕاوێژ دەکەن ئەگەر دەکرێ با بەعەرزی پاشای بگەیەنم.

– زۆری نەخایاند دەرگە کرایەوە و ڕۆیشتنە ژوورەوە، پاشا گەرموگوڕ و سەرحاڵ عەبدوڵا بەگی دەدواند، عەبدوڵا بەگیش نامەیەکی لە گیرفان دەرهێنا دای بەدەستی پاشاوە. پاشا نامەی خوێندەوە دای بەدەستی عوسمان بەگەوە و وتی:

– بیخوێنەوە.

ئینجا عەبدوڵا بەگ ڕووی کردە پاشا و وتی:

– باوکم فەرموویەتی بەعەرزت بگەیەنم بۆ ئێمەی جاف ناکۆکی و دووبەرەکی نێو بنەماڵەی بەبە شتێکی تازە نییە و لە کۆنەوە لەگەڵ ئەم ژانەدا دەست و پەنجە نەرم دەکەین ئێمەش لە شەڕی براکوژی نێو ئێوەدا نە ئەوسا و نە ئێستایش

بـەشداریمـان نـەکردووە و نـایشیکـەین.. تـا دارولـئیـمـارەی بـەبـەش لـەسـەر پـێ بـێ هـەرگیز ڕووی لێ وەرنـاگێڕین و تـا بیشتوانین پـارێزگـاری لێ دەکەین، وەك تـا ئێستـا کردوومـانـە.

هـەر بـەم شێوەش وەڵامـی نـامـەیەکی سلێمـان پـاشای داوەتـەوە.

کـاتـێك عـەبـدوڵا بـەگ وتـەکـانـی بـاوکی بـەعـەرزی پـاشای بـابـان دەگـەیـاند، مـەحموود پـاشا وردە وردە سەری بۆ دەلەقاند، کە تەواوی کرد، وتی:

– ئێمـە لەوە دڵنیـاین کەیخوسرەو بەگ لەوانە نییە بەئـاسانی پشت لە دۆستـانی خۆی بکا، لەم ڕووەیشەوە میهر و مـەردایەتی بۆ ئێمـە ئـاشکرا و ڕوونـە هـەروەهـا دەمـەوێ سبـەی تـۆیش لـەگـەڵـم بـێی تـا سەری فـەرمـانـبـەری بـۆ گـوێزلك پـاشا دانەوێنینەوە..

– بەسەرچاو قوربان.

## ٩

پەلوپۆی درەختەکان پێچیان دەخوارد و لوولیان دەخوارد، تاو تاو قەد و قامەتیان بەرەو زەوی کڕنووشیان دەبرد و نەرمە ماچیان لە تەختاییی زەوی دەرفاند و ئازا سەمای شێتانەیان دەست پێ دەکردەوە، هاژەی ڕەشەبا، چو هەزاران دیناسۆری دەم خوێناوی شار و دیار و دەوروبەری هێنابووە حەشۆکە و لەرزین، گۆیژە، چو سیمرخێکی ئەفسانەیی دەیلووران و باڵی داکێشابووە سەر شاردا. شار لەگەڵ دۆڵدا بێدەنگ و ئارام و چاوەڕوان، تەماشاکەری زەواری پڕشیوەن و گریانی شەو بوو، شەو لەنگەری خستبوو، چنگی لە گۆیژە گیر کردبوو، بەزەحمەت هەناسەی دەدا، لە دەرەوەی شارەوە سوارەی بەبە پا لەناو زەنگی، دەست لەسەر شمشێر، ئامادەی هێرش و پەلامار بوون پیادە و نێزە بەدەست، ئارام لە چەندین قوڵەوە لە خەیمەگا و هەوارگەی لەشکری گوێزلك پاشاوە نزیك دەبوونەوە، خەیمەگا و لەشکری گوێزلك ڕەشەبا هێنابوویە سەما، هاژەی ڕەشەبا و ترپە ترپی چادری خەیمەگا و تەپ و ڕمی ئەسپ و وڵاخ و ئاژێڵی ڕاکردووی بەرەڵا ئاشفتەیی و سەرلێشێواوییەکی تەواوی خستبووە نێو ئۆردووی گوێزلکەوە، نیشانەی هێرش بۆ سەر ئۆردووی گوێزلك، تەقینەوەی بارخانە و بارووتخانەی ئۆردوو بوو.

سوارەی بەبە، چو گورگی دەم خوێناوی، هێرشی مەردانەیان بردە سەر ئۆردوو، ئۆردووی گوێزلك بەتەواوی غافڵگیر کرابوو، دۆست و دوژمنی خۆی نەدەناسی، کوشت و کوشتار و سەردەر گومگێ، لە نێوانیاندا تا دەبوو پەرەی دەسەند، چادر و خەیمەگا و ئاودارخانە و ئازووقە و ئالیك ئاگری تێ بەربووبوو، ئەوەی ئازابوو خۆی دەرباز دەکرد و لە ئۆردووگا دوور دەکەوتەوە، ئیتر لە هەرچوار لاوە گڕ و گڵپە و ئاگر بڵیسەی دەسەند، زیرە و هاوار و هەراوهوریا تێکەڵ بووبوو.

– بەیان لە ئاسۆدا وەدەرکەوتبوو، ئۆردووگای گوێزلك لە ژێر سمی ئەسپی

سوارەی بەبەدا ونجڕ ونجڕ کرابوو. زۆربەی زۆری لەشکری گوێزلك یا کوژران یا بەدیل گیران، لەناو دیلەکاندا تاکە چاویلکە زەرەبینەکەی گوێزلك پاشا دەبریسکایەوە، کۆت لە مل و باڵ بەستراو هێنایانە حوزووری مەحموود پاشا. پاشا فەرمانی دا پاوپلی ئاواڵەبکەن، گوێزلك پاشا زەرەبینی چاویلکەکەی لە گەردنیدا شۆڕ بووبووەوە، هەر کە دەستی ئاواڵە بوو، بەچمکی چاکەتەکەی زەرەبینەکەی پاك کردەوە و لە چاوی چەپی نا، ڕێك و ڕەوان سنگ دەرپۆقیو ڕاوەستا.

مەحموود پاشا بە گوێزلکی وت:

– فەرموو دانیشە.

گوێزلك پاشا دوگمەی چاکەتەکەی دا و بەهەنگاوی ژمێراو بەرەو کورسیی تەنیشتی پاشا ڕۆیشت و لێی دانیشت.

ئینجا پاشا ڕووی تێ کرد و وتی:

– دنیا چۆن دەبینی؟

گوێزلك قاقا پێکەنی. بێ هیچ وەڵامێك لە پێکەنیندا بەردەوام بوو پاشا بەبێدەنگی خۆی گوێزلکی مەجبووری قسەکردن کرد.

– ئێمە هەموو جۆرە پێش بینییەکمان بۆ کورد و بنەماڵەی بەبە کردبوو فێڵ و تەپکە و داو و هەڵخەڵەتاندن نەبێ، هەر ئەمەش بوو بەهۆی بێ دەربەستی من و کارەساتی دوێ شەو.

– دوێنێ، دوێنێ بوو. ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە، ڕەفتاری پڕ لە نامەردی و ناپەسندیی ئێوە ڕێگەیەکی تری بۆ نەهێڵاینەوە، ئێوە ڕیخۆڵەیەك ڕاست لە سکتانا نییە ئێمەش چارەمان نییە، هەر دەبێ بەزمان و واژەی خۆتان لەگەڵتان بدوێین، وا نەکەین بەرگەی ئەم هەموو نامەردییە ناگرین کەی ڕەوابوو داودەفەندی بەم شێوەیە لەگەڵماندا جووڵایەوە ئەو نۆکەر و ئاڵقە لە گوێی دەوێ، نەك پاشا و فەرمانڕەوا، ئەمەش بەمن ناکرێ هەستە برۆ بەو نامەردە بڵێ، ئەوەی لە دەستی دێ دریغی نەکا ئینجا ڕووی کردە دەرکەوان و وتی:

– چەند سوارێك لەگەڵ گوێزلك پاشادا دەڕۆن تا لێواری شاری کەرکووك و



چەکداری سوپای نیزامی سەردەمی ئەحمەد
پاشای بابان

دەستی دەدەن بەدەستی سوارەی دوژمنەوە و دەگەڕێنەوە.

دەستکەوتێکی زۆر لە مەیدانی شەڕدا بەجێ مابوو، چەندین تۆپی پاچکەداری زنجیر لە مل و سەدان ئەسپ و گا و چادر و تفەنگی دەم پڕ و هەزاران شمشێر و ڕم و سپەر و خەنجەر و بارەها ئازووقە و باروت و سەدان گوللەتۆپی گەورە، ئەوانەی بەدیل گیرابوون بەشێکی زۆریان چوونە ڕیزی لەشکری بەبە و بەشێکی تریان دوای سوێند خواردن بۆ نەڕۆیشتنەوە ڕیزی سوپای بەغدا، بەرەڵڵا کران و ملی ڕێگەیان گرت و بەرەو خوار بوونەوە.

بەسبەینێدا محەمەد عەلی میرزا، فەرماندەی سوپای ئێران لەگەڵ چەندین کاربەدەستی سوپادا بە پۆست و دایەرەی نەقارە لێدان و بۆقی و دەهۆڵ لێدانەوە، هاتنە نێو شارەوە و بوون بەمیوانی پاشا و تۆماری برایی و هاوکارییان لەگەڵ پاشادا ئیمزا کرد و فەرماندەرییەکی جەنگیی تێکەڵیان پێك هێنا.

لەولاشەوە، داود پاشا بەهێزێکی فراوانەوە سەربەرەوژوور لە پەسا، هەر دەهاتە پێشەوە، لەشکری کەرکوك و تەیموور پاشای کۆیسنجەقیش، بە خۆی و هێزی عەشایەری دەوروبەرەوە وردە وردە بەرەو شاری سولەیمانی کەوتبوونە ڕێ، هەرسێ هێز لە دەربەندی بازیاندا یەکیان گرت و تێکەڵ بوون، چەند هەزار سوارەیەکی عەشایەری لایەنگری سلێمان پاشایش تێکەڵیان بوو سوپای بەغدا لە ڕووی ژمارە و توانست و تەقەمەنی و دەسەلاتەوە، هیچ کەموکورتییەکی پێوە نەدەبینرا، تا دەهات لە شاری سولەیمانییەوە نزیکتر دەبوونەوە.

لێزانانی شەڕ و ئاگەدارانی مەیدانی ئۆردووی ئێران و بەبە لێکیاندایەوە، ئاوا شەڕێك تا دەکرێ دەبێ لە شارەوە دوور بخرێتەوە. بڕیار درا ئەوانەی ناسراون و کاربەدەستن و لە دوژمن ترسیان هەیە، ماڵ و منداڵیان لە شار دوور بخەنەوە، لە نزیکی مەرزدا جێگیربن، شەڕ و بەرنامەی شەڕ تا دەبوو نزیکتر دەبووەوە گەشتی شەوانەی دوو لەشکر جاروبار هەڵدەتۆقینە یەکتردا و، کۆمەڵە بچووکەکان لە ڕێ گوزەرەکاندا بەرانبەر یەك دەبوونەوە، ئیتر ڕۆژ بەڕۆژ شەڕی گەورەی سەروماڵی تا دەبوو نزیکتر دەبووەوە، سلێمان پاشا بەخۆی و لایەنگرانیەوە بێ شەڕ ڕۆیشتنە

نێو شارەوە و لە داروئیمارەدا لێی دامەزران داود پاشایش فەرمانی پاشایەتیی پێ بەخشی و کەم و زۆر بوو بەپێش قەرەولی سوپای بەغا.

بارەگای محەمەد عەلی میرزا و مەحموود پاشای بابان لە پانتاییی دەشتی گوڵ عەنبەر و دووئاواندا هەڵیان دابوو. دوو لەشکر تا دەبوو لە یەکتر نزیکتر دەبوونەوە. لە هەردوو هەڵەتی قەرەگوڵدا بەرانبەر یەك دوو لەشکر وەستانەوە، هەر لەشکرێك بە هەزار فێڵ و فەننەوە دەکۆشا سوارە و پیادەی هێزەکانی لە چاوی دوژمندا چەندین بەرانبەر لە چاو دوابڕاوی بەخۆ کەمتر بکاتەوە، شەڕی دەروونی و پڕوپاگەندە و فشەوفیشاڵ لە دوا هەناسەدا بوو ڕمەکان لە مشتدا دەوەشێران. مشتی شمشێرەکان لە نێوان پەنجەدا تەڕی عەرەق بوو، قۆناغی تفەنگەکانیان لە شان گیر کردبوو، پەنجە لەسەر پەلەپیتکە، چاو لەسەر قەرەوڵ، قەرەبینا و زەنبورەك و تفەنگی پلیتەدار ئامادەی تەقینە، ئیتر هەر هەموو گوێ بەزەنگی ئادەی کوڕینە بوون.

عوسمان بەگ سەرکردەی ڕاستەوانەی سوارەی بەبە، عەبدوڵا بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف سەرکردەی چەپەوانەی سوارەی لەشکری جاف، ئامادەی هێرش و پەلامار، هێزی ڕەزم دیتەی «محەمەد عەلی میرزا» لە دڵی سوپادا چین چین لە پشتی سەری یەك ڕێك و ڕازاوە چاوەڕوانیی فەرمانی هێرش، بەسەر پۆپەی «گردە گڕوێ»وە تۆپخانەی سوپا دامەزرا بوون.

سوپا و لەشکری والی بەغدا لە ملە و لاپاڵەکانی عەربەتدا چادر و خەیمەگایان پەخش و بڵاو کردبووەوە، پێش قەرەولی هەردوو لەشکر بە دوو شانی دەشتی شارەزووردا لە جەوەلاندا بوون، وردە وردە شەڕ دەستی پێ کردبوو تۆپی دۆڵ هاتبوونە بۆڵە و ناڵە و گوللە هاویژتن.

تەقەی تفەنگ و هێزی پیادەش هاتبوونە مەیدانەوە، شەڕی سەنگەر و بەرانبەرکێ دەستی پێ کردبوو، دووکەڵی بارووت تۆپ و گڕ و ئاگر لە چەندین لاوە دەبینرا و سوارە هێشتا نەهاتبوونە مەیدانەوە، مەحموود پاشا و محەمەد عەلی میرزا بەسەر لووتکەی چیای کۆشکەوە ناوجەرگەی شەڕیان بەچاکی دەبینی ڕم وەشێنی لوڕ و فەرەنجی لە بەرانی بەختیاری و کەلهوڕ و شاهسەوەن لە

جەرگەی مەیدانا تەن بەتەن بەیەکدا ئالاَبوون، وردە، وردە نۆرە هاتبووە سەر سوارەی هەر دوو هێزەکە، حیلەی ئەسپ و پرمەی برناخی ئەسپی پرتاو تێکەڵی گرمەی تۆپ و تەق و تۆقی شمخاڵ و قەرەبینا بووبوو.

عوسمان بەگ لە پێش سوارەوە بەسەر سەریەوە شمشێری سور دەدا و ئەسپی

پرتاو بەرەو ناوجەرگەی سوپای دوژمن دەرانی، شەر گەرم بووبوو، ناڵە و هاواری بریندارنی مەیدانی سامناك کردبوو پیادەی ئۆردووی بەغدا بەرانبەر هێرشی سوارەی ڕاستەوانەی بەبە و محەمەد عەلی میرزا خۆی پێ ڕانەگیرا وردە وردە کشایەوە، عوسمان بەگ بەبینینی کشانەوەی دوژمن شێرگیرتر بوو، هێرشەکەی تا دەبوو قووڵتر و بێخدارتر دەکرد، بەجۆرێکی وا پێش ڕۆیشت تا کەوتە نێو جەرگەی دوژمنەوە تۆپخانەی هەردوولا بێ وچان لە بریسکەدان نەدەکەوتن.

جێگەی تۆپخانەی هێزی بەبە و محەمەد عەلی میرزا بەهۆی جێگەی بەرز و بڵندییەوە کوشتاری فراوانی لە دوژمن دەکرد. سوارەی ئۆردووی بەغدا هاتنە مەیدانەوە، یەکڕاست هێرشی بەرەو سوارەی چەپەوانەی لەشکر هێنا و، عەبدولاَ بەگی جاف بە هێزەکەیەوە بەرەنگاریان بوو، ئیتر هەر ڕم بوو دادەهاتەوە، ئیتر هەر قەڵخان و سپەر بوو دەدرایە بەر مەودای شمشیر، ئیتر هەر قەرەبینا و زەنبورەك و شمخاڵ بوو دەتەقییەوە، ئیتر هەر سوار بوو دەگلا، ئیتر هەر پەنجە و بازوو بوو بەیەکدا دەئالاَ سوارەی ئۆردووی بەغدا بەتەمای ئاوا بەرەنگارییەك نەبوون، وردە وردە لە هێرش و تەوژمی خۆیان کەم کردەوە و، عەبدولاَ بەگیش تا دەبوو پەلاماری بەتینتر دەکرد، تۆپخانەش لە دوو لا کوشتاری دەکرد، داود پاشا نواڕی ئەگەر بێتو تۆپخانەی دوژمن لە ئاوا کوشتارێکدا بەردەوام بێ، پشتی لەشکرەکەی دەشکێنێ سوارەی پارێزی تایبەتی خۆی تەرخان کرد بۆ پەلاماری تۆپخانەی لەشکری دوژمن، تۆپخانە بەسەر «گردە گڕوێ»وە گرمەی دەهات، کاتێکیان زانی لە پشتەوە دوژمن هێرشی بۆ هانین.

عوسمان بەگ لە هێرش و پێشڕەوی خۆیدا بەردەوام بوو، کە بەچاکی لە خۆی و هێزەکەی ورد بووەوە، نواڕی بەرو پێش و چەپ و ڕاستیان لێ گرتووە و کەوتووەتە ناوەڕاست و چەقی دوژمنەوە ئابڵووقە دراوە. نە ڕێگەی پێشەوەیان

هێڵاوەتەوە نە پاش.

عەبدوڵا بەگ بێ ئەوەی پشتی خۆی چۆڵ بکا، پێوەستە لە دوژمن کوشتاری دەکرد و دەرۆیشتە پێشەوە، دوژمن بەرەنگاری تۆپخانەی سەر گردە گرویێ بووبوو، چەند تۆپێکیان لە کار خستبوو.

عوسمان بەگ ئابڵووقە درابوو، مەحموود پاشا پەیکێکی هەناردە سەر عەبدوڵا بـەگ، تـا بـگـاتـە تـۆپـخـانـەدا، عـوسمـان بـەگ بـەتـەواوی تـوانـایـەوە دەکـۆشا ئابلووقەدانەکەی بشکێنێ و بکشێتەوە، بەڵام دوژمن سەخت و چەسپا، ماوە و مۆڵەتی نەدەدایە، عەبدوڵا بەگ بەچەند سەد سوارێکەوە ڕۆیشتە هانای تۆپخانەوە و لەگەڵ سوارەی دوژمندا کەوتە شەڕەوە، هێرشبەرانی سەر تۆپخانە لە بەردەم پەلامار و شەڕی خوێناویی عەبدوڵا بەگ و سوارەکانی تردا نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن و دەستیان بەقنگە شەڕ کرد و دەکۆشان بکشێنەوە و زەبر و زۆری عەبدوڵا بـەگ و هـێزەکـەی مـاوە و مـەودای پـێ نـەدەدان، دوای تـەقـاڵاو پـەلـەقـاژێ و کوشتارێکی فراوان، سوارەی دوژمن کشایەوە. لە هەمان کشانەوەدا گوللەیەك بەر شانی ڕاستی عەبدوڵا بەگ کەوت و لە ئەسپ کەوتە خوارەوە.

عـوسمـان بـەگ بـە فـەلاکـەت و تـەقـاڵایـەکی فراوان توانی خۆی لە هـەڵقـەی ئابڵووقەدانەکە لەگەڵ چەند سەد سوارێکیدا دەرباز بکا و بکشێتەوە.

شەوق و شووری شەڕ دامرکابووەوە دوژمن یارمەتی عەشایەری خوارەوەی لای «حمود الناصری» پێ گەیشتبوو تازە نەفەس هاتنە ناو گەرمەی شەڕەوە.

خۆر زەردەی لێ نیشتبوو، شەڕیش هەوا و هەناسەی بۆنی مەرگی دەدا، لە ئێوارەدا دوو سوپا لە یەك جوێ بوونەوە، مەیدان پڕ بووبوو لە زامدار و کوژراو، ئەسپ و ولاخی بەرەڵڵای بێ خاوەن.

هـەردوو لا کوشتارێکی زۆری گیانییان لەیەك کردبوو نە سەرکەوتن و نە بەزین و نەکشانەوە، لە هیچ لایەك وەدی نەدەکرا هەردوو لا کەوتنە گلیرکردنەوەی لەشکری بڵاوە پێکراوی دوای شەڕ، هەردوو لا کەوتنە بیری تیماری بریندار و زامداری خۆیانەوە شەو داهاتبوو، بازێك بە دەساگیرسێنەوە بەدوای گومبووی خـۆیـدا دەگـەڕا، هـەردوو لا بـێ شەڕ و تـێکگـیـران لـە مـەیـدانـی شەڕدا بـە دوای

چارەسەرکردنی گرفتارییەکانیدا سەخت دەخولایەوە. بن دار و درەختی دوور و نزیك بڵێسەی ئاگری ئێشکگران و شەڕکەرانی ماندووی دوو سوپا، پەیامی ڕۆژێکی تری خوێناوی دەدا، دێوی مەرگ باڵی بەسەر تێکڕایی کوردستاندا راکێشابوو، وەبا و تاعوون بێ دادی دەکرد.

ڕۆژ بووەوە و ئارایشتی سوپای بەبە و ئێرانییەکان داستانێکی نوێی دەگێڕایەوە.

داود پاشا لە خەیمەگای فەرماندەری سوپادا پاشا گەلی گلیر کردبووەوە. ڕووی کردە فەرماندەرانی شەڕ و وتی:

نامەیەکم لە «محەمەد عەلی میرزا»وە پێ گەیشتووە، داوای ڕاوەستانی شەڕ دەکا.

تەیموور پاشا وەڵامی دایەوە:

– لەسەر چ بناغە و مەرجێك؟

– لە ڕاستیدا خاڵێکی وا گریگی نەنووسیوە، دەڵێ:

– مەحموود پاشا بگەڕێتەوە سەر ئیمارەتی خۆی و هەروەها سەرانی عەشایەری کۆچەری کە دەچنە نێو ئێرانەوە، بە دەوڵەتی ئێران بوژێرێت.

لەبارەی ئەم دوو مەرجە و شەڕی دوێنێ زۆر دوان، گەیشتنە ئەو ئاکامە شەڕیان نەبردووەتەوە، پێشنیازی شەڕ وەستانەکەش لەسەر ئەساسی بەزین نییە، بەڵام بەسەر ئەمانەشدا نابێ برۆنە ژێر بەڵێنی گەڕانەوەی مەحموود پاشاوە بۆ سلێمانی، بەتایبەت دوای ڕووداوی گوێزلك پاشا و ڕسواکردنی سوپای بەغدا و پێشێلکردنی سام و هەیبەتی پاشا گەلی عوسمانلی و لەباری سوڵتان، بۆ بژاردنی سەرانەی ئاژێڵ سەختیان لێ نەنەوی، بەم شێوە وەڵامی «محەمەد عەلی میرزا» درایەوە:

– گەڕانەوەی مەحمود پاشا هەرگیز

بژاردنی سەرانە، بەسەرچاو

یا هیچ کامیان و، شەڕ..!!

لـەسەر ئـەم بـنـەڕەتـە تـوانـیـیـان بـگـەنـە ئـیـمـزای شەڕ وەسـتـان و وردە وردە، بەشێوەیەکی ڕێك و لەسەرخۆ، هەر دوو سوپا تەکیان بە دواوە دا و ئارام لە یەك دوور کەوتنەوە.

لە دواییدا دەرکەوت «فەتح عەلی شای قاجار»، شای ئێران مردووە و لە ئێراندا ئاژاوە و هەراوهوریا بەرز بووەتەوە و داواکارانی تاج و تەخت لە چەندین لاوە دەستیـان داوەتـە چـەك، بـەخـتـیـان تـاقی دەکـەنـەوە و چـەندین شازادە و ملهوڕ پەرچەمی سەربەخۆییان بەرز کردووەتەوە.





عەبدوڵا بەگی جاف و عوسمان بەگی بابان لە شەڕی (گردە گڕوێ) دا

## ١٠

گولله بیّ ئەوەی بەر ئێسك بكەویّ دیمەودەر شانی عەبدولّا بەگی سمیبوو، حەكیم باشیی دارولئیمارە بە سەریەوە بوو، تیماری دەكرد، زۆربەی زۆری خێزانی شەڕوانان و بنەماڵە ناسراوەكانی نێو شار لەو بناری گوڵ عەنبەرەدا یا چادریان هەڵدابوو، یا كەپریان بەستبوو، هەوا بەتەواوی شكابوو. هەوای بەهاری، سەرتاسەری شارەزوور و بناری هەورامان و گوڵ عەنبەری گرتبووە خۆ، مەحموود پاشا لەگەڵ محەمەد عەلی میرزادا بەرەو كرماشان ڕۆیشتبوو، تەواوی كاروبار بەپێی فەرمانی عوسمان بەگ بەڕێگەوە دەرۆیشت، لەشكری جاف گەڕابووەوە بەرەو خێڵ و هەوارگە. فەرمان، فەرمانی عوسمان بەگ بوو، شەوی لیّ دەهات تەنبوورەژەن و جووزەلە و شمشاڵ لێدەر بەزمیان بۆ دەگێڕا و بادەی سەرمەستیی دەنۆشی و تیّ دەفكرا، بە چ شێوەیەك گۆلئەندام بە چنگ بێنیّ، بیر و ئەندێشەی هاتبووە گل، بەتایبەت شۆرەتی ئازاییی عەبدولّا بەگ لە شەڕی قەرەگوڵ و گردە گڕویّ لەناو دوژمندا باشتر باس دەكرا، تا دۆست، ئەو ئاوازە و ناوبانگە هێندەی تر بوو بەمایەی دڵپەستی و نیگەرانی عوسمان بەگ و كینە و بوغزی دەرحەق بە عەبدولّا بەگ، تا دەهات بڵێسەدارتر دەبوو، لە شەوێكی تاریك و بیّ ئەستێرە و بێدەنگدا حەكیم باشی یان لەنگان لەنگان پەلەكێش كرد و چو مەوجێكی گلۆڵەكراو لەبەر پای عوسمان بەگدا ڕایان خست.. حەكیم باشی چاوی هەڵهێنایەوە، ڕووی مەی زەردە و چاوانی پڕ خوێنی عوسمان بەگی دی و ترسی مەرگی لیّ نیشت و پچڕ پچڕ هاتە گۆ وتی:

– قوربان، بەسەری پاشا، لە ژیانا بچووكترین گوناحم دەرحەق بە بنەماڵەی بەبە لە خەویشدا نەكردووە، لە خزمەت زیاتر، نەك هەر من، بگرە باوكیشم، چ موستەحەقی ئەم جۆرە ڕەفتارەم؟

عوسمان بەگ دەستی لەسەر مشتی زێڕینی خەنجەرەکەی هەڵگرت و لەسەر کەمەی کورسییەکەی دانا و گەلێك خوێنسارد و بێ دەربەست بێ ئەوەی ڕوو بەلای حەکیم باشییەوە بکا، وتی:

– دەزانم تۆ و بنەماڵەی ئێوە هەرگیز کاری ناشایستەتان دەرحەق بە ئێمە لێ نەوەشاوەتەوە، ئەمە بەچاکی دەزانم، بەڵام ئەوەش دەزانم ئەوەی پێت دەڵێم، موو بەمووی ئەنجام نەدەیت، وەك مریشك ملت هەڵدەکێشم، ڕەنگە بزانی ئەهلی گاڵتە و جەفەنگ و قسەی قۆڕیش نیم.

– جا قوربان، ئەمەی بۆ چییە، هەرچی ئەمر بکەی بێ ئەملاولا، موتاعە.

– موتاعە؟

– بەڵێ موتاعە..

– هەرچی بێ؟

– هەرچی بێ!

– دەمەوێ عەبدوڵا بەگ بمرێ، بێ ئەوەی کەس گومان بکا و ئێمەش تووشی هیچ گۆبەنێك نەبین.

– ئەی هاوار بەماڵم! وەڵڵا ئەمەم پێ ناکرێ.

– پێت ناکرێ؟

حەکیم باشی بەدەم گریانەوە دەپاڕایەوە، ئەم کارەی پێ ناکرێ و سەرفی نەزەر بکا. عوسمان بەگ دای لە چەپڵە و، پەردەی چادرەکە هەڵدرایەوە، کابرایەکی بە گوریس پێچراو لە گونیەیەك هەڵکێشرابووە سەر و گەردن و شانیدا و، سفت و سەخت شەتەك درابوو، وردە وردە هێنایانە پێشەوە حەکیم باشی هەروا لەسەر چۆك لە زەویدا دانیشتبوو بەر هەنیسکی دەدا.

عوسمان بەگ ڕووی کردە حەکیم باشی وتی:

– ئەم کابرایە دەناسی؟

– هیچ کوێی دیار نییە تا بیناسم.

– مەترسە، ئێستا دەیناسیت، ئینجا ئیشارەتێکی کرد گونیەیان لە سەر و موقلی کابرا هەڵماڵی کە ڕووی کابرای دی، خۆی هاویشتە سەر چەکمەکانی عوسمان بەگ . عوسمان بەگ بە جووڵانەوەیەك نووکە پایەکی نا بە سنگی حەکیم باشییەوە بەسەر پشتدا گرمۆڵە بوو، هەستایە پا و خەنجەری لە کێلان دەرهێنا و، بەرەو کابرای تەناف پێچ چوو وتی:

– پیرە سەگ، ئەوەی دەیڵێم نەیکەی، بەدەستی خۆم سفرە تلیشی دەکەم، تا بزانی ژانی کوڕ کوژران چییە و چۆن چۆن چۆنییە؟.

حەکیم باشی لەسەر چینچکە دانیشت و بەدەم لەرزینەوە وتی:

– بەسەرچاو، قوربان بەسەرچاو، هەرچی ئەمر بکەی دەیکەم.

– ئافەرین، بزانە چۆن هاتیتە سەر عەقڵ، ڕاست دەڵێن: «کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە»، بەڵام واش تێ نەگەی بەم ئاسانییە دەتوانی لەچنگ دەرچیت، ئەم کوڕەت لای من دەبێ و هەتاو نابینێ، تا هەواڵی مەرگی عەبدوڵا بەگم پێ دەگەیەنن، تێ گەیشتی؟.

– بەڵێ میر تێ گەیشتم، بەڵام قوربان، ئەم بەزمە بە یەك ڕۆژ و بە دوو ڕۆژ ناکرێ، هەر نەبێ بیست ڕۆژێك دەخایەنێ.

– قەینا با بخایەنێ، ئەوەی من دەمەوێ مەرگێکی بێ شك و گومان دەردەسەرە. چ شێوە و ڕەفتارەیێك بەکار دەبەی بۆ خۆت ئازادی و ئەوە کار و سەنعەتی تۆیە، وەك وتم مەرگێکم دەوێ گۆبەنی بە دواوە نەبێ.

– ئاخر میر هیچ ئاگرێك بێ دووکەڵ نابێ، دەترسم ئەم ئاگرە بمسووتێنێ.

– لە پاشدا بەرز ببێتەوە دەچێتە چاوی من نەك تۆ، ئینجا ڕووی کردە پیاوێك و وتی:

– ئەم هەتیوە ڕۆشنایی نابینێ، تا خۆم نەڵێم.

تاعوون بێ ژمار کوشتاری دەکرد، زۆربەی خەڵکی شارەکانی کوردستان پەنایان بردبووە کەژ و کێو و بەرزی و کەمەر و پۆپەکان، ڕووس و ئێران دوای چەندین ساڵ شەڕ و شۆڕ و کوشت و کوشتار و پەلامار گەیشتبوونە بڕیارنامەی

تـورکـمـانـچـای، سوپـای ڕووس لـه سەرەوەی ئـێراندا پـەخش و بڵاو بـووبـووەوە، چەکداری ڕووس گەیشتبوونە دێهات و ناوچەکانی کوردستان، تالان و چەپاو و ملهوڕی، چارەی ناشرین و سەخت و دژواریی خۆی لە هەموو جێگە و قوژبنێکی کوردستاندا وەدەرخستبوو، دەسەڵاتی بێگانە لە ئێراندا ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندندا بوو، باڵیۆزخانەکانی ئنگلیز و ڕووس لە ململانێیەکی بەتیندا عەرەقیان دەڕێژا، نـوێنـەر و چـاوساقـان و بـازرگـانـانـی فـەڕەنسایش پـایـان لـە ئـێران و خـاکـی عوسمانیدا کرابووەوە، کوردستانی گەورەش بووبووە گۆڕەپانی پیلان و تەپکە و داوی بێگانەکان و دزی و دەخەڵی و نۆکەر سفەتی و نابابی بووبووە پیشەی ڕۆژانەی کاربەدەستی عوسمانلی، قامچی زۆر و زیانی بەسەر پشتی میللەتە ژێردەستەکانی ئیمپراتۆرییەتی بێ هەناسەی عوسمانلیدا شریخەی دەگەیشتە ئـاسمـانـی حـەوتـەمین، کـوردستـان لـە ژێر سمـی ئـەسپی سوارەی تـالانـی ڕۆم و عەجەم و نازانم کاری چاوساقانی کوردستاندا ڕۆژ بەڕۆژ کوردستانی ونجڕ ونجڕ دەکرد. شەڕ و دووبەرەکی نێوان تیرە و تایفە و ئێلە کوردەکان چو پیشەیەکی ڕۆژانە لە هەرچوار لاوە ئاگرەکەی بڵێسەی دەهات.

سوارەی تایبەتی عوسمان بەگ بێ پرس و ترس هەرچییان بویستایە دەیانکرد و دەیانبرد، مەحموود پاشای بابان بەرەو تاران ڕۆیشتبوو، تیرە و تایفەکان وردە وردە لە ڕەفتاری سەخت و دژواری عوسمان بەگ هاتبوونە زمان، چەند سەرۆك کۆمارێك شکاتیان بردە لای کەیخسرەو بەگ، ئەویش وەك ئەوان لە ڕەفتاری توندخوویی عوسمان بەگ لە قیندا دەتلانەوە، دڵیانی دایەوە تاوتاموڵیان هەبێ تا گەڕانەوەی مەحموود پاشای بابان.

عەبدوڵا بەگ ڕۆژ بەڕۆژ زەردتر و لاوازتر دەبوو، زامەکەی هاتبووە چڵك و کێم و سۆ، تووك بە لەشییەوە نەمابوو، حەکیم باشی بێ وچان، ڕۆژانە سەری لێ دەدا و زەڕنیخ و دەرمانی جۆراوجۆری دەکردە زامەکەیەوە و تا دەهات هەناسەی تەنگ و ژمێراو دەهاتە دەرێ. عەبدوڵا بەگ ڕەنگی مەرگی لێ نیشتبوو، ڕوغزاد و ڕۆبیتەن کەوتبوونە گومانەوە و ڕازەکەشیان بۆ هەڵ نەدەهێنرا، تا ڕوغزاد وتی:

– پێم وایە هەرچی هەبێ ها لە ژێر سەری حەکیم باشیدا، هەرچی سەیری

چاوی دەکەم فێڵ و فەنی تێدا دەبینم، دەڵێم با بیخەینە ژێر گاز و تاوەوە بەڵکو شتێکمان بۆ دەرکەوێ؟.

– منیش هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕە. لە بیرتە لە سەرەتای برینداریيەکەیدا چەند بە گوڕ و بە توانا بوو زامەکەی کەی هی ئەم وەزعەیە؟

بێ شك کاسەیەك ها لە ژێر کاسەکەدا، واش بە چاك دەزانم کاتێك حەکیم باشی پرسیار پێچ دەکەین، حەمە بەگی برای عەبدوڵا بەگیش بە دیارەوە بێ.

– قەینا با یەکێك لە خۆیان بە دیارەوە بێ، نەکا عەبدوڵا بەگ لەپڕ بمرێ و دوایی هیچیان پێ نەکرێ و ختوورەش بکەوێتە دڵی کەیخوسرەو بەگیشەوە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیش بەدەستەوە بێ.

ڕوغزاد و ڕۆبیتەن دەوروبەر و سەروخواری دەوارەکەی عەبدوڵا بەگیان چۆڵ کردبوو، عەبدوڵا کەوتبووە حاڵەتی بێ هۆشییەوە، حەکیم باشی وەك هەر ڕۆژ هاتە دەوارەوە، هەگبە و هەمانەی لێ دانا و داوو دەرمانی لێ وەدەرهانی و لە لەشی نیوە گیانی عەبدوڵا بەگ نزیك بووەوە، بە نووکی پەنجە، مەچەکی گرت و هەناسەی لە خۆ بڕی، لێدانی دڵی دەژمارد، ڕۆبیتەن لە پشتەوە هەردوو بازووی حەکیم باشی گرت و ڕوغزاد حەنجەری لە کێلان دەرهانی، خستییە سەر گەردنی، حەکیم باشی لە ترسدا چاوی پەڕییە تەوقی سەری و لێوی کەوتە تەتەڵە.

حەمە بەگ ڕووی کردە حەکیم باشی و وتی:

– مەجبوورمان مەکە، خراپت بەسەر بهێنین، بێ دەردەسەر بۆمان بگێڕەوە.

کاکەم بەم زامە نەدەمرد، وا دەبینی لە حاڵی خۆیدایە؟!

حەکیم باشی چۆکی هاتبووە لەرزین، توانای هەڵگرتنی لەشی پێوە نەما و لە زەویدا پەخش بووەوە، چو بارانی بەهار دەستی بەگریان کرد، هەرچەندی دەکرد، فرمێسکی نەدەوەستایەوە.

لێی ڕاوەستان تا دامرکایەوە ئینجا وتی:

– بمبەخشنە گەورەیی خۆتان، من بێ گوناهم، بێ تاوانم.

ئەوەی ڕووی دابوو، گێڕایەوە.

ئینجا ڕوغزاد ڕووی تێ کرد و وتی:

چارەیەکی تر وەدی ناکەی.

حەکیم باشی دیسان دای لە پڕمەی گریان و بەدەم هەنسکەوە وتی:

– مەگەر خوا!

– هەر وا؟

ڕۆبیتەن بەهەردوو چەپۆك ماڵی بەسەری خۆیدا و بە دەم گریانەوە وتی:

– ئەی ماڵی وێرانم براڕۆ، ئەی ئاژەی کاولم براڕۆ ئەی برای جوان خاسم براڕۆ شاسواری جافم براڕۆ.

حەمە بەگ هەروا بێدەنگ دەینواڕییە لەشی نیوە گیانی عەبدوڵا بەگی برای و وتی:

– پێت وایە کاکەم تا کەی دەمێنێ؟

حەکیم باشی وەڵامی دایەوە:

– زۆر بکا هەفتەیەك.

ئینجا حەمە بەگ پەنجەی شایەتمانی بە هەڕەشەوە بۆ حەکیم باشی ڕاوەشاند وتی:

– گوێت لێ بێت چی دەڵێم، هەر چیتان پێ کردووین، کردووتانە، باسی ئەم تاوانە بدرکێنی پاتور پاتورت دەکەم، ئێ؟.

– بەسەرچاو بەسەر روح.

ئینجا ڕوغزاد گوێی حەکیم باشیی گرت و بەرەو دەرکی ڕەشماڵ ڕای کێشا و، وتی:

– پیرە گەماڵ تا روحتم نەچنیوە، گۆڕت گومکە و ملت بشکێنە.

حەمە بەگ هەر بەو کاتە بەرەو هەوارگەی خێڵ و حوزووری باوکی کەوتە ڕێ،

کەیخوسرەو بەگ لە جێگەی نەخۆشیدا بوو، بەبیستنی باسەکە بەرەو دیدەنیی عەبدوڵا بەگ سوار بوو، عەبدوڵا بەگ پەلوپۆی نەمابوو، ملی شکابوو، لە گفت کەوتبوو، تەنیا گلێنەی چاوی دەجووڵا، بە گەیشتنی کەیخوسرەو بەگ بەدوا ڕۆژدا جوانەمەرگ بوو، بەمردنی عەبدوڵا بەگ، کەیخوسرەو بەگ نامەیەکی بۆ سلێمان پاشای بابان نووسی، تا تەرمی عەبدوڵا بەگ بەشێوەیەکی شایستە لە گردی سەیوان بەخاك بسپێرن دوو سەد سوارێکی خستە تەك تەرم و بەرەو شار وەڕێ کەوتن.

ناسراوان و دەم ڕاستانی شار لە شار هاتنە دەرەوە و هاتنە پێشوازی تەرمەکەوە، تێکرا بەرەو سەیوان کەژاوەی جوانەمەرگی عەبدوڵا بەگیان بە گریان و نالآن گەیاندە مۆڵگەی مەرگ، سەیوانی دوا قۆناغ.

## ١١

کۆتـەڵ و شین و شەپـۆڕی عـەبـدوڵا بـەگ تـەواو بـووبـوو، تـوێژێکـی خـەم بـەسـەر هـەوارگە و ڕەشماڵانی تیرەکانی جافدا هـەوار ئـاسا پـەخش بووبووەوە گیا گەنـان بوو، ئـاژێلداران کەوتبوونە جموجووڵ و بەرەو کوێستـان ڕۆیشتن، ڕێ و ڕێچکەی خێڵ پڕ بووبوو لە هۆ هۆ و گاڵە، سەربەرەوژوور مێرولـەوار دەڕۆیشتن و دەبـەزین و دیسانـەوە دەڕۆیشتن، هـەوارگەی سەرەکیی خێڵەکانی جاف لە هـەوارگەی مـاڵە گـەورەدا دوور و نـزیك پـەخش و بـڵاو بـووبـوونـەوە کـەیـخـوسرەو بـەگ لـە ڕووی تـاقیکردنـەوە و ژیرییـەوە چۆنیـەتیـی مـەرگی عـەبدوڵا بەگی شاردبووەوە، چەند کەسێك نەبێ، کەس ئـاگەداری چۆنیەتیی مـەرگەکەی نەبوو.

دوای مـەرگی فـەتح عەلی شای قـاجار، مەحمود پـاشای بـابان کەوتووبووە گـێژاوی پــاشاگـەردانـی ئـێرانـەوە شەڕوشۆڕ و یـاخـیـبـوون و مـل نـەدان لـەنـێو شازادەکانی قـاجاردا سەرتـاسەری ئێرانی گرتبووەوە، کوڕەکانی فـەتح عەلی شاهـ نەدەچوونە ژێر فـەرمـانبـەریی کوڕەکەی عەبـاس میرزاوە، بـا وەك دوای مـەرگی عەبـاس میرزا لـەلایـەن فـەتح عەلی شاوە بـە وەلی عەهدی هـەڵبژێرابوو، دەیـانوت:

ئـەو کوڕەزای شایە و، ئێمە کوڕی شا، کەی ڕەوایە فـەرمـانبـەری لە جوانکەیەکی وا بکەین، بـا شایش دای نـابێ.

کـارزانی و لێزانی (قـائمقـام الملك)، لـەلە و چـاوساغی وەلی عەهد کـارێکی وای کرد، حوکمی محـەمـەد میرزای تـا ڕادەیەك چەسپـاند و زۆربـەی زۆری مـامـە و براکـانی چـاو هـەڵکۆڵی و تـەفروتوونـا کرد.

مـەحموود پـاشا لـە ئـاوا ئـاشووبـە بـازاڕییـەکدا دەستی بۆ دەر ودەروازەی دەربـاری قـاجار درێژ کردبوو، لـە بـەختی ڕەشی ئـەودا «محـەمـەد عەلی میرزا»یش کـەوتـە بـەر



فەتح عەلی شای قاجار



محەمەد شای قاجار

شەپۆڵی بیگرە و دەری مەکەی پاشا گەردانییەوە و تەواوی کاروباری ڕۆژئاوای ئێرانیان سپاردە «ظل السلطان» بە ناچار بەرەو هەوارگەی ئەویش بار و بنەی بەست و کەوتە ڕێ، تا لەگەڵ ئەویشدا بەختی خۆی تاقی بکاتەوە.

عوسمان بەگ لە نەبوونی مەحموود پاشا هەموو کاروباری بەدەستەوە گرتبوو، دوای مەرگی عەبدولا بەگ کەیخوسرەو بەگ دیسانەوە ڕای سپاردە سەر عەبدوڕەحمان بەگی میران، تا گوڵئەندامی پێشکێش بکا، ئەویش خوو و خولیای کچەکەی دەزانی و ڕەفتاری ناپەسەندی عوسمان بەگیشی دەزانی، لە وەڵامیدا، داوای چەند مانگێك ڕاوەستانی کرد، تا مەرگی عەبدولا بەگی لە بیر بچێتەوە لە ڕاستیشدا بۆ گوزەران و دۆزینەوەی دەرودەروازەیەکی باشتر و، لە هەرەشەی هەمیشەی عوسمان بەگ دەرباز بوون، ئەوە بوو لە هەلێکدا دووبارە خۆی گەیاندەوە نێو شاری سلێمانی و خۆی خستەوە پەنای سلێمان پاشا و لە عوسمان بەگ دوور کەوتەوە.

گوڵئەندام، نە شەوی شەو بوو، نە ڕۆژی ڕۆژ، دوای مەرگی عەبدولا بەگ خۆی لە خوم ژەندبوو، سەرتاپا قلاخی ناڵە و شیوەنی ڕۆژانە ویردی سەر زمانان بوو، سەر بوورەکانیان دەماودەم دەگێڕایەوە، لە ماتەمەکاندا هەڵبەستەکانیان دەوتەوە.

خوێن لە دڵمدا دەتکێ
فرمێسك لە چاوم دەچکێ
گڕم تێ بەربوو چوو مۆم
تازیندووم لە بیری تۆم
عەبە گیان
چرووساوە بوون و بەڵگەم
لەم ژیانە من بێ وەریم
کۆس کەوتوویەکی ئەزەلیم
عەبە گیان
ئاواتم بە نینۆك خستە چاڵ
هەڵم قاچی پرچی خەیاڵ



گوڵئەندام کچی ئەوڕەحمان پاشای بابان،
دەسگیرانی عەبدولاّ بەگی جاف

نــاڵــەم دەنگە وەرەی دۆڵە
هـــەزار شیوەنم لـــە کۆڵە
عەبە گیان

ئەی جوانەمەرگی تــەبــاری جاف
ئەی قەیسی زەمان نەکرد و ئۆخەی
مـــــیوانە ئـــازیزەکەی ســـەیوانم
ئـــەی نـــووری دڵ و دیدە و گیانم
عەبە گیان

قەد و باڵام سـیا بـەرگە
زارم پڕ لە خوێنی جەرگە
نەمـــاوە تامـــوڵ و ڕادەم
من هەر ئەوەم، تا دەمێنم گڕی دووریت لەدەست نادەم
عەبە گیان

ئازیزەکەم، بزانە ئەم کۆیلە کەنیزە
سەر سپاردەی بیرەوەریی ئەتۆی ئازیزە
هەتا دەمرم دڵم لاتە
ئەشکی عشقت و خۆڵ و گڵما
زنجیری پامە
وا حەسرەتامە
نەخشاوە ڕوو و ڕوخسارت لە دیواری بەرزی دڵما
عەبە گیان

یادگارت دەردە ژانە
مەرگە، بوونە، نەمانە، توانایە، ڕاوەستانە،
لە دیوار و شوورە و خشتا

خانە خاپوور بوو هەڕووژا
با قیامەت بێ عشقت لە دڵما پا بەرجایە یەشتا
عەبە گیان

هەستم سڕە
عەشقت گڕە، نا، سیروانە، ڕووبارە، دەریایە، ڕوونە
نا، خاکە، خۆڵە، کێوە، بڵندە، پیرەمەگروونە
عەبە گیان

ئەی ئازیزە نووستووەکەی ژێر خاك و دوورم
ئەی شاسوارەکەی دەشتی شارەزوورم
عەبە جوانەمەرگەکەی پەردە نەدیوم
عەبە شاسوارەکەی گردە گڕوێم
عەبە گیان

باوەك دەسەڵات و پەنجە تێوەردانی والیی بەغدا لە کاروباری ئیمارەتی بەبە و کردارەکانی سلێمان پاشا چارەی خۆی دەرخستبوو، سلێمان پاشا بەشێوەی خۆی دەکۆشا، پەلوپۆی بەرەو دوورتر بکوتێ و دەم و دەروونی وردە ملهوڕان تاقی بکاتەوە، بۆ نەهات و چارە ڕەشیی مەحموود پاشای بابان لەلایەکەوە، ڕەفتاری ناپەسەند و هەوەسڕانی عوسمان بەگی برای لەولاوە، دڵ و دەروونی یاران و لایەنگرانی مەحموود پاشای دڵسارد کردبووەوە و پێوەندیی عوسمان بەگیش لەگەڵ والیی بەغدادا ئاشکرا بووبوو، کەیخوسرەو بەگی جافیش وردە وردە دەکۆشا لە عوسمان بەگ و تاقمەکەی دوورتر بکەوێتەوە، مەحموود پاشا چەند جارێك نامەی لێ نووسیبوو تا بڕوات بۆ ئێران سەری لێ بدا، نەچووبووە ژێر ئەو سەفەرە، لە کوڕەکانی کەیخوسرەو بەگ حەمە بەگیان تا گەورە دەبوو کینە و ڕقی عوسمان بەگی لە دڵدا باشتر و چاکتر دەپەروەراند و جارەوبار خۆی پێ ڕانەدەگیرا و باسی مەزلوومیەتی عەبدوڵا بەگی برای دەکرد و باوك و براکانی هانی تۆڵەسەندنەوەی دەدا.. کەیخوسرەو بەگیش ژیرانە تێی دەخوڕی ڕووی دەکردە سلێمان بەگی کوڕە

گەورە و دەیوت:

– من هێندەم نەماوە، ئەوەی دەیڵێم بیگرە گوێ، دەبێ دوای من بەهیچ جۆرێك بە دوای چۆنیەتیی مەرگی عەبدوڵادا نەڕۆن، بەهیچ بەڵگە و عینوانێك نامەوێ لەگەڵ بنەماڵەی بەبەدا بگاتە دەست بەخەنجەر، قەینا بۆ لەمەولا پێکەوە مەڕۆنە ژێر ڕەشماڵێکەوە، مەڕۆنە هانایانەوە، بەڵام نامەوێ نووکی ڕم و نێزەتان بەرەو سنگیان ڕاوەشێنن، ئێمەی جاف سنوورێکمان بۆ نییە ئەگەرچی کەوتووینەتە نێوان دوو دەسەڵاتی گەورەی چو ڕۆم و عەجەمەوە، هەروەها قەڵا و قودرەتی ئەردەڵان و بابانەوە ئێمە خەڵکی ئەم بنار و بەندەنەین، هەموو کات گەرمیان و کوێستانی خێڵتان لە بیر نەچێ بوونتان بە ڕەوەندییەوەیە.

بەدوای ئەم وەسیەتەدا بە دوو مانگ، کەیخوسرەو بەگی جاف ماڵئاوایی کرد و، سلێمان بەگی کوڕی جێگەی گرتەوە و زۆری نەخایاند ئەویش بە نەخۆشی تاعوون دووچار بوو و سەری نایەوە و قادر بەگی برای بە سەرۆکی جاف هەڵبژێررا و جێگەی گرتەوە.

## ١٢

– ئەمە کارە لەگەڵ مندا دەیکەن؟ خاڵۆ و خوارزایی وا دەبێ؟ قورئان، بەحەقت، بەمەعنات خاڵۆی قەرەج بامایە زۆرتری بۆ دەکردم.

ئاخر خزمایەتی یەکیان وتووە، خوێن و گۆشتێکیان وتووە، ئەمەی من دەیبینم تۆزکاڵێك بۆنی خزمایەتیی تێدا وەدی ناکرێ.

– خاڵۆ توند مەڕۆ، وەك دەزانی جارێك من هیچ بەدەستم و کارەیەك نیم. باوکیشم نایەوێ ڕاستەوخۆ سەر بناتە سەر بەگەکانی جاف.

– سەر نانەسەری ناوێ، ئەوان هەرچییان ویست کردوویانە، تا توانییان لە یارمەتیی مەحموود پاشا درێغییان نەکردووە. ئەگەر سلێمان پاشای باوکت بەختیار نەبوایە. هەرگیز پای نەدەنایە نێو دارولئیمارەوە هەر نەبێ با ئێمەش بەبۆنەی ئێوەوە بگەینە حەقی خۆمان.

– خاڵۆ ئەمەی تۆ بەتەمایت، پەنجا ساڵی بەسەر چووە جاف بە ئاسانی ناڕواتە ژێر ئەم بارەوە.

خاڵۆ حەق هەر چەنێك کۆن بێ. نافەوتێ، ڕاستە ئێمەی بەگزادەی جاف لە کۆنەوە یەك پشتین، بەڵام لێکی بدەیتەوە لە پێشدا سەرۆکی جاف لە ئێمە بووە. من بە تەمای ئەوەم.

– حەقی خۆمە، ئەگەر ئەمڕۆ بە ئێوەی خوارزامەوە نەگەمە مەرامم بەس کەی دەگەم؟.

ئەگەر باوکت لەم کارە بنوێ، جاف لە قسەی دەرناچن.

– کار بەم ئاسانییە نییە وا دەی لێی..

– لەوەش ئاسانترە وا دەیڵێم دەور دەوری سلێمان پاشای باوکتە و، منیش خاڵۆی کوڕە گەورەیم، کە تۆی ئەمنیش جافم و جاف لە ئێوە باشتر دەناسم. ئەگەر گوێی چەند سەرکۆماریێ جافم ڕاکێشی و چاو لەیەك دووانێکیان زاق بکەیتەوە، هەر بە بەیانیدا مەرامم هاتووەتە دی و دەگەمە حەقی خۆم.

– باشە من دیسان لەگەڵ باوکمدا دەدوێم، بەڵام وا نازانم لەم ئاشوفتە بازاڕەدا بیەوێ ئەم گۆمە بشلەقێنێ.

– ئەمڕۆ بێ و سبەی، هەر دەبێ ئەم گۆمە بشلەقێ، ڕۆژێك زووتر بێ باشترە، وەك دەشزانی والیی بەغا و دەرباری سوڵتانیش لە جاف و ڕەئیسی جاف چەندان ڕازی نابینرێن.

– ڕەنگە وا بێ، بەڵام زۆر جار لە باوکم بیستووە دەڵێ:

– هیچ زەبر و زۆرێك دەرحەق بە جاف ئەنجام نەدرێ باشترە. سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی دەسەڵاتی ئێمە هەر هەمووی جافە.

ئەگەر بێتو بیانەوێ لە دووبەرەکی و چەند بەرەکی ئێمەی باباندا لایەنگیری یەکێك یا برکەیەك بکەن، گۆبەنێکی گەورە دەنێنەوە، یا بۆ خۆیان ڕاستەوخۆ سەر بەرز بکەنەوە گەورەترین گرفتاری دروست دەکەن، چاکتر وایە پا نەنرێتە سەر کلکیانا.

– ئەمانە هەمووی دەزانم، بەڵام تۆیش باش بیری لێ بکەرەوە ئەگەر بێتو ریاسەتی ئاوا عەشرەتێك بە دەست منەوە بێ، دەیکەمە چ پاڵپشتێکی پاش تۆ. کێ تا ئەزەڵ ماوەتەوە؟ سبەی تۆ جێگەی باوکت دەگریتەوە.. وا ئەم هەلە هەڵکەوتووە هەروا بەفیڕۆ لە دەستی مەدە، دوایی کار لە کار دەترازێ.

– ئاخر ئەم بەزمە بەم دەست و دەمە ڕێکی نایەت، تازە جگە لەمانەش دەبینی جاف قادر بەگیان کردەوە بە سەرۆك و بە چاکییش کاروباری جافیش دەبا بەڕێگەوە و زۆریش خۆشیان دەوێ.

– ئەوەش دەزانم تەنیا باوکت گفت و بەڵێنم بداتێ، ئەو دواکەی لەسەر خۆم، ڕێگەکەیم دۆزیوەتەوە.

– وەك وتم بە عەرزی دەگەیەنم و خەوەرەکەیشت لێ دەگێڕمەوە.

بیروڕای ڕۆژئاوایانە لەنێو ڕۆشنبیرانی میللەتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیدا کەم و زۆر بڵاو بووبووەوە سوڵتان سەلیمی سێیەم بەوپەڕی توانایەوە دژ بە سیستەمی کۆن و پترکاوی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ڕاوەستا بوو، تەواوی دوورکەوتن و دزی و دەخەڵی و کشانەوەی هەمیشەگی دەسەڵاتی عوسمانی خستبووە سەر ڕەفتار و کرداری نا پەسەندی سوپای یەنی چەرییەوە بۆ بێ بایەیکردنی سوپای یەنی چەری لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستایانی شەڕی ڕۆژئاوایدا سوپایەکی نوێ و خنجیلانەی پێك هانی.. کۆنەپەرستان دژ بە سوڵتان کەوتنە تەقالاوە، مەلا و شێخ و بەکتاشییەکان و تەکیە و ڕێکخراوە ئاینییەکان، هەر هەموو دەستیان بە یەکدا کرد و بە ئاسانی توانییان سوڵتان لە تەخت داهێننە خوارەوە و دەست نیشانکراوێکی خۆیان بە ناوی «سوڵتان مستەفا»ی چوارەم لە جێگەیدا بە سوڵتان دابنێن. بە جێگیربوونی سوڵتانی تازە کوشتار لەنێو سوپای (نوێ) پێکهاتوودا دەستی پێ کرد، دیسانەوە زەبر و زۆری سوپای یەنی چەری باڵی بەسەر وڵاتی عوسمانیدا کشا و بیروڕاکانی سوڵتان سەلیم بە «بدعت» دانراو، ئەفکاری کۆنەی جاران دیسانەوە دەقی بەست، دوای ساڵێك فەرمانڕەوایی «سوڵتان مستەفا»ی چوارەمیشیان لەسەر تەخت ڕاکێشایەوە خوارێ و مەحموودی چوارەمیان لە جێگەی دانا، مەحموودی چوارەم لە سەرەتاوە بەنیاز و دڵخوازی پیلانگێڕان و کۆنەپەرستان دەجووڵایەوە، بەڵام لە ڕاستیدا پەیڕەوی بیروڕای سوڵتان سەلیم بوو، تێ گەیشتبوو بەو شێوە بەڕێوەبردنی وڵات ناگاتە هیچ کوێ و وڵات لە جێگەی خۆی و هەنگاوێك بەرەو پێش ناڕوا و لەش و دەماری ئیمپراتۆری عوسمانلی نیازی بەخوێنێکی تازە هەیە، وردە ئارام و لەیەکدراوە هەنگاوی ناو توانا و دەسەڵاتی پیاوە ئاینییەکانی کەم کردەوە، جلوبەرگی سوپا و خەڵکی گۆڕاو فێستی لەسەر هەر هەموو خەڵکەکە ناو عەمامە و مێزەری پێ فڕێ دان، کەوتە کەڵەکەڵەی هەڵقرتاندنی پەلوپۆی دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشا لە میسر نەیتوانی، لە ئێرانیشدا شەڕوشۆڕ و بەربەرەکانی ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی دەسەند، باڵیۆزخانەی بێگانە محەمەد شایان

هەڵنا و پەلاماری «هیرات»ی ئەفغانستانی دا تا توانا و دەسەڵاتی ئینگلیز کەم یکاتەوە لە ڕێگەی هند و ژێردەستەکانی بەریتانیا نزیك بێتەوە، ڕووس و فەڕەنسا لە هەڵنانەکەیدا بەڵێنی زۆر شتیان پێ دابوو، هیچیان بەجێ نەهێنا.. دوو دەوڵەتە گەورەکە بووبوونە مۆمی دەست و پەنجەی دەسەڵاتی بێگانەکان نەیاندەپەرژایە سەر دوژمنایەتی دێرینەی خۆیان و هەر ئاژاوە نانەوەشیان لە کوردستادا لەبیر چووبووە. شەڕ و لەشکرکێشی لە کوردستاندا دامرکابووە، سلێمان پاشای بابان لە ئاوا ڕۆژگارێکدا سەری نایەوە، ئەحمە بەگی کوڕی  لەلایەن داود پاشاوە کرا بە پاشا و جێگەی باوکی گرتەوە، هەر کە چوار پای کورسیی فەرمانڕەواییی نەختێك چەسپاند، کەوتە بیری پێکهێنانی سوپایەکی پۆشتە و ڕازاوە بە ئامێر و ئامرازی شەڕەوە بەئاسانی توانی ترس و چەکەرەش بخاتە دڵی ملهوڕان و گەردن کێشانەوە، بەهێمنی چەند جارێك تێ کۆشا تا مەیل و مەرام و چۆنیەتیی تێ فکرینی سەرکۆمارەکانی جاف و سەرۆکی تێکڕای جافی بۆ ڕۆشن ببێتەوە و چو جاران بێنەوە بربڕاکەی پشتی لەشکر و سوپا، قادر بەگی جاف نەڕۆیشتە ژێر ئەو بارەوە.

مەحموود پاشای بابانیش لە ئێراندا کەوتبووە تەقاڵای لەشکر گلێر کردنەوە، عوسمان بەگی برای پەنای بردبووە بەر داود پاشا و لە بەغدادا مەست و مەدهۆشی بادە و خانم بازی و ڕابواردن بوو.

خێڵی جافەتی بەرەو خوار بووبووەوە، بارەگای سەرۆکی جاف لە دوو ئاوان هەڵی دابوو. تا چاو بڕی دەکرد ڕەشماڵ بوو، سوارێك پڕتاو و گەردەلوول ئاسا بەرەو بارەگای میری جاف ئەسپی تاو دەدا. هەر کە گەیشتە بەرەوە پڕ بەدەم هاواری کرد:

– قوروان، هیچی یەکتریان نەهێڵا قەرەچۆڵی یەکتریان بڕییەوە.

قادر بەگ خوڕی:

– ئەوە چی بووە؟ چی ڕووی داوە؟ ئەو گاڵە چییە؟ ئادەی بزانم.

– قوروان سۆفی لالۆیە. عەرزی هەیە.

– با بێتە ژوورەوە.

سۆفی لالۆ مشکییەکەی کەوتبووە ملی، عەرەق ڕێزان، پەرێشان حاڵ. کەف کەوتبووە کەلاوەی، هاتە نێو دەوارەوە.

– قوروان پیانەگەی هیچی یەکتریان نەهێلا. سەنگەریان لەیەك گرتووە، گوللەیان لە گۆشت نەبێ لە بەرد نادا.

– گێل بازی دەرمەهێنە. ڕوونی بکەرەوە، چ قەوماوە؟

– قوروان، قادر میر وەیسی و تایشەیی سەنگەریان لە یەك گرتووە و قەرەچۆڵی یەکتریان بڕییەوە. شەڕەکەیان یەکجار گەرمە.

– لە کوێدا بە شەڕ هاتوون؟

– لەلای چاڵە یەخداندا کلکەکانیان لە یەکتر کردووە و تەق و یەك بەردەوامن.

قادر بەگ بێ درەنگ، ئەمری کرد سوار سوار بێ و بەرەو چاڵە یەخدان پڕتاو بۆی دەرچوون هەر لە دوورەوە تەق و تۆق دەهاتە گوێ.

قادر بەگ یەك ڕاست ڕۆیشتە نێوان دوو تاقمی شەڕکەرەوە، تاو تاو دەستی بۆ دوو لا ڕادەوەشاند، تەقە گەرم بوو هاوار و ناڵەی بریندارانو و برا کوژراوان لە کێودا دەنگی دەدایەوە، لەپڕ قادر بەگ وتی:

– ئای! بە ئای وتن و لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە.

سوارەکانی هاورێی میر دەوریان دا، یەکێکیان سەری میری خستە سەر ڕانی گوللە سنگی میری هەڵدڕیبوو، ڕێچکەی خوێن بەلا دەمیەوە شۆڕ بووبووەوە، ڕووی کردە سوارەکانی هاوڕێی، وتی:

– بە حەمەی برام بڵێن، من قوربانی قەزاوقەدەرم، هەردوو تیرە هاوخوێنی خۆمن، ڕووداوە و ڕووی داوە، کەس خاوەنی خوێنی من نییە کەس تاوانبار مەکەن.

یەکێك لە سوارەکانی هاوڕێی میر بەپەڵەگریان وتی:

– قوربان، ئەم قسانە مەکە، زامەکەت ڕووکەشە وا مەڵێ.

– نا، نا من دواییمە، دڵنیام ناگەمە هەوارگە وەك وتم كەس خۆی نەكاتە خاوەنی خوێنم.

قادر بەگ هەناسەی سوار بووبوو، بە سەختی و ژمێراو قەسەی دەكرد، قوڕگی پڕ بووبوو لە خوێن، زۆری نەخایاند لە گۆ كەوت و سەری بەلادا هات و مرد.

لە دوو لای سەنگەرەوە تەقە بڕابووەوە، سوارەكانی میر بانگ و سەڵایان بەرز بووبووەوە. باوكەڕۆیان چاڵە یەخدانی هێنابووە لەرزە تەرمیان هەڵگرت و بەرەو هەوارگە گەڕانەوە.

## ١٣

– خالۆ!

– گیانی خالۆ.

– نامەکانت هەنارد؟

– بەڵێ قوربان، هەر هەموویان، با وەك نەمدەزانی چیت تێدا نووسیوە..

– چیت نووسیبوو. ئەوەی پێویست بووە، هەم زەرم خستووەتە بەریان، هەم زۆر، لەم دەور و زەمانەیشدا هەر ئەم واژەیە خەڵك لێی تێ دەگا.

– ئەگەر هات و نەیانویست تێ بگەن، دەبێ بەزمانێکی تر لەگەڵیاندا بدوێیت.

باوەجوو مەرگی قادر بەگ ئاژاوەیەکی زۆری خستووەتە نێو تیرەکانی جافەوە، حەمە بەگی براشی لەوە منداڵترە بتوانێ ئومووراتی جاف ببا بەرێگەوە جگە لەمانەش ئەگەر ترسێکم هەبێ هەر لە جافە کۆچەر و ڕەوەندەکانە، نیشتەجێکان لە مشتماندان.

– مەترسە، بەختت یارە بەبوونی قادر بەگەوە هیچمان پێ نەدەکرا..

– جا بۆ تەنیا هەر بەخت؟ ئەی دیرایەت و لێزانین چی؟

– با بڵێین هەردووکیان، ئەوەش بزانە هەندێ لە سەرەك تیرەکان پێکەوە کۆبوونەتەوە لەم ڕووەوە ڕاوێژیان کردووە.

– پێم وایە دەیانەوێ لێژنەیەك یا ئەنجوومەنێك لە دەم چەرمووان پێك بهێنن، بۆ سەرپەرشتی حەمە بەگی کەیخوسرەو بەگ.

– چاوت لێیە خەریکی چین، کورە ئەم عەشایەرە فرە زۆرزانن، دەرس بە شەیتان دەڵێنەوە، ئەم بەزمەش دەزانم فیتی کامیانە نەمرم داخی دەکەم.

– جارێك نامەوێ بگاتە ئەمانە، وەك دەبینی مەحموود پاشا دیسانەوە خەریكی لەشكركێشییەو، كەم كەم لێمان نزیك بووەتەوە، نامەوێ كاری ناپوختە و هەڵەشەت لێ بوەشێتەوە، تۆ ناتەوێ ببی بە سەرۆكی جاف! نەختێك تامولْكە. ئەمە لەسەر من..

– ئاخر دەترسم جەڵەومان لە دەست دەركەن، تۆ ئەو توولە مارە ناناسیت، نازانیت بەو منداڵییە چەندە زرەنگ و زیرەكە.

– قسەی بێ مەعنا مەكە، با دەوروبەرم بتەنمەوە و كاروبارم دامەزرێنم، ئینجا سەیركە بزانە چۆن پێوەنی دەكەم.

– چی دەڵێی بە خوارزاكانی ئەردەڵانیش بڵێم، با تەوژم بهێننە سەر جافە ڕەوەندەكان، بەرەو دوایان لێ بگرن.

– وەڵڵا خۆ زەرەری نییە ئەگەر خاڵۆ و خوارزایی بێ، ئەوانیش وەك ئێمە هەندێ كاروباریان كەوتووەتە ئەستۆ.

– ئاخر دەموت باش هەڵكەوتووە. باوەڕت نەدەكرد، دوو دەسەڵاتی كورد خوارزام بێ و جافیش مێردمنداڵێك بە تەمایە ببێ بە ڕەئیسی، خۆ وەڵڵا ئەگەر لە ئاوا ڕۆژگارێكدا نەتوانن هیچم بۆ بكەن عەیبەكە هی ئێوە زۆرترە تا من..

– مەترسە خاڵۆ ئێمەی بەبەش، بەحاڵی خۆمان قسوورت بۆ ناكەین، نایەڵم هیچ عەیبەیێك بهێنمە سەر خۆم، لەوە دڵنیابە.

– بەڵام وەزعەكە جارێك ئاڵۆزە ئەگەر فریا نەكەوم دەبێتە پاشا گەردانێ و، هەر كەس بۆ خۆی، سەیر دەكەی لەو بناری هەورامانە چ یاخیبوون و بێ حورمەتییەكمان دەرحەق دەكەن، هێز دەنێرمە سەریان خۆ ڕاناگرن و دەڕۆنە ئەودیوی مەرزەوە و دیسانەوە هەمان تاس و هەمان حەمام، ئەم بگرە و دەری مەكە، خەریكە ماندووم دەكا.

– ئەگەر بەگوێم بكەی، ڕێگەت بۆ دەدۆزمەوە، ڕێگەیەكی وا تا ماون لە خەویشدا خەیاڵی ملهوڕیش نەكەن.

– ناڵێی چۆن؟.

– خالۆ بە خوشکەزای خۆی بڵێت، ئەوانەی لە دامێنی هەورامان و دۆڵ و بەندەنی هەوراماندا دەژین، ژیانیان بە سەر باخ و میوە و ڕەز و دار و درەختەوەیە، ئەگەر بێتو باخ و ڕەز و دار و درەختیان نەمێنێ، پێم وا نییە بیانپەرژێتە سەر یاخیبوون.

ئەحمەد پاشا بەرز هەڵسایە سەر پا و هەردوو دەستی خستە سەر شانی ئەحمەد بەگی خاڵۆی، وتی:

– خەریکم تێ دەگەم چی دەڵێی، ڕۆشنتری بکەرەوە.

– زۆر سادە و ڕەوان. دەڵێم لە باتی تۆپ و تفەنگ و گوللە و بارووت، بەتەور و تەورداس و داسەوە بۆیان برۆن و هێرش بۆ باخەکانیان ببەن، تا خۆیان. ئەگەر درەختەکانیان ببڕنەوە، داماو و دەستەپاچە دەبن، تاڵی ئەوان نەمانی باخاتیانە.

– کورە خاڵۆ، تۆ زۆر لەوە هۆشیارتر و زرنگتری، وامن دەمزانی هەر لە سبەینێوە ئەوەی وتت دەیکەم، پێم وایە کارییە و بە چاکی دار دەدەم بەڕوحیاندا.

– هەر بۆ ئەمەیان بە گوێم دەکەیت، یا بۆ شتی تریش؟

– با، بۆ شتی تریش.

– کەواتە با بە عەرزت بگەیەنم، سەرەك تیرەکانی جاف جگە لە دێنشینەکان، کە لە ژێر دەستی خۆتانن، هیچ یەك لەسەر کۆمارەکان نەڕۆیشتنە ژێر داوای نامەکەت هەر هەموویان دەستەو نەزەر لە خزمەتی منداڵێکدا ڕاوەستاون.

– یەعنی دەڵێی وەڵامی ڕەدیان داوەتەوە؟

ئەحمەد بەگ دەستی کرد بە باخەڵیدا، چەند نامەیەکی دەرهێنا، وتی:

– با یەکێکیان بخوێنمەوە، ئا ئەمەیان:

«بۆ حوزووری گەورە و پاشای کورد، ئەحمەد پاشای بابان پێشکێشە.. دوای دەست ماچکردن، باوك و باپیرم لە مێژەوە لەگەڵ میرەکانمان لە سوپا و لەشکری بەبەدا ڕم لێدراو و ڕموەشین بووگین، ئێستایش ئێمەی نەتەوەی ئەوان، هەر واین، بەڵام دەمەوێ بە عەرزی پاشا بگەیەنم، ئەوەتەی ئێمەی جاف بووگین، سەرۆکی

خۆمـان بـەپێیی بـەرژەوەند و حـەق بـەحـەقداری هـەڵبژاردووە، وەتـا بـە ئـەمڕۆیش هیچ پاشایەکی ئەم بنەماڵەیە کەسێکی بەسەرماندا نە سەپاندووە و، جگە لەمانەش وەجاخی کەیخوسرەو بەگی جافیش کوێر نەبووەتەوە و لە سایەی خواوە لە جێگەیدا هەیە و ماوە. لە ڕووی داواکەی جەنابت، ئێمەی سەرۆك تیرەکان لەگەڵ یەکدا ڕاوێژمان کرد و پێم وایە ئەوانیش وا وەڵامی پاشایان داوەتەوە، جا ئیتر سەرفرازیت ئاواتمانە بچووکتان شاسواری براحەمە»

– کەواتە هەموویان پێکەوە وەڵامیان داوەتەوە، دەی دەڵێی چییان لێ بکەم؟!

– هیچیان لەگەڵا مەکە و، سەختی لێ مەنوە، ڕێگەکەی فرە ئاسانە.

– کام ڕێگە..

– بنێرە بەدوای حەمە بەگی کەیخوسرەو بەگدا بێ بۆ دیدەنیت، کە هات دەست بەسەری بکە و تەواو.

– دەترسم نەیەت؟.

– ناتوانێ نەیەت، پێی عەیبە، لەوە دەچێ بەبوونی حەمە بەگەوە جاف بەئاسانی نەڕواتە ژێر ئەم بارەوە.

– ئەدەبیان دەکەم با لە هەورامان بگەڕێمەوە ئەو حەلە دەزانم چۆن ناڵیان دەکەم و پێوەنیش لە پا..

## ١٤

– دەڵێن لەشکری والیی سنە لە بناری مەریوان و هەورامانی تەختدا سەراژێر بوونە و پەیتا پەیتا خەریکی لەشکر گلێرکردنەوەن، وا دیارە دەیانەوێ بەرەو سلێمانی داکشێن، ئاخر خەڵك و خوای هەورامان دادخوایان بردووەتە بەر دەرباری شای ئێران و شکاتی ئەحمەد پاشای بابانیان کردووە و، شایش نوێنەری تایبەتی خۆی هەناردبووە هەورامان و دار و درەخت و باخاتی بڕاوی هەورامییەکانی بەچاوی خۆی دیبوو، بەعەرزی شایشی گەیاندبوو، بۆیە وا لەشکری ئێران بەرەو کوردستان هاتووە.

– ڕاستی دەڵێن ئەم شا تازەیەی ئێرانە، فرە گەنە و خوێنگەرمە، سەدرولئەعزەمێکی هەیە تا بێژی کارامە و لێزانە، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیا بووە. هەم مامۆستای بووە. هەم لەلە.

– ڕاستی نە توت ناوی چییە؟.

– میرزای پێ دەڵێن.. «میرزا تەقی خان» لەم دواییەشدا نازناوی «ئەمیر کەبیری»یشی پێ بەخشیوە.

– مام براخاس واز لەم قسانە بێرە، قسە هەزارە یەکێك بەکارە، پێت وایە لە ئاوا ڕۆژگارێکدا ئەحمەد پاشا بۆ ناردوویەتە دوای حەمە بەگی خۆماندا؟.

کوێخا پیروەیسی شاتر قسەکەی شاسواری بڕی وتی:

– مەعلوومە کە یەك و دووی پێ ناوێ، هەرچی بێ، من وەخێری نازانم، ئەمە پەلپ و پیلانی ئەحمەد بەگی وەلەد بەگە، خستوویەتیە بەر ئەحمەد پاشا، مەگەر نامەی بۆ هەموومان نەنووسیبوو، خوا یەکە و بەدوو ناکرێ، حەمە بەگ بڕوا بۆ شار، هیچم لە دەس نەیەت، سکی دەدڕم.

– ئاخر كوێخا لەم ڕۆژەدا شەڕی لەشكری بەبەمان پێ ناكرێ، با ئێمەش نەختێك سیاسەت بەكار بهێنین.

– سیاسەتی چی؟ لە توخمانی كەیخوسرەو بەگ هەر ئەم تلفە ماوەتەوە.

– ئێوەش لەبەر سوود جۆیی خۆتان بیدەنە دەست جەلادەوە.

– ئاخر لەسەر چی؟!ئەمە چییە ئەحە سونجوق لووت خاڵۆی پاشایە خاڵۆیەتی، نیەتی (فیناری سەقەر). ئەرێ وەڵڵا..

– مام كوێخا، ئەتۆ تووڕە مەبە پاشا لە نامەكەیدا خۆ هیچ خراوە و هەڕەشە و گوڕەشەیەكی نەكردووە، تەنیا گلەیی دەكا، ئەوەتەی بووە بە پاشای بابان حەمە بەگ سەرێكی لێ نەداوە و موبارەك بایی لێ نەكردووە، كێ دەڵێت بۆ خراپە دەعوەتی لێ كردووە؟.



میرزا تەقی خان ـ ئەمیر كەبیر

– من ڕیشم لە ئاسیاودا سپی نەکردووە لەیرا تا ئاسمان قورئان بێ ئەو پاشای بابانە بۆ خراو دەعوەتی کردووە و خەیاڵیشی لەگەڵ حەمە بەگی ئێمەدا فرە خراوە.

مام براخاس، قسەی شاسواری بڕی، وتی:

– با کارێکی تر بکەین نەشیش بسووتێ، نە کەباب، ئەگەر بۆ موبارەك باییە، لە جیاتی حەمە بەگ چەند بەگزادەیەکی تر دەنێرین بەم شێوە پێویستی سەرشانی خۆمان ئەنجام داوە و دڵ و دەروونی پاشایشمان بۆ ڕۆشن بووەتەوە.

– دەمخۆش براخاس، دەمخۆش.

لەم کاتەدا حیلە و خرمەی سمی چەندین ئەسپ هاتە گوێ، دەم چەرموانی خێڵ، کۆڕی ڕاوێژیان بڕاندەوە و لە دەوار هاتنە دەرەوە، حەمە بەگی کەیخوسرەو بەگ لە ئەسپ دابەزی و ڕۆیشتە ژێر دەوارەوە و سەرمەستانە، وتی:

– کەڵ و نێچیری ئەم ناوە خراو تەوار بووگن هەر بە بۆندا بۆی دەردەچن، تا دوو نێچیرمان کوشتووە قیر سپی بووە، ئینجا نەختێك ورد بووەوە و تەواوی دەم چەرموانی خێڵی وەدی کرد، وتی:

– دیارە دیسانەوە کۆبوونەوە و ڕاوێژتان هەیە، هەم چی ڕووی داوە؟!

– کوێخا براخاس چوارمشقی بەسەر لاکێشێکەوە دانیشتبوو، پا بە پایەکی کرد و لەسەرخۆ، وتی:

– قوربان بۆ ئەوە کۆبووینەتەوە، تا خراپە ڕوو نەدا کە ڕووی دا چ سوود؟

– کوێخا، یەك نەواختییش، بێ تام و چێژە ژیانیش بۆ خۆی پڕ لە ڕووداوە.

– قوربان هەر واسە، بەڵام جاروبار ڕووداو سەرتیاچوونیشی تێدایە، دەبێ ژیر و هۆشیار بین، کاروباری ژیان هەر بە ملهوڕی ناڕواتە سەر.

– ڕاستم پێ بڵێن، باستان لە چییە؟

کوێخا لە سەرەتاوە بۆی گێڕایەوە، حەمە بەگ هەروا گوێی ڕاگرتبوو لە باسە درێژەکەی براخاس، وتی:

– ئێوە دەڵێن نەڕۆم، من وا دەزانم بڕۆم لە نەڕۆیشتنم سەنگین و سەلارتر بێ،

بێگومان ئەگەر نەڕۆم وا دەزانن ترساوم و زاتی ئەوەم نەبووە و بە تۆقیاو لە قەڵەمم دەدەن، هەر سبەی دەکەومە ڕێ و دەڕۆم.

کوێخا براخاس هەستایە سەر پا و، سەرتیرەکانی تریش بەرزە پا هەستا و ئینجا براخاس وتی:

– قوربان گەورە و سەروەرمانی بەڵام جارێك ڕەوا نییە لە قسەمان دەرچیت.. هیچ نەبێ ئێمە چەند کراسێکمان لە تۆ زۆرتر دڕاندووە و، تازە جگە لەمانەش کەیخوسرەو بەگی باوکیشت لە قسەی ئێمە دەرنەچووە.

– جا من کەی لە قسەی ئێوە دەرچووم، دەڵێم دەترسم بە ترساو بمدەن لە قەڵەم. جگە لەمانەش من خراپەیەکم دەرحەق بەخێڵی بەبە نەکردووە.

– ئەمانە هەر هەمووی بەجێگەی خۆی، ئێمە بڕیارمان داوە لە جێی جەنابت چەند بەگزادەیەکی تر بنێرین بۆ پیرۆزبایی، ئەگەر تووش هاتن، تۆ و ئێمە دەتوانین ڕزگاریان بکەین، بەڵام ئەگەر تۆ تووش بێی، ئەوان و ئێمە ناتوانین تۆ ڕزگار بکەین.

– هەرچی عەشرەت تاو بیڵێت هەر ئەوەیە، چی بە چاك دەزانن بیکەن.

کزەبای کوێستان تاو تاو مووچرکەی دەخستە لە شەوە.. هاوین پاگەز بووبوو، تاکە تاکە گەڵاجومجومەك سەری کرنووشی بۆ زەوی دادەنەواند و ماچی مەرگی خاك و خۆڵی دەکرد، خێڵ کەوتبووە جموجووڵ. بڕکە و کۆمەڵ بەرەو گەرمیان کەوتبوونە ڕێ، نێزە و قامچی قزڵباش و ژاندارمەکانی ئێران لەو بناری مەریوان و سەقز و هەورامانی تەختەدا بێ ڕەحمانە بێدادیی دەکرد، سوارەی والیی سنە و ژاندارمەکانی عەجەم سەراژێر بووبوون و فەرامینی ناسرەدینی شای ئێران و سەدرولئەعزەمی بەناوبانگیان ئەنجام دەدا و شمشێری تۆڵەیان لە کێلان هێنابووە دەرەوە و ڕایان دەوەشاند و تا دەبوو بەرەو بەرەنگاریی لەشکری بابان نزیکتر دەبوونەوە.

ئەحمەد پاشا دەیزانی سوپای ئێران بەهیوای ئابلووقەدانی شاری سلێمانییەوە لەشکری خستووەتە ڕێ بۆ ئەوەی شەڕ لە شار دوور بخاتەوە، لەشکرێکی ئازا و

جەربەزەی بە سەرکردایەتیی عەبدوڵا بەگی برای بەرەو پیریان هەنارد و دوو لەشکر لە لێواری گۆلی زرێواردا بە یەك گەیشتن و شەڕێکی خوێناوییان ئەنجام دا و لەشکری ئێران توانای بەربەرەکانێی نەما و وردە وردە پاگەز بوو، زۆریشی نەخایاند بە تەواوی تێکوپێك شکان و تەواوی بابان و هەزاران دیلیشیان لێ گرتن.

سەرکەوتنەکە بە ئەندازەیەك چاوگیر و گەورە و مەزن بوو، کەس نەیدەتوانی

ئازایی و نەترسی لەشکری بابان نادیتە بگرێ و کەمتەرخەم تێی بنوارێ، ئەو سەرکەوتنە ترس و چەکەرەیەکی فراوانی خستە دڵی دۆست و دوژمنی دەسەڵاتی بابانەوە، هەمان سەرکەوتن بوو بەهۆی بەربڵاویی توانا و دەسەڵاتی پاشای بابان و پەلوپۆی توانای تا دەبوو دوورتر دەکوتا.



ناسرەدین شای قاجار

ئـەحـمـەد پـاشا دووبـارە نـامـەیـەکـی هـەنـاردە سەر مـحـەمـەد بـەگـی جـاف بـۆ ئامادەبوونی لە دارولئیمارەدا سەرانی جاف دووبارە کۆبوونەوە و بڕیاریان دا شەش کەس لە میرانی جاف بەرەو بارەگای پاشا بەڕێ بکەن.

حەمە بەگ ڕووی کردە سەرەك تیرەکان، وتی:

– ئەی ئەگەر ئەحمەد پاشا ئەمانەی کوشت چی؟

دیسانەوە مام براخاس هاتەوە قسە، وتی:

– بە عەرزی میری خۆم بگەیەنم، ڕێی تێ دەچێ، بەڵام لە عەقڵیشەوە دوورە کاری وا بکا، ڕەنگە خراوەشیان لەگەڵا نەکا، هات و کردی ئێمەش ئەو حەلە ڕێگە زۆرە، بیگرینە بەر، خوا بکا لەگەڵماندا نەیگەیەنێتە ئەوە.

– دەڵێم، با ئێمە لە ئێستاوە ئامادەی هەر جۆرە ڕووداوێك بین باشترە، تا تووشی دەستەپاچەیی نەیەین، ئەگەر ویستمان کارێك بکەین.

– خۆ قوربان، قسەکەت بە جێگەیە، ئەوەتەی ئەم وڵاتە هەبووە، هەر کەسێك تێ گیرابی و، پێ گیرابێت، یا بەرەو ئەولا تێی تەقاندووە، یا ئەم لا ئێمە وا جارێك لەم لاین. تێ گیراین، وەك پێشووان دەکەین، هەر لا زۆرە بۆی بڕۆین.

– لا زۆر نییە یا ڕۆمە، یا عەجەمە.

کوێخا پیروەیس وتی:

– لاوما، نازانم، وا دوا هەناسەی هاوینە و پایز بە ڕێگەوەیە، پێش قەرەوڵی خێڵیش گەیشتووەتە هەوارگە، ئێژم با خێڵ لە سیروان دوور نەکەوێتەوە، هەر بەلێواری سیروانەوە بەرەو خوار ببنەوە چاکترە، هات و تووش هاتین زەرەر و زیانێکی ئەوتۆ نابینین و ئازا دەپەڕینەوە ئەو بەر مەڵێن تۆقیاوم، من کراسێکم لە ئێوە زۆرتر پارە کردووە ئەمەی دەیڵێم بۆ مەبادایە، مەبادا.

## ١٥

سوپا و سان و سوارەی بابان، دوای سەرکەوتنی شەڕی لێواری زرێور و ناوچەی مەریوان بە سەر لەشکری عەجەم والیی سنەدا، هەوا و هەناسەیەکی نوێ و خوێنێکی گەرم زابووە ڕەگ و شادەماریان و مەستی سەرکەوتن و دەستکەوتی فراوان بوون، داوودەزگای بەبەش دڵنیایی لە ڕەفتار و کردارياندا وەدەردەکەوت، شاری سلێمانی جموجووڵ و هاتوچۆیەکی فراوانی تێدا دەبینرا و هەر دەتوت، شار بووەتە ڕووگەی ناسراوانی دوور و نزیك، سەرەك تیرەکانی کورد و وردە ملهوڕانی دوور و نزیك بە باری دیارییەوە بەرەو شار ڕێچکەیان بەستبوو سەری تەعزیمیان بۆ ئەحمەد پاشای بابان دادەهێنایەوە.

میرەکانی جافیش لە جێی حەمە بەگی جاف تێکڕای تیرەکانی تری جاف لە دارولئیمارەی باباندا ئامادە بوون و بەرەو دیوانی پاشا وەڕێ کەوتن.

دەرکەوان بەعەرزی پاشای گەیاند، نوێنەرانی جاف هاتوون و دەیانەوێ بەخزمەت بگەن.

پاشا وتی:

– حەمە بەگیان لەگەڵدایە؟

– نەخێر قوربان.

– با بێنە ژوورەوە.

هەر کە نوێنەرانی جاف ڕۆیشتنە ژوورەوە، پاشا لەسەر کورسییەکەی بەرزە پا هەڵسا و پەنجەی هەڕەشەی بۆ درێژ کردن و بە تووڕەبوونەوە وتی:

– حەمە بەگ پێی عەیبە بێ بۆ دارولئیمارە و نوێنەرمان بۆ دەنێرێ، پێی دەسەلمێنم چۆن دەبێ فەرمانبەردار بێ عاقڵ و دەسە بێ.

پاشا نەڕاندی:

– دارۆغە! دارۆغە!

– چەند زرتەزەلامێ چوارشانە هاتنە ژووردا و ئامادەی فەرمان ڕاوەستان.

پاشا سوور هەڵگەڕابوو لە ڕق و قینا سەرنووکی پەنجەکانی دەلەرزی، بە پاسەوانانی وت:

– ئادەی، ئەم یاخییانەم بۆ پێوەن بکەن و لە بەندیخانەی کۆیسنجەقیان بترنجێنن، تا بەچاکی مانای فەرمان بەرداری تێ بگەن و بزانن لەگەڵ کێدا ململانێیانە.

یاساوڵەکان هەر دووانیان قۆڵ و بازووی یەکێك لە میرەکانی جافیان گرت و هەر لەوێدا کۆت و پێوەندیان خستە گەردن و پایان و بەرەو دەر پەلکێش کران.

هاوڕێیانی بەگەکانی جاف هەر کە بیستیان میرەکانیان خرانە بەندیخانەوە، بێ وەستان یەکڕاست گەڕانەوە بۆ نێو خێڵ و هەواڵیان گەیاندە حەمە بەگ و دەم چەرموانی خێڵ. دەستبەجێ کۆبوونەوەیەکیان کرد و بڕیاریان دا هێرش بەرنە سەر ماڵ و هەوارگەی ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ، کە خاڵۆی پاشایە و تەواوی ڕووداویان لەو دەزانی.

ئەحمەد بەگ دڵنیا لەبانی «دزی ئایش»دا هەڵی دابوو، مەست و مەغرووری خوارزاکانی.. هەرگیز بە خەیاڵیدا ختوورەی نەدەکرد کەس بوێرێ پێی بڵێ سەری چاوت ئەبرۆیە.

کزەی بای ساردی نێو دۆڵی قەرەداغ سەر لووتی سوارەکانی سوور کردبووەوە، ئەستێرەکانی جووڵە و جریوەیان مەنگ و مەلوول دەهاتنە چاو، کەم کەم تاڵی ڕۆشنایی بەیان لە ئاسۆی کەژی زمناکۆوە وەدی دەکرا، تاو تاو دەنگی وەڕینی سەگ تێکەڵ بە هاژە و لرفەی با زووگوزەرانە دەهاتە گوێ، سوارەکان ڕوو بە با دەچوون، سەگەلی هەوارگە نە بۆنی دەکرد و نە دەنگی دەبیست.

خێڵ لە پێخەفی خەودا پەلی دەکوتا، لە پڕ لە هەرچوار لاوە ئابلووقەی خێڵ دراو «ئەحمەد بەگی وەلەد بەگیان» بەکراس و دەرپاوە لەناو جێگەدا وەدەرهانی و

بەرەو حەمە بەگ هانییان، حەمە بەگ فەرمانی دا پێوەن لە پای کرا و خێڵیش تالآن، هەر لە هەمان جێگەدا بەسەر سەرکۆمارەکاندا دابەش کرا، حەمە بەگ بەرەو خێڵ گەڕایەوە، هەر لەوێ نامەیەکی بەم شێوە بۆ ئەحمەد پاشای بابان نووسی:

لە حەمە بەگی جافەوە، بۆ پاشای بابان.

زۆر کۆشاین لەم بەزمەوە دوور بین و تووشی ئاوا ملململانێیەك نەیەین نەمانتهێڵا، دەمزانی ئەگەر بێم بۆ شار، ڕسوام دەکەی، لە خۆت ناپرسیت بۆو لەسەر چی؟ هەر تەنیا لەبەر گێرەشێوێنێکی وەك ئەحمەد بەگی خاڵۆت؟ سا بەخوا پێوەند لە پای ناکەمەوە تا ئەو خزمانەم بەرەڵڵا نەکەی.

ئەوەش با بڵێم، ئەگەر بێتو خوێن لە لووتی یەکێکیان بێ، کۆتی گەورەی خاڵۆت گوێچکەی دەبێ. حەمە بەگی جاف»

بە ئاگەداربوونی ئەحمەد پاشا لە ڕووداو، لەشکر و سوپایەکی زۆری هەنارده سەر جاف تا ئۆردوو گەیشت، خێڵانی جاف لە سیروان کردیانە ئەو بەرەوە و لە خاك و زەویی ئێران داگیرسانەوە و لە ناوچەکانی داڵەهۆ و زەهاو و سەر قەڵا و جێ گیران و قەسری شیریندا پەخش و بڵاو بوونەوە و هەوارگەی حەمە بەگی جافیش لە دامێنی ئاتەشگادا هەڵی دا و نیشتەجێ بوو.

خوسرەو میرزا، فەرمانڕەوای کرماشان، نوێنەری تایبەتی خۆی هەنارده لای میری جاف، بۆ بەخێرهاتنی و هەروەها دەعوتکردنی بۆ شاری کرماشان. سەرەك هۆزەکانی دوور و نزیکی ئوستانی کرماشان تاك تاك و جووت جووت هاتن بۆ بەخێرهاتنی میری جاف.

حەمە بەگی جاف و سەرەکی هۆزی گۆران، بۆ پتەوکردنی نێو دوو هێز و برایەتیی دوو سەرۆك هۆز هەر یەکە خوشکی خۆی بەوی تر بەخشی و پەیمانی دۆستایەتییان بەو شێوە پەرچ دایەوە. لە هەمان کاتدا خەوەری لە کۆت و پێوەندنانی ئەحمەد بەگی وەلەد بەگیش گەیشتبووە خوارزاکانی و خانەکانی ئەردەلان.

بێستوونی گەردن کەش بەرزەدەماخانە و مەغروور دەینواڕییە شار، شار چو کیژۆڵەیەکی ترسا و لە دامێنی چیادا گرمۆڵە بووبوو، پێچ و خەمی رووباری «قەرەسوو» چو لاگیری لا زولفی ئافرەتێکی پێ کەوتوو، مار ئاسا خۆی لە ئەگریجەی شار دەکوتا، شار کزەی سەرمای هەڵکردووی دامێنی چیا و بناری تاق وەستان، شەپۆڵ شەپۆڵ، بەرەو شاری کرماشان ئاسمانی دەگرتە بەر.

ئاوێنەکاریی کۆشك و تەلاری فەرمانڕەوا، لە تاف و خەم و قەوچەکانیدا دەبریسکایەوە و سام و ڕێزی دەخستە دڵانەوە، خوسرەو میرزا بەرزە پا لەبەر حەمە بەگی جاف هەستا و ڕۆیشتە پیریەوە و بەگەرمی دەستی گوشی، وتی:

– بەناوی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێرانەوە، هەروەها بە ناوی خۆمەوە، بەخێرهاتنت لێ دەکەم، دەمەوێ ئەوە بزانیت نابێ خۆتان بەمیوان بزانن، بگرە لە ڕاستیدا ئێوە بە ئەندازەی ئێمە خاوەن ماڵن.

لە کاتێکدا هەروا دەستی حەمە بەگی جاف لەنێو دەستی خوسرەو میرزادا بوو، وەڵامی دایەوە:

– بێ گومان هەر وایە و، لە کۆنیشەوە هەر وا بووە، ئێمە لەوە دڵنیاین، هەموو کات لە لوتف و مەرحەمەتی شاهەنشاهی، دەرحەق بە ئێمە درێغی نەکراوە. بۆیە هەموو کات جێگەی ئومێد و ئامانمانە.

– دەمەوێ ئەوەش بڵێم، دوای چەند ڕۆژێك حەسانەوە پێم خۆشە بەرەو پایتەخت بەڕێ بکەوی، ڕەنگە بە خزمەتی شاهەنشایش شەرەفیاب بیت و، هەروەها بێگومان دەگەیتە خزمەتی «ئەمیر کەبیر»یش، خەمی دووریی ڕێگەیش نەخۆیت، گالیسکەی تایبەتی خۆمت دەخەمە ئیختیارەوە.

– مایەی سەرفرازیی من و تێکڕایی جافە، بەخزمەتی شاهەنشاه گەیشتن، هەر کاتێك شازادە ڕای لەسەر بێ، بەڕێ دەکەوم، بێگومان ئاوا سەفەرێك کاتێکی زۆر دەخایەنێ، ئێمەش جگە لە لوتف و محەبەتی شازادە و شاهەنشای خاوەن شکۆ، دوژمن لە هەرچوار لاوە ئابلوقەی داوین، هەتاکو لە ژێر سایەی ئێوەشدا دەستبەردار نین و گرفتاریمان بۆ دروست دەکەن.

خوسرەو میرزا دەستی حەمە بەگی گرت و بەرەو چەند کورسییەك بردی لێی دانیشتن، ئینجا لەسەرخۆ ڕووی کردە حەمە بەگ، وتی:

– لە ژێر سایەی شاهەنشاهیدا و گرفتاری؟.

– بەڵێ قوربان، والیی ئەردەلان، پەیتا پەیتا هەڕەشە و گوڕەشەمان دەنێرێتە سەر و، ڕێگە لە خێڵ عێل و خوێشمان دەگرێ، تا ئەحمەد بەگی بۆ بەرەڵلا بکەین، ئێمەش ئەمەمان پێ ناکرێ، تا ئەحمەد پاشای بابان خزمەکانم بەرەڵلا نەکا، ناتوانین ئەحمەد بەگ ئازاد بکەین، تەنیا بەڵگە و بارمتەیەك هەمانە، هەر ئەوە.

– ئەحمەد حەقی خۆتانە، ئێمە لەم ڕووەوە هیچ کۆتاییەك ناکەین و گوێش لەم توڕەهاتانەش مەدە.

– هەر سەری شام بۆ خۆش بێ، ئەم هەڕەشانە بە فشە و گاڵتە دەزانم.

– کەواتە هەر لەم هەفتەدا بەڵەدێك و گالیسکەکەی خۆم دەخەمە ئیختیارتەوە و، بەخێر بەرەو پایتەخت بەڕێ دەکەوی.

ئەسپەکان هەڵم و هەڵاو لە هەردوو کونە لووتیانەوە پیشکەی دەهات، زەردەی خۆر دەیدا لە لەشی ماندوو و عەرەق کردوویان توێژێکی هەڵم بە سەرتاسەری لەشیانەوە دەبینرا.

ڕەگی کەفەڵ و مایچەکانی کەفەڵیان خوێن تێزاو و ئاوسا بوو، سمیان لە زەوی گیر دەکرد و بەسەختی سەردەکەوتن.

پێچکەکانی گالێسکە بەرەو سەر دەڕۆیشت و دەڕۆیشت.. گەردنەی ئەسەد ئاباد هەردەم کزەبای تێروتەسەلی لێ نەدەبڕا، کە دەیدا لە شووشە و مینای گەرمی گالێسکە هەڵم دەیگرت و تاریك دەنوا.

چەند سوارێك بەدوای گالێسکەکەدا خۆیان لە پشتێن و فەرەنجی ئاڵاندبوو، سەر و ڕوو هەڵپێکراو، دەم دەم ئاوزەنگی یەکیان لەسنگ و لاپەراسووی ئەسپەکان دەکوتا.

حەمە بەگی جاف شانی لە سووچی گالێسکەکە گیر کردبوو. بەدوو پەنجە هەڵمی شووشەکەی پاك دەکردەوە دەینواڕییە دەرەوەدا، وتی:

– خوسرەو میرزا دەیوت، تا تاران **١١٤** فەرسەخە، ئەم سەدو چواردە فەرسەخە، ئەگەر بە شێنەیی ببڕین، ڕەنگە بە دە ڕۆژ بگەین.

نوێنەری خوسرەو میرزا لە شانی حەمە بەگدا دانیشتبوو، وتی:

– ئەگەر وا بڕۆین زووتر دەگەین.

ڕوغزاد ڕووی کردە نوێنەر، وتی:

– ئەگەر لەم هەورازە هەزار بەهەزارە، سەر بە سەلامەت دەربهێنین ڕەنگە

بگەین. دیارە زۆر نیگەران و دڵ لە دڵ دەری ڕێگەکەی.. ئەمە ببڕین یەك دوو هەورازی سەختی ترمان لە پێشە، ئەڵبەتە نەك بەم دژوارییە، تا ئەم گەردەنە لەسەر ئوستانی کرماشان ژمێراوە.

حەمە بەگ وتی:

– یانی لەمەولا کورد نین..

– بە ئوستانی کوردەواری نادرێ لە قەڵەم. بەڵام مانای ئەوە نییە کوردی تێدا نەبێ، عەجەمیش نین..

– ڕەنگە تورك بن.

– بەڵێ قوربان، زۆربەیان تورك زمانن.

گالیسکە بەدیوی هەمەداندا لە هەوراز و ملەی سەختی ئەسەد ئاباد بەر بووە خوارەوە، گالیسکەچی لە سەرەولێژی هەورازەکەدا کەوتبووە دژواری و تاڵووکەوە، پای لە پاگیر گیر کردبوو، بە هەردوو دەست سفت لغاوی چوار ئەسپی ڕادەکێشا و ئەسپەکان کەوتبوونە یەرغە. لە دۆڵەکانی چەپ و ڕاستی باریکە ڕێگەدا چناری قەف ئەستوور بەرەو ئاسمان هەڵچووبوون و ململانێیان لەگەڵ ترۆپەکاندا دەکرد، هەتا بەرەو ئاوابوون دەچوو، گالێسکە گەیشتبووە یەکێك لە کاروانسەرا شا عەباسییەکانی سەر ڕێگە و لێی دابەزیبوون. کاروانسەرا جمەی دەهات لە ڕێبوار و بازرگان و زیارەتکەرانی کەربەلا و نەجەف هەرچەند شەو داهاتبوو، ڕاڕەوەکانی کاروانسەرا بەلالە و دەساگیرسێن ڕۆشن کراووەوە، مامەڵە و گفتوگۆ و هەرا و دا دو فریاد لە زۆر لاوە دەبیسترا، زۆریش لە ژوورە تەنگ و تەسکەکانی کاروانسەرادا خەڵکی هەنوۆزی تێدا دەکرد و ماندوێتیی ڕێگەیان لە لەش دەردەهانی، سەنگینی شەو بەسەر لەشی هەموانەوە هەستی پێ دەکرا. گاڵە و هەرا و مامەڵە وردە وردە کەم بووبووەوە. پیرەمێردێکی سەر و ڕیش و زولف ئاڵۆز بەسەر سەکۆیەکەوە شمشێرێکی بە کەمەرەوە شۆڕ کردبووەوە، نەرم نەرم دەهات و دەچوو، تاو تاو ئاوڕێکی لە خەڵکەکە دەداوە و بە تەمای کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆرتر چاوەڕوان دەینواڕی، خەڵکەکە تاك تاك و جووت جووت کۆ دەبوونەوە

پیرەمێرد کڵاوی لەسەر لابرد و سەر و زولفی پەرێشان کرد، لە پڕ خولێکی خوارد و بەرانبەر تەماشاکەران قاقا چوو بە پشتا، پیرەمێرد هەی قاقا دێوانە پێ دەکەنی و هەردوو دەستی خستبووە کەمەری و سەر و سینەی بە پشتا برد و بە دەست ئیشارەتی بۆ پێشەوە کرد و ئینجا، وتی:

– دێوە سپی وتی: تۆ ڕۆسەمی دیسان دێوە سپی قاقا چوو بەپشتا..

پیرەمێرد قاقا پێ کەنی:

– ئینجا ڕۆسەم هاتە پێشەوە، وتی: مەلعوون منم جهان پاڵەوان.

دێوە سپی هەی گاڵتەی دەکرد و لاقرتی دەکرد و ڕووی کردە ڕۆسەم و وتی: «لاچۆ خوێڕی منم جهان پاڵەوان، قەت باوەڕ ناکەم ئەم هەموو ئاوازە و ناوبانگە بۆ گیانلەبەرێکی بێ چارە و دەرماندەی وەك تۆ وترابێ».

پیرەمێرد ڕێك و ئاراستە ڕاوەستا و، دەستی خستە سەر مشتی شمشێرەکەی و نیونیگا لێی وەستایەوە و شمشێری لە کێلان دەرهانی و هەڵوێسایەوە، وتی:

– ڕۆسەم وتی:

– «منم جهان پاڵەوان، نەوەی سام نەریمان، ڕوح چنی تەواوی ئەهریمەنان، ئەوڕۆ ڕوح چنی تۆ منم»

پیرەمێرد هەردوو دەستی چو دێو فش کردەوە، وتی: «دێوە سپی وتی، باڵدار هاتووە، باڵی شکاوە، ناڵدار هاتووە، ناڵی ڕزاوە، سا لە دەستم دەرناچی و دەتخەمە قیرۆڵی دانم»

ئینجا پیرەمێرد وەك پەلامار بدا، هەردوو دەستی کردەوە چەند هەنگاوێك ڕۆیشتە پێشەوە و سێ چەپڵەی لەسەر یەك لێ دا. وتی: «جیهان پاڵەوان کاتێك هێرشی دێوە سپیی دی بەرەو ڕووی هات، فرز و چالاك و زرنگ خۆی کێشایەوە لاوە، لە هەمان کاتدا دەستی لە کاردا بوو، بەتەواوی هێزیەوە شمشێری لە نەرمەی سنگی گیر کرد و ڕیخۆڵەی ڕاداوە سەر زەوی. دێوە سپی چو کێوێك هەرەس دەکا بە دەم تەپا و تلەوە تۆپی».

بە کوشتنی دێوە سپی، تەواوی تەماشاکەران دەنگی سەڵاواتیان بەرز بووەوە

ئیتر هەر کەسێك بە گوێرەی خۆی شاییەك، پەشیزێك، قەڕانێکیان هاویژتە نێو کاسەی شانامەخوێنەوە.

سەرماوسۆڵەی بەرەبەیانی سەرەتای پایزی دەشتی هەمەدان، خاك و خۆڵی ڕچاندبوو، خرمەی سمی ئەسپەکان وەك لە بەردەڵاندا سم بنێن، وا دەنگی دەهات، زەردەی خۆر پۆپە لە بەفر نیشتووەکانی چیای هەمەدانی دەبریسکاندەوە، دەشتی دوور و دۆڵ و دەربەندە دوورەکان، شین لە چاودا دەنوان و مووچڕکەی سەرمای دەخستە لەشەوە.

ڕۆبیتەن ڕووی کردە حەمە بەگ، وتی:

– قوربان پێت وایە لەم سەفەرەدا چەندمان پێ دەچێ؟.

– دوو سەری ڕێگە چەندێك بەڕێگەوەین، ئەوە مەعلوومە.. لەوێ ئیتر بەدەست خۆمان نییە کەی بەخزمەت شا دەگەین؟. نازانم چەندێك دەبێ چاوەڕوان بین؟

– ئەویش نازانم.. ئەگەر بە مانگ و نیوێك ڕزگار بین، شوکری خوای دەوێ.

جارێك خەمی ئەوە بخۆ پێنج ڕۆژ ڕێگەمان ماوە دوای ئەوە خوا کەریمە.

نوێنەری خوسرەو میرزا هاتە نێو قسەکەیانەوە، وتی:

– هەر شاهەنشا لە ڕا و نەبێ، ڕەنگە بەخزمەت گەیشتنی زۆر نەخایەنێ. ئاخر شا سەروساختێکی فراوانی لەگەڵ شکار و ڕاوی دوور و درێژ هەیە. وا بڕیارە لە پێشدا بە خزمەت «ئەمیر کەبیر» بگەیت، ئەو حەلە شا، ئەو ئاگەداری بارودۆخی مەرز و گرفتارییەکانی دەرەوەی مەرزە و ئاگەداری هەموو شتە.

کاروان گەیشتبووە دووڕیانی زنجان و هەمەدان، گەیشتبوونە دەشتی قەزوێن، سوپا و قشوونێکی فراوان، بێ تاقەتانە بەرەو قۆڵی زنجان دەڕۆیشتن، جۆری ڕێکردنەکەیان شێوە و شەمایلی شەڕی دەنواند، پێش قەرەوڵی چەپ و ڕاست لە دوورەوە دەبینرا و، بڕکە بڕکە بۆ پێشەوە دەچوون و شێوەی لەشکرێکی هوشیار و ئاگەداریان بە خۆوە گرتبوو.

حەمە بەگ لە پشتی شووشەی گالیسکەکەوە بە وردی دەینواڕییە ڕێ ڕۆیشتنی سوارە و پیادەی لەشکر، جۆری سەیرکردنەکەی سەرنجی نوێنەرەکەی خوسرەو

میرزای ڕاکێشا لەسەر خۆ، وتی:

– دیارە خان سەروکارێکی فراوانی لەگەڵ نەزم و بەزمی سوپاگەریدا هەیە؟.

حەمە بەگ سەری لەسەر شووشەکە هەڵگرت، وتی:

– تا ئەندازەیەك خۆشە پیاو بتوانێ هێز و سوپا و سانێك پێك بهێنێ، تا سەرشۆڕی هەموو مەرد و نامەردێك نەبێ. ئەم لەشکرە وەك بۆ شەڕ بڕوا وایە لەوە دەچێ ملهوڕی و یاخیبوون ڕووی دابێ؟.

– هەر وایە قوربان، موفسیدین ئارام دانانیشن لە زنجان «مەلا مەحمەد عەلی» پەیڕەوی «حەمە عەلی باب» و لە مازیندەران «مەلا حسین بشرویە» پەرچەمی ئەویان بەرز کردووەتەوە و خەڵکێکی زۆریان هەڵخەڵەتاندووە.

– «حەمە عەلی باب» کێیە؟.

– خان، داوای پێغەمبەری دەکا و، شەڕ و هەرا و ئاژاوەیەکی فرە ناجۆر و گەورەی ناوەتەوە.

– بۆچی ئەوەندە دەسەڵاتیان پەیدا کردووە، دژ بە دەوڵەت دەست بەخەنجەر ڕاوەستن؟.

– قوربان میللەت نەخوێندەوارە و هەژار، وەعدە و ئومێد هێز و توانای برسی و نەخوێندەوارە، ئەوانیش زمانلووس و لەبلەبان.

– دەوڵەت نەیدەتوانی لە سەرەتاوە چارەیان بکا و تا نەگاتە ئەم ڕادەیە؟

– بێ شك دەیتوانی، بەڵام وەك دەزانی لە هەر داوودەزگایەکدا زۆر کەس هەن نانی ئاژاوە و هەرا و کێشە دەخۆن، جگە لەوانیش نۆکەر و ئاڵقە لە گوێ یانی باڵیۆزخانەکانی بێگانە نەیاندەهێلا دەوڵەت دەستیان لێ بوەشێنێ، تا وا لە هێلکە دەرهاتن و ئێستایش شەڕی سەرومالی دەکەن، جگە لەمانەش دوای مەرگی محەمەد شا یاخیگەری بوو بە پیشەی ڕۆژانەی زۆر کەس ئەگەر کارزانی و لێهاتوویی سەدرولئەعزەم نەبوایە، کار لە کار ترازابوو، یاخیبوونەکان گەیشتە لەشکرکێشی و شەڕ و خوێن.

– ئەی بێ قەزابێ، لە سەرەتاوە هەر کەسە بۆ خۆی بوو، شۆڕشی ئاقاخانی محەلاتی و سەرکێشیی (سەیف الملوکی) میرزا کوڕی (ظل السلطان) لە قەزوێن و جەمشید خانی ماکۆیی و ملهوڕیی ڕەزاقولی خانی ئەردەڵان و هەروەها خوسرەو خانی گورجی و عەلی خانی سەرتیپ قەرا گوێزلو، ئاژاوەی کرمان و شۆڕشی خانەکانی بەختیاری و کوردەکانی ئەو دەوروبەری چیای بەختیارییە و فیتنەی شێخ نەسری عەرەب و زۆر کەسی ترم لە بیر نییە، ئیتر پاشاگەردانییەکی تەواو بوو، هەر هەمووی ئەمانە بە دیرایەتی ئەمیر کەبیر کوژاونەتەوە.

– کەواتە تا شا شایە دەبێ ئەمیر کەبیرش سەدرولئەعزەمی بێ.

ڕۆبیتەن خەوەنوچکە دەیبردەوە، باوێشکێکی دا و نەختێك جووڵا و لەسەرخۆ، وتی:

– قوربان، هەرچی پەلوپۆم هەیە دازاوەتە سەر یەکدا، ئەگەر وا بڕوات گێژ و گەوار دەبم، ئێژم ئەگەر ئیجازە بفەرمووێت، دەمەوێ بە ئەسپەوە بە دوای عارەبانەکەدا بێم، لام خۆشترە.

ئاخر دەرەوە فرە ساردە، دەترسم بڕچێی.

– قوربان لەسەر خۆم، لێم بگەڕێ سەرماکەم لا خۆشترە، تا نێو ئەم عەرەبانەیە.

– باشە بەڵام پەشیمان نەبیتەوە.

## ١٧

تیشکی هەتاو تیرئاوێژ لە توێ پەردەوە دەیدا لە پڵپڵەی چلچرا هەڵواسراوەکەی چەقی گومەتەکە، شەش حەوت ڕەنگی لەسەر دیوار نەخش دەبەست و دەبریسکاوە.. (مستوفي المماليك) لە پشتی مێزێکی پاوپل زەریفی قەد و قامەت هەڵکەنراوی نەخش و نیگاردا دانیشتبوو، ناوبەناو دەرکەوانی دەمی تالاری شانشین بە مژانە گوێکە زێڕینەکەیەوە دەهاتە ژوورەوە و بەرەو (مستوفي المماليك) دەهات و سەری شۆڕ دەکردەوە لا بن ملی و چپەیەکی بۆ دەکرد و دیسانەوە دەرۆیشتە دەرەوە لە کاتێکدا بەرەو دەر دەچوو جبە پێست پڵنگەکەی سەرشانی ڕێك و مەوزوون دەکرد مژانەکەی بە جووڵانەوەیەکی تایبەتەوە لە پێشی خۆیەوە سوور دەدا.

(مستوفي المماليك) ڕووی کردە حەمە بەگی جاف، وتی:

– دیارە یەکەمین جارتە شەرەفیاب دەبینی؟

– بەڵێ یەکەمین جارمە و، یەکەمین جاریشمە تاران دەبینم.

وەك دەزانیت شەرەفیابی و بە خزمەت شا گەیشتن بەر هەموو کەسێ ناکەوێ، ئەم لوتفە دەرحەق بەجەنابت کراوە شایانی خۆشبەختییە. دەربار و شەرەفیابیی ناسرەدین شا ڕەوشت و هەڵسان و دانیشتنێکی تایبەتی دەوێ، ئەمەش هەموو کەس نایزانێت ئەگەر لێم نەگری، دەمەوێ لەم ڕووەوە تا ڕادەیەك، ڕۆشنت بکەمەوە ئیتر (مستوفي الماليك) دەستی بە چۆنیەتیی ڕێ ڕۆیشتن و وەستان و جۆری قسە و وەڵامدانەوەی شا کرد و وتی و وتی، حەمە بەگی جافیش چو شاگردێکی زیرەك بەتەواوی هۆشیەوە دەکۆشا هیچی لێ گوم نەبێ.

دەرکی شانشین کرایەوە، ناسرەدین شا بەسەر تەختێکی پانوپۆڕەوە لمی دابوو، گۆشە و سەرینی زەربافتی ڕەنگاوڕەنگ لە دەوروبەری شادا پەخش و بڵاو

کرابووەوە، هەموو شت و دەوروبەر و چوار تەنیشت دەبریسکایەوە ئاوێنەکاریی بنمیچ و دیوارەکان چنگورگ چنگورگ و کاشی کاری ڕەنگاوڕەنگ، گومەتی گەورە و بچووك بە ئەندازە و قەوارەی مەوزوونەوە شان بەشانی یەکتر، گەچ پڕی ڕەنگین بەدیوار و سووچەکانەوە سام و هەیبەتی بەخشیبووە تالار. بازنەی گەورە و بچووك لە گومەتەکاندا تا لە چەقی گومەت نزیك دەبووەوە، گچکەتر لە چاودا دەنوا، چلچرای کریستاڵی کاری فەرەنگ و پەترۆگراد لە بنمیچەکانەوە شۆڕ بووبوونەوە، لالەی ڕەنگاوڕەنگی نشیمەن زێڕ بە دیواردا چەسپێنرابوو، تابلۆی جۆراوجۆری هونەری دەست و پەنجەی هونەرمەندەکانی ڕووس و ڕۆم و فەرەنگ و (کمال الملك) و هونەرمەندانی ئەسفەهان، بەدیوارەکانیدا هەڵواسرابوون.

پەنجەرەو عەرووسییەکان بە شووشەی ڕەنگی ڕازاوە پەردەی زەربافتی جۆراوجۆر و توروتارای سپی لە نێواندا و دوولاشی بە گلۆڵەی زەرڵی و تەل قرمە چنراو و پێچراو.. کەنابەی کاری فەرەنگ و سەدەی لویسی سیازدەم و مێزی بازنە و چوار سووچەی گەورە و بچووك، گوڵدانی زەرنیشانی پایتەختەکانی ئەوروپا و دەستکردی چین بەسەر کوورە و مێزەکانەوە بەسەلیقە دانراو، سەعاتی زەنگڵەداری سەر مێز و ڕووی دیواری ئالتوونین، قلیانی زێڕینی نەخش و نیگاردار، قاڵیی ڕەنگاوڕەنگی تەورێز و، نائین، ئەسفەهان، کاشان، بەسەر زەوی مەرمەڕینەوە گەورە و بچووك پەخش کرابووەوە.

(مستوفي المماليك) ئویێچ و دەفتەر بەدەست شان بەشان لەگەڵ حەمە بەگی جافدا دوای سەری تەعزیم دانواندن، ڕووبەڕووی شا ڕاوەستان، شا لە کاتێکدا مژی لە قلیان دەدا سەری بەرز کردەوە، وتی:

– سەدرولئەعزەم لەبارەی تۆ و عێلی جاف ڕۆشنمی کردەوە، ئەگەر چی دان بەم مەرزەی وا ئێستا دانراوە نانەین و هەڵمان گرتووە بۆ ڕۆژی خۆی، ئادەی بزانم لەو بنارەدا چ خەوەرە؟ ئایا ڕەعیەتەکانمان بێ دەردەسەرن؟

– شا سەر سەلامەت بێ، لە سایەی دەسەڵاتی بێ پایان و تیشك پرژێنی هومایوونییەوە، سەر ئەسپاردە و گیان فیدایانی سەر حەدات، هەمووکات ئامادەی قوربانی دانن لە ڕێگەی جەلال و عیزەتی شاهەنشاهیدا.



مەهدولعلیای دایکی ناسرەدین شای قاجار



ژنانی حەرەم سەرای ناسرەدین شای قاجار

– جەندرمەی ڕۆمی ئازارتان پێ ناگەیەنن؟

– ئێمە نووری ئومێدی تەخت و تاجی شاهەنشامان لە دڵا بێ، کام هێز دەتوانێ ئازار و ئەزیەتمان پێ بگەیەنێ؟.

– ئافەرین، ئافەرین خانی جاف، تۆ لە ئێستاوە نازناوی خانیمان پێ بەخشیت.

ئینجا شا پەنجەیەکی بۆ (مستوفي الممالیك) ڕاوەشاند، وتی:

– فەرمانی خانی بۆ بنووسە و هەروەها فەرمان دەدەین ئەو بناری قەسری شیرین و ناوچەی زەهاو و سەرقەڵا و جێ گیرانەش لە ژێر دەستیدا دەبێ، بۆ پێویستییەکانی دیوەخان و کاروباری عێلەکەی. ئنجا پەنجەی بەرەو حەمە بەگی جاف درێژ کرد، وتی:

– ئومێدەوارم لە ڕێگەی ئەرکانی شاهەنشاییدا پێویستییەکانی سەر شانت بەچاکی ئەنجام بدەیت.

– شاهەنشا بەردەوام بێ. ئێمە بێ جیرە و مەواجیب سەر سەرئەسپاردەی جقەی پرشنگداری هومایوونین.

ئەگەر نازناوی خانی لەلایەن شاوە خەڵات کرایە، دارای شان و شەوکەتێکی تایبەت بوو لە چاو خەڵکی و دەوڵەت مەرداندا. دەنگوباسی مەرحەمەتی شاهانە دەرحەق بە حەمە بەگی جاف لەناو تەواوی سەرحەداتی ڕۆژئاوای ئێران و کوردستاندا دەنگی دایەوە بەربەڵاویی دەسەڵاتی تازەی محەمەد خانی جاف، دەستگا و دەسەڵاتی بەربڵاوتر و بەهێزتر کرد لەناو عەشایەرەکانی دوور و نزیکدا، ئۆمەرای ئەردەڵانیش بێ وچان گرفتاری یان بۆ جافە کۆچەرییەکانی ئێلاخ دروست دەکرد و کاتێك دەگەیشتنە هوبەتوو و دەوروبەری سەقز، یاساوڵان و دەسەڵاتدارانی ئەردەڵان گرفتارییان بۆ دروست دەکردن و چەندین شەڕوشۆڕ و کوشت و کوشتار لە نێوانیاندا ڕووی دابوو، ئەحمەد بەگ هەر لە کۆت و بەندی محەمەد خانی جافدا مابووەوە.

خەڵکێکی زۆر بۆ بەرەڵڵا کردنی بەگزادەی جافەکان لەلایەکەوە و ئازادکردنی

ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ لەلایەکی ترەوە سەخت لە تێکۆشانا بوون، ئەحمەد پاشا ڕۆیشتبووە ژێر گفتی بەرەڵلاکردنیان، بە مەرجێك لە پێشدا ئەحمەد بەگ بەرەڵلا بکرێ.

حەمە خانی جاف نەچووبووە ژێر ئەو مەرجە و دەیوت:

– قسە و بەڵێنی ئەحمەد پاشا جێگەی متمانە نییە، تا خزمەکانم لە پێشدا نەگەڕێنەوە ناو خێڵ.. مەگەر مەرگ ئەحمەد بەگم لە دەست ڕزگار بکا، ئیتر ڕاوێژ و متمانەو داوا و تکا و سوێن و بەڵێن و قورئانێکی زۆر خرایە نێوانەوە و بڕیار درا بەسەر سیروانەوە هەر دوولا دیلی خۆی بهێنێ لە یەك كات و ساتدا لەمبەر و ئەوبەری سیروانەوە بەرەو بوار مل بنێن و هەر یەکە بۆ لای جەماعەتی خۆی، بەم شێوە دیلی هەردوو لا ئازاد کران.

دوای گۆڕینەوەی دیلەکان، تا ئەندازەیەك گڕوگڵپەی کینە و دوژمنایەتی دامرکایەوە، خێڵەکانی جاف کەم و زۆر لە سیروان دەپەڕینەوە و لە گەرمیان و شوێن هەوارەکانیان دا دەبەزین و دەگەڕانەوە، تا وای لێ هات ڕووباری سیروان شێوەی سنووری خۆی لە دەست دا و کەوتە نێو عەشایەری جافەوە، بەخشندەگی ناسرەدین شا دەرحەق بە حەمە خانی جاف، توانا و دەسەڵاتی لە دوور و نزیکدا چەسپاند و کەوتە کەڵکەڵەی بەربڵاویی دەسەڵاتی ترەوە.

لە دەمێکەوە والی بەغدا پەیك و خەڵك خوای دەناردە لای حەمە بەگ تا بگەڕێتەوە خاك و دەسەڵاتی عوسمانلی، حەمە خانی جاف نەدەچووە ژێر بار، دەرباری قاجاریش دەیزانی کاربەدەستانی عوسمانلی گەلێك بەدوای گەڕانەوەی حەمە خانی جافەوەن.

بارگە و هەوارگەی حەمە خانی جاف لە دامێنی چیای داڵەهۆدا هەڵی دابوو، خێڵ کەم کەوتبوونە جووڵە، بەرەو ئێلاخ و مەڵبەندە کوێستانەکان، چەند سوارێك لە هەوارگەی ڕەئیسی جافەوە نزیك بوونەوە، یەك ڕاست بەرەو خەیمەگای حەمە خان ڕۆیشتن. نامەیەکیان دا بەدەست خانی جافەوە، حەمە خان نامەی خوێندەوە، ئینجا ڕووی کرد لە هەموویان ماقووڵتر، وتی:


– بـەڵـکـو بـزانـیت والـی بـۆ وا دامـێن گـیـرمـان بـووە و دەیـەوێ بـەرەو ئـەولا بگەڕێمەوە؟

– خـان، ئـاشکرایە، شەخسێکی وەك جەنابت هـەموو دەسەڵاتدار و سەردەم دارێك پێی خۆشە هـاودەمی بێ و دەستی دۆستـایـەتیی بۆ درێژ بکەی بەتـایبەت لە ئـاوا ئـاژاوە بـازاڕییەکدا.

– بۆچی وا دەزانیت ئەم سەردەمە، سەردەمی ئـاژاوە بـازاڕییە؟

– ئـاژاوە بـازاڕیش نـەبێ هـەردەم لـەسەر پـایە، تـا ببێتە ئـاژاوە بـازاڕی.

– والی نـازانێ ئێمە شەڕی براکوژیمـان پێ نـاکرێ و دەستمـان نـاڕواتە خوێنی هـاوخوێنەکانمـان، وەك دەزانیت نێوان ئێمە و ئەحمەد پـاشای بـابـان شەکەر و



حەمە پاشای جاف

ئاوه، ئەگەر لەم مەرج و ڕۆژگارەدا بگەڕێینەوە ڕەنگە تووشی کێشە و گۆبەن بین، ئەمەش لە بیرورای ئێمەوە دووره، بۆیە دووریمان هەڵبژاردووه.

– قوربان دەکرێ بگەڕێیتەوە و دووریش بیت.

– دەزانم دەکرێ، بەڵام من لەوانە نیم بتوانم لە شاردا بژیم بەتایبەت لە بەغداشدا، من پێم ناکرێ لە عێڵ و عەشایەر دوور بم، ئەگەر والی بتوانێ فەرمانی نازناوی پاشایەتیم لە سوڵتان بۆ وەرگرێ هەروەها خۆم و میقدارێك لە جاف لە قزرابات و دەوروبەریدا نیشتەجێ بین، ڕەنگە بگەڕێمەوە.

– جا قوربان ئەمانەی دەیڵێت هەر هەمووی بنووسە و تا دە ڕۆژی تر دەیگەیەنمە خزمەتی والی.

– هەروا دەکەم.

ئەوانەی وا حەمە خانی جاف داوای کردبوو، هەر هەمووی ئەنجام درا. نازناوی پاشایەتیی پێ درا و قزرابات و دەوروبەری کە بەدامێنی خوارەوەی کوردستان دەژمێررێ تەرخان کرا بۆ محەمەد پاشای جاف.

لەم ڕووەوە محەمەد پاشای جاف توانی بە دەرباری قاجاریش بسەلمێنێ گەڕانەوەی بە زیانی شاهەنشاییی ئێران نییە و، نابێ.

## ١٨

بازێك لە خێڵەكانی جاف لەگەڵ حەمە پاشادا بەرەو خوار بووبوونەوە، ئاژیل و مەڕومالاّتی جاف چو دەریا دەرودەشت، هەردوو كەمەری داپۆشیبوو.

دانیشتوانی ناوچەی قزرابات و زەهاوییە و دەوروبەری شارەبان؛ هاواریان گەیشتبووە ئاسمان، زەویوزار و خەلە و كشتوكاڵ و سەوزە و بوێسانیان لە ژێر دەمی مالاّتی جافدا پێشێڵ كرابوو، هەرچی داد و فریاد و شكاتیان دەبردە لای دەوڵەت و حەمە پاشا، دەردیان چارەسەر نەدەكرا.

عەرەبەكەش تەنگی پێ هەڵجنرابوو، بێ وچان تەكی بەدواوە دەدا و بەرەو خوارتر دەبووەوە زەویوزاری قزرابات و زەهاوییە بەكێڵگەیەكی زێڕینی كشتوكاڵ دەژمێرا، جافیش نە كشتوكاڵی دەزانی و نە حەمە پاشا دەیهێڵا نیشتەجێ ببن، لەم ڕووەوە حەمە پاشا كەوتە بیری زەویوزارەوە، پەیكی بەرەو ئێران هەنارد و دوو سێ هەزار ماڵی لوڕ و قەڵەوز و زەڕگۆشی كۆچ دا و لەو بناری قزرابات و زەهاوییە و شارەبانەدا جێگیر كردن و زەویوزاریشی بە سەریاندا دابەش كرد.

چ لە گەرمیان و چ لە كوێستان خێڵەكانی جاف، هەریەكە هەوارگە و جێگەیەكی تایبەت و تەرخانكراوی خۆی هەبوو، هیچ خێڵێك جێگەی ئەوی تری نەدەگرتەوە ئەگەر دەستدرێژیش بكرایە، بێ مەرافە و كێشە نەدەچووە سەر، ڕێچكەی سالاّنەی جافیش لە كاتی خۆیدا و بەڕێگەی جاراندا دەهاتن و دەچوون، لە ناوچە دوور ولاّتەكاندا، تیرەكان لە یەكتر دوور نەدەكەوتنەوە، هەر كە لە گوزەرگای ناوخوان بەرەو شلێر و پانتاییی پێنجوێن دەكەوتنە ڕێ، هەستیان بەهێمنییەكی زۆرتر دەكرد و بیرەكانیان بچووكتر دەبووەوە و كەم و زۆر لە یەكتر دوور دەكەوتنەوە و بەڕێچكەی جاراندا بە دۆڵ و بەندەنی چیاكاندا بەرەو خوار دەبوونەوە، تا لە

ملەکەوە تێ دەپەڕین و بەرەو بەرزنجە و لێواری دەشتی شارەزوور شان بەشان و بەدوای یەکتردا بەرەو خوار دەبوونەوە، لەوێڕا دەبوونە دوو بەشەوە و بەشێکیان دەشتی شارەزووری دەبڕی، بەرەو دۆڵ و چیای قەرەداغ و گوزەرگای پەیکوڵی و ئەوی تر بەرەو شەمێران و شێخ سەلە و سەرقەڵا و چێ گیران و قەسری شیرین و زەهاو، ڕێچکەی سەرەکی هەر کەسێ لە گوزەرگا و تەنگەبەری «پەی کوڵی» تێ دەپەڕی، بەرەو پانتاییی پێواز و دەشتی گەرمیان و کوردە میرەکان و شێروانە و شاکەل و دەوروبەری کفری و چیمەن و زەنگابات و برایم سەمین دادەبەزین و ئاستە و ئارام، هەوارگە بەهەوارگە، بەدوای لەوەڕ و گژوگیادا بەرەو خوار دەبوونەوە، ئەو ڕێچکەکەی تر لە زەهاو و قەسری شیرینەوە بە لێواری سیرواندا بەرەو خوار دەبوونەوە، تا زەهاوییە و قزرابات. لەوێدا هەردوو ڕێچکە یەکیان دەگرت و دووبارە بەرەو کوێستان دەکەوتنەوە ڕێ، ئەم مارەتوونە چەند سەد کیلۆمەترییە، بێ شەڕوشۆڕ و کشتوکاڵ بەژێر پێوەکردن و زیان و زەرەر بەنیشتەجێکان نەدەبوو، دێهات و خەڵکی سەر ڕێگەی ڕێچکەی جاف لە زەلالەتێکی بێ مەرز و سنووردا دەژیان و چارەیەکی تریشیان بەدەستەوە نەبوو.

بۆڵی دارخورماکان ساقەتەکەی کەوانەی کردبوو، هێندە بەری پێگەیشتووی پێوە ئاوێزان دەشەکایەوە، باڵندە و پەلەوەرەکان هێندە ئاوی خورمای شەراب ئاسای گەیشتوویان خواردبووەوە. مەست و شەیدا چریکە و جریوەیان سەرخۆشی تێدا وەدەردەکەوت، هەوارگەی پاشا لە زەهاوییەی قزراباتدا هەڵی دابوو، سەدان ڕەشماڵ و دەواری جۆراوجۆر لە دەوروبەریدا گلێر بووبووەوە، دەم چەرموانی جاف لە دەوری پاشادا بێدەنگ و ئارام دانیشتبوون، جموجۆڵ و هاتوچۆ و بڕۆوبیایەکی سەیر لە خێڵدا دەبینرا، زۆربەی خەڵکەکە بەجلوبەرگی ڕازاوە و پڕچەك و ڕەنگاوڕەنگەوە ئامادە و چاوەڕوان دەهاتن و دەچوون، هەر چارەکە سەعاتێك سوارێك پڕتاو بەرەو هەوارگە دەهات و دوو سوار چو تیر لە کەوان دەرچێ، لە هەوارگە دەردەپەڕین، ئیتر بەم چەشنە پاشایان لە هاتنی میوانەکانی ئاگەدار دەکرد، پاشا بێ ئەوەی لا بەلای یەکێکی تایبەتەوە بکا وتی:

– خوا بێتە خوای پاشا، بەم ئاگربارانە، ئەمە هەوارگە و شوێنە هەڵت بژاردووە؟

حەمە پاشا قاقا پێ کەنی و دەستی حەمە حەسەن خانی گرت و بەرەو ژێر دەوار ڕۆیشتن و وتی:

– چی بکەین، خان، ئەگەر ڕۆژگار لەگەڵتا نەگونجا، تۆ لەگەڵیا بگونجێ، ئەم جێگەم بۆیە ئیختیار کردووە تا لە شەڕی براکوژییەوە دوور بین و بێ خود و بێهوودە دەستمان نەڕواتە خوێنی ئازیزانماندا.

– پاشا، دیارییەکی باشم بۆ هێناوی.

– چ حاجەت بەدیاری، تۆ بۆ خۆت بەلای منەوە گەورەترین دیاریت.

– لەم قرچە قرچەی گەرمیانەدا، بەفرم بۆ هێناوی، بەفری نزار و چاڵە بەفرەکانی «داڵە هۆ»، یەك گالێسکەی پڕم بۆ هێناوی، ئەگەر چی زۆری لێ تواوەتەوە، بەڵام هەر باشە زۆری گەیشتووەتە جێ، بۆنی ئێلاخی لێ دێت.

– سێ ساڵی ئازگارە ئیلاخم نەکردووە، تا لەگەڵ ئەحمەد پاشادا تێ نەگیرێم و نەبینە باعیسی کوشت و کوشتار، ئەو خراپەی دەرحەقمان کرد، دیارە هێشتا هەر لە ملهوڕی و گەردن کێشیدا بەردەوامە.

– پاشا لە ڕاستیدا ئەم هەموو ڕێگەم بڕیوە، ڕاستە دیدەنیت نیعمەتە، بەڵام بۆ کارێکی تر هاتووم، من لەسەر داوای ئەحمەد پاشا هاتووم بۆ لات، نابێ دەست بخەیتە ڕووم، ئێوە دەبێ بگەڕێنەوە هەوارگەکانی خۆتان، پێم وایە ئەحمەد پاشا گەیشتووەتە ئەو باوەڕە ملهوڕی و سینە سەختی لەگەڵ جەنابتا، زۆرتر بەزیانی ئەوە نەك تۆ، تا ئێستایش بە گرانی بۆ تەواو بووە.

– ڕەنگە، بەڵام من چۆن باوەڕ بەو دەکەم، من ئیمانم نە بە قسەی هەیە نە پەیمانی.

– نا پاشا، نا، ئەم جارە جیاوازە، دڵنیا بە هیچ بیر و ئەندێشەیەکی خراوی لە بیردا نییە و منیش بە دە پەنجە بۆت ئیمزا دەکەم.

– خان.. تۆ ئەم ڕێگە دوورەت خستووەتە بەر خۆت هەر بۆ ئەمە؟

– وەك وتم لە پێشدا بۆ دیدەنیت، بەڵام ئەمەش بە کەم نازانم.

ئینجا حەمە خان ڕووی کردە یەکێك لە دانیشتووان و، وتی:

– قورئانەکەم بۆ بهێنن..

کابرا ڕۆیشت، هەگبەیەکی هێنا لە پارچەیەکی هەوریشمی سەوزدا قورئانێکی دەرهانی، هەر هەموو بەرزەپێ هەستانە سەرپا، قورئانی دایە دەست حەمە حەسەن خانەوە، ئەویش ماچی کرد و خستییە سەر چاوی و، وتی:

– ئەم قورئانە لەلایەن ئەحمەد پاشای بابانەوە ئیمزا کراوە، بۆ جەنابتی هەناردووە، کە هیچ جۆرە بیر و خراوەیەکی لە دڵ و دەروونا دەرحەق بە جەنابت نییە و نەماوە منیش بۆ خۆم هەر لەو باوەڕەدام و سەدان ئیمزا لە پشتی ئەو ئیمزاوە دەکەم.

– وەك وتم، ئێمە لەم زەمهەریرەدا خۆمان دوور خستووەتەوە تا نەبینە داردەستی دوژمن و ببێتە خەنەی دوا ڕۆژ، ئەگینا وەك خۆت باش دەزانیت بە هەر کوێدا هەوەسمان لێ بێ دەڕۆین و باکیشمان لە کەس نییە دیارە دوای ئەو خراپانەی دەرحەق بە ئێمە کردی هاتووەتە سەر عەقڵ، لەبەر خاتری حورمەتی ئەو قورئانە و هاتنی جەنابت دەگەڕێینەوە، بەڵام بەیەك مەرج، ئەویش ئەوەیە، ئێمەی جاف ئیتر ناڕۆینە ناو لەشکرێکەوە ئەوانی تێدابێ و هیچ ئامادەییەکمان نییە وەك ئەوسا لە لەشکرێکدا بین.

– پاشا ئەم باسەشم لەگەڵا کردووە و بڕاندووەتەوە، ئەو هیچی ناوێ تەنیا بەدەستهێنانی دڵی جەنابت نەبێ.

– باشە لەسەر قسەی جەنابت بەو مەرجە دەگەڕێینەوە، بەدوای گفتی گەڕانەوەی پاشادا سەدان سەڵاواتیان هەڵدا و زۆری نەخایاند لە هەوارگەدا بوو بەتەقەی تفەنگ.

## ١٩

– فەرمان، فەرمانە فەرمانی سوڵتان یەك و دووی بۆ نییە، هەر چۆنێك بووە دەبێ پەلاماریان بدەین.

– پاشا سەلامەت بێ، فەرمان ئەنجامدان ئەگەر لەگەڵ دیرایەت و لەیەکدانەوەدا بێ، بێگومان پەسەندتر و سەرکەوتووتر دەبێ.

– بێ شك هەروایە، بەڵام ئەم شەڕە بووە بە ڕیشمانەوە و چارەیەکی ترمان نییە هەر دەبێ بکرێ، دیارە شای ئێران دەخالەتی کردووە و نامەی بۆ سوڵتان نووسیوە. ئەحمەد پاشایش ئیتر خراو دەستی داوەتێ، ئەگینا بۆ ئاوا شەڕێك، سوڵتان بۆ خۆی دەستخەت نانووسێ؟

– منیش هەر وا بیر دەکەمەوە، دیارە شای ئێران شکان و شەرمەزاری سوپاکەی لە لێواری گۆڵی زرێواردا لە بیر نەچووە و بەدوای تۆڵەسەندنەوەی خۆیەوەیەتی، بەڵام قوربان دەبێ ئەوە بزانیت توانای ئەوڕۆی پاشای بابان گاڵتەی پێ ناکرێ و نابێ بە تیکەیەکی مۆڵی دانێین. سوپاوسانێکی گەلێك تێر و پڕ و پۆشتەی پێك هێناوە، بەئاسانی بۆمان قووت نادرێ دیارە بیروڕای گەورەتری لەسەردایە.

– هەر وایە قوربان، چەندین تۆپی جۆراوجۆری بەدەست هێناوە، سوپای هەمیشەگی دروست کردووە، شەڕوانانی ئازا و کارامەی گلێر کردووەتەوە، نازانم ئەمانەیان گەیاندووەتە خزمەتی پاشا یا خەیر؟.

– راپۆرتی جۆراوجۆرم پێ گەیشتووە، بەڵام ئەمانەی تۆ دەیڵێی، هەر ئەوە ڕاستە، دڵنیام لە ڕاستی و دڵسۆزیت.

– سوپاست دەکەم، دەڵێم ئەگەر ڕای پاشای لەسەر بێ، وای بەچاك دەزانم لە قۆڵی هەولێرەوە هێرشیان بۆ ببەین باشترە، تا دەگەینە دەوروبەری سلێمانی،

عەشایەرێکی زۆرمان لێ گلێر دەبێتەوە و جێگەی شەڕ هەڵبژاردنیش دەکەوێتە دەستی ئێمە، ئەگەر بێین و لە قۆڵی کەرکوك و دەربەند بازیانەوە دەست پێ بکەین، چۆنیەتی شەڕەکە و جێگە و شوێنی شەڕەکە ئاشکرا و دیارە و لە پێش ئێمەدا شەڕێکی زۆری تێدا کراوە و جەڵەوی شەڕیش دەکەوێتە دەست دوژمن.

– ئافەرین تابوور ئاغاسی، بیرەکەت پەسەند دەکەم، هەرواش دەکەین.

– فکر دەکەیت تا چەندێکی تر دەتوانین تەدارەکی ئەم شەڕە پێك بهێنین؟

– یەك دوو مانگێك هەر دەخایەنێ، ئەگەر هەر لە ئێستاوە پاشا بە یونس پاشای مووسڵیش راگەیەنێ، ئەویش خۆی ئامادە بکا باشترە، دوژمن دارایی توانا و شەڕکەرانی فراوانە.

– ئەگەر تەدارەك مانگێك بخایەنێ و مانگێکیش ڕێگە و چەپ و ڕاستی ڕێگە، وا کردی گەرمیی هاوین.

– هەروا دەکا قەینا دەکەوینە شەڕەوە، هەر نەبێ لە شەڕی گەرمای بەغا ڕزگار دەبین و ئەگەر خوای گەورە کردی لە شەڕدا سەربکەوین، ئەوا بەقیەی ساڵیش لە ئەستەنبوڵ دەگوزەرێنین.

– ئەگەر سەرکەوتین؟

– دڵنیام سەردەکەوین.

کزە و چزەی گەرمای هاوین ئینسان و حەیوانی بێ چارە کردبوو، هاڵاوی گەرمی ڕەشەبا، دیوارەکانی شاری برژاندبوو، لوورە و لرفەی بای شەوان چو جانەوەری بێچوو خوراو دەیلووراند و دەیقوڕاند.

سلێمانی لە دامێنی گۆیژەدا تاو گرتوو، نیو هەناسە، بێ ڕەمەق و مردوو، بە سەخڵەت پەلی دەکوتا. ئەحمەد پاشا لە تەلاردا عەجوولانە و ئاڵۆز دەهات و دەچوو، دەستی ڕادەوەشاند و دەینەڕاند و بەناو چەند کەسێکی بانگ دەکرد.

دەرکەوان خوو و ڕەوشتی پاشای دەناسی، ئەو بانگکردنە بەو شێوە مانای ئەوە بوو، خاوەنی ئەو ناوانەم بۆ بانگ بکەن و بێرنیە حوزوور.

– ئـەو شێوە بـانـگـکـردنـەش بـە نیشانـەی ڕووداوێکی گرینگ لـە قـەڵـەم ئـەدرا تـووڕەبـوون و ئـاڵـۆزیـی ئـەحـمـەد پـاشا نـاسراوی دوور و نـزیك بـوو. زۆر کـەس ڕەوشتـی تـونـدوتـیـژیی ئـەوی بـۆ دەرکـەوتـبـوو، کـە بـهـاتـایـەتـە نـەڕەو تـووڕەبوون، کاربـەدەستانی دارولئیمـارە خۆیـان لـە قـەرەی پاشا نـەدەدا تـا دادەمرەکایـەوە.

گاڵەو گڵـەگڵم لـە دەری تـەلارەوە دەهـاتـە گویٚ، زۆری نـەخـایـاند مـەلا خدری «نـالی» و حـەسـەن خـانی سنجـەق بـەگی و فـەهمی بـەگ و تـەحسین ئـاغـای دوغـرمـە و ڕەشید کـەمـان گر، هـاتنـە تـەلارەوە و لـە چـەپ و ڕاستی پـاشادا لێی دانیشتن.

ئـەحمـەد پـاشا پـەشێو و ئـاڵۆز سوور هـەڵگـەڕابوو، بیٚ پێشەکی ڕووی تیٚ کردن و، وتی:

– سـەیر دەکـەن چۆن لێمـان نـاگـەڕێن، هـەر ڕۆژێك بـەزمێکمـان پیٚ دەگێڕن، ڕۆژێك



نـالی شارەزووری

ڕۆم و ڕۆژێك عەجەم و ئەمرۆش هەردووكیان پێكەوە، سەیرە.. سەیر، ئەو چەندین سەدەیە ئەم دوو دەوڵەتە لە یەكتر دەكوژن، كەچی وا لە ئێمە كوشتندا بوونەتە برا.

سەبارەت بە شەڕی مەریوان، شای ئێران نوێنەری ناردووەتە لای سوڵتان و ئەویش شمشێری تۆڵەی لێمان لەكێلا دەرهێناوە. نەجیب پاشای بەغدایش وا خەریكی تەدارەكی لەشكر و هێرش هێنانە سەرمانە، ئێوەم بۆ ئەوە بانگ كردووە، هەر یەكەتان دەزانن بەرەو چ لایەك دەڕۆن، دەبێ بە سوپا و لەشكر و عەشایەرەوە بگەڕێنەوە، ئەگینا توانای ئەم شەڕەمان تێدا نابێ.

حەسەن خانی سەنجەق بێگی قسەكانی پاشای بڕی و، وتی:

ئەگەر ڕۆیشتنەكەمان بە نامەی پاشاوە بێ ڕەنگە جوانتر بێ.

– بێ شك دەینووسم، ئێوە بڕۆن خۆتان ئامادە بكەن، منیش نامەكان، تا ئەو حەلە دەنووسم و بۆتانی دەنێرم.

هەموویان ڕۆیشتنە دەرەوە، جگە لە مەلا خدری «نالی» نەبێ، هەر لە جێگەی خۆیدا نەجوولا.

پاشا ڕووی تێ كرد و، وتی:

– بۆ ڕاوەستاوی، بەڕێ ناكەوی؟

– قوربان، بەرەو كوێ بڕۆم؟.

– مەعلوومە مەگەر تۆ جاف نیت؟.

– بۆچی نا، بەڕێ وەڵڵا جافم.

– بێ شك بەرەو ناو جاف و لای حەمە پاشای جاف دەڕۆی.

– قوربان، ئەمە بە من ناکرێ، لە ڕۆیشتنی من سەرفەنەزەر بکە، ئەگەر دەکرێ یەکێکی تر بنێرە.

– بۆ ناکرێ؟

– فرە ئاسانە، قەینا، من جافم، بەڵام ڕەنگە پاشا ئەمە نەزانێ، کە من گەرموگوڕییەکی ئەوتۆم لەگەڵ حەمە پاشای جافدا نییە، هۆکەشی ئاشکرا و ڕوونە، ئەو بنەماڵەی بەگزادەی جافە، هەر هەموویان شیفتە و عاشقی ئەدەبیات و ئەشعاری گۆرانن و لە شیعر و ئەدەبیاتی من لەزەت و چێژێکی ئەوتۆ نابەن و نەیانبردووە، وەك پاشایش باشم دەناسێ منیش لەوانە نیم خۆم بە کەسدا هەڵسپێرم و کەوای کەس بسرم، بۆیە تێکەڵیان نەبووم و هەروا دوور و دۆست لێی وەستاومەتەوە.

شار ئاشوفتە بووبوو، سوارە چوار چوار و پێنج پێنج بە ڕەوت و یەرغە دەهاتن و دەچوون، بازێك لە شار دەردەچوون و بازێکیش بەرەو شار، بارگە و بنەی ژن و منداڵ بەرەو ڕۆژهەڵاتی شار وەدی دەکران، چەکداران قەتار لە مل، خەنجەر لە پشتوێن، بە پەلە دەهاتن و دەچوون، بازاڕی کڕین و فرۆشتن گەرم بووبوو، بەتایبەت نرخی ئەسپ و هێستر و وڵاخ چەندین بەرانبەر گرانتر دەفرۆشران، هەموو گۆشەیەکی سلێمانی دەنگ و ڕەنگی شەڕی بەخۆوە گرتبوو، بۆنی بارووت گەیشتبووە کەپووی هەمووان.

پێش قەرەوڵی ئۆردووی بەغا لە شاری هەولێرەوە بەرەو سلێمانی داکشابوو، پەیتا پەیتا پیتاك و یارمەتی و چەکدار لە بەغدا و مووسڵەوە دەگەیشتنە نێو لەشکری والی، چەند عەشایەرێکی سەر ڕێگە چووبوونە نێو لەشکری محەمەد نەجیب پاشاوە، والی لە خۆبایی و دڵنیا بەرەو سلێمانی دەهات، لەشکری بەبەش، پۆشتە و ئاراستە و بێ پەروا و ڕازاوە، سەرفەرازانە ڕوو بە دوژمن دەچوو، یەشتا بەرزە دەماخیی سەرکەوتنی شەڕی مەریوان لە ناخ و ئەندێشەی شەڕوانانی لەشکری بەبەدا شەپۆڵی دەدا و، بە عیشقەوە بەرەو مەیدانی شەڕ دەڕۆیشتن و، هەستی نەتەوایەتی و عیشق و عەلاقەی وڵات، کەم و زۆر هاتبووە جووڵە، زۆریش بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و تاڵان و شۆرەت هاتبوونە نێو لەشکری بەبەوە،

لەشکر بریتی بوو لە دوو کۆمەڵی گەورە و جیاواز.

– ئەحمەد پاشا دەمێك بوو خەریکی پێکهێنانی سوپایەکی ڕەزم دیدە و لێزان و کارامە بوو، بەپێی فەن و زانیاریی سەربازگەریی ئەو حەلە بەشی تۆپخانە و سوارە و پیادە و ئەندازە گیریی و تەقەمەنی و ئازووقە و ئاژێڵداری جیا جیای پێك هانیبوو، چو سوپایەکی دامەزراوی تاقیکراوە، ئیتر تۆپچی وردەکار و سوارەی گەرناس و پیادەی فرز و چالاك و چەلەنگ هەر هەموو پێکەوە یەك پارچە ئالآبوونە یەك و لە ڕووی دوژمندا یەك دەست و یەك سان ڕاوەستابوون، پێش قەرەوڵی لەشکری بەبە برکە برکە دوژمنی دادەپلۆسی و ترسی لە دڵیاندا دەچەسپاند و دەیانیتۆقان.

سوپای بەبە لە دەوروبەری کۆییدا خەیمەگای خۆی لێ هەڵدابوو، ئاوازەی تێر و پڕی و پۆشتەیی و پڕ چەکیی سوپای بەبە، ترس و چەکەرەی خستبووە دڵی دوژمنەوە. نەجیب پاشا چەند نامەی سازشکارانەی بۆ ئەحمەد پاشای بابان نووسیبوو، بێ وەڵامی هێڵابووەوە.

شەڕ لە ئەمڕۆ و بەیانیدا بوو، هەردوو لا دوور و نزیك توانا و تەوژم و ژمارەی یەکتریان خستبووە ژێر چاودێرییەوە و ئەحمەد پاشا لە سەرکەوتن دڵنیای دڵنیا بوو.

ڕاوێژ و لە یەکدانەوەی هەڵبژاردنی ڕۆژی هێرش خرابووە نێوانەوە و دوو سێ چرای ئاوێنەدار لە چەقی چادرەکەدا شۆڕ بووبووەوە. ئەحمەد پاشا بەجلوبەرگی پاشایەتییەوە لەسەر کورسییەك پەخش و بڵآو بووبووەوە، دەستی نابووە سەر مشتی شمشێرەکەی بە چەپ و ڕاستیدا فەرماندەران و سەرەك تیرەکان دەوریان دابوو پاشا، ڕووی کردە ئەحمەد بەگی خەزنەدار و، وتی:

– پێم وایە ئەگەر سبەی مووچە و مواجیبی سوپا بدەیت باشتر بێ.

ئەحمەد بەگی خەزنەدار نەختێك لە پاشا نزیك بووەوە، وتی:

– قوربان، وەك دەزانی ئێمە شەڕمان لە پێشە و شەڕیش بێ زەڕ ناکرێ جگە لەمانەش چەکدار و سەرباز وەك سەگ وان تا برسییان بێ باشتر پەلامار دەدەن،

پێم وایە سەگ بە برسییەتی بمێنێتەوە باشترە، بەتایبەت لە ئاوا ڕۆژگارێکدا.

– توند ڕۆیشتی، سەرباز بێ پارە و زەڕ، شەڕی پێ ناکرێ، چ تێر بێ، چ برسی، قەینا چەند ڕۆژێك بخرێتە دوا.

ئەم قسە و باسە وەك ئاگرێك لە پووشوو بکەوێ لەناو لەشکری بەبەدا بڵاو بووەوە، کاربەدەستانی سوپا بڕیاریان دا لە سزای ئاوا قسەکردنێکدا، ئەحمەد بەگی خەزنەدار بکوژن، تەقەیەکی شەوانە دەکەنە نیشانەی چوونە سەر ئەحمەد بەگی خەزنەدار.

– لە شەوێکی تاریك و بێ ڕەنگدا، لە دنیایەکی بێ هەناسە و بێدەنگدا، شریخەی تەقەیەك ئاسمانی ئۆردووگا دەتلیشێنێ و هەمان تەقە هەزاران تەقەی بە دوادا دەکرێ، سوپای بەبە لەنێو یەکدا کوشتارێکی بێ ڕەحمانە لە ناوەخۆدا دەست پێ دەکەن، سبەی کە ڕۆژ دەبێتەوە، وەك بوومەلەرزە لە شاری دابێ ئۆردووگای بەبە، داروبەردی بەسەر یەکدا درابوو، هەر لاشەی مردوو و بریندار بوو و لێرە و لەوێ ڕمابوو، ئەحمەد پاشا لەگەڵ چەند سوارێکی پاسەوانی خۆیدا بەرەو ڕۆژهەڵات و ئێران بۆی دەرچووبوو.

سوپای والی بێ شەڕ و بێ تەقە، بێ بەرانبەرکێ بەرەو سولێمانی کەوتە ڕێ،

زۆریان نەمابوو بگەنە شار، ئۆردووی والی درایە دەم نرکەی گوللە تۆپەوە. نە یەك و نە دوو و نە دە، سوپا شڵەژا و پەشۆکا، هەر برکەیەك بەرەو لایەك بڵاوەیان لێ کرد، لە هەرلایەکەوە هەنگاویان دەنا، باروت و ئاسنی گوللەتۆپ شڕزەی دەکردن، محەمەد نەجیب پاشا و فەرماندەرەکانی کەوتنە ئەو باوەڕەوە، هێزی بەرگریی شار بەرانبەریان ڕاوەستاوە.

بەسەر گردێکەوە گوللەتۆپ چو برێشکە دادەبارییە سەر ئۆردووی والیدا، بڕیاریان دا هەر چۆنێك بووە هێرش ببەنە سەر گرد، دوای دوو ڕۆژ بەرەنگاری و لەدەستدانی چەندین کوژراو و بریندار ئابلووقەی گرد دەدەن و دەنوارن هۆی ئەو هەموو ئاگربارانە تەنیا یەك زەلام بووە، دەستگیری دەکەن دەیبەنە لای والی.

والی دەپرسێ ناوت چییە؟

– مامە یارە.

– مامە یارە تۆ دەتزانی سوپاتان شکاوە و ئەم هەموو کوشتارە چی بوو لێمانت کرد؟.

– من ئەرکی سەر شانی خۆمم ئەنجام داوە، من سەربازم، تا فەرمانی کشانەوەم نەدرێتێ، شەڕی خۆم دەکەم تا دەمرم، با سوپاش شکابێ، من فەرمانی کشانەوەم پێ نەدرابوو.

نەجیب پاشا ئافەرینی لێ دەکا و دەڵێ:

– لە پاداشی ئاوا ئازایەتییەکدا چیت دەوێ بۆت بکەم؟

– قوربان هیچ، تەنیا دێکەمان لە خاوەدان موعاف بکە.

– هەر ئەوەندە؟.

– لەم ڕۆژەدا، ئەوە بکرێ کەم نییە، بەڵێ، هەر ئەوەندە.

٢٠

دەم ڕاسان بەندی کۆت و زنجیر، چاوساقان پەرێشان و بێ تەگبیر، نازداران بێ ناز و شەرمەزار و دیل و ئەسیر، بەلایانەوە نە ژێر ژێر بوو، نە میر میر بوو، هەموو شت بێ ڕێز دەبینرا، هەرچییان بویستایە ئاسان دەبرا و دەکرا و توانا و دەسەڵاتی بەبە تێکوپێك شکابوو، ئەحمەد پاشا سەڵتە زەلامانە شەڕ و شاری بەجێ هێڵابوو، بارگە و بنە و ئۆردووگا لە ژێر سمی ئەسپی دوژمندا هەلا هەلا کرابوو، نەجیب پاشا دادگایەکی نیزامیی پێك هانی و چەندین دلاوەر و شەڕوانی بەناوبانگی نێو شار و برینداری لە چەقی مەیدانی شاردا هەڵواسی، جەندرمەی دز و دەخەڵی یەنی چەری سەدان فێڵ و فەنی فراوانیان بۆ چەپاو و تالآن دەست پێ کردبوو.

نەجیب پاشا و تابوور ئاقاسی و چەندین پاشای تورکی تر لە دارولئیمارەی بەبەدا بێ باکانە پا لەسەر پا لێی دانیشتبوون .

عومەر پاشا ڕووی کردە نەجیب پاشا، وتی:

– نیازمان بە ئالیك و ئازووقە پەیدا کردووە، دەفەرموویت چی بکەین؟

– ئەمە پرسیاری بۆ چییە، پێ بنە ڕێسی ملی دانیشتوانی نێو شاردا و ئازووقەی پێویستیان لێ بسێنە و لە دێهاتیش ئالیك و پووشانەی لەشکر گلێر بکەرەوە، ئەم خەڵکە زەمانێکە ئاوی بێ لەقاو دەخۆنەوە دەبێ کارێکی وایان بەسەر بهێنم، بارە گوێزیان لێ بنێم خرەی نەیە، ڕەشمەکەشیان بەدەستی مندالێکەوە دەدەم، ئاوڕێکی دەرەوە بدەن و وردبنەوە، ئەوانەی لە دەرەوە ڕاوەستاون، تا دوێنێ، نەك ئێمە بگرە دانیان بە سوڵتانیشدا نەدەنا، دەنوارن چۆن کوتەك دەزانیت قۆناغ لە کوێیە؟.

تابوور ئاقاسی ئارام هاتە نێو قسەی نەجیب پاشا و عومەر پاشاوە، وتی:

لەم شەڕەدا حەمە پاشای جاف هیچ جۆرە یارمەتییەکی ئەحمەد پاشای نەداوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ پەلوپۆی ئەویش نەقرتێنین، ماری ژەهراوی گەورە و بچووکی بۆ نییە، ئەگەر بکرێ دەبێ وەك یەك یەك سەریان پان بکرێتەوە، ئەویش سەودای گەورەیی لە سەردایە و سەری لەنێو ئاخوڕی دەرباری تاراندایە و سەر ئەسپاردەی شایە ئەگەر لە ئێستاوە دەورویەری نەتەنینەوە، سبەی لێمان دەبێتەوە ئەژدیها.

نەجیب پاشا پەنجەی هەڕەشەی بەرەو عومەر پاشا ڕاوەشاند، وتی:

– من و تابوور ئاقاسی تا چەند ڕۆژێکی تر بەرەو ئەستەمبوڵ دەکەوینە ڕێ، ئەتۆ بە تەواوی توانا و دەسەڵاتەوە جێگری منی و فەرمانڕەوای، دەمەوێ تا دێمەوە ئەم وڵاتەت کردبێتە ماستی مەییو وەئیلا من و تۆیان نەوتووە.

– پاشا دڵنیا بێ پێویستەکانی سەر شانم بەرێکوپێکی ئەنجام دەدەم و پاشایش ڕازی دەکەم.

– زۆر لەم لەشکرەت بەلاوە بەجێ دەیەڵم، زۆرتر بۆ پێشێلکردنی ئەم ناوچە و وڵاتە و هەروەها تۆقاندنیان.

– دەفەرموویت چی لە حەمە پاشای جاف بکەم؟

– کەیفی خۆتە ئازادی هەرچی بەچاك دەزانی بیکە، دژوارییی لەگەڵا بکە، بیانووی پێ بگرە، کابرا فرە ملهوڕ بووە. تا ئەم عەشرەتە لە هاتوچۆ نەکەون و لە ڕەوەندایەتی دەس هەڵنەگرن بۆ ئێمە دەستەمۆ ناکرێن.

– فەرمانت ڕەوایە.

بەسبەینێدا نەجیب پاشا و تابوور ئاقاسی بەرەو هەولێر و موسڵ و ئەستەمبوڵ کەوتنە ڕێ، عومەر پاشایش لە شاردا چو دوژمنێکی سەرکەوتوو چاك و خراوی وەك یەك تێ دەنواڕی، دوو سێ هەزار سەربازی لە شاردا بەجێ هێڵا و بەرپرسێکی یەنی چەریی کردە سەرپەرشتیان و خۆیشی بەوپەڕی کینە و دڵڕەقی و زەبر و زۆرەوە کەوتە گەڕانی ناوچەکانی کوردستان، نامەیەکی هەناردە دوای حەمە پاشای جاف و لە دەشتی شارەزوور لە ژێر چادرێکدا پێکەوە کۆبوونەوە.

– ئێمەی عوسمانلی دەزانین ئێوەی جاف لەم شەڕەدا هیچ جۆرە یارمەتییەکی ئەحمەد پاشاتان نەداوە و بێ لایەن مابوونەوە، بەڵام وا نەزانی ئەو بێ لایەنییەش ئێمە بەتاوانی نەزانین.

– وا دەزانم پاشا خیلاف دەفەرموێ، ئێوە دەبێ سوپاسگوزار بن، کە ئێمە بێ لایەن بووگین، ئەگەر لەگەڵ ئەحمەد پاشادا باینایە چی؟

– چی؟! هەر وا دەبوو، کە بوو.

– بڕۆن شوکری خوا بکەن، کە هێندە بەختتان یار بووە، ئەگینا ئاکامی شەڕەکە بەم شێوە نەدەبوو کە دەبینرێ.

– بەهەرحاڵ وەك دەبینی لەشکری بەبەمان ونجڕ ونجڕ کردووە.

– پاشا، ئەمانە هەمووی بەجێگەی خۆی، ڕاست بڕۆ نێو چەقی باسەکەوە، دەتەوێ چی بڵێی؟

– نامەوێ شتێکی نا پەسەند و نەشیاوت پێ بڵێم، ئەوەندە دەڵێم دەوری ملهوڕی و گەردنکێشی بەسەر چوون، لە هەر گۆشە و قوژبنێکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیدا فەرمانی سوڵتانە.

– جا ئێمە کەی سەرپێچیمان لە فەرمانی سوڵتان کردووە؟

– سەرپێچی لە فەرمانی والی بەغدا، یانی سەرپێچی لە فەرمانی سوڵتانە.

– ئەمەش شتێکی تازە نییە و دەمێکە زانراوە، دەشزانین، بەڵام جارەوبار والی و دەست و پاکانی وڕك و بیانووی ناجۆر و ناپەسەند دەگرن و ئەوەش بە هەموو کەس ناکرێ.

– بکرێ یا نا، ئێوەی جاف دەمێکە بووگن بەمایەی گرفتاری بۆ والی و کاربەدەستانی عوسمانلی.

– نافەرمووی لە چ ڕوویەکەوە؟

– لە هەزار ڕووەوە، پێم وایە ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێ حەد و حدودێکیش بۆ ئێوە دانرێ.

– وا نازانی ڕاستەوخۆ پێکەوە بدوێین باشتر لەیەك تێ بگەین.

– خۆ منیش هەروا بەباش دەزانم، ئێوەی جاف سێ ساڵ لە ئێراندا بوونە و یەك سەر مەڕ سەرانەتان نەداوە، پێویستی سەر شانتانە چل یەکی تەواوی ئاژێڵەکانتان هی ئەو سێ ساڵە و ئەمساڵیش هەر چواری پێکەوە بدەن، بۆ لەمەولاش حەقی هاتوچۆ و گەرمیان و کوێستانتان نییە و، دەبێ لە جێگە و شوێنی خۆتاندا نیشتەجێ بن و جێگیر و پا نەخەنە ناو خاکی ئێرانەوە.

– مەرجی یەکەم سەرانە بژاردن، ڕەنگە بتوانین بیکەین، بەڵام وا نازانم بتوانین دەست لە ڕەوشت و چۆنیەتیی ژیانێکی چەندین هەزار ساڵەمان بە ئاسانی هەڵگرین، ئێمەی جاف ئەوەتەی ئەم خاك و بوومە هەبووە و پێش ئەوەی مەرزی ئێوە و ئێران لە نێوانماندا مێخی زوڵمی داکوترێت، ئێمە هەبووینە و هاتوچۆمان تێدا کردووە، ئێستا بە دوو هەڕەشە و گوڕەشە دەستی لێ هەڵناگرین.

– وا نازانیت ئەمە بەسەرپێچی لە فەرمانی سوڵتان دابنرێت؟

– وەك وتم ئێمە هەزاران ساڵە کۆچەرین، وەك باز و هەڵۆی بەرزەفڕ لە هەر کوێدا ویستوومانە دابەزیوین، وا نازانم ڕەوەندی ئێمە نافەرمانی بێ لە فەرمانی سوڵتان..

– بگرە ئەمە بیانوویەکی نەکولاوە.

– گرانت بۆ تەواو دەبێ.

– هەڕەشەم لێ دەکەی.

– هەر چۆنێك تێی دەگەی.

– وای تێ دەگەم بەم دوا شەڕەدا کەیل و کێشانەتان لە دەست داوە و تیژ مەڕۆن.. هێندە ئەم خەڵکەش بەبێ دەسەلات دامەنێن! وەك وتم سەرانەی ئەو چەند ساڵە دەدەین، بەڵام نیشتەجێبوون هەرگیز.. ئەمەش دەگەیەنمە دەرباری سوڵتان بۆ پاشەڕۆژ تا لە ڕاستەقینەی ڕووداو ئاگەداری بن، ئاخر ئێوەی پاشاگەلی عوسمانلی نە لەگەڵ کەسدا ڕاست دەکەن و نە لەگەڵ سوڵتانیشدا، هەمووکات درۆیش دەگەیەننە دەربار و دەوڵەت.

– وەك وتم گرانت بۆ تەواو دەبێ.

– گران یا ئاسان، ئێمە لە تۆ باشتر بەرژەوەندی خۆمان دەزانین و پێویستیمان بە لەلە و چاوساقان نەبووە و نیشە.

– بەم زووانە یەکتر دەبینینەوە، ئەو حەلە مانای ڕاستەقینەی بەرژەوەند تێ گەیشتوویت.

حەمە پاشا هەستایە سەر پا و لە کاتێکدا بێ خواحافیزی بەڕێ دەکەوت وتی:

– ئەوەی لە دەستت دێ.. درێغی نەکەی.

– ئەگەر کردم، نامەرد بم.

– شتێکی تازە بڵێ، نامەرد کەی هەیت.

٢١

– عەشرەت بیکەن لە ڕێگەی خوادا بمگەیەننە پاشا.. عەشرەت لێم گەڕێن با بڕۆمە خزمەتی.

– کابرا، تا سبەی تامۆڵ کە، شەو دەرنگە و پاشا خەوتووە، چی دەبێ سبەی بێت؟

– نا برا. نا.. توێ هەر ئیمشەو بێ، بەخوا بەخوا لێم نەگەڕێن بڕۆمە خزمەتی سکی خۆم دەدڕم.

کابرا هەر وای کرد و خەنجەری لە کێلان دەرهێنا و پەیتا پەیتا ڕای دەوەشاند و دەیوت:

– توێ هەر ئێستا بڕۆمە خزمەتی، سێ شەو و ڕۆژە بە ڕێگاوەم تا خۆم گەیاندووەتە ئەیرا و، ئێوەش بەرتان لێ گرتووم.. ئەمە فرە بێ مەعنایەییە.

– کابرا دەرك و شعورت بێ.. بۆ تێ ناگەی؟ ئەم وەختانە کەس ناڕواتە خزمەتی پاشا، با ڕۆژ بێتەوە، بەسەرچاو، ئەرێ کورە تۆ ئادەمی کوێی؟.

– نەخێر ئیستەرەم.. ئەمشەو.

کابرا هەی.. خەنجەری ڕادەوەشاند و بەرەو دەواری پاشا وەڕێ کەوت.. چەند کەسێك پڕیان داێ و قۆڵ و بازوویان گرت و کابرایش پڕ بەدەم دەیقیڕاند:

– پاشا هاوار.. فریام کەوە.. هاوار..

کابرا خۆی ڕادەوەشاند و زەلامەکانیش پەلکێشیان دەکرد و لە دەواری پاشا دووریان دەخستەوە.. کابرایش دەیقیڕاند و دەیوت:

– بەردت لێ وارێ ئاوا.. کورە خۆ هەر پاشای ئێوە نییە، لێم گەڕێن.. کورە پاشا هاوار.

گلمەگلم و بیگرە و دەری مەکە بەرز بووبووەوە، لە پڕ پاشا لە دەوار هاتە دەرەوە، کابرا مشکییەکەی کەوتبووە ملی و یەشتا هەر خەنجەرەکەی ڕادەوەشاند و دەیقیڕاند و سەری سووڕ دەدا و پەلکە هۆنراوەکانی بەدەوری سەریدا دەچەرخا و پای لە زەوی گیر دەکرد و دەیوت:

– کوڕە عەشرەت بیکەن لە ڕێگەی خوادا لێم گەڕێن.

بە ئیشارەتێکی پاشا بازووی کابرایان بەردا و، گرمە و گاڵەش بڕایەوە.

کابرا دانەوییەوە، کڵاوەکەی لە زەوی هەڵگرتەوە، کردییە سەری و خەنجەری خستەوە کێلان و بە پەلە مێزەرەکەی بەستەوە و بەرەو پاشا ڕۆیشت. پاشا وتی:

– بەم شەوگارە ئەم گۆبەنە چییە ناتەتەوە؟.

کابرا هەر لە پاشا نزیکتر دەبووەوە وتی:

– ئا تۆ با بگەمە خزمەت! ئەو حەلە دەزانی حەقمە. کابرا پڕی دا و دەستی پاشای ماچ کرد و دەستی خستە سەر چاوی ئینجا وتی:

– قوربان نەمدەتوانی تا سبەی تامولّ بکەم، ئاخر درنگەم دەکرد، تۆقیام کار لە کار بترازێ.

پاشا لە کاتێکدا دەڕۆیشتە نێو دەوارەکەوە وتی:

– لێی گەڕێن با بێتە ژوورەوە.

کابرا لە دەمی دەوارەکەدا کڵاشەکانی داکەند و ڕۆیشتە ژوورەوە لە بەردەم پاشادا ڕاوەستا.

پاشا وتی:

– ئا دەی بزانم بۆ درنگەت دەکرد؟ مەگەر چی قەوماوە؟ شەمە لە مانگ دەبڕا سبەینێ بایە؟

– قوربان وەو قورئانە وا لێت خۆندووە، سێ شەو و سێ ڕۆژە وە ڕێگەوەم تا

گەیشتمەتە ئەیرا و بگەمە خزمەتت..

– دەی ئیتر ئەوەندە مەیرێسە و.. ئا بزانم بۆ درنگەت دەکرد؟

– قوربانەکەت بم چەند شەو پێش زەوارێك بووین لە قەسری شیرین و ناوچەی زەهاوەوە دەهاتینەوە، ڕێگەیان پێ گرتین و ڕووتیان کردینەوە و بردمانیانە لای گەورەی چەتەکان، پرسی کوێنەرین؟ من وەڵامم دایەوە:

– جافین..

وتی:

– جافن؟

وتم:

– بەڵێ جافین.

وتی:

– جافە گوێ بگرە نەمرم سەری پاشاکەتان بەژێر سکی ئەسپەکەمدا هەڵواسم.

پاشا چاوی بڕییە نێو چاوانی کابرا، وتی:

– خلە پەزە وای وت؟

– ئا وەو پەڕەی قورئانە وا لێت خۆندووە و، خەلافی تێدا نییە، جا قوروان، خۆ هەر من نەووم، بیست کەسێك دەبووین.. هەر هەموو گوێیان لێ بوو..

– هەستە برۆ هەنۆزگە و سبەی زوو وەرەوە لام بەڵام نامەوێ ئەم باسە لای کەس بدرکێنی، بە هیچ نەوعێك، تێ گەیشتی..

– فرە خاس..

پاشا هەستایە سەر پا و لەناو دەواردا دەستی بە هاتوچۆ کرد و هات و چوو و ڕۆیشت و هات، ئینجا لە دەوار هاتە دەرەوە، وتی:

– کوڕە، کوا لە کوێن؟

هەشت نۆ کەس وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ قوربان.

– هەر ئێستا دەڕۆن تەواوی سەرکۆمارەکانم بۆ دێنن بۆ ئەیرا. ئەگەر سەرکۆمار لە خێڵدا نەبوو، سەرخێڵم بۆ بانگ دەکەن، پاشا دیسان ڕۆیشتەوە ژێر ڕەشماڵەوە.

خرمەی سمی ئەسپی پڕتاو هاتە گوێ، سەگەل هاتبوونە وەڕین، لە دوورەوە گڕ و بڵێسەی ئاگری کوانووی خێڵەکان لە تاریکی شەودا چاوە قلیچەکەیان دەکرد و نیشانەی هوشیاری و بێداری وەدەر دەخست، دوورتر و دوورتر بە هەرچوار دەوری خێڵا، ئاگری پارێزەران تارماییەکی زەرد و سوور لە پشتی چیاکانەوە خۆی بۆ قووڵاییی ئاسمان دەکوتا و لە تاریکی شەودا دەتوایەوە.

وڕە و گاڵە کەوتبووە نێو خێڵەوە و وردە وردە سەرخێڵەکان گەیشتبوونە بارەگای پاشا و، بەدەست و چاو لە یەکتریان دەپرسی:

چی قەوماوە؟ چی ڕووی داوە؟ پاشا بەم شەوە ئێمەی بۆ چییە؟ ئیتر هەر پرسیار بوو لە یەکتریان دەکرد و نەدەگەیشتنە وەڵامێکی ماقووڵ.

زۆری نەخایاند پاشا دیسان لە هەنۆزگاوە هاتەوە نێو بارەگا و سەرخێڵان بەرزەپا وەستان، هەر کەسە بەپێی تاقیکردنەوە و وردەکاریی خۆی دەکۆشا دڵ و دەروونی پاشا بخوێنێتەوە، ڕووی ساردوسڕو چاوی هیچی وەدەر نەدەخست، بەڵام نەیهێڵا زۆر لە گێژاوی بیر و لەیەکدانەوەدا بپلیکێنەوە، وتی:

– والیی سلێمانی ناردوویە بڕۆم بۆ لای، سبەی زوو دەمەو بوومەلێڵە دەکەومە ڕێ ئێوەم بۆیە بانگ کردووە، هەر تیرەیەك دە کوڕی ئازام لێ دەوێ، وەك وتم، کوڕی ئازا! نەك تەنیا کوڕ، کاتێکی واتان بەدەمەوە نییە، هەستن بڕۆن دەمەو بەیان دەکەومە ڕێ، وەك وتم چەکدارم ناوێ کوڕی ئازا و جەربەزەم دەوێ.

پاشا تا سەحەر هەر لە هاتوچۆدا بوو.. تا دەبوو سوار گلیر دەبووەوە، دەمەو بەیان پاشا سوار بوو و چوارسەد سواری هەڵبژاردەی یەکی یەکی ڕازاوە و پڕ چەك لە ملە کەوەوە بەرەو خوار بوونەوە، فەرمان درابوو بێ وچان تا نیوەڕۆ بەرێگەوە بن، بۆ چێشتەنگاو گەیشتبوونە ملەو هەردەو ڕێچکە پێچ پێچەکانی شانی

بەرزنجە چارەوێکانیان لە عەرەقدا ڕەش داگەڕابوون و هاتبوونە پڕم و هۆڕ، سوارەکان دەیانزانی ئەسپەکانیان بەرەو پەککەوتن دەڕۆن و نەشیاندەوێرا هیچ بدرکێنن، پاشا فەرمانی تا نیوەڕۆ ڕێ ڕۆیشتنی دابوو، لە نیوەڕۆدا پانتاییی دۆڵی شارەزوور لە ژێر دەمیاندا راخرابوو، لەشکر بەربوونە خوارەوە، پاشا جڵەوی ئەسپەکەی بەرەو سەرکانی «فرمێسك» وەرچەرخاند، سوارەکان خوا خوایان بوو لە جێگەیەکدا ڕاوەستن و ئەسپەکانیان وچانێك هەناسەیەك تازە بکەنەوە، پاشا ئەوەی دەزانی، بەڵام بەپێی بەرنامە و مەبەستێك دەجووڵایەوە و کەسیش زاتی دەمکردنەوەی لە حزووریدا لە خۆدا نەدی، لە قرچەی گەرمای هاویندا پاشا لە دەشتی شارەزووردا بەرەو خوار بێتەوە، بۆ پیاوی ڕێزەبین و وردەکار جێگەی سەرسامی و پرسیار بوون، بەبێ مەلامەتی نەدەزانی بەرگری لە هەواڵ و پرسیار دەکۆشا، هەرچی زووتر بگاتە مەکۆی خۆی و پرۆژە و بەرنامە و نیازی خۆی جێبەجێ بکا و وەدی بهێنێ.

کاتێك دیسانەوە پاشا سوار بووەوە و بۆ خۆی بوو بە جەڵەوداری لەشکر و یەکڕاست بەرەو خوار بووەوە، سوارەکان لەنێو خۆیاندا کەوتنە چپە و ورە ور.. ڕێگەی سلێمانی لە دەستی ڕاستەوەیە و بەرەو خۆرئاوایە بۆیان دەرکەوت بۆ هەر کوێ بڕۆن، بۆ شار ناڕۆن، پێشڕەو و قەرەوڵ و جەڵەوداری لەشکر بەدەست پاشاوە بوو، لەشکر بێ وچان دەچوون و دەڕۆیشتن، دۆڵی قەرەداخیانیش تەی کردبوو، لووتیان نابووە زوورگ و هەڵەتی گوزەرگا و تەنگەبەری «کەلی پەیکوڵی»یەوە لە دۆڵ و دەرەی چرچە قەڵایش هاتنە سەرەوە و گەیشتنە چوار میلان و دەوروبەری ئەسپی سپی و شێخ تەویل و لێو و لێواری  توونی باوە عومرە. پاشا دەیویست خۆی و لەشکر بگەیەنێتە دۆڵە دابڕاوە هەزار بەهەزارەکانی «توونی باوە عومرە» و لەوراکەوە دەنگ و دەنگی وڕنگی لەشکری تێدا گوم بکا و بشارێتەوە.

پاشا لە ئەسپ دابەزی، وتی:

– نــە چــای دەکــەن نــە جــگــەرەش دەکــێشن.. دوای پشوودان و هــەنــاسە تازەکردنەوەیەك، لە جێگەیەکدا کۆ ببنەوە تا هەندێ شت هەیە پێتانی ڕاگەیەنم.

تاریك داهاتبوو، پاشا بە سەر تاتە بەردێکەوە ڕاکیشابوو، هەردوو دەستی

لەسەر بەردێك خستبووە ژێر سەری و دەینواڕییە قووڵاییی ئاسمان، ئاسمان چو ڕووبارێکی پێچ پێچ و سەرشێت لە توێی دابڕاوی دوو لای تۆنەوەوە جریوەی ئەستێرەکان هێنابوویە جووڵە و هەلهەلە.

سیروان لە زۆربەی لایەوە بوار بوو.. سوارەکان ملیان نابووە سیروانەوە، ئاو تا سەر قاپە ڕەقەی ئەسپەکان هاتبوو، جارەوبار کڵاش و ئاوزەنگیشی تەڕ دەکرد و بە ناچاری پایان لە ئاوزەنگی دەردەهێنا و دەیانچەسپاندە سکی چارەوێکانەوە، چەند سوارێك لەناو ئاودا گلاو ئەسپ و سوار تەپاوتل لەولاترەوە خۆی دەگرتەوە. لەوبەرەوە دیسانەوە پاشا گلێریانی کردەوە و ڕۆیشتە سەر گابەردێك، وتی:

– پێش هەموو شتێك دەمەوێ بزانم ئەوەی ئاشەوانە بێتە لاوە ئنجا ئاوڕێکی لە ڕۆژهەڵات دایەوە، وتی:

– ئا لەو قوڵەوە بڕکەیەك دوژمنی ئێمە و خەڵکی، لە ئەشکەوتی: « شەواڵدڕەدا» لەنگەریان خستووە.. تا بە ئەمڕۆ هەرچییان ویستووە کردوویانە پێم وایە کاتی ئەوە هاتبێ، بۆ هەردەم ناویان لە ناواندا نەهێڵین و لە ناویان ببەین، ئەمەش کەوتووەتە سەر ئەندازەی ئازایی و جوامێریی تاك تاکی ئێوە، ئەشکەوتی شەواڵدڕە لە ڕووی ڕۆژهەڵاتەوە بەودیودا پانتاییە و تا ئەندازەیەك هەموار، لە دوو سێ لاوە کۆنە باجە و هەواکێشی تێدایە، بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆشاردنەوە و پەنا بۆ نێو ئەشکەوت بردنیان بگرین، پێویستە لەو کونە باجانەوە ئەشکەوت قانگ بدەین، تا کەس نەتوانێ خۆی تێدا ڕابگرێ. لەم چەمی سیروانەدا داری پەلك و گەز و، تەرووی تەڕ زۆر و فراوانە. دەیانبڕین و لەگەڵ خۆماندا دەیبەین و بەسەر دەم و دەروازەی کۆنە باجەکانەوە ئاگری تێ بەردەدەین، بەدیوی ئەمدیودا دەمی ئەشکەوت لە دابڕاوییەك دایەو پۆپەکەشی دەنواڕێتە دۆڵی ژێر دەمی ئەشکەوتدا، بە ڕووی ڕۆژهەڵاتەوە تەنگەبەر گوزەرگایەك هەیە ئەگەر بەچاکی تێدا دامەزرێین کەسی لێ ناگوزەرێ و دەرباز نابێ، دەستی چەپی ئەشکەوتیش تاش و هەڵەتێکە دیوار ئاسا چووە بە ئاسماندا. جا ئێمە دەبینە سێ بەشەوە. بەشێك لە گوزەرگادا دادەمەزرێ تا ڕێگەی ڕاکردن و دەربازبوونیان بۆ نەهێڵێتەوە، ئەم بەشە لە ژێر فەرمانی ڕۆبیتەندا دەبن. بەشێك لە دامێنی ئەشکەوتدا دادەمەزرێ و بەگوێرەی

توانا هەڵدەكشێتە سەرەوە، ئەم تاقمە لە ژێر فەرمانی ڕوغزاددا دەبن، بەشی سێیەم لە پشتەوە سەر و پۆپەی ئەشكەوت دەگرن كە بۆ خۆم سەرپەرشتییان دەكەم، ئەوەتان لە بیر نەچێ هیچ كەسێك حەقی تەقەی نییە، تا ئێمە لە سەرەوە دەست پێ نەكەین.

ڕەحم و شەفەقەت و بەزەیی تووڕدەنە ئەولاوە، هەر گیانلەبەرێك بجووڵێتەوە دەبێ بكوژرێ، بەم گەرمایە، ئەم زەحمەتەم بێهوودە نەخستووەتە بەر خۆم، لە هەر قۆڵێكەوە هەر یەكە لەم جەردانە دەرباز بێ، ئەو قۆڵە دەخەمە ژێر گاز و تاوەوە، من بەمەرجی تاك لەچنیان هاتووم، لە بیرتان نەچێ دەبێ پێش بەرەبەیان هەر كەسە جێگەی خۆی گرتبێ.

پاشا دەستەی پاسەوانی تایبەت و ئاشەوانەكانی دا لە بەرو كەوتنە كەوانەی كێوی شەواڵدڕەوە و بەرەو قووڵاییی دەشتی «دەڵەشێر» داكشان و دوو دەستەی تر هەر یەكە بەرەو جێگەی تەرخانكراو بەڕێ كەوتن.

دەمی ئەشكەوت ڕۆشناییی تێدایە دەبینرا، برووسكە و پرووزەی ئاگری ئێشك دێرانی چەپ و ڕاست، تاوتاو دەیدا لە چاو، ئەستێرەكان بە ئاسمانی بێ مانگەوە جیلوە و جریوەیان جوانتر وەدەر دەكەوت و نەرمە سەمایان بۆ یەكتر دەكرد و نازیان بە یەكتر دەفرۆشت، قۆپەی ئاسمانی بێ بن و بێخ، ترس و هەراسی دەخستە دڵانەوە، شوێن پا هەڵگر و چاوساقی شەو، لە پێشەوە دەچوو، سوارەكان مێروولەوار یەك بەدوای یەكدا بە ڕێچكەڕێدا ئارام دەڕۆیشتن، گەیشتبوونە هەردوو هەڵەتی كێو، بەڵەد وتی:

– ئەگەر بمانەوێ زووتر بگەینە سەر برناخی ئەشكەوت، دەبێ لەیراوە بەپێیان سەركەوین، ڕەنگە دوو سەعاتێك ڕێ بێ.

– شەوگار بەنیوە بووە.. پێم وایە پیا ڕادەگەین، دەبێ هۆشیاربین. ڕەنگە بەسەر لووتكەی ئەشكەوتەوە دیدەوانییان دانابێت و ئەمەش دەخەمە ئەستۆی ئاشەوانەكان، نامەوێ هیچ هەرا و تەقە بەرز بێتەوە.. بە دزە خۆتانی دەگەیەننێ، ئەی شەودزی گلاڵی بۆ ئەمشەو نەبێ بۆچی باشن.؟

کابرای بەڵەد یەکێك بوو لە شەودزە بەناوبانگەکانی تیرەی گلاڵی و لەگەڵ چەند کەسێکدا کەوتنە پێشەوە و زۆری نەخایاند لەچاو ون بوون، پاشا و هاوەڵانیشی وردە وردە بەبەرپڕاکەی پشتی «شەواڵدرە»دا هەڵکشان، شنەی بەرەبەیانی دۆڵ و دەربەند و بەندەنی چیای ئەفسانەییی داڵەهۆ دەیدا لە ڕوو گەردنی عەرەق کردووی، هێز و هەوایەکی تازە دەکردەوە و توانا و پەلاماری بەتینتر دەکرد. شەوگار سێ بەش بووبوو، هێندەی نەمابوو بگەنە سەر داتاشراوی دەمی ئەشکەوت، ڕێنما و پێش قەرەوڵەکان بەسەر ڕێچکەکەوە لەسەر چینچکان دانیشتبوون، دوو تەرمیش لەولاترەوە ڕاخرابوون، پاشا ئاورێکی لە تەرمەکان دایەوە، وتی:

– دەمزانی ئەم لووتکەیە بێ ئێشك دێر و پاسەوان بەرەڵڵا ناکەن. باش بوو بێ تەقە ئەنجام درا.

– قوربان لە خەودا غافڵگیرمان کردن.

– ئافەرین، ئافەرین کوڕینە.

پاشا بەسەر دابڕاوی و برناخی ئەشکەوتەوە دای مەزراندن و هەر یەکە لە حەنای خۆیەوە لوولەی تفەنگی شوڕ کردەوە ئەوانی دار و گەڵا و تەڕووی تەڕیان بە شانەوە بوو بەسەر کونە باجە و هەواکێشی ئەشکەوتەوە دانیشتن و چاوەڕوان بوون.

ڕۆشنایی لە بن و بێخی ئاسمانەوە کەوتبووە جموجۆڵ و تا دەبوو، چمکی تاریکی ئاسمانی هەڵدەپێکا بەرەو جەرگی ئاسمان و وردە وردە ڕۆشن دەبووەوە، سەر و خواری ئەشکەوت تفەنگچی و ڕمەوەشێن و شمشێر بەدەست ئامادەی فەرمان بوون.

چەتەکان کەوتبوونە پەلوپۆ، زۆربەی زۆریان لە دەرەوەی ئەشکەوتدا جێگەیان ڕاخستبوو، چوار و پێنج، دوور و نزیك خەوتبوون.. لەبن تاشە و کەمەرکاج و نزارەکاندا ئەسپ و وڵاخیان بەستبووەوە چەکدارانی سەر لووتکەی ئەشکەوت تفەنگەکانیان بەرەو خوار شۆڕ کردبووەوە هەر یەکە بن دەستی زەلامێکیان لەگەڵ

قەڕەوڵی تفەنگی خۆیانا جووت کردبوو، پەنجە لەسەر پەلەپیتکە و قۆناغی لە باوەشدا، چاوەڕوانی یەکەمین تەقەی پاشایان دەکرد، دووکەڵی قاوەڵتی و کوانووی چایکردن بەرز بووبووەوە، تارماییی زەردی هەتاو لە پشتی کێو و کەژی داڵەهۆوە تا دەبوو ڕۆشنتر دەبووەوە.

شریخەی تەقەیەك لە دۆڵ و دەربەندا دووبارە تەقییەوە، نووستووەکان ڕاپەڕین و زۆریان بەگوللەی دەستڕێژەوە بوون. هەرچی ئاوڕیان دەدایەوە نەیاندەزانی لە چ لایەکەوە تەقەیان لێ دەکرێ، کوڕ ئەوەبوو خۆی بهاوێژێتە بن بەردێك، ئەوانەی لە دامێنی ئەشکەوتدا لە سەنگەردا بوون.. وردە وردە هەڵکشانە سەرەوە، تفەنگچییانی سەر لووتکە دەرفەتی چەتەکانیان نەدەدا سەر دەربێنن، لەگەڵ هەر جووڵانەوەیەکدا ئاخی یەکێکیان بەرز دەبووەوە، چەتەکان دەیانویست خۆیان بگەیەننە ئەسپەکانیان، سەنگەرگرانی سەر برناخی ئەشکەوت، بە شەڕ و وڵاخ و هەر گیانلەبەرێکیان دەدایە دەم گوللەوە، چەند کەسێکیان توانییان خۆیان بگەیەننە ڕێچکەی ڕێی ڕۆژهەڵات و گوزەرگاو بەگەیشتنیان بەدەم دەستڕێژی سەنگەرگرانی گوزەرگاوە بوون، تا دەبوو ئابلووقەکە تەنگتر دەبووەوە.

پاشا فەرمانی دا کونە باجەکانی ئەشکەوت قانگ بدەن، گەز و تەروو پەلکی تەڕ و تۆڵیان بەسەر کونەکانەوە کۆمەڵ و تۆپەڵ کرد و ئاگریان تێ بەردا، ئەوانەی پەنایان بردبووە نێو ئەشکەوت ناچار دەرپەڕینە دەرەوە، شەڕ بووبوو بە شەڕی ڕم و شمشێر و خەنجەر، لە چێشتەنگاو تەقە بووبووە تاك و تەراك، شەڕ بەرەو بڕانەوە دەچوو، جموجۆڵ و بەربەرەکانێ و هەراوهوریا کەم بووبووەوە ئای و هاواری برینداران لەبن بەرد و دابڕاوەکانی تاشدا دەبیسرا. شەڕ بڕابووەوە، بە هوشیاری و وردەکارییەوە مەیت و بریندارەکانیان دەستژمێر دەکرد و تەپاوتلیان پێ دەدان لەنێو برینداران دا «خلە پەزە» وەدی دەکرا، شانی گوللە هەڵی تەکاندبوو.

پاشا چەند چەکدارێکی بەسەر لووتکەوە بەجێ هێڵا و بۆ خۆی هاتە خوارەوە. «خلە» بەسەر ئەوەدا زامەکەی یەکجار کاری و خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو، بێدار و هوشیار و لەسەرخۆ دەهاتە چاو، لە نێوان دوو گابەردا لەسەر گازەرەی

پشت ڕاكشابوو، پاشا هاته سەری، وتی:

– «خلە» لە بیرتە هەفتەیەك پێش ئێستا چیت بە زەوارە جافەكەی لای ئێمەت وتووە.؟

(خلە) تەواوی هێزێك كە تێیدا مابووەوە، هەمووی لە دەم و ڕوویدا كۆكردەوە، وتی:

– باشم لە بیرە، هەمووی شەش شەو لەمەوبەر بوو چۆنم لە بیر دەچێ.

– سەری من دەكەی بە كەڵپۆزی ئەسپەكەتدا؟

– بمتوانیایە دەمكرد.

– خۆ ئێستا من دەتوانم.

– بێ شك هەقی خۆتە من تۆ بم دەیكەم.

– خلە، دڵنیا بە بە گوێت دەكەم.

## ٢٢

– هەموو هاتوون؟

– قوربان تەنیا عەزیزی شاوەیس نەبێ، تەواوی سەرتیرەکان لە بارەگەدا چاوەڕوانن.

– عەزیز بۆ نەهاتووە؟

– وا بزانم ڕۆیشتووە بۆ شار بۆ لای قوماندار.

– بۆ لای قوماندار؟.

– بەڵێ وایان دەوت.

پاشا ئاورێکی دووری دایەوە و دەست و پەنجەی لەنێو ڕیشە ماش و برنجییەکەیدا نوقم کرد و یەك دوو جار ئەندێشمەندانە سەری لەرزاندەوە و لەبەر خۆیەوە وتی:

– لەوە دەچێ سەخت خەریك بن و دەیانەوێ پێش دەستیمان لێ بکەن، ئینجا هەستا و بەرەو بارەگا وەڕێ کەوت.. بارەگا دەوارێکی بیست و چوار ستوونی و بیست تەختەیی بوو، لە ناوەڕاستی خێڵا هەڵدرابوو. سەرتاسەری بە چەپ و ڕاستیدا لاکێشی ڕەنگاوڕەنگی تێدایە ڕاخرابوو، دۆشەك و سەرینی قەڵەو و نەرم و شل بەسەر لاکێشەوە پشت بە چیخی چنراوی جۆراوجۆر، سەرتیرەکان بەڕێز چوار مشقی چاوەڕوان لێی دانیشتبوون.

– چەند کورسییەك لە سنگی ڕەشماڵەوە ڕیز دانرابوو.. پاشا یەکڕاست بەرەو کورسی چەقی دەوارەکە ڕۆیشت و لێی دانیشت و بێ ئەملا ولا، وتی:

– ئەگەر ژیرانە هەنگاو نەنێین و زوو نەکەوینە خۆمان، بەرەو هەڵدێرگا

ئەمانوەن و چەندین داو و تەڵە و تەپکەیان بۆ ناوینەتەوە و بە زۆر و بەرەزا دەیانەوێ دەستەمۆمان بکەن و ڕەشمەش لەسەر گەردنمان بئاڵێنن.. دەبێ بکەوینە خۆمان. پاشاگەلی عوسمانلی چاکمان دەرحەق تێ نافکرێن، هەر ڕۆژە بیانوویەکمان پێ دەگرن و هەڕەشەمان دەنێرنە سەر و داوای باج و خاوەمان لێ دەکەن، وایان بڕیار داوە هەر کۆمەڵ و تیرەیەکمان تووڕدەنە قوژبنێك و نیشتەجێمان بکەن. بە کورتی بەهانەمان پێ دەگرن، بەتایبەت تێشکانی ئەحمەد پاشایش باو فیشاڵێکی فراوانی بردووەتە بزناخیانەوە و بەرزەدەماخانە تێ دەفکرێن، بۆیە ئێوەم گلێرکردووەتەوە تا ئەمانەتان پێ ڕابگەیەنم و چارەسەرێك بکەین، ئەگینا بۆیان بکرێت ڕەگوڕیشەمان وەدەر دێنن. پێوە نەماوە دەست لەسەر دەست دانێین و چاوەڕوان. لە ڕۆمی هەموو نامەردییەك دەوەشێتەوە.

کوێخا براخاس هەستایە سەر پا و لە چەقی دوو لای دەواردا ڕوو بە پاشا ڕاوەستا، وتی:



سوڵتان عەبدولحەمید

– پاشا سەلامەت بێ، زوڵم و زۆری ئەم ڕۆمی گەلە شتێکی تازە نییە و فرە کۆنە.. ئەگەر بزانین بە نشتەجێیی دەستبەردار دەبن و لێمان دەگەڕێن، هەر نیسە.. بەڵام قوربان ئەمە گەڕەو پێمان دەگێڕن، ئەمڕۆ چل یەکە و، سبەی سەرانەیە و، بەیانی سەربازگیرییە و پووشانەیە و، هێلکانەیە و بشتوانن داوای ژنیشمان لێ دەکەن.. مشتێك نموونەی خەروارێکە، ئاتۆ ئاوڕێك بەرەوە و سەیری خەڵکە نیشتەجێکە بکە، بزانە چ دەمارێکیان لە ڕۆژگاریان وەدەر هێناوە.. ڕەق و تەق کریانەتەوە، هیچیان بەدەستەوە نەماوە، ئەم ڕۆمییانە بۆیان بڕواتە سەر خوا ناناسن، پاشا نابێ بڕواتە ژێر، ئێمە و نیشتەجێیی و دێ و ئاوایی؟! ئەمە هەر نەکراوە.. ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێ. هەرچی دەبێ با بوێت پیاو یەك جار دەمرێ.

– دەزانم ئەمانە هەمووی بیانوو و گەڕە پێمان دەگێڕن، بەڵام ئایا دەچمە ژێر ئاوا پەلّپ و بیانوویەك؟

– نەخێر ناڕۆیت.. توێ نەشرۆیت.. ئێمە لە ئەزەلەوە ئاسمان لێفەمان بووەوە و زەویش دۆشەك، هەروا بەم ئاسانییە دەست لە پیشەی باوباپیرانمان هەڵناگرین.. نا قوربان .. نا، مردنەکە فرە باشترە، سەرماوسۆڵەش وا شکاوە و سبەی بەهارە و بۆی دەردەچین..

پاشا ڕووی دەمی کردە تەواوی سەر خێڵەکان، وتی:

– دەڵێن نەڕۆمە ژێر؟

هەر هەموو بەیەك دەنگ وتیان:

– نەوەڵڵا.. نەوەڵڵا.. ناڕۆیتە ژێر.

ئنجا پاشا لەسەرخۆ هاتەوە قسە، وتی:

دەمزانی ئاوا شەڕێك ئەمڕۆ بێ و سبەی قاپیمان پێ دەگرێ، نامەم بۆ شا نووسیبوو، شا دیسانەوە داڵدەی داوین، کەواتە ئەم سەرە خۆش بێ باکتان لە هیچ نەبێ.. دەبێ هوشیار بن، داوودەزگاکانی عومەر پاشا با بارمتەمان لێ نەگرێ و ناچاری بازێك کارمان نەکا. سەرکۆمارەکان دەبێ هۆشیارانە بجووڵێنەوە، تا

کار لە کار نەترازاوە و سەرفراز بین و یەك دەست و یەك دڵ.

دیسانەوە کوێخا براخاس هاتەوە قسە، وتی:

– قوربان ئەم ڕۆمییانە بۆ وا خراو دەستیان داوەتێ؟ خۆمە پیاو بەپیاو نازانن..

– یەشتا سەرخۆشن.. سەرخۆشی تێشکانی ئەحمەد پاشا و ئەم خەڵکەش بەبێ باوان دەزانن. بەڵام بە هەڵەدا چوون.

پاشا دەستی بەرەو ڕۆژهەڵات درێژ کرد، وتی:

– مووم لە ئاسیاودا سپی نەکردووە.. با پام لەو بنارە گیر بکەم ئەو حەلە پێیان دەسەلمێنم مەنێك ئارد چەند فەتیرەی تێدایە.

کوێخا چاوی زیت بووبووەوە، دەمی کردبووەوە، بە شانازییەوە دەینواڕییە دەمی پاشا و لە پڕ قیڕاندی:

– ئا وەسیاقەت وم.. لە دەورت گەڕێم پاشا گیان.. پێیان بسەلمێنە.. بە بۆنی چزیلکەوە هاتوون، نازانن کەرداخ دەکرێت.

مەحموود بەگی کوڕی گەورەی حەمە پاشا بێدەنگ و ئارام لە دەستی ڕاستی باوکییەوە دانیشتبوو، هەستایە سەر پا و لە پاشاوە نزیك بووەوە، ڕووی کردە پاشا، وتی:

– وا لە حوزووری پاشادا عەشرەت کۆبوونەتەوە، بەهەلی دەزانم لە ئاوا کۆبوونەوەیەکدا لە حوزووری پاشادا بڵێم.. وا چاکە ئێمە لەیرا ریشەکەن نەکرێین باشتر بێ.

با چاو و گوێیەکمان لەناو ئەم ڕۆمییانەدا هەبێ.. ئەم وڵاتە چ ئەمدیو چ ئەودیو، هەردوو هەر هی خۆمانە و لە خۆمانە. بۆ مەبادا و پاشەڕۆژی خۆمان تایفەکەمان دەبێ بیری هەموو لایەك بکەین و هەموو لایەنێکی وردەکارانە لێك بدەینەوە.

پاشا بە تەمای ئاوا پێشنیازێکی ژیرانە و هوشیارانەی مەحموودی کوڕی

نەبوو. نەختەکێك تامولی کرد و کەوتە نێو بیرەوە و ئینجا، وتی:

– خۆ خراو نالّێی.. بەڵام چۆن چۆنی پێیان بسەلمێنین؟

– زۆر سادە و ئاسان.. ئەگەر پاشا ئەمر بکا بەندە بمێنمەوە و خۆم دەکەم بە تۆراو، هەر لە ئەمڕۆوە بۆی دەردەچم.. تا خێڵ سەر بەرەو ژوور بێتەوە من خۆم لەنێو چاوساقانی داوودەزگای والیی بەغادا چەسپاندووە.

– کەواتە بۆ ڕاوەستاوی؟.

– پاشا ئەمر بکا ڕاناوەستم.

– جارێك بەهارمان لە بەرەو ئەم دەشتی شێروانە و شاکەلە بەم بارانەوە کە لێی باریوە، سبەی دەشت و دەر دەکاتە بەهەشتی بەرین. ئەگەر تەنگاو نەکرێین، ئاژێلیش باش دەحەوێتەوە، پێم وا نییە بەم زووانە دەست بنێتە بینمان و سوپای تزاری ڕووس لەو بناری قەفقاسەوە تەنگی لێ هەڵچنیون، ڕەنگە سوڵتان نیازی بەسوپا و سان و یارمەتی والیی بەغاش پەیدا بکاو نەیانپەرژێتە سەر ئێمە و گرفتارییەکانیان.

– بەڵام قوربان، ئێمە بۆ خۆمان بدەینە دەست ئەگەر و ڕەنگەوە؟ بەندە وا دەزانم «عومەر پاشای سەردار» بۆ ڕاوورووت و دزی و دەخەڵێش بێ، بە ئاسانی واز لە جاف ناهێنێ، پاشایش لەم ڕووەوە نابێ دوودڵ بێ ئەوەسا لەو قوڵی زەنگەنەوە بێن، باشیەکانی عومەر پاشا هەرچی ماڵاتی ئەو بنارە هەیە چەپاو کرد و هەڵیان لووشی هاکا زانیت نۆرەش هاتە سەر ئێمە، ئەو حەلە یا دەبێ شەرکەر بین یا سەیرکەر.

– ڕاست دەکەی زۆرتر لەبەر ڕاووڕووت دەیانەوێ نیشتەجێمان بکەن و دەست لە گەرمیان و ئێلاخ و خزم و خۆشی ئەمدیو و ئەودیومان هەڵگرین، ئەینا چییانە بە سەرمانەوە؟.

– جا قوربان جەنابت پشت و پەنایەکی وەك ناسرەدین شات لەپشت بێ باکت لە چییە.

– باکم هەر لە خوا هەیە نەمرم دەرودەروازەیەکی پان و پۆڕ و بەربڵاو بۆ ئەم

خەڵکە دەکەمەوە دەمێکە تێ گەیشتووم دین و ئاین بە جێگەی خۆیەتی و شاربەدەریان دەکەم لە سەرتاسەری ڕێگای خێڵا قەڵا و قشۆن دادەمەزرێنم. دەستی برایەتی بۆ تیرە و عەشایەری دوور و نزیك درێژ دەکەم بەسەر گردەکەی شێروانەوە قەڵایەك دروست دەکەم بۆ هەوارگەی زستان. ئیتر خوا یار بێت زۆر کارمان لە بەرەو پەشتا نەمان کردووە، تەمەن مۆڵەت بدا هەر هەمووی دەکەم.

پاشا هەستایە سەر پا و تەواوی خەڵکەکەش هەستان، ئینجا ڕووی کردە تێکرای خەڵك، وتی:

– با خێڵەکان لەیەك دوور نەکەونەوە و بەربڵاو نەبن و تا دەکرێت لە سیروانەوە نزیك ببنەوە باشترە، تا هەواو هەناسەی زستان بە تەواوی دەگۆڕێت. ئەو حەلە دەکەوینە ڕێ.

یەکێك لەسەر تیرەکان لە کەنارەوە، وتی:

– جا ئەگەر پاشا بیەوێ کش لەزستان بکا، یەك سەڵەف بۆی دەردەچێ و بەهاریش دەگاتە هەوارگە، بۆچی لە ئەمڕۆوە نەکەوینە ڕێ، ئەمانە هەر هەموو بە دەستی پاشایە دە بفەرموو کش.

– ئەگەر بزانم تەنگاومان دەکەن هەروا دەکەین بە هەر حاڵ چ تەنگاو کرێین چ نەکرێین، ئاخری ئەم مانگە دەڕۆین بەو دیودا.

## ٢٣

«دۆستی ئازیز و سەداقەت مەئاب، جەنابی محەمەد پاشای جاف پێشکێشە.. دوای سەڵاو و رێز..

هەر نامەکەتم پێ گەیشت داوای شەرەفیابیی شاهەنشای گەوهەر ڕووم کرد و بە خزمەتی هومایوونی گەیشتم و گەڕانەوەی جەنابتم بۆ ژێر سایەی سەرفەرازی هەردەم بەردەوامی تاج و تەخت و بەختی پڕ ئاوازە و مەقامی شاهەنشاهی بە عەرز گەیاند.

قیبلەی عالەم ئیزهاری ڕیزایەت و خۆشنوودی فەرموو، لوتف و مەرحەمەتی شامیلی حاڵی ئێوە و تێکڕای جاف بوو. فەرمانی فەرمانداری ناوچەی «جوانرود»ی بۆ ئاغازادە عوسمان بێگ عەتا فەرموو، سەرحەداتی ئەو بنار و مەرزانەشی خستە ژێر چاودێریی سەرکارەوە، بێگومان ئیخلاس و سەداقەتی ئێوەی خانزادە دەرحەق بە ئەرکانی شاهەنشاهی لە ئەمڕۆوە نییە و لە کۆنەوە بۆتان ماوەتەوە.

لەبارەی داخوازیی دووەمت لە تەقالادام. وەك بۆم مەعلوم بووە قەڵایەك دەتەوێ دروستی کەیت، تەنیا بۆ ژیان و حەسانەوە نییە. بگرە تا ڕادەیەك هەوا و هەناسە و بۆنی بەرگری و بەرانبەر کێشی تێدایە.

لە تاران وەستا و میعماری لێزان و چاکمان هەیە، بەڵام بۆ ئاوا قەڵایەك بێگومان میعماری ئەسفەهانی لازمە، ناردوومە بەدوای چەند کەسێکیاندا. هەر گەیشتنە بەرەوە یەکێکیان هەڵدەبژێرم و بۆ خزمەتتی دەنێرم ئیتر سەرفەرازیتان».

خوسرەو میرزا

– بەخوا ئەگەر پاشا بۆ خۆی شەرەفیاب بایە شا تا بناری سنە و سابلاخیشی دەخستە ژێر چاودێرییەوە.

– تا خێڵ دامەزرا و جێگیر بوون و میوانداری تەواو بوو زۆری خایاند، پیا ڕانەگەیشتم.. دام ناوە بۆ ئەم هاوینە دوای ژنهێنانی عوسمانی کوڕم بەرەو پایتەخت دەکەومە ڕێ..

قوربان خۆمانین، فرە خاست کرد کارێکی فرە شایستە و پەسەندە، ئەم ژنهێنانە ساردیی نێوان جەنابت و بنەماڵەی ئەردەڵانی نەهێلا و دەبوو زووتر ئەم کارەت بکردایە.

– ئیتر هەروا ڕێك کەوت خوا بکا پیرۆز بێ و ئاخریان خێر بێ..

– قوربان فرە باش لە کچە دەگێڕنەوە، یەکجار خانومانە، خۆ وەڵڵا عوسمان بەگیش دەڵێی شاخەی شمشادە، بەیەك موبارەك بن ئینشائەڵڵا.

– لە بیرم نەبوو پێت بڵێم، دوێنێ حەمە حەسەن خانی گۆران ناردبوویە لام، ڕاسپێرییەکانی بۆنی شکات و نارەزایەتی دەدا، دەڵێ، باوەجانی پێویست لە زۆرتر دێنە سەرمانا، ئەمەش بە قسووری حەبیبولا خانی باوەجانی دەزانم، دیارە جڵەوی عەشرەتەکەی لە دەست دەرچووە.. ئەگەر وا بەردەوام بێت ڕەنگە باشی لێ دەرنەچێ.

–یانی هەرەشەمان لێ دەکا؟

– هەرەشەکە نا.. بەڵام تۆش دەبێ باشتر لەقاو بخەیتە دەم پێ بەند و بار و ئاژاوەچی و گێرەشێوێنەوە.. هەرچی بێت هاوسێین و هەردوو لا کوردین.

– پاشا دروستە کوردین و، هاوسێشین، بەڵام بەخوا، نووری محەمەد لەناو چاوانیاندا نییە و فرە لامەزەون نە ئاینیان هەیە و نەخوایش دەناسن.

– خواکە دەناسن. جگە لەمانە خۆ تۆ نماینەی خوا نیت ئێمە و ئەوان سەدان ساڵە لەم دامێن و دەربەنەدا پێکەوە ژیاوین، ئەوان بەدینی خۆیان و ئێمەش بەدینی خۆمان، پێم خۆش نییە لەمە زیاتر حەمە حەسەن خان زویر بکرێ، تێ گەیشتی؟.

– ئەمری پاشا موتاعە ئەمە هەر فرە ئاسانە دەرد و گرفتاریی گەورەمان یەزدان بەخشییەکانە ئەوان خراو دەستیان داوەتێ و کلکیان خستووەتە سەر شانیان و قەپ بۆ سەر ئاخوڕی گەورەتر دەکوتن، هەر فرە بەرزەدەماخ بووگن.

– دیارە پشتیان گەرمە؟.

–پشت لە زول و سوڵتانی «مامەی» شا گەورەتر؟

– کەواتە بوونەتە چاوساقی کاربەدەستانی ئەو؟

– نەك تەنیا چاوساق، بگرە هەر بەتەواوی بووگن بە سەگی ڕاویشیان.

– نامەوێ سەرشاخیان بگیرێ جارێك شەڕی زول و سوڵتانمان پێ ناکرێ، کابرا خوای سەر زەویی ئەم ڕۆژئاوای ئێرانەیە، تا دەتوانی خۆتیان لێ بپارێزە تا کاتی خۆی، زول سوڵتان چەند ڕۆژێکە ناردوویە بەدوای عوسمانی کوڕمدا و ڕۆیشتووە بۆ تەورێز.

– نازانم بۆ لەم پیاوە ختوورە کەوتووەتە دڵمەوە؟ خۆ جارێك خراوەیشم لێ نەدیوە؟.

– بەگیانی پاشا، بەهەموو توانایەکەوە خۆمانیان لێ دەپارێزین.

– هەر دەبێ وا بکەیت دیارە لەیراش دەست و دەستگا لە دژمان کەوتوونەتە گەڕ پاشاگەلی عوسمانلی «کەرەم وەیسی»یەکانیان هان دا لەگەڵماندا نەهاتن لەیراشە خراو یەزدانبەخشییەکانیان هەڵناوە و باپێوە کردووە بەهەرحاڵ بارودۆخ و ڕۆژگارەکە تامولّی دەوێ تامولّ.

عوسمان بەگ هاتە نێو دەوارەوە، ماندوویی دوور و درێژی ڕێگەی لە ڕوودا پێوە دیار بوو پاشا بە دیدەنیی خۆشییەك کەوتە ناخی دەروونیەوە و هیچیشی وەدەرنەخست، دوای ماوەیەك پاشا ڕووی تێ کرد، وتی:

زول سوڵتان چی دەفەرموو؟

– قوربان، دەمی بۆنی ناڕەزایی لێ دێ، دیارە لەبارەمان خراپیان بە عەرز گەیاندووە.

– چ خراپەیەکمان لێ وەشاوەتەوە؟.

– خەڵکی ئەو بناری «مەریوان»و «سەقز» و «دیوان دەرە» و «هۆبە توو»ە شکاتێکی زۆریان لە ئاژێڵدارانی جاف کردووە، گوایە هیچیان بۆ نەهێڵاونەتەوە و زوڵم و زۆرێکی فراوانیان لێ دەکرێ، دەیوت بە باوکت بڵێ، لەقاو بخاتە دەمیان وەئیللا بە چاکی لەقاویان دەکەم.

– هەروا بەم شێوەیە؟

– بەڵێ قوربان بەم شێوەیە؟

– کەواتە باشمان لێ پڕ کراوە، خوا بەخێری کا.

– قوربان وا باشە پێش ئەوەی بەرەو پایتەخت بڕۆین، سەرێکی تەورێزیش بدەیت باشتر بێ، ئاخر کاروباری ئێمە ڕاستەوخۆ ها لە ژێر چاودێریی زول سوڵتاندا.

ئێستای ئێران وەك جاری پێشوو نییە، کابرایەکی کارامەی وەك «ئەمیر کەبیر» سەدرولئەعزەم بێ هەر ناوچە و ئوستانێکیان سپاردووەتە شازادەیەك و ئەویش بێ پەروا فەرمانڕەوانی، بەتایبەتی زول سوڵتان فرە دەست بڕۆ و دڵڕەق و کاربەدەستە.

– ئەمانەی دەیڵێی هەموو ڕاستە و، دەور دەوری ژن و زای حەرەم سەراو هەر کەس بۆ خۆیەتی، دەڵێن «مهد علیا»ی دایکی شا هەمەکارەی دەوڵەتە و بکوژ و ببڕ هەر خۆیەتی و ئەویش «ئەمیر کەبیر»ی دا بەکوشت.. شا لە قسەی دەرناچێ.

– دەبینی. قوربان چۆن ئەم وڵاتە گۆڕاوە و بووە بەجێگە و جەولانگای بێگانە و فەرەنگی.. ڕووس و ئنگریز لە چەند لاوە ململانێیانە.. داوودەستگای والیی سنە و ئەردەلانییەکانیان پێچاوەتەوە و لەگەڵ عوسمانلیدا شەڕوشۆڕیان بڕاوەتەوە و دۆخی یەکتر دەرێسن، ڕەنگە بکەونە هاتوچۆیش.

پاشا سەرێکی سووڕدا و قسەی عوسمانی کوڕی بڕی، وتی:

– تەنیا ترسێکم هەبێ لە یەکتر نزیکبوونەوەی شا و سوڵتانە، دەترسم لە ئێمە کوشتندا ببنە برا..

– ئەمەیان دووره و جاریّ ڕێگەی تیّ ناچیّ.

– مەحمـوودی برات نـامـەی نـووسیـوه دیـاره بـەبـاشی تـوانیـویـەتـی لـەگـەڵ پاشاگەلی بەغادا خۆی بگونجێنیّ، دەڵێت، دەولەت ناوچەی قزراباتی خستووەته هەڕاجەوه، بە ده هەزار لیرەی ئاڵتوون دەیفرۆشیّ، ئەگەر بەچاکی بزانم دەیەویّ بیسەنیّ.

– جا قوربان بۆچی بەچاکی نەزانیت؟

– کەی وتوومە بەچاکی نازانم؟.

– کەواته بنێره با لە دەستمان دەرنەچیّ.

«حەبیبولا خانی باوەجانی» قسەی نێوان پاشا و عوسمان بەگی بڕی، وتی:

– مەگەر دەولەتی بەغا لە مێژا قزراباتی به پاشا نەبەخشیبوو؟.

– وەك موڵك و قەباڵە، نەخێر تەنیا مافی بەهرەدارییان پیّ دابووم ئەمەش ئەمرۆ بیّ و سبەی هەر دەیبەنەوه، نەوەڵلا بەیەکجاری ببیّ بەموڵکمان چاکتره تا لە ترس و دڵەخورپەدا بین.

– ئا بە قوربانەکەت بم. تا دەتوانی موڵکی جاف زۆر بکه و چاوی دوژمنی پیّ کوێربکه.

– وەڵلا خۆ بڕیاری سەندنیم داوه، بیّ شك بە سەندنی تەنیا هەر موڵکی جافم زۆر نەکردووه، بگره هی کوردەکه هەمووی.

– جا پاشا لەیرا بۆ دەستی پیّ ناکەی، خۆ ماشەڵلا دەست و دەسەڵاتت دەڕوا.

– ئەوی ڕاستی بیّ لەیرا دوودڵم و متمانەم نییه، متمانه هەرچۆنێك بووه، بۆ بیروڕای ئێمە ئەودیو باشتره، دەستگا و دەسەڵاتی عوسمانلی کەوتووەته هەناسەبڕکیّ و وا دەزانم لە پەککەوتندایه، یا هەر نەبیّ بیّ دەسەڵاتتر دەبیّ، ئەمەش بەسوودی ئێمەیه.

– خوا بکا هەردوو لایان بنیشنه قوڕ. بۆ ئێمەی جاف سنوورەکەی لیّ هەڵگره ئەمدیو و ئەودیو هەردووکیان ولاتی خۆمانه و لە هەر کامیان بین هەر هەموو

خەڵك و عەشرەتەكە باوانمانە، باوان.

– جا هەر لەبەر ئەمەیە هەردوو دەوڵەوت هەزار بیانوومان پێ دەگرن و دەیانەوێ بەری گەرمیان و كوێسانمان لێ بگرن و بەزۆر نیشتەجێمان بكەن.

ئێمە چو ئاو واین. ڕاوەستین دەگەنێین. با سبەی قەڵانشینیش بم، مەحاڵە لە هاتوچۆی گەرمیان و ئیلاخ بكەوم. مەحاڵە.

– لە دەمی دەوارەوە ئیشارەتێكیان لە حەبیبوڵاخان كرد و هەستا ڕۆیشتە دەرەوە، دوای ماوەیەك دیسانەوە هاتەوە ژوورەوە و ڕووی كردە پاشا، وتی:

ئیجازەی مەرەخەسی دەخوازم.

– بۆچی، چی بووە؟

– قوربان هیچ.

– ڕاستەكەی بڵێ. چی قەوماوە؟

– شتێكی وا نییە، دیارە یەزدان بەخشییەكان پەلەیانە و خێڵێكیان تالان كردووە و یەك دوو كەسێكیشیان كوشتووین.

– برایمە دێز هاتووەتە كەڵەشاخ قەینا با وا بكا، ها هیچ نەكەی تا نەڵێم، شاخ شكانی لەسەر منە، نەك تۆ..

## ٢٤

ئەو گردەی من دیومە بەو شێوەی کە هەیە، ڕەنگە قەڵایەکی چاوگیر و پەسەندی بەسەرەوە نەتوانین لێ دروست بکەین.

– بۆ ناتوانین؟.

– قوربان بۆ توانین، دەتوانین، بەڵام پەسەند و چاوگیر نابێ.

– ئەی چارە؟.

– چارە زۆرە، بەسەریەوە گردێکی تر دروست دەکەین و قەڵاکەش بەسەر دووەمینەوە دەسازێنین. ئەو حەلە ڕەنگ و ڕوواڵەتێکی دڵگیری دەبێ.

– بۆ ئەوەی پاشا بەچاکی لە چۆنیەتیی قەڵاکەی ئاگەدارکەم، لەسەر بناغەیەکی میعماری و شێوەی قەڵاداری لە قوڕ ماقلەیەکم دروست کردووە ڕەنگ و پۆی قەڵاکەی بەچاکی نواندووە.

معماریاشی بەرەو دەرکی دەوار ڕۆیشت، دەستێکی ڕاتەکاند چوار پێنج زەلام بەسەر سینییەکی نان خواردنەوە ماقلەکەیان هێنایە دەوارەوە و لە ناوەڕاستی دەواردا بەسەر سەوەتەیەکەوە دایان نا.

پاشا هەستایە سەر پا بەرەو ماقلە و سەوەتە هات و بە ئاسپایی دوو سێ جار بە دەوریدا چەرخایەوە ئینجا کورسییەکیان بۆ هێنا، ڕووبەڕووی ماقلەکە لێی دانیشت.

ئەسفەهانی زادەی معماریاشی بە وردی چاوی بڕیبووە ڕوو و ڕوخساری پاشا تا بیر و ئەندێشەی بخوێنێتەوە، بێدەنگی لەناو دەواردا هەموو کەسی گرتە خۆ، پاشا بەوردی هەی دەینواڕییە سەر و خواری گرد و قەڵادا و پەتیا پەتیا دەستی

بەسەر سمێڵ و بەشێك لە ڕیشیدا دەهێنا لەپڕ هەستا و دووبارە بەدەوری سینی و سەوەتەکەدا چەرخا و، ئینجا ڕووی کردە معماربـاشی، وتی:

ئەوەی خستوومێتیە گێژاوی بیرەوە، بۆ خۆی قەڵاکە نییە، بگرە گردی دووەمینە پێم وانییە ئەرك و كێشە و تەقەڵاکەی لە خودی قەڵاکە کەمتر بێ، ئایا بەو زەحمەتە دەشێ؟.

بێگومان دروستکردنی ئاوا گردێك کارێکی ئاسان و سادە نییە و کات و كێشە و تەدارەکێکی فراوانی دەوێ، بەڵام دەبێ پاشا ئەوە بزانێت، جوانیی قەڵاکە بە گردی دووەمینەوەیە ئەگەر بێتو دروستی نەکەین، هیچمان نەکردووە.

– ناڵێی بۆ ئەوەندە ئەم گردی دووەمینەت لا گرینگە؟!

– با، قوربان عەرزت دەکەم، ئەگەر بە باشی ورد بیتەوە، گردی یەکەم بۆ ئاوا قەڵایەك گەلێك گەورەتر و زل و زەلامتر بسازێنین، کە خەرج و تەدارەکێکی گەلێك فراوانی دەوێ، یا دەبێ گردی دووەم بسازێنین کە خەرج و کات زەحمەتی کەمترە و بێ دەردەسەرترە، ئەو حەلە قەڵا بەسەر دوو گردەوە وەك دەم و لووت و چاو لە ڕوودا چەند بەگوێرە بە یەکتر دەخۆن، قەڵا و دوو گردەکەش هەروا.

– معماربـاشی گێژم مەکە سادە و ئاسانترم بۆ باس بکە ڕەوانی بکە، ڕەوان..

– قوربان ڕاستت بوێ، نازانم چۆن چۆنین، باسی گرینگی ئەندازە و «تناسب»ت لە معماریدا بۆ بکەم، ئاخر لە دنیای ئێمەی معماردا گوێرە و ئەندازە و قەد و قەوارە و بە یەك خواردن فرە گرینگە و نیشانەی سەرکەوتنی کارەکەمانە. جا با دوور نەڕۆین، لە مرۆڤەوە بیگرین قوربان لە قەد و قەوارە و لەشی ئینسانەوە ئەگەر ورد بیتەوە، ئەندازەی لەپ و مەچەك و بازوو، چەندە بەگوێرە پێکەوە جوانن یا پا و ساق و ئەژنۆ و ڕان، قەد و کەمەر و سینە.

پاشا هەروا سەیری دەمی میعماربـاشی دەکرد و سەخت کەوتبووە بیرەوە. ئینجا معماربـاشی لە پاشا نزیکتر بووەوە، وتی:

– ناپرسی بۆ بە کابرایەك دەڵێن سەری زلە؟ لە گوێرەی قەد و باڵای دەستی کورتە. یا کابرا لووتی زلە، یا ملی درێژ، یا کورتە؟.

– حەققەت سەری زلە بۆیە پێی دەڵێن سەرزل.

– نەخێر قوربان. ئەگەر بێتو هەر ئەو سەرە زلە بەسەر لەش و قەوارەیەکی ترەوە بێ ڕەنگە نەك زل بێ، بچووك بدا لە چاو کەواتە بە گوێرەی ئەو لەشە زلە بچووکە، لووت بە گوێرەی دەم و چاو و ڕوو قەبە دەداتە چاو، خانوو و بەرەو ساختمان و قەڵایش هەروا زەرافەتیان لە ئەندازە و تەناسوبدایە ئەم قەڵا بەبێ گردی دووەم لەبار دەڕوا. لەبار.

– لەمانە گەڕێ چەندە دەخایەنێ تا دەگاتە ساختمان؟

– ئەگەر تووشی لێ وەستانەوە نەیەین و کاروبارمان تەگەرەی تێ نەکەوێ، هەر گردەکە ساڵ و نیوێك دەبا.

–نایەڵم کارت ڕاوەستێ، بەڵام دەمەوێ بزانم ڕۆژانە چەند زەلام و چەند وڵاخ و چەندین شەڵتەت دەوێ؟

– خۆ ئەم حیسابانەم هەموو کردووە، بۆ ساڵ و نیوێك ڕۆژی سەد و پەنجا زەلام و سەد وڵاخ و سەد شەڵتەمان دەوێ، ئەڵبەتە ئەم ساڵ و نیوە لەگەڵ کوتانەوەی گردەکەش دایە.

– ئەی ئەگەر ئەمانەی وا دەتەوێ دوو بەرابەر بکەین چی؟

– بێگومان بە نیوەی ئەو کاتە تەواوی دەکەین، یا هەر نەبێ لە ساڵێك کەمتر.

– ئەی قەڵاکە خۆی، چەند دەخایەنێ؟

– ئەگەر بۆ خشتی سوور دانەمێنین، سێ ساڵێك دەخایەنێ.

–یانی سەرجەم چوار ساڵێك دەخایەنێ.

– دەتوانین لە کاتی دروستکردنی گردەکەدا کوورەی سوورکردنەوە و خشتبڕینیش دەست پێ بکەین.

– خەمی خشتی سوورت نەبێ لەو ناوچەی زەنگاباتە چەند گردێك هەیە بەشی چوار قەڵای وا خشتی سووریان تێدایە. هەر هەمووت بۆ هەڵدەڕێژمە سەر گردەکە.

–ئەمە بۆ خۆی زەحمەتێکی زۆرمان لە کیسەدا دەهێڵێتەوە.

– گەچی باشیش یا لە ناوچەی کفری یا قەسری شیرینەوە پێت دەگا و، ئەگەر بۆ بنەڕەتەکەشی قیرت بویَ لە «ناساڵحەوە» بۆت دەهێنن، بە ولاَخ چوار سەعات ڕێگەیە. ئێستا با بێینەوە سەر قەڵاکە چۆنیەتییەکەیم بۆ باس ناکەی؟

– با قوربان، نازانم جەنابت تا چ ئەندازە ئاگەداری چۆنیەتیی ساختمان و بینا و بەرەی سەردەمی سەفەوییەکانی، ئەم قەڵای وا دام ڕژتووە لە هەمان بنەماڵەی میعمارییە. شکڵ شەمایل و ڕەنگ و ڕوواڵەت و دیوار و دابەشکردنی نێوەکەی بەو ڕێژانەم دابەش کردووە لە هەمان کاتدا چۆنیەتیی ئاو و هەوا و دەر و دیمەنی چوار تەنیشتم لە بیر نەکردووە، وەك پاشا دەزانێ ناوچەی شێروانە گەرمەسێرە و لە هاویندا تاو دەگرێ بۆ قەڵایەکی وا بە بەرزییەکی واوە، باگیر و هەواکێشی زۆر پێویستە، بۆ ئەم مەبەستە چوار قوڵلەی تاقدارم بۆ کردووە، لە هەر لایەکەوە کزە بایەك هەڵکا بە ڕاڕەوێکی تەنگ و تاریك و نسرمەوە لوول دەخوا و دەخشێتە ناو قەڵاوە و بەسەر ژوورەکاندا دابەش دەبێ، سەری قوللەکانیشم بۆ چاودێری تەرخان کردووە کە بەهەرچوار لادا دەنوارێ، کلاو فەرەنگییەکەی پۆپەکەشی بۆ شەونشینی زۆربەی مانگی ساڵ دەست دەدا، عرووسییەکانی چوار لا نیشانەی چوار وەرزی ساڵە و لە هەر کات و زەمانێکدا نیاز بەر ئاورد دەکەن.. بەسەر سیرواندا دەنوارێ. بە کەژ و کێوی دووری دووردا بەرەو خوار، بە ڕۆژئاوادا و زەردەی ئێوارانی هەردەکانی نزیکی قەڵادا، ئیتر قوربان حیسابی هەموو لایم کردووە، عەماری ئازووقە و سارداو و حەوز و خانەی گەرمای نیوەڕۆ و چەند ژوورێکی تری پێویست.

– کەواتە تا گردەکە تەواو نەبێ ساختمان دەست پێ ناکەی؟

– با قوربان.. دەبێ تەمەڵی قەڵا بەسەر گردی یەکەمەوە داڕێژین و بیهێنینە سەرەوە یا بەشێوەی یەك پارچە یا دیوارەکانی وەك حەسیر پێکەوە بچنین، تا بوومەلەرزە و زۆری زەمان زەفەری پێ نەبا و، ئەگەر لە زەوییەوە تێکڕا پێکەوە دەلەرزنەوە، بە ئاسانی درز و شەقی تێ ناکەوێ و ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە قەواڵەیەکی دوور و درێژی مان و چەسپینی قەڵاکە، بۆ دەرك و پەنجەرە و مینابەندی و نەخشاندنی و گەچ بڕی و زەرافەت کاریشی بیرم لێ کردووەتەوە.

وەستاکارانی هەر هەموو دەناسم و دەیانهێنمە سەر قەڵا و، هەر چەند، زۆری ماوە بگاتە ئەو حەلە، بەڵام پێویستە پاشا دڵنیا بکەم.

– ئافەرین معمارباشی، سەد ئافەرین. نازانم کەی دەتوانی دەست پێ بکەی؟

– هەر کاتێك پاشا ئەمر بکا، ئامادەی حەرەکەتم.

– کەواتە ڕۆژێك زووتر دەست بەکار بین، ڕەنگە باشتر بێ، مەحموودی کوڕم لەوێیە و سەرپەرشتی کاروبارت دەکا و کار و بەرنامە و پێداویستی خۆتی بۆ بەیان بکە، ئەمنیش جارێك لەم دوورەوە تێتان دەنوارم.. تا بزانین خوا چی دەکا.

– دەفەرمووی بەڕێ کەوم؟

– هەر لە سبەینێوە.



قەڵای شێروانە

## ٢٥

– جەنابی پاشا، ترسی ئەوەمان هەیە تاك بینەوە، تاك، ئەو حەلەیە گورگان خوارد دەکرێین.

– ئێوە دەوڵەتێکی کۆنە ساڵی وەك ئێمەتان لە پشتە، داخۆ دەبێ ترستان لە چی بێ؟

– قوربان گومان و ترسمان نییە. بەڵام....

– بەڵام چی؟ چوارسەد، پێنچسەد ساڵە دەوڵەتی عوسمانلی بەردەوامە، دڵنیاش بەم زووانەش بار و بنە ناپێچینەوە و لەنێو ناچین، کەواتە، بەڵام و مەڵامی ناوێ.

– خوانەخواستە کەی وام وتووە، تەنیا ترسێکمان هەبێ لە پاشەڕۆژە، ئێوە فەرمووتان لەگەڵ حەمە پاشادا نەڕۆین و جیابینەوە هەرچیتان وت کردمان.

– چاکتان کردووە، ئێمەش هەر پەیمان و بەڵێنێکمان دابێ جێبەجێی دەکەین. هەرگیز لە ژێری پەیمان و بەڵێنی خۆمان نەداوە بۆیە وا چەندین سەدەیە وەك کەژ و کێو لە زەویدا چەسپاوین، چەسپاو.

عومەر پاشا لە کاتێکدا دەینووسی، دەستی بۆ لای ڕاستی مێزەکەی درێژ کرد و کاغەزێکی هەڵگرت و لە کاتێکدا لە نێوان دوو پەنجەیدا ڕای دەوەشاند، وتی:

ئەمە فەرمانی بەهرەداری لە دێ و جۆگەی «بەشارەت»ە لە تۆڵەی نەڕۆیشتنتا لەگەڵ حەمە پاشادا، والی بۆی نووسیویت، هەر لە سبەینێوە دەتوانی کەڵکی لێ وەربگریت و تێدا نیشتەجێ بن، ئینجا دەستی بۆ عەزیزی شاوەیس درێژ کرد.. عەزیزیش ڕاپەڕی، بەرەو عومەر پاشا ڕۆیشت و فەرمانەکەی لێ وەرگرت و گەڕایەوە سەر جێگەکەی خۆی.

عومەر پاشا ئووچ بەدەست بێ ئەوەی سەر لەسەر کاغەز هەڵگرێ، تاو تاو

ئـووچـەکـەی دەخسـتـە نـێو ئـووچ دانـەکـەوە و نـووکـەکـەی مـەرەکـەبـاوی دەکرد و بەوردی، ئارام چەند واژەیەکی دەنووسی و دەکۆشا جوانی بنووسێ، هەروا کە دەینووسی، وتی:

دوای ئـەم فـەرمـانـە دەبـیـتـە خـاوەنـی دێیـەکـی چـو «بـەشـارەت»ی بـنـاری گوڵ عەنبەر.. ئەگەر بتەوێ بەتواناوە دەتوانی لەگەڵ سەرتیرەکانی تردا بدوێی و بەرەو لای ئێمە ڕایان بکێشی، ئێوە هەوەستان هەبێ، هەموو شت دەکەن و هەر یەکەتان کەڵەیەکن بۆ خۆتان.. تا کەی ملشۆڕی فەرمانی حەمە پاشا دەبن؟

– بۆ جێبەجێکردنی فەرامێنی والی و خەلیفەی ئیسلام، هەرچیمان لە دەست بێ درێغی ناکەین.

قەڵای کەرکووك هاتوچۆیەکی فراوانی تێدا دەکرا چەکدار و پیادە و سوارە بەیەکدا دەهاتن و دەچوون، بەدیمەن، ڕوو و کردارا نیشانەی پەلامارێکی تر و تاڵانی دیارێکی تری ناوچەیەکی تری کوردستانی تێدا دەبینرا. عومەر پاشای سەردار، تەفر وتووناکردن و شاخ شکانی عەشایەری کوردی گرتبووە ئەستۆ، نۆرە هاتبووە سەر بڵباس، تەواوی ئاغاگەلی ئەو بنارە ملیان بۆ زۆری عومەر پاشا دانەهێنابووەوە و دەست بەچەك ئامادەی ململانێ و بەرانبەرکێ ڕاوەستان و بازێك لە ئاژێلداران بەرەو سەرەوە هەڵکشابوون.

عـەشایـەری گـەرمـیـان لـە سـتـەمـی سوارەی یـەنـی چـەری نـاڵـەیـان گـەیشتبـووە ئـاسمـان، سوڵـتـان عـەبدولمەجید دەورانـی تـەواو بـووبـوو، دەور دەوری سوڵـتـان عەبدولعەزیز بوو، بەزەبر و زۆرێکی فراوانەوە هاتبووە سەر تەختی خیلافەت و فەرمانڕەوایی، دەسەڵاتدارانی هەمیشەگی نێو دەرباری سەلاتینی عوسمانلی بێ ئامان پۆزەی یەکتریان لە گەنکاودا هەڵدەژەنی، ململانێ سود جۆیی و دەسەڵات و دەستەبەندیی تاقمە جۆراوجۆرەکان بەدزی و ئاشکرا لە هەرلاوە وەدی دەکرا، ئافرەتانی نێو حەرەم سەرای سوڵتان و دەرباری کۆنە سالّی عوسمانلی ئاشکرا و پەنهان کەوتبوونە تەقالاوە بۆ پاراستنی ئازیزان و هەڵبژاردنی خوێشانیان، بۆ کاروبار و دەسەڵاتداری، سەخاوەت مەندانە ناز و زەڕ و زۆریان دەبەخشاندەوە و، بازێکیان دەست بە دامێنی باڵیۆزخانەکانی بێگانە دەبوون، ملهوڕی و کەڵەشاخ

وەشانی سوڵتان تەواوی سەردەمدارانی ئەو دەمەی هێنابووە لەرزین و ترس و هەراسەوە، کەس هەستی

بەپتەوی ژێر پای خۆی نەکرد، سوڵتان هەر ڕۆژە دەستە و تاقمێکی ڕسوا دەکرد و سەر دەقرتاند، زۆربەی زۆری والییەکانی وڵاتی سەر بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەر کەنار کرابوون و هی تازە جێگەیان گرتبووەوە، نەجیب پاشای والیی بەغاش کەوتبووە بەر هەمان فەرمان و هەمان ئاڵوگۆڕ و لافاوەوە، خالید پاشا ناوێك جێگەی گرتبووەوە. سەردەمداران و دەسەڵاتدارانی نێو دەربار و سوپا کەوتبوونە ڕاوێژ و پیلان و کۆبوونەوە و دار و تەپکەنانەوە و ئاژاوە پێکهێنان. سوڵتان بێ باك، لە دەستەبەندییان هەر ڕۆژە فەرمانێکی نوێتری دەردەهێنا و دەسەڵات و توانایانی کەمتر دەکردەوە و کەس خۆی بەخاوەنی جێگە و شوێن و کورسی خۆی نەدەزانی، زەبرو زۆر و ڕاووڕووت لە وڵاتانی ژێردەستەی دەسەڵاتی عوسمانلیدا کەم بووبووەوە تا ڕادەیەك ئارامی و بووژانەوە لە کوردستاندا دەبینرا، سوارەی  یەنی چەری لە چەپاو و جەولان کەوتبوون، عومەر پاشا بەرەو خوار بووبووەوە لە بەغادا لەنگەری خستبوو، چاوەڕوانی یەکلابوونەوە و ئارامبوونی نێو پایتەختی دەکرد.

عەشایەری خوارەوەی عێراق کەوتبوونە یاخیگەری و مل نەدان بە والی، شێخەکانی عەشایەری خوارەوە ڕۆژ بەڕۆژ خەڵکیان لە دەوری خۆ گلێر دەکردەوە «حمود سامر» ناوێك تا دەهات توانا و دەسەڵاتی زۆر و بەربڵاوتر دەبوو، تاڵانکەرانی سارای عەرەبستان شاڵاویان بۆ شارەکانی دامێنی سارا هێنابوو. چەپاو و تاڵان و کوشت و کوشتارێکی فراوانیان لە خۆ بەجێ هێڵابوو والیی بەغدا دەستی بۆ یارمەتیی عەشایەری کورد درێژ کردبوو کەوتبووە هەڵپە و تەقالاوە عومەر پاشا شیرازەی دۆستایەتی لە نێواندا پچڕاندبوو، ژمارەیەکی کەم هاتنە هانای والییەوە.

مەحموود بەگی حەمە پاشای جاف ڕۆژگارێکی بێ سەر و سامان و ئاڵوگۆڕێکی بێ تفاقی بەزێڕ دەسەند، بە هۆشیارییەکی تەواوەوە کەوتبووە تەقالاوە، ڕۆژ بەڕۆژ کارامایانە و باشتر و ئاراستەتر لە نێوان کاربەدەستانی

ولایـەتـی بـەغـدادا خـۆی دەچـەسپـانـد، ئـیـتـر هـەر ڕۆژە بـنـە و بـارگـەی بـەرەو لای چاوساقێك و ناسراوێك دەنارد، بە قاڵی ڕەنگاوڕەنگی ئێرانیی گەورە و بچووك، ئـەسپ و مـایـنـی ڕەسەنـی کـوێت و، شێ، کـیسە زێڕی نـەقـدیـنـە پـێشکێش کردن، زیرەکانە توانی بە باشی لە والییەوە نزیك بێتەوە و لە زۆر ڕووەوە بەرپرسیار بێ و زۆربەی تەقالاکانی عومەر پاشا هەڵوەشێنێتەوە و بەرنامەی نیشتەجێکردنی جافیش لە بیری والی بباتەوە.

والی تا دەهات، مەحموود بەگی زۆرتر بەدڵ دەچوو، داوای گەڕانەوەی حەمە پاشای باوکی لێ دەکرد بۆ خاکی عوسمانلی ئەویش نەدەڕۆیشتە ژێر بار و ئەمڕۆ سبەینێی دەکرد و دەیوت:

– جارێك بە ناکۆکی نێو تیرەکانەوە گرفتارە و سەرەڕای ئەوە بەتەواوی عومەر پاشا زویری کردووە، بەڵام ئەو هەر لە گەڕانەوەیە وەك دەزانی وا خەریکی قەڵا دروستکردنین، یەك دوو ساڵێکی ماوە بەتەواوی تەواو بێ ئیتر ژیرانە والیی دەلاواندەوە و ئەوڕۆ لە دوێنێ زووتر دۆست و ناسراوی لە خۆ گلێر دەکردەوە، پێوەندییەکی فراوانی لەگەڵ زۆربەی شاعیران و سەوادارانی دوور و نزیکدا پەیدا کرد و قەڵەم و نامەیان لە نێواندا کەوتبووە گڕ.

## ٢٦

– بۆ من ئەوەیان گرینگە شاخی «برایمە دێز» بشکێنم، ئەوانی تر هەرچی بن، تیرە و تایفەی خۆمانن و جا ڕاست دەکەی، لە ئاوایپدا بوو.

– قوربان تا ئێوارەی دوێنێ لە دێدا بووە هیچ خەیاڵیشی نەبووە لە دێ بڕواتە دەرەوە، سەخت گرفتاری گەلە جووت و وەرد بڕینە.

– دوێنێ ئێوارە، تۆ بەچاوی خۆت دیوتە؟

– ئا بەسەری پاشا هەر دوێنێ ئێوارە بەم چاوانە دیومە و دەشمتوانی قسەشی لەگەڵا بکەم بۆ بتەوێ.. نەمکرد.

– کەواتە کارەکەمان نیوەی تەواو بوو، ئەو نیوەکەشی دەکەوێتە گەردنی ڕۆغزاد و تاقمەکەی.

– ئینجا پاشا ڕووی کردە ڕۆغزاد، وتی:

– ئەوەی بۆ من گرینگە برایمە دێز لەناو چێت بە مردوویم دەوێ، نەك بەزیندوویی با خەڵکەکە بزانن سەرپێچی لە عەشرەت و هاوکاری لەگەڵ بێگانەدا یانی چی؟

– پاشا لە کاتێکدا پەنجەی هەڕەشەی ڕادەوەشاند، وتی:

– سەری کەیخوسرەو بەگم بڕیبێ، بێ سەرەکەی بگەڕێیتەوە سەرت دەبڕم.

ڕۆغزاد پەشۆکاوانە وتی:

– بەسەری پاشا هەر لە دێدا بێ ببێ بە دڵۆپێك ئاو و بڕوا بە زەویدا دەری دێنم.

– ئیتر نازانم نەڵێی نەیوت، سەر ئەو «دێزە» نامەردەم دەوێ.. ڕەنگە بە پەنهانی و هێمنی لێیان نزیك ببیتەوە باشتر بێ، پێم خۆش نییە خەڵکێکی زۆر بکوژرێ،

کابرا فره بە زول سوڵتاندا دەنازێ وا نازانێ کەس دەتوانێ دەستی لێ بکاتەوە، بێگومان دڵنیایانە پشتی کردووەتەوە، جا وا دەزانم خەڵکێکی زۆر لەگەڵ خۆتا نەبەیت باشتر بێ.

– قوربان هەر وام مەرام بوو.

– چەند لەگەڵ خۆتا دەبەیت؟

– دەوروبەری چل کەس.

– کەمن، بیکە بە پەنجا باوجوو دێکەیان ڕۆژە ڕێگەیەك لەیراوە دوورە، پێم وا نییە پەنجا سوار سەرنجڕاکێشن، کەی دەکەوێتە ڕێ؟

– قوربان دەمەو بەیان.

– بڕۆ خوات لەگەڵ وەك وتم، خۆیم ناوێ. سەریم دەوێ سەری.

– ئەمرت موتاعە، قوربان.

ڕۆغزاد لە دەوار ڕۆیشتە دەرەوە. عوسمان بەگی کوڕی پاشا وتی:

– دەتوانم قسە بکەم؟


– ئا، دەتوانی..

– وا نازانیت بە کوشتنی «برایمە دێز» بە تەواوی نێوانت لەگەڵ سوڵتاندا تێك بچێ و ڕەنگە بەئاسانی لێمان نەگەڕێ؟

– ناگەڕێ با نەگەڕێ، ئەگەر ئەمەیان بەسەرەوە بڕوا سبەی دەست دەخەنە نێو تیرەکانی ترەوە و دەمانکەنە پیتەخەنەی دۆست و دوژمن، من کە شام دی، وای نەوت زۆر بەڵێن و وەعدەی پشتیوانییەکی فراوانی پێ دام، ئەگەر ئەمانە وەعدەکانیان بێ، باشتر وایە لە ئێستاوە بکەومە خۆم، ئەگینا کڵاوم با بردوویەتی.

– جا قوربان شا، کەی ئاگەداری ئەم جۆرە کارانەیە، ئەم هان و هەڵخەڵەتاندنە شێوەی داوودەستگای سوڵتانە و بەس.

– نا کوڕم، نا ئەم شێوە کردارە تازە نییە و لە کۆنەوە هەبووە و گەیشتووەتە ئێمە



کاروان سەرا

و، سبەیش هەردەبێ، وەڵامی ئاوا ڕەفتارێك هەر كوشتنە و بەس، ئەگینا مافەتەكە هەموو جێگر دەبێ و جەڵەوەكەم لە دەست دەردەهێنن مەگەر پاشا گەلی عوسمانلی هەر خەریكی ئەمە نەبوون؟ ئەی چۆن ڕیشەی دەسەڵاتی بابانیان دەرهانی؟

– ڕا، ڕای پاشایە ئەی پێ گیراین. چی بكەین؟

– خەمی ئەوەیان مەخۆ والیی بەغدا فەرمانی قایمقامێتیی گوڵ عەنبەری بۆ ناردووم بەپێی قسەی مەحموودی برات والی وەعدەی هەموو شتی داوە.. ئەگەر چی باوەڕم بە بەڵێن و پەیمانیان نییە. لە سەرشۆڕییەكە باشترە هەرچی ڕوو دەدا بابیدا.

بریسكەیەكی پرشنگدار ئاسمانی داتلیشاند و دوور و نزیك زەوی و ئاسمانی ڕۆشن كردەوە و گرمەیەكی ناهاڵی تۆقێنەر چوار تەنیشتی هێنایە لەرزین، پرزە و پرووزەی باران دەم دەم و تاو تاو دادەباری و دەوەستایەوە، هەناسەی زستان لە

لـەش دەخشا و ڕووو ڕوخساری سوور دەکـردەوە، شا مـانـگـێك بـوو لـە ئـێران دەرچووبوو، لە ڕێگەی ئەستارا و ڕووسیاوە بەرەو دیار و بناری ئەورووپا گەشتی دووەمـی دەست پـێ كـردبـوو، هـەڵـچـەرخـانـدنـی وڵات کـەوتـبووە دەست بڕکە و جـەمـاعـەتـێك، بـێ ڕەحـمـانـە ئـاگـریـان لـەسەر پشتی کـەساسان و ڕەشوڕووتـەکە دەکردەوە، هـەر فەرمانڕەوایەکی ئوستان و ناوچەیەك بە نەبوونی شا ناسرەدین شایەك بوو بۆ خۆی، زۆڵو سوڵتانی مامی شا بەبوونی شاشەوە ملی بۆ بـازێك لە فەرامینی شا و دەربار و پایتەخت دانەدەهێنایەوە. هەلی نەبوونی شای لە دەست نەدا و کەوتە لەناوبردنی ناحەزانی سیاسی خۆیەوە و ململانێی هاولفانی، ئیتر چـمـکـێ لـێفـە شڕەکـەی ئـێران بـۆ دزی و دەسەڵات بـەدەستـی سـەردەمـدارانـەوە ڕادەکێشرا و دەوەشێرا. بۆ زۆڵو سوڵتان لە ئاوا ڕۆژگارێکدا فرە جێگەی سەرسامی بـوو لـە هـەڕەت و هـەلـهـەلـەی دەسەڵاتـی ئـەودا لـەبـن دەستـی خـۆیدا یـەکێك لـە چاوساقانی چو کارە کۆڕیە سەر ببڕێ و تۆزەکێکیش باکیان لێ نەبێ هەرچی تەقاڵای دەکرد ئەم چاوقایمی و بێ باکییەی بۆ نەدەسەلما.

حـەمـە پـاشا دوای کـوشتـنـی کـوێخـا «بـرایمی یـەزدان بـەخش» خـۆی بـۆ هـەر ڕووداوێك ئامادە کردبوو ئەو ملهوڕی و قین و دلڕەقی زۆڵو سوڵتانی دەناسی و دەیزانی لە کوشتنی «برایمە دێن» خۆشبوونی بۆ نییە و ئەمڕۆ بێ و سبەی، بتوانێ چزەی لێ هەڵدەسێنێت.. فەرمانی دابووە عەشرەت ئاژێل و ماڵاتیان بەرەو ڕۆژئاوا و سەر سنوور نزیك بکەنەوە و لەیەك دوور نەکەونەوە چەکدارانی عەشرەتی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و ئامادەی هەر ڕووداوێك، دوور و نزیك هاتوچۆی هێزی دەوڵەت و جووڵانەوەیانی خستە ژێر چاودێرییەوە.

زۆڵو سوڵتان نەیدەتوانی پۆزە شکاندنێکی وا لە کابرایەکی کوردی عەشایەر قبووڵ بکا و بێ وەڵامی بهێڵێتەوە، فەرمانی دا بە سەرتیپ « عەلی ئەشرەف خانی قەرەگوێزلوو» بە خۆی و تیپەکەیەوە هێرش ببەنە سەر خێڵانی جاف و حەمە پـاشای بـە قـۆڵ بـەسراوی بۆ بـهێنـێ و بـۆ پـاڵپشتـی ئـەویش هـێزی «مـیرتـومـان ڕۆستەم خانی ئەفشار»یشی بەدوادا هەنارد.

هێزی دەوڵەتی گەیشتبوونە ناوچەی دەوروبەری خێڵات و هەوارگەکانی جاف.

تەواوی بیر و ئەندێشەی پاشای جاف ئەوە بوو هێزی دەوڵەت بخاتە ئەو داوەوە وا بۆی ناوەتەوە، سوپای دەوڵەتی وەك بۆ سەیرانێكی نیزامی هاتبێ، بێ خەم و بێ دەربەست دەهاتن و ئازووقە و بار و بنە و تۆپی پاچكەدار و سوپا و سانێكی فراوانیان خستبووە تەك تیپ و ئەشهەد و تیپەكەی «عەلی ئەشرەف خان» یەكێك بوو لەو تیپە شوورەتدارانەی سوپای ئێران و لە چەندین شەڕدا خۆی تاقی كردبووەوە و بە تەواوی مەغرووری دەنگوباس و ناوباوی خۆی بوو، لە پڕ دووسەد سواری عەشایەریان چوو مێردەزمە لێ تاین بوو تا چاویان كردەوە كوشتارێكی باشیان لێ كرا و شپرزەیان كردن و ڕێچكە و ڕیزیانیان ئاڵاندە یەكدا، دووسەد سوار بە چاپكی و چالاكی پەلاماریان تا دەبوو بەتینتر دەكرد و بێ باك لە ناوبانگی تیپ و تۆپە زنجیر لە ملەكانیان.. فەرماندەی تیپ دوای تەقالایەكی فراوان توانی دەست بەسەر ژڵێژاوی نێو تیپدا بگرێ و چەكدارانی ئامادەی بەربەرەكانی بكاتەوە.

سوارەی عەشایەر بەپێی فەرمانی پاشاكەیان دەبوا دوای ماوەیك بكشێنەوە و سوپای دەوڵەتی شێرگیر و تەماحگیر بكەن كە بەدوایان بكەون.

كاتێك كشانەوە وایان نیشان دەدا مەبەست خۆ دەربازكردنەو بەس.

ئیتر لەشكری سوارەی تیپ تێكڕا كەوتنە دوایان، شەڕ و كشانەوە و شەڕ، تا سوارەی دەوڵەتیان كێشایە نێو دۆڵ و دەربەندی تەرخانكراو ئیتر لە هەرچوار لاوە لە دوو لای دەربەنەوە لەبن بەرد و تاشەوە لە نزار و دابڕاوەوە، سوارەی دەوڵەت تیرباران دەكرا، نەیان دەزانی لە چ لایەكەوە گوللە باران دەكرێن هەر زەلام بوو دەڕما هەر سواربوو دەگلا، هەر دەم بوو ئای لێ وەدەردەهات «عەلی ئەشرەف خان» دەكۆشا هێزەكەی لە ئابلووقەدانەكە ڕزگار بكا. بە چەپ و ڕاست، خوار و ژووردا ئەسپی تاو دەداو هانی شەڕی دەدان، لە پڕ گوللەیەك نەخشی توێڵی سمی و لە ئەسپ بەربووەوە خوارەوە، لەشكری دەوڵەت نائومێدانە شەڕی دەكرد، كە بێ فەرماندەر مایەوە، بەجارێك پردی پسا و توانا و تاموڵی شەڕی پێوە نەما، بۆ كۆتایی بە شەڕهێنانەكە پاشا فەرمانی دا لایەكیان تۆزەكێك بۆ ئاواڵە بكەن تا بۆی دەربچن.

زۆربەی زۆری لەشکر چەکی فڕێ دەدا و بۆی دەردەچوو، ئیتر تفەنگدارانی عەشایەر و سوارەی عەشایەر پرتاو کەوتنە دوایان و یەکراست پەلاماری بار و بنە و ئازووقە و خەیمەگای دوژمنیان دا.

تالاّن و چەپاو و شڕەخۆری دەستی پێ کردبوو، چەکیان خستبووە لاوە، شەڕ شەڕی تالاّن بوو، کێشەکێش و نیخەنیخی سەر چەپاو گەیشتبووە چنگە پرچە و دەست بە تفەنگدان، بێ ئاگا لە دەوروبەر و چوار تەنیشت مەست و مەغرووری سەرکەوتن، لە سەر تالاّن بە خەنجەر و ڕمەوە بەرانبەر یەك وەستابوونەوە، لە پڕ لە دوو سێ لاوە ئابلووقەدران و درانە بەر گوللەتۆپ. نە یەك و نە دووان. سوارەی عەشایەر بەتەمای ئاوا پەلامارێکی تر نەبوون و تا دەهات تەنگیان لێ هەڵدەچنین، وای لێ هات، ئەو کوڕە ئازا بوو سەری دەرکا، بە تێشکاندنی هێزی عەشایەر، سوپای دەوڵەت بێ ئامان کەوتە نێو عەشایەرە نیشتەجێکان و تالاّن و بڕۆ و ڕەشبگیریی دەست پێ کرد و، چەند ڕێ و ئاواییەکێشیان دا بەدەم گڕی ئاگرەوە، لێپرسراوانی زۆڵو سوڵتان دەیانزانی «حبیب الله خانی باوەخانی» لە دڵی پاشای جافدا جێگە و شوێنێکی تایبەتی هەیە و شایانی ڕێزیەتی.. باڵبەستیان کرد و بەرەو بارەگای زۆڵو سوڵتان بەڕێیان کرد.

پاشا بەپێی بەرنامەیەك کە دای ڕشتبوو دوای شەڕەکە دەبوا بڕۆیشتایەتە ئەودیو، بەگرتنی حبیبولاّ خان مایەوە و چەند کەسێکی هەنارده لای زۆڵو سوڵتان تا بە زێڕ و نەختینە بەرەڵای بکا، نەڕۆیشتە ژێر باری بەرەڵاکردنی و لە بەندیخانەی ترنجاند، حەمە پاشا زانی بەم زووانە حەبیبوالله خانی بۆ ئازاد ناکرێ بە ناچاری گەڕایەوە کوردستانی سەر بە عوسمانی و یەکراست کرایە قایمقامی شار و ناوچەی گوڵ عەنبەر.

## ٢٧

کاروباری ساختمانی قەڵای شێروانە تەواو بووبوو، جگە لە ڕازاندنەوەی نێو ژوورەکان و عەروسییەکانی نەبێت ئەویش چەندین لێزانی وردەکار، سەخت تێدا خەریك بوون.

پاشا بەسەر گردی یەکەمەوە چەندین دەواری هەڵدابوو، لە دامێنی گردیشدا تا چاو بڕی دەکرد ڕەشماڵی خێڵاتی جاف، دوور و نزیك وەدی دەکرا پاشا. بەسەختی و وردەکارییەوە، چاودێری لە کاروباری قەڵا دەکرد و ڕۆژی سەدان میوانی جۆراوجۆر و تیرە و تایفەی دوور و نزیك دەهاتنە دیدەنی و چەندین کاربەدەستی ڕۆمی چ خۆیان یا نوێنەریان بۆ بەخێرهاتنەوەی دەهاتن و دەچوون.

باوجوو کرابوو بە قایمقامی گوڵ عەنبەر، کە زستان دەهات بەرەو شێروانە دەکەوتە ڕێ و سەرتاسەری ڕێچکەی گەرمیان و کوێستانی دەخستە ژێر چاودێرییەوە و هەر ڕووداوێك بە درێژایی ڕێگە بە چەپ و ڕاستیدا ڕووی بدایە لە دیوانی پاشادا ئاسان دەکرا، توانا و دەسەڵاتی پاشای جاف ڕۆژ بەڕۆژ تا دەبوو زۆرتر دەبوو، بەتایبەت شەڕەکەی لەگەڵ سوپای ئێراندا ناوباو و شۆرەتێکی فراوانی بۆ پێك هێنابوو و لە هەمان کاتدا ترس و چەکەرەیەکی فراوانی خستبووە دڵی لێپرسراوانی ئێرانەوە. دەیزانی جاف وەك هیچ تیرە و عەشایەرێکی کۆچەری نییە چەندەیان لە کوردستانی سەر بە عوسمانلیدا هەبێ، زۆرتریان لە ئێراندان و دانیش بەهیچ سنوور و مەرز و یاسایەکی دوو لادا نانێن و بە پەرۆشەوە کەوتبوونە تەقالا و چارەسەرکردنی، بەتایبەت بیر و ئەندێشەی بەربڵاوی حەمە پاشاشیان لا ڕوون بووبووەوە، بە ناچاری چەند کەسێکی دەم چەرمووی خۆیان

بەرەو دەربارى عوسمانلى هەنارد و مەترسيى خۆيان لە هاتوچۆى جاف و ملهوڕيى پاشاكەيان بۆ لێپرسراوانى عوسمانلى ڕوون كردەوە و پێيانيان سەلماند، ترسەكە هەر يەخەى ئەوانى بە تەنيا نەگرتووە و بگرە بۆ هەردوو لايە، سبەى دووچارى ئەوانيش دەبێ، هەردوو دەوڵەت دواى سێ ساڵ دوژمنايەتى و كوشت و كوشتار لەمەدا لەيەك نزيك بوونەوە و بڕياريان دا هەر يەكە بەشێوەى خۆى بەرهەڵستى جاف و پاشاكەى بكا.

ئاراستەيى و خۆ نواندنى قەڵا بەسەر بڵنديى گردى شێروانەوە شكۆ و جەلالێكى دەبەخشييە دەشتودەر و سيروان و چوار تەنيشتدا و ترس و چەكەرەشى دەخستە دڵى دوژمنانى پاشاوە.

پاشا نيشتەجێى قەڵا بووبوو، كوڕەكانى لە دەوريدا دەستەوسينە، بە چەپ و ڕاستدا لەسەرەخۆ و ئارام لە عەرووسيى ڕوو بە سيرواندا دانيشتوو بوون، پاشا ڕووى كردە مەحموودى كوڕە گەورەى، وتى:

– پێت وايە ئەم والييە ڕاستمان لەگەڵدا بكا و دڵ و دەروونى وەك دەم و زمانى وابێ؟

– قوربان ئەمانە قەت نەيانتوانيوە ڕاست لەگەڵ كەسدا بكەن مەگەر بەرژەوەندييان پێويست بكا، ئەگينا بەسەر لەشى دايكيشياندا تێ دەپەڕن.

– دەرسى ژيانم مەدەرێ دەزانم درۆ دەكەن، ئەتۆ بۆ خۆت چوار پێنج ساڵێك هاتوچۆيانت كردووە و تێكەڵاويان بووگيت. دەمەوێ بزانم ئەندازەى درۆكانيان چەندە تا چ ڕادەيەكە؟.

– ئەمەيان نازانم، هێندەم بۆ ڕوون بووەتەوە بە پارە و زێڕ و بەرتيل هەموو شتيان پێ دەكرێ، والى دەيوت، دەوڵەتى ئێران لەبارەى جەنابت نوێنەرى ناردووەتە دەربارى سوڵتان، شكاتيان لێ كردوويت. دەيوت، بە عەرزت بگەيەنم تا ئەو لە بەغدادا بێ خەمى نەبێ و دڵنيا بێ. وەك عەرزم كردى بەزێڕ و پارە لەنێو پاشاگەلى ڕۆميدا هەموو شت شياوە و ڕەنگە خێريش بدەنەوە.

– خێريانم ناوێ، شەڕيان بە پاى سەگ. هێندە خۆش باوەڕ مەبە، درۆ دەكەن،

یەشتا وازیان لە فیتدان و هەڵخەڵەتاندنی کەسوکارمان نەهێناوە و تەماحگیریان دەکەن، تا سەرپێچی و لێ یاخیبوونمان، لەیراشە بەزم هەر بەزمەکەی ئێرانە، بتوانن نامەردانە پاشقولمان لێ دەدەن.

ئێمەین دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێ، ئەگینا ژێر پامان خاڵی دەکەن و کار لە کار دەترازێنن.

پاشا ئەندێش مەندانە دەینواڕییە کشپە و لرفەی ڕووباری سیروان، ڕووی کردە لای عوسمانی کوڕیەوە، وتی:

– میوان و نامە و تۆمار، کێ هاتووە و چی نێرراوە؟

– قوربان مەولەوی تاوگۆزی نامەیەکی بۆ ناردووی سەیر لەوەدایە نامەکەی بۆ نموونە نوختەیەکی تێدا نییە.

– ئادەی بۆم بخوێنەوە..

عوسمان بەگ نامەی لە گیرفانی دەرهانی و وردە وردە خوێندییەوە.

– وەڵامی بۆ بنووسە و بڵێ با بێ سەرێکمان لێ بدا.. تاسەی دەکەین.

– بەسەر چاو قوربان، بەڵام جەماعەتێك هاتوون دەیانەوێ بگەنە خزمەت.

– کێن؟

– مەلا مارفی بەرزنجە و کوێخا ڕەمەزان و براحەمەی چوار کڵاو.

– وەك بزانی بۆ چی هاتوون؟

– بە تەواوی نازانم هاتنەکەیان زۆرتر لەوە دەچێ بۆ دەرخواستێك بێ.

– بیانهێنە ژوورەوە.

عوسمان بەگ لە عەرووسی ڕۆیشتە دەرەوە، کە هاتە ژوورەوە، چەند کەسێکی بەدواوە بوو، پاشا لە بەریان  هەستا و چاکی و چۆنی لێ کردن و ئینجا ڕووی کردە مەلا، وتی:

– وا دیارە هاتنەکەتان هەر بۆ سەردان نەبێ، بۆ هەرچی هاتوون بەخێر بێن.

– قوربان یەکەم بۆ عەرزی ئیرادەت هاتووین و دووەمیش دەرخواستێکمان هەیە، پاشا دەست نەنێتە رووماناەوە.

– ئەوەی لە توانادا بێ دەکرێ.

– قوربان هاتووین «عەزیزی شاوەیسمان» بۆ بەرەڵلا کەیت، ئەوە چەند مانگە لە بەندیخانەدایە، هەرچی پیاو خراپەی لێ وەشابێتەوە بەسیەتی.

پاشا بە بیستنی ناوی « عەزیزی شاوەیس» ناوچاوانی دا بە یەکدا و بێدەنگ مایەوە، مەلا هەر دەیوت و دەیوت، تا پاشا بە مۆنییەکەوە، وتی:

– جارێ، ئەم کابرایە بەرەڵلا نەکرێ باشترە، با بە تەواوی باو فیشاڵی ورگی خاڵی بێ و لە بەندیخانەدا بزانێ مەنێك ئارد چەند کولێرەی تێدایە و سەرپێچی لە ئێمە و بەرژەوەندیی عەشرەت یانی چی. چەندین جار ناردم بەدوایدا نەهات تازە قسەی سەر بە بالاشی کردبوو، دیارە بە باشی باوەڕی بە وەعدەکانی عومەر پاشا کردووە بۆیە وا بێ لەقاویی کردە پیشە، ئێمە ناتوانین لەناو عەشرەتەکەماندا چاو لە سەرپێچی بپۆشین.

ئینجا دەستی بۆ خۆرهەلات درێژ کرد و، وتی:

ئا لەو ولاتە چەندین کەسمان دا بەکوشت چەندینمان کوشت، هەر لەبەر نافەرمانی و ئاوا ڕەفتارێك.. ئێستا هەروا ئاسان و کەمتەرخەم بین؟ نا، مەلا، نا، جارێك کاتی بەرەڵلاکردنی ئاوا بێ ڕەشمۆیەك نەهاتووە، هەر وەختە کاتی هات، دەنێرم بە دواتا و دەیدەم بە دەستتەوە.

– ئێمە لەسەر وەعەدە و بەڵێنی ئێوە تووش هاتووین ئەوە شەش مانگی رەبەقە «عزیز» لە بەندیخانەی حەمە پاشادا دەکارژی هەڵدا و کەس خۆی نەکردە خاوەنی، هەرچی ناسراو و پیاوماقووڵ بوو ناردمە لای پاشا بەرەڵڵای نەکرد، ئاخر خواش بەرداری نییە، ئێوەش لێمان نەپرسن؟.

عومەر پاشا لە پشتی مێزەکەیەوە هەستا، دەستی چەپی خستە سەر مشتی شمشێرە مشت زێڕەکەی و لە ژوورەکەدا هاتوچۆی دەست پێ کرد و بەجۆرێك هەنگاوی دەنا نالّی چەکمەکانی لە سەنگ فەرشی ژوورەکە دەکەوت، خرمە و گرمەیەکی مەوزوونی لە گوێ دەڵەخشاند، فارس عەزیز دەیوت، عومەر پاشا لەپڕ وەرچەرخایەوە. نەختەکێك پەرەی لووتی هاتە لەرزین و پەنجەی شایەتمانی ڕاوەشاند، وتی:

– ئێوە هیچ تیا بەسەر نەبوون و نۆکەر سفەت، حەقی خۆتانە واتان بەسەر بێ، دڵنیا بن خراوترتان بەسەردادێ، چونکە خوێڕین خوێڕی... فارس و دوو سێ کەسی هاوڕای، سەرسامانە نواڕییانە یەکتردا و گێژ و کشومات بێدەنگ هەڵوێسان تۆزەکێکی بەسەردا چوو ڕووی فارس لە تاودا ڕەش داگەڕا و زمانی بە چەپ و ڕاستی سمێڵیدا هێنا و لێسایەوە و تفێکی قووتدا، وتی:

– هاتین شاخ بکەین گوێشمان خستە سەری، بێ شك پاشا بە هەڵە چووە هەرچی بین، هەین ئەمما خوێڕی نین.

– نا خوێڕین شاخ لە جێگەی سفت و سەخت و بنە و دەڕوێ نەك لە نەرمانێکی چو کەللەی پووکی ئێوەدا بەم تکا و لاڵکانەوەتان ئاوڕووی هەرچی پیاو هەیە بردووتانە.

– ئاخر قوربان باوکم لە بەندیخانەی حەمە پاشادا تووشی گرانەتا هاتووە دەترسین سەری تیا چیٚ.

– دڵنیابن بە نەخۆشی سەری تیا ناچیٚ، باش بزانن هات و مرد، دەرمانخوارد کراوە. تا ئەوەی من لێی دەزانم و ئاگەداری هەم، نەك من. خودی سوڵتانیش بڵیٚ، حەمە پاشا باوکت بەرەڵڵا ناکا؟. ئیتر بۆ خۆتان دەخەڵەتێنن، هەستن بڕۆن چارەسەری خۆتان بکەن.

– ئێمە چیمان پیٚ دەکریٚ چارەیەکمان هەبیٚ. هەر لای جەنابتە..

– نا، بە هەڵە تێگەیشتوون، چارەتان بەلای خۆتانەوەیە، نەك من.. دەڵێم خوێڕین.. باوەڕتان نایە.

– چۆن بەلای خۆمانەوەیە؟.

– بەلای خۆتانەوەیە. سادە و ئاسان، بیکوژن، حەمە پاشا بکوژن.

هەر چواریان ناخۆ ئاگا وتیان:

– بیکوژین؟.

عومەر پاشا بیٚ ئەوەی لا بەلایانەوە بکا، دیسانەوە هاتوچۆی دەست پیٚ کردەوە. فارس و هاوالان، گێژ و سەرسام، بێدەنگ و واقوڕماو تەماشای هاتوچۆی عومەر پاشایان دەکرد. پاشا لە پڕ ڕێچکەی هاتوچۆکەی وەرچەرخاندە لایانەوە و لێیان نزیك بووەوە، قیڕاندی:

– ئا، بیکوژن. وەك هەزاران پاشا و ناودار لە مێژا کوژراون. هەر دوێنیٚ سوڵتان سەلیمیان لەناو برد، سوڵتانی تەواوی مەمالیکی عوسمانلی.

یەکێك لە هاوەڵانی فارس هاتە قسە، وتی:

– جەنابی پاشا هەرچی لەناو ئێمەدا ڕووی دابیٚ بووە و ڕووی داوە، ئاوا کارێك فرە ناجۆرە، ئەمە خەتای خانەدانە.

– فڵتە فڵت، ناجۆرە، خەتای خانەدانە، دەوڵەتێکی موعزەمی وەك ئێمەتان لە گەڵدایە و دەترسن؟ ئەگەر نەختەکێك هۆش و درایەتتان هەبیٚ، دەزانن چەنێك

جوانتان بۆ هەڵکەوتووە، کێ بەم شێوە بەرخوردارە لە یارمەتی ئێمە؟ ئەوەی نییە لە بن دەستی دەسەڵاتی حەمە پاشادا زەویوزارمان پێ بەخشیون؟ دڵنیابن بە کوشتنی حەمە پاشا کارێکی وا دەکەین جێگەی بگرنەوە، بۆچی لە کێ کەمترن؟ ئەمەی دەیڵێم لە خۆمەوە نییە بیروڕای دەربار و پایتەختیشە.

فارس قسەکانی عومەر پاشای بڕی، وتی:

ئەگەر پاشا ڕای لەسەر بێ، هەڵدەکوتینە سەر بەندیخانەکەی حەمە پاشا و باوکم ئازاد دەکەین ئەو حەلەیە نیازمان بە یارمەتی ئێوە هەیە و دەستمان بگرن.

– نا ئەمەیان لە ژیری و وردەکارییەوە دوورە تا ئێمەتان پیارادەگەین، پۆرخورد دەکرێن.. ڕا هەر کوشتنیەتی و بەس.

– پاشا پێم وا نییە بەئاسانی حەمە پاشامان پێ بکوژرێ.

– کەی وتوومە ئاسانە؟ دەڵێم، دز هەوەسی هەبێ تاریکەشەو فراوانە.

– جەنابی والییش لەسەر ئەم باوەڕەیە.

– نەك والی بە تەنیا، بگرە سوڵتانیش هەروا.

– قوربان لێمان گەڕێ با بڕۆینەوە و لەگەڵ کەسوکار و خزم و خوێشدا سەر بکەین بەیەکدا و ڕاوێژێك بکەین. ئەو حەلە دێینەوە خزمەت.

– باشە بڕۆن. بەڵام درێژەی مەدەنێ تا بەدوای خەن کارەکەتان دژوارتر دەبێ، لێتان بکەویتە گومانەوە خراپتان بەسەر دێنێ.

فارس و هاوەڵانی لەلای عومەر پاشاوە وەدەرکەوتن و ئەویش یەکراست بەرەو دیوانی والی بەڕێ کەوت، تەواوی گفتوگۆکەی بۆ گێڕایەوە، والی لە وەڵامدا وتی:

– چ بەڵێن و پەیمانێکت پێ دان؟

– قوربان بەڵێنی زۆر شت، هەتا وەکو جێنشێنیی حەمە پاشایش.

– جا باوەڕیان کرد؟

– باوەڕیشیان نەکردبێ، کەوتنە ئەو خەیاڵەوە، ئەمە بۆ خۆی زۆرە وەعدەی سەرخەرمانیش زۆری تێ ناچێ، ئەم کوردانە هەموویان لە سەگ کەمترن، چەند

سەگێك دەكوژن و بە دوایدا ئیتر هەر سەگە و یەكتر هەڵدەدڕن، هەرچیش ڕووی دا لە سوودی تەخت و بەختی سوڵتانە.

– ئەم كابرا دەبێ لەناو بڕوا، ئەگینا گەورەترین گرفتاریمان بۆ دەسازێنێ، بە هەزار مەینەت و كوشت و كوشتار داوودەستگا و دەسەڵاتی بابانەكانمان هەڵپێچا، ئەگەر بە خۆماندا ڕانەگەین. كابرا خراپی بە دەستەوەیە فرە بیر و ئەندێشەی ئاشكرا و بەربڵاوە نابینی چ قەڵایەكی دروست كردووە؟ كام پاشای بابان ئاوا قەڵایەكی سازاندووە؟ دەڵێن داوودەستگایەكی وای پێك هێناوە، مەگەر هەر سوڵتان هەیبێ! دیارە ئێرانییەكان باشیان ناسیوە.. بۆیە كەوتوونەتە تەقالاوە.

– هەرچی دەكەی، ژیرانە بیكە و توند مەڕۆ. ئەم شێوەیەی هەڵت بژاردووە لە هەموو ڕێگەیەك بێ دەردەسەرترە، ئەگەر بێتو بیكەن؟.

– كەوتوومەتە سەر كەڵكەڵەی سەر تیابردنی «عزیز»ەوە لە بەندیخانەدا ئەگەر بتوانم بەشێوەیەك دەرمانخواردی بكەم و فرە دڵگەرمتر دێنە پێشەوە، لە داوودەستگای قایمقامیەتی حەمە پاشا پیاومان هەیە جێگەی باوەڕیشن.

– بە پارە و زێڕ زۆر شت دەكرێ، هەر چەندەی بۆ خەرج دەكەی ئازادی وەك دەزانی نیاز و بەرنامەی ئێمە بە تەنیا نییە.

– دووریش نییە بۆ خۆی بیكوژێت و ڕێگەكەمان بۆ نزیكتر بكاتەوە.

– پێم، وا نییە، حەمە پاشا ژیرە و هوشیار و گورگی باران دیدەیە، لەم ڕۆژەدا ئاوا كارێك ناكا ئەگەر بیشیكا، ئێستا نایكا. كاتێك دەیكا، ئەو حەلە بۆ ئێمە بێ سوودە و بێ مانا.

– بەهەرحاڵ من دەكەومە تەقالای خۆمەوە.

– لێی مەوەستە، بۆ متمانەی زۆرتر دەمەوێ حەمە پاشا دەعوەت كەم بۆ بە تا سبەی هیچ شك و گومانێك لە ئێمە نەكرێ.

– جا ئەگەر بێتو بێ بۆ ئێرە زەحمەتمان كەم دەكاتەوە، قاوەیەكی ژەهراوی دەدەینێ و تەواو، ئیتر ئەم هەموو دەردەسەرو پێچ و پەنا و گرفتارییەی پێ ناوێ،

سەدان کاری وا کراوە و چەرخیش بە چەمەر نەبووە.

– نا، بیروڕای پایتەخت لەسەر ئاوا کوشتنی نییە، دەوڵەت لە ئاشوفتە بازاڕییەکی سەیردایە، نایانەوێ دووچاری گرفتاریی تازەبن، بەپێی هەواڵێك سوڵتان عەبدولعەزیزیان لە تەخت داگرتووە و لە کۆشکەکەیشیدا خنکاندوویانە و موڕادی پێنجەمیان بە سوڵتان هەڵبژاردووە، موڕادیش لەوانە نییە بتوانێ تەخت و بەختی ئالی عوسمان بپارێزێ، کەواتە ڕۆژگار ئاوسی زۆر ڕووداوە.

– وا بڕوات چەرخاندنی وەلایاتی عوسمانلی ڕۆژ بەڕۆژ دژوارتر دەبێ، لەلایەکەوە شەڕی ڕووسیا، لەولاترەوە شەڕی بەڵکان و قەرزاری دەوڵەت بە بێگانەکان، خاڵیبوونی خەزینەیش سەرباقی ئەمانە، هەر یەکە بۆ خۆی نیشانەی ڕۆژگارێکی تەنگ و تاریکترن لە داهاتوودا.

– بەم وەزعە کە خولّقاوە لەوە دەترسم داوای سوپا و سانمان لێ بکەن، ئەو حەلە چ قوڕێك بەسەردا بکەم.

– پاشا لەوەیان نەترسیت، شەڕ پیاو دەیکا و توانا و دەسەڵات و زەڕ و سوڵتان، ئێمە جارێك لە هەموو ئەمانە بێ وەرین، هیچ فەرماندەرێك لەناو ئاشوفتە بازاڕییەکدا ناڕواتە ژێر شەڕی قورس و ڕاستەقینەوە.. دیارە لە پایتەختدا، جارێك شەڕ شەڕی زۆر و زەڕ و دەسەڵاتە.

## ٢٩

ئێوە وەك من نایناسن بەخوا قیر سپی بووە، شەمە لە مانگ بڕاوە بەری نادا. کە نایدا.

– فەرەج تۆ هەر گۆبەن وەقنگی و هەموو شت دەگەیەنیتە ئاخرەکەی، بۆچی بەرەڵڵای ناکا؟ خەزێنەی شای بڕیوە کابرا ڕقی لێ هەستاوە، سبەی ڕقەکەی دادەمرێتەوە و هەموو شت وەك جارانی لێ دێت و هەر عەشرەتەکەی ئەوسا ئەوین کە بووگین.

– وەختێك «عەزیز» لە سیاچاڵدا کارژی هەڵهێنا و پۆسیا ئەو حەلە، هەر ئەمە هەشت مانگی ئازگارە، خۆری نەدیوە، پاشا ئاسمانی کردووەتە کۆڵەوە، خۆ خۆی بە سێوەری خوا دەزانێ، کورە مردن هەر یەك جارە، ئێژم. با..

– ئێژی با چی.

– ئێژم با حەپسخانەکەی بشکێنین.

– ئەو حەلە بەرەو کوێ بڕۆین؟.

– کوڕە هەر کوێ زۆرە بۆی بڕۆین.

– کوڕینە وا مەڵێن، من کراسێکم لە ئێوە زۆرتر دڕیوە، با لە عەشرەت جوێ نەبینەوە، دوایی بە زەرەرمان تەواو دەبێ دیتان لەگەڵ عەشرەتدا نەڕۆیشتین.. وا خەریکین تاك دەبینەوە، حەپسخانەی حەمە پاشا شکاندن.. هەروا گاڵتە نییە.. خوێنی بەدواوەیە، خوێن.

– باشە چی دەڵێن بکەوینە پارێزەر، یەکێك لە کوڕەکانی غافڵگیر بکەین و بە بارمتە بیگرین، تا عەزیز بەرەڵڵا دەکا.

– هەرچی سەر دەبەم و سەر دێنم خراوتان بە دەمەوەیە.. خۆمە بە تەواوی خوا سەری لێ شێواندوون و خۆتان لە بیر چووەتەوە.. ئێمە شەڕی بەرانبەرەکیمان لەگەڵ حەمە پاشادا پێ دەکرێ..؟ ها ئەوە بۆ قسە ناکەن..؟. ئەو ملی بۆ مامەی ناسرەدین شا دانەنەواندووە.. ئێستا من و تۆ ناچاری دەکەین؟ ها.. من و تۆ..؟ نەختەکێك هۆشتان بێتە خۆتانەوە، ئەگەر بەم گلێربوونەوەتانەوە دەنازن، سەخت بە هەڵەدا ڕۆیشتوون. کابرا حکوومەتە، هەر ئالاکەی نییە، ئەمە بۆ تێ ناگەن؟.

فارس تا ئەو حەلە ئارام گوێی ڕاگرتوو بوو، لەپڕ هەڵی دایەوە وتی:

خۆ قسەکانی لالۆ قادر هەر هەمووی ڕاستە و بەجێیە.. ئێمە شەڕی دەستەویەخەمان لەگەڵ حەمە پاشادا پێ ناکرێ، بەڵام مانای ئەوەش نییە بێدەنگ و سەرشۆڕ لە ڕووداو خۆمان کەڕ بکەین، شەڕە و یەخەی گرتووین.

– نەخێر وا نییە جارێك تووشی شەڕی ڕاستەقینە نەهاتووین، بەڵام وا دیارە پڕتاو بەرەو ڕووی دەڕۆین.

– لالۆ، خۆ ئەوەشمان پێ ناکرێ، ئەی هەروا دەست لەسەر دەست دانیشین.. دە تەقالایەك بکەین، چەند سەرخێڵێك گفتیان داوە هامڕازمان بن.. حەمە پاشا ئەگەر توانایە، بە ئێمەوەیە، دەوڵەت و والیشمان لەگەڵە وەعد و بەڵێنێکی زۆری پێ داوین.

– جا فارس تۆ بەوەعدە و پەیمانی دەوڵەت باوەڕ دەکەی؟ دەوڵەت کەی خاوەنی وەعدی خۆی بووە؟ هەر والی و کاربەدەستێك کە ڕۆیشتووە وەعدەکانیشی گرتووەتە کۆڵەوە و لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی، ئێمەین لەم وڵاتەدا دەژین، ئێمەین و تۆی پێکەوە بین. ئەوە نییە والی دەعوەتنامەی بۆ پاشا ناردووە تا ببێتە میوانی، ئەمە داستانی کوڕەی سێو لە باخەڵە، باوەڕ بەقسەی ڕۆمیگەل جەماعەت مەکەن، دوایی لە هەڵدێرگادا هەڵمان دەدێرن و بە سەریشماندا تێ دەپەڕن.

– ئەرێ لالۆ!

لالۆ لای کردە لای دەنگەکەوە، شاوەیس ڕووی کردە نێو چاوانی لالۆ وتی:

– مەرحەبا.

لالۆ ئارام وەڵامی دایەوە:

– مەرحەبا.

– ئا تۆ نایەژیت هەڵدێران چۆنە؟ ئێمە گەورەکەمانیان ئەوە هەشت مانگی رەبەقە وەك سەگ سنگ کردووە و دەست بەدامێنی سەد مەرد و نامەردیش بووین من یەکێك، نەك رۆمی. شەیتانیش بێتە هانامەوە، دەستی ماچ دەکەم ئیتر چەقۆی پاشا گەیشتووەتە سەر ئێسکمان.

ورە و گاڵەو گلمەگلم کەوتە نێو دانیشتوانەوە. لەپڕ فەرەج هەڵسا و نەڕاندی:

– ئەرە کوڕە یانی چی؟ خۆمە پاشا ئاسمانی گردووەتە کۆڵەوە قسەکانی لالۆ قادر جەواهێرە، جەواهێر بەڵام بەخوا بەخوا، خۆم دەدەم بەکوشت، کوڕە با هەڵکوتینە سەر حەپسخانەکەی هەر کەس کوژیا، کوژیا، بەس نییە پیاوانە دەمرین.

لە چوار پێنچ لاوە هەڵیاندایە:

– دەمت گەرم، فەرەج ئافەرین، خۆ تویێ هەروا بکەین؟

شاوەیس زانی وا خەڵکەکە لەسەر بیروڕای شکاندنی حەپسخانەکەدایە لەسەرخۆ وتی:

– ئەم کارە هەروا ئاسان نییە تا پاشا لە گوڵ عەنبەردا بێ ئەمەمان پێ ناکرێ ئەگەر ژیرانە لێی بجووڵێینەوە بە سوودی هەموو لا دەبێ، دەڵێم با پاشا بەرەو گەرمیان بێتەوە، گشتی مانگێکی تر نابا، بەرەو شێروانە سەرەو خوار دەبێتەوە، ئەو حەلە بە ئاسانی هەموو شتمان پێ دەکرێ، هەمووی چەند چەکدارێك لە دەوری حەپسخانە دەمێنێتەوە، تازە بە باوەڕی کەسیش نایەت لەم رۆژەدا کەس بتوانێ پەلامی حەپسخانەی حەمە پاشای جاف بدرێ. پێم وایە هەر هەموویان دەستگیر دەکەین فرە دڵنیا و مەغروور و بەڵام بیکەن لە رێگەی خوادا ئەم بڕیارەمان درز نەباتە دەرەوە، ئەو حەلە هەم عەزیز و هەم چەند کەسێکی ترمان سەری تیا دەچێ. کابرا گاڵتەی لەگەڵا ناکرێ، جا ئەگەر راتان لەسەری هەیە ئێژم با هەر هەموومان بۆ یەك سوێن بخۆین.

هەموویان بە یەك دەنگ وتیان:

– وا باشە قورئانی تێدا بێ.

قورئانیان هێنا هەمووان بەرزیا هەستان و خەنجەرێکیان خستە سەر قورئانەکە و بەپێی تەمەن تەواوی دانیشتوان دەستیان پیا ماڵی.

پاشا لە بناری هەوراماندا دەواری هەڵدابوو، بارگە و بنەیەکیشی بەسەر پۆپەی چیاوە کردبووە هەوارگەی ڕاو، هەر بەرەبەیانێك لە نزار و ناوچەیەك دەچووە پارێزەوە، ڕاوچی شکار و نێچیریان تەواو دەکرد و لێزانانە بەرەو پارێزی پاشا دەیانڕانی.

ڕاوی پاشا چەندین ڕۆژی دەکێشا.. شکارگاکەی وەك دیوەخانی قایمقامیەتی گوڵ عەنبەر زڵلەی دەهات لەخەڵکی ناسراو و نەناسراو دوور و نزیك، نیازداران، جمەی لێ قەوماوان لە دەرگەی پاشادا جمەیان دەهات.. ئەویش بە تامولەوە گوێگری هەمووان بوو.

باران بڕابووەوە، دەشت و دەر پرشەی دەهات، ڕێچکەی ئاو دەبووە جۆگەلە و دەڕژایە نێو دۆڵ و خڕ و کۆردەرەوە، بە چەپ و ڕاستدا سەرالێژی سیروان دەبوون، گەرمیی پرشنگی هەتاو، لەشی سەرمابردە و سارد و چاوی نەوازشی دەکرد، ڕەشەبا شێتانە و هەڵەشانە لوولی دەخوارد و دەچەرخایەوە و پێچی دەدا، شەپۆڵەکانی سیروان چوو سۆپایەکی پرتاو و ژلێژاو، بەدوای یەکدا بەرەو لێوار و کەنار دەهاتن، کرکای کرك، لێوانلێو هاتبوو وەك گیانلەبەرێکی ئالۆز و تووڕە لرفەی دەکرد و هاژەی دەهات، زەرد و خۆڵاوی خاك و دار و دەوەنی پل دەدا و ڕادەماڵی، قەڵای سەرفراز و بەرز و بڵندی شێروانە چاوی نازی بڕیبووە خشپە و کشپەی سیروان، بەدامێنیدا سەرەوخوار دەکشا، پاشا لە عەرووسی ڕوو بە سیرواندا هەروا دەینواڕییە لێڵی و لیتاوی سیروان و ڕووی کردە مەولەوی وتی:

– سەید، پێم وایە گەرمیان بارانە، ساڵی وای لە دەمێکەوە بەخۆوە نەدیبێ، خوا حەز بکا، ساڵ ساڵی لەوەڕە، بووژانەوەی ئاژێلە، ئەگەر مافەتە و قڕی تێ نەکەوێ، ئا تۆ سەیری سیروان ناکەی چۆن شێت بووە؟

– قوربان هەر لە کەلی دەربەندیخانەوە سەر وەدەر دێنی، لە چەپ و ڕاستەوە بەسەدان ئاشگێڕ ئاوی تێ دەڕژێ، جا ئیتر بۆ شێت نەبێ؟

– هێندە قوڕاوییە، ڕەش داگەڕاوە پێم وا نییە لەو قوڵی تاوگۆز و زمناکۆوە وا لێڵ و بەدڕەنگ بێ.

– جا پاشا، خۆڵی لە کوێ وەچنگ دەکەوێ، تا لەگەڵ خۆیدا بیبا؟ ئەو وڵاتە هەمووی تل و گابەرد و سەنگی خارایە لەسەرتریشەوە هەر وا.

– سەید لە زۆر لاوە دیومە، خۆ دیوتە لە سازاندا پانتاییەکەی سێ گەزی شایە

تەنیا سێ گەز؟

– بەڵێ دیومە، ئەم لێڵی سیروانە کە دەیبینی، هی خڕی (دێوانە) و ڕووباری (هەواسان) و (دەردوێن) و (قلاتە بزان) و (چوار ملان) و (دەشتی پێواز)ە، هەر یەکە لەمانە، لە بارانە ساڵدا سیروانێکە بۆ خۆی.

عوسمان بەگ هاتە نێو عەرووسییەوە، پاشا بە نواڕینی بە ڕوویدا زانی هەواڵێکی پێیە، بۆیە وتی:

– عوسمان چ خەوەرە؟ چی ڕووی داوە؟.

– هیچ قوربان، شتێکی وا گرینگ و قابیلی وتن نییە فەقەت پەیکێك هاتووە..

– لە کوێوە هاتووە؟.

–قوربان گوڵ عەنبەر، دەڵێ ئەمڕۆ دوو ڕۆژە «عەزیز» لە بەندیخانەدا، عەمری خوای کردووە.

– بە نەخۆشی؟

– قوربان دەڵێن شەو ساق بووە نانی خواردووە سبەی بە مردوویی ڕۆیشتنەتە سەری.

– کەواتە یا مەرگی لە ناکاوی کردووە یا دەرمانخوارد کراوە. حاڵ لەم دوو فەقەرە وەدەر نییە.

مەحموود بەگی کوڕە گەورەی پاشا لەبن دەستی مەولەویدا دانیشتبوو، ڕووی کردە پاشا وتی:

– قوربان بە هەر شێوەیەك مردبێ لە بەندیخانەی پاشادا مردووە.

– یانی بەم شێوە ئەگەر دەرمانخوارد کرابێ، بە فەرمانی من کراوە ها دەتەوێ وا بڵێی؟

– قوربان من کە نایڵێم. بەڵام ناحەزە دەیڵێن.

– مردووە. مردووە..، بەڵام دەمەوێ ئەوەیان بزانم بۆ دەرمانخوارد بکرێ؟ کێ لە مردنی سوودمەندە؟ داخۆ دەبێ مایەی کوشتنەکەی چی بێت.. مەولەوی.

هاته نێو قسەکەی پاشاوە وتی:

– جا پاشا کێ دەڵێت بە مەرگی خوایی نەمردبێ، بەشەر ئان و سەعاتە، هەناسەیەکە، نەهات، نایە..

– مەلا ئەورەحیم ڕاست دەکەی، مەرگ و ژیان هەناسەیەکە، بەڵام مەرگی ئەم کابرا وا دەرناخا بێ مەلامەت بێ، منیش لەوانە نیم پاکانە بۆ کەس بکەم.

ئینجا پاشا ڕووی کردە عوسمان بەگ، وتی:

– بەناوی منەوە مەلا ڕەمەزان بنێرە بۆ فاتیحاخوێنی.

– قوربان پرسەیان دانەناوە و چەند ئافرەتێکیان ناردووە تەرمەکەیان بردووەتەوە.

– هەروا، قەت باوەڕ ناکەم هێندە گەوج و نەفام بن.

مەحموود بەگ هاتە قسە، وتی:

– ئەو چوار پێنج ساڵە جەنابت لەودیو بوویت و من لەیرا، ئەمانە خراو با چووبووە کەپوویانەوە، وەکو تووڵەی ڕاوی عومەر پاشایان لێ هاتبوو، گەڕانەوەی پاشا نەختەکێك هێنایانیەوە سەر هۆش، ئەگینا بە تەواوی پەتیان بڕیبوو.

– ئەمانە لە بنەچەکەوە پەتبڕ بووگن بەهەرحاڵ سەگێك کەمتر. ئەتۆ بە من ناڵێی والی بۆ وا دڵگەرمانە دەعوەتمان لێ دەکا؟.

– تا ئەوەی من ئاگەدارم، وەزعی پایتەخت و بابی عالی، فرە ناجۆر و ئاشوفتەیە. نیازی بە پاشا هەیە، دەیەوێ لە سەرحەداتی ڕۆژهەڵات دڵنیا بێ و ئەرکەکەی بخاتە ئەستۆی پاشا.

– ئەگەر ئەمەبێ ڕۆیشتنی منی بۆ بەغا ناوێ و بە نامە دەکرێ، جگە لەمانە و لەم دەور و زەمانەدا من بۆ بەغا بڕۆنیم، ڕۆمیگەل جێگەی باوەڕنین و نامەردن.. بۆچی خۆم بخەمە ئەم گیروگرفتەوە، ئینجا پاشا ڕووی کرد بەلای مەولەوییەوە، وتی:

مانگی داهاتوو دەڕۆم بۆ ڕاوی دەوروبەری چیمەنی برایم سەمین، پێم خۆشە لەگەڵما بێی.

– مایەی خۆشحاڵیم دەبوو بە ئاسوودەیییەوە لە خزمەتتا بامایە، بەڵام بەداخەوە، نا تفاقیم و گیروگرفتی خێزان و خزمانم سەری لێ شێواندووم.

– مەلا ئەوەندەش لێکی مەدەرەوە.

– قوربان لێم گەڕێ با بگەڕێمەوە، ئەگەر کاروبارم چەرخاند و مەرافەم نەووە ڕیشەوە، قەول بێ بگەڕێمەوە خزمەت، ئەگەر نەشمتوانی، وا کەم سەعادەتیمە.

– بۆ ئاسانی گرفتارییەکانت، ئەوەی بە من بکرێت، ئامادەم، خوا بکا بتوانی ببیتە هاوڕاوم.

– قوربان هاوڕاو، چی عەرزکەم، هاودەم بەسەرچاو.

– باشە هاودەم، ئینجا پاشای ڕووی کردە عوسمان بەگ، وتی:

– خەڵك هەیە بیەوێ بێ بۆ لامان.؟

– بەڵێ قوربان، چەند کەسێکن، کابرایەکی تیرەی کەمالەیی ژنەکەی هێناوە و دوو ڕۆژە ورکی گرتووە بگاتە خزمەت، هەرچی تەقالام کردووە و کۆشاوم، هیچی پێ نەوتووم و دەڵێت «دەردی من پاشا چارەی نەکا، بە کەس ناکرێ»..

– لێی گەڕێ بابێ.

کابرای جافە لە پێشەوە هاتە ژوورەوە و پڕی دا و دەستی پاشای ماچ کرد، ئینجا ژەندییە ژنەوە.

– بۆچی وێسیاوی؟ پڕدە، دەستی ماچ بکە، ژنە بە هەنگاوی پانوپۆڕەوە بەرەو پاشا ڕۆیشت، دەستی ماچ کرد و گەڕایەوە لای پیاوەکەی.

پاشا پرسی، ژن و مێردن؟

جافە دوو سێ جار کۆکی و قوڕگی سافیتر کرد، وەڵامی دایەوە:

– ئا، وەسیاقەت وم، ئەمساڵ چوارەمین شەرتەشوانییە مارەم کردگە.

– ئا دەی بزانم گرفتاریت چییە؟

– پاشا گیان، بۆ چە لە فاتە ناپرسی دەردم چییە؟

پاشا ڕووی وەلای فاتەوە کرد، وتی:

– ئادەی کچم، فاتەکە بێژە بزانم دەردت چییە؟

ژنە سەری خستە خوارەوە و هیچی نەوت.

پاشا دووبارە ڕووی بەلای جافەوە کرد، وتی:

– کابرا، ئادەی بڵێ بزانم دەردتان چییە.

– قوربان چوزانم. بێژم؟ نەیەژم؟ خۆ وەڵڵا توێ بێژمی.

– قەیناکە، هەرچی هەیە بێژە، ئەگەر شەرعییە، سەید و مەلایش دانیشتووە.

– ئەوەی ڕاستی بێ بۆیە زڵف بریاگەم پەلکێش کردگەتە خزمەتت، تا ئەمری پێ بکەی وەڵما دروست بێ، دروست.

پاشا ئاوڕێکی لە مەولەوی دایەوە، هەردوو بزەیەکی شاراوە کەوتە سەر لێویان و هیچیان وەدەرنەخست.

پاشا ڕووی وەلای فاتەوە کرد وتی:

– باشە، فاتەکە بۆ بە گوێی ناکەی، نازانی شەرعەن گوناحت دەگا؟

– وەسیاقەت بم، درۆ دەکات درۆ.. وەو سەی سایەقە درۆ دەکا.

– کابرای جافە دەماری گەردنی بەرز بووەوە ڕوو بە پاشا وتی:

– درۆ دەکەم سا پاشاوە و قورحانە وا پەرە پەرەییت خوێناگە، ئەو گانە فاتە وە منی دەدا، تۆ وە سەگە ڕەشی بەر قاپی خۆتانی نادەی، درۆ دەکا. سەیر، سەیر.

پاشا و دانیشتوان خۆیان پێ ڕانەگیراو، قاقا چوون بە پشتدا.

## ٣١

– خزمینە هەل لەمە باشترمان وە چنگ ناکەوێ قەت وا باشمان بۆ تاك نابێتەوە، دیارە خوا ڕۆژی خۆی هێناوە و ئێمەش دەگەیەنێتە چەقی خۆمان..؟ ئا تۆ قووڵی مەکەرەوە، سا دە بڵێ چ باسە.

– بۆ ئەوە دیسان کۆتانم کردووەنەتەوە، تا پێتان ڕاگەیەنم، ئەگەر دەتانەوێ هەقی خوێنی «عزین» پامال نەکرێ و نەفەوتێ، وا پاشا بە بیست سی کەسەوە خەیمەگای لە چیمەنی برایم سەمیندا هەڵداوە و خەریکی ڕاوە.

– دەتانەوێ، یانی چی؟ مەگەر تێکڕا لەپمان بە پەڕەی قورئاندا نەداوە، دوای قورئان بەولاوە هەیە.

– با، دەستمان داوە بە قورئانا، بەڵام یەشتا بە دەمیەوە ماوە، ئەوانەی دوودڵن و ناتوانن، شەرمی پێ ناوێ، قەینا با چارەی خۆیان بکەن، حەمە پاشا کوشتن گاڵتە نییە.

دانیشتوان هیچ کامیان دوودڵییان وەدەرنەخست و هەر هەمووان ئامادە بوون بۆ کوشتنی حەمە پاشا ولالا موویان دەکرد.

شاوەیس ئاوڕێکی ئارامی چەرخاند بە نێوانیاندا وتی:

– مادەم وایە دەبێ هەرچی زووترە بکەوینە خۆمان و دەست بەکار بین، ئەگینا هەلمان لە دەست چووە، پاشا ڕاوەکەی تەواو بکا، ئەو حەلە لە خەویشدا چنگمان بەچمکی کەواکەشی ناکەوێ.

فەرەج هەڵی دایە، وتی:

– باشە بۆ ناکەوینە خۆمان؟ بیسمیللا.؟

– بیسمیللا..

هەر هەموویان وتیان، ئەریّ وەڵڵا بیسمیللا.

– کەواتە لە سبەینێوە دەکەوینە خۆمان و بەخێڵ و بارگە و بنەوە بەرەو گەرمیان دەبینەوە، بە ماڵ و خێزانیشەوە.

بەرەو گەرمیان؟

– ئەی چۆن؟ تۆ دەتەویّ پاشا بکوژی، پاشا، خێڵ هەر لە کەلی پەیکوڵی بەربووەوە، لالۆ قادر ماڵ و خێزان بەرەو ڕۆژئاوا و سەر ئاوەسپی و ئەو بنارە دەبا و لەولاکەوە ڕایان دەدا تا ئێمەی دەگەینیّ.

– ئەو حەلە چی؟

– ئەو حەلە دەست لە دەست و قەوەتیش لە خوا، هەرچی بیّ تا یارمەتیی دەوڵەتمان پیّ دەگات، دەبیّ لەناو جاف دەرچووبین. نەکا لێمان بکەنە عێڵ جاری.

– کەی دەکەوینە ڕیّ؟

– بە ئومێدی خوا، دوو سبەی، دەمەو بەیان..

– کەواتە کاتێکی زۆرمان بە دەستەوە نەماوە!

لالۆ قادر ڕووی کردە شاوەیس، وتی:

– عەشرەت بیکەن لە ڕێگەی خوادا مەڵێن تۆقیاوم ئەم کارە فرە گرانمان بۆ تەواو دەبیّ، کاتێك دێنە سەر بیروڕای من، کار لە کار ترازاوە، تۆزەکێك تامووڵ بکەن و ژیرانە بیربکەنەوە.

فارسی کوڕی «عەزین» هەڵسایە سەر پا و ئاڵۆزانە ڕوو بەلالۆ قادر وتی:

–لالۆ، فرەخاس گویّ بگرە. چی دەڵێم لە هەر چوار مەزەوی خوا بەشم بڕیابیّ، ئەگەر ئەم کارەم بە تەنیایی کردووە، دەیکەم، ئیتر کەرانە بیّ و ژیرانە بیّ تویّ بیکەم.. چ عەشرەتم لەگەڵا بیّ و چ تاك و تەنیا. باوکی من لەسەر دەمڕاستیی ئێوە و ئاوڕوو و دەسەڵاتی ئێوە سەری تیا چووە، خۆ وەڵڵا وەجاخیشی کوێر نییە و..

هەن حەقی بسێنن.

دە دووازدە دەم چەرمووی تیرەی (کەرەم وەیسی) هەر هەمووان هەستانە سەر پا و بە یەك دەنگ وتیان:

– خوا یەکە و ناوێ وە دوو.. دوو سبەی بیسمیللا.

تێکڕا لە دەوار هاتنە دەرەوە، هەر یەکە بەرەو هەوارگە و خێڵی خۆی کەوتە ڕێ، تا دوو سبەی بەرەو گەرمیان سەر و خوار بنەوە و لە پانتایی شێخ تەویل و ئەسپە سپیدا هەڵی دەن و چاوەڕوانی گەیشتنی تێکڕای خێڵ بن.

لە شارەزووردا یەشتا هەناسەی زستان هەست پێ دەکرا، خێڵ سەریان نابووە پشتی سەری یەك و بەرەو خوار کەوتبوونە ڕێ، ڕۆژی پێشوو ڕانەئاژێڵیان لەلا ڕێگەوە بەرەو خوار کردبووەوە بۆ سرنج ڕانەکێشان، سوارەی تیرە کۆ نەبووبوونەوە هەر یەکە لەگەڵ خێڵی خۆیدا دەچوو تا سەربەرەوخواری تیرەی کەرەم وەیسی، تا شك و گومانێك نەخاتە دڵی وردەکارانە. پێش قەرەوڵی خێڵ گەیشتبوونە هەوارگەی نیشانکراو، هەر خێڵ بوو دەبەزی. تا تەواوی تیرە گلێر بوونەوە بە بەیانیدا بار و بنە و ماڵ و ئاژێڵ بەرەو ڕۆژئاوا و سەد سواری هەڵبژاردەش بەرەو خوار بوونەوە.. سوارەکان دەکۆشان لە بەرزی و بڵندی و ئاسۆوە دوور بن و هەر بە دۆڵ و لا ڕێگە و خڕ و کۆردەرەکاندا دەچوون، دەڕۆیشتن و دەڕۆیشتن مەبەستیان کەوانەی شاری کفری و هەردوو هەڵەتەکانی دەوروبەری بوو تابیکەنە مەکۆی یەك دوو ڕۆژیان.

دوو سواریان جلوبەرگ گۆڕی و سەر و مل هەڵپێچاو بەرەو شکارگای پاشا ڕێ سپار کرد، ئیتر دوور و نزیك دیدەوانیی هەوارگە ڕاوەکەی پاشا بوون.

پاشا زۆربەی ڕۆژ بە دە پازدە سوارێکەوە، بەدوای نێچیردا منەیی دەکرد، تا دەمەو عەسر نەدەگەڕایەوە، ڕۆژانە خەڵك خوا و سوارەیەکی فراوان دەهاتنە خزمەتی ئێوارەش پەخش و بڵاو دەبوونەوە، لەناو دەوارەکاندا، دەواری پاشا ناسیاو و دیار بوو. دوو چەکدار هەموو کات بە دەوریدا دەهاتن و دەچوون، دیدەوان بە وردی هەر جووڵانەوەیەکیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە، ئێشك دێران

و هـەنـۆزگـایـان و چێشتـخـانـەو جێگـەی ئـەسپ و وڵاخـیـان و هـاتـوچـۆیـان، هـەر هەموویـان بـە وردەکارییەوە دەپێوا، سوارەی کەرەم وەیسی، لە هـەردە و قـاتـەکـانـی دەوروبەری کفریدا لە مەکۆدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی دیدەوانەکانیان دەکرد.

بە دەم ئێوارەدا دوو دیدەوان گەیشتنە بەرەوە و ئەوی دیبوویان گێڕایانەوە، شاوەیس ڕووی کردە سوارەکان و وتی:

– بەم شێوەی دیدەوانەکانمان دەیگێڕنەوە، تووشی گیروگرفتێکی ئەوتۆ نابین، دیارە پاشا لە خەویشدا بەبیریا نایەت کەسێك لەدایك بووبێ دەستی بۆ درێژ بکا، دڵنیای دڵنیایە.

فەرەج تێ قونی، وتی:

– هەرچیمان دی و هەر کەسمان وەچنگ کەوت دەیکوژین، با کەس هیچ نەگێڕێتەوە.

– نـا. کـا فـەرەج، نـا، ئـەوانـەی لـەگـەڵ پـاشادان هـەر هـەمـوویـان خـزمـن و عەشرەتمانن، وا چاکە لە پاشا زیاتر دەستمان بە خوێنی کەسێکی تر ئاڵەوە نەبێ باشترە ئێمە پاشا کوژین و بەس.

– کەواتە پڕتاو هەڵدەکوتینە سەر خەیمەگا و دەوارەکەی پاشا.

– نەخێر، وا ناکرێ تا نزیکی خەیمەگا بە سواری دەڕۆین و لەوراوە پیادە و دزە خۆمانیان دەگەیێنینێ و لە سەرەتاوە ئێشك دێران و ئینجا خەوتووەکان ڕەشبگیر دەکەین، ئەو حەلە دەڕۆینە سەر پاشا.

– کەواتە، یاڵڵا!

– با تاریك دابێ ئەو حەلە دەکەوینە ڕێ، تا شکارگا بە سواری سێ سەعاتە ڕێگەیە.

لـەولاتـرەوە، لـە دوورەوە. لـەو خـوارەوە، بـزیسکـەیـەك لـە ئـاسۆی دابـڕاوی بـاوە شاسوارەوە، تـاریك و قـڵـیشاو، پـەریشان، درزی خستـە لـێڵایـیـی ئـاسمـان، ڕەش سوارانی مەرگ بەرەو هەوارگەی خوێن، زەواری قینیان دابووە دەست سارەوانی

تۆڵەوە، دەڕۆیشتن و دەڕۆیشتن تا لە مۆڵگەی مەرگدا مێخ و ستوونی کینە لە زەویدا بچەقێنن.

شکارگای پاشا سەری خەوی لەسەر باڵی خەیاڵ دانابوو، بێ دەربەست. بێ خەم، مەستی دەسەڵات و توانا بوو، ئێشك دێران لە ژێر تاریکی و تاریك و لێڵەی شەوا، لە هوشیاریدا لە خەوا، گوێیان بە چرینی هۆرەی مەرگ دەزرینگایەوە، لە ئەندێشەیاندا ناڵە و هاوار و ڕۆڕۆ دەنگی دایەوە.

پاشا لە ئاشوفتە بازاڕیی ڕۆژگارا پا بەرچاو ئارام بە هەزار ئاواتی گەورە و سەرەو هەزار مەرام لەگەڵ کوردەواری و عەشرەت و خوێشا لە خەوا بەرنامەی ململانێی تێکڕایی دەکێشا.. تەپاوتلێکی کرد و حیلەی ئەسپی سل و سرك و حەپەی سەگەلی هاتە گوێ، چاوی بڕییە بن میچی دەوار و سووکتر گوێی هەڵخست، چەندین هەناسەی پچڕ پچڕ و... سوار تا دەهات، نزیکتر دەبوونەوە ئایەك لە دەمێکی ژاناوییەوە هاتە دەرێ و خامۆش بوو، پاشا لەسەر جێگەکەی خۆی کێشایە سەرەوە و شانی لەسەر سەرین دانا و دیسانەوە گوێی لە ورە و هەناسەی دیاریتر بوو، ویستی هەڵسێتە سەر پا، پەردەی دەوار هەڵدرایەوە دە دووازدە چاوی خوێن گرتوو، چو کاسە خوێن، دەست بە تفەنگ و خەنجەر ڕووبەڕووی ڕاوەستان و زاق زاقێك تێیان دەنواڕی. پاشا کەمتەرخەم و بێ باك، ئاوڕێکی لێ دانەوە، چاوەکان چەند دانەیەکیان نەبێ، شڵەژان و چاویان بەرەو سەر گوڵی قاڵیی نێو دەوار داخست، دووان لە زەلامەکان لە پاشا چوونە پێشەوە، فارسی عەزیز ڕووی کردە پاشا، وتی:

– ڕەنگە بزانیت بۆچی هاتووین؟

– ئا، ڕەنگە بزانم، بەڵام بەلامەوە گرینگ نییە دەمەوێ بزانم سەگەلی چ دەرگەیەکن گوێ بە فەرمانی چ ئاغایەکن، ئەوەم بۆ گرینگە.

– یانی نازانی؟! ئێمە ڕێ سپێری دوای تۆڵەی خۆمانین، حەقیت بە لایەوەیە و دەبێ بیدەیتەوە.

– من باسی ئەوەیان ناکەم، دەمەوێ ئەوە بزانم سەر سپاردە و هەڵخەڵەتاوی

زۆڵو سوڵتانن، یا پاشاگەلی ئالی عوسمان، یا هەردووکیان.

فارس پشتوێنەکەی کردەوە و لە پاشا نزیکتر بووەوە، پشتوێنی خستە ملی پاشا و بە هەردوو دەست گرتی، وتی:

– هەر کامێکیان ببین حەقە و بە لاتەوەیە دەبێ بیدەیتەوە.

– ڕۆڵە، پاشە ڕۆژێکی نزیك، هەڵە و هەڵەشەییتان بۆ خەڵکی وەدەردەکەوێ و ئەو حەلە ئێوەیەك بەسەر زەوییەوە نین تا پەی بە گوناح و گومڕاییتان ببەن، بەڵام لەم دوا دواییەدا، یەك داوام هەیە، بۆم دەکەن؟

– دەبێ داواکەت چی بی و ئایا بە ئێمە دەکرێت؟.

– پێم وایە پێتان دەکرێ، ئەگەر نەختەکێك مەرد بن و خۆتان بە پیاو بزانن؟

فارس پشتوێنەکەی نەختەکێك وشارد، وتی:

– پیاو نەبین پاشاکوژ نابین، بێگومان خۆمان بە پیاو دەزانین، بۆیە دەتکوژین.

– کەواتە مادام خۆتان بە پیاو دادەنێن، پیاوانە بمکوژن، نەك دەڵەدزانا و خوێڕییانە، بەو خەنجەری خۆمە وا بەو ستوونەدا هەڵواسراوە، ئا بەوە بمکوژن، ئەگەر پیاون؟

فارس پشتوێنی لە ملی پاشا کردەوە و بەرەو ستوون ڕۆیشت و خەنجەری لە کێلان دەرهێنا و بەهەموو هێزی خۆی دای هێنایەوە و دای لەسەر پۆپەی دڵی پاشا و لە جێگەی دەمی خەنجەرەکەوە خوێن بازەرەقەی بەست و ڕووی فارسی خوێن ئاڵوود کرد.

شاوەیسیش بۆ ئەوەی لە فارس کەمتر نەبێ، چەند خەنجەرێکی ماڵی بە سنگ و سکی پاشادا، پاشا هەر بە هەمان خەنجەری یەکەم گیانی سپاردبوو، سەرجەم پازدە خەنجەریان لێ دا و لە دەوار هاتنە دەرەوە.

دەست و پای ئێشك دێرانیان بەستبوو. ئەسپەکانیان هێنابووە نێو خەیمەگاوە، یەکراست بێ وەستان سواربوون و پرتاو سەربەرەوژوور بۆی دەرچوون، لە ئێوارەدا

گەیشتنە ناوچەی زەنگەنە و بە لێواری ئاوەسپیدا هەڵکشانە سەرەوە تا گەیشتنە هەوارگە و بار و بنەی خێڵ، لەویّ ڕا نامەیەکیان بۆ فەرمانداری کەرکووك نووسی و لە ڕووداو ئاگەداریان کرد و پێیان ڕاگەیاند وا لەسەر وەعدە و پەیمانی والی و خالد پاشا، فەرمانیان ئەنجام دراوە و چاوەڕوانی سوپا و سانی یارمەتین، دوای سێ و چوار ڕۆژ نامەیەك بەم شێوە دەگاتە بکوژەکانی حەمە پاشا.

«لە فەرماندەی هێزی کەرکووکەوە، بۆ تاقمێك یاخی و پیاوکوژ، ئێوە بەپێی یاسا قایمقامێکی خەلیفەی ئیسلام و سوڵتانی موعەوزەمی ئیمبراتۆرییەتی عوسمانلیتان شەهید کردووە، بەپێی یاسای ئالی عوسمان سەروماڵتان بۆ لەشکری ئێمە موباحە، یا هەر هەمووتان خۆتان بسپێرنە یاسا، تا بەسزای خۆتان بگەن»

چاوساقانی تیرەی «کەرەم وەیسی» لە نامەکەی فەرمانداری کەرکووك گێژوویژ و مەنگ و سەرسام بوون، شێوا و بە یەکتردا دەهاتن و دەچوون.

لالۆ قادر ئارام ئاراستە لەسەرخۆ لە گۆشەیەکەوە دانیشتبوو، بێ ئەوەی هیچ ژڵێژاوییەکی پێوە دیار بێ لەسەرخۆ، وتی:

– کار لە کار ترازاوە، دەستمان چووە بە خوێنێکدا خوێنی سیاوەحشە، شەڕەکە سەروماڵی ئەم ڕاستەقینەیە وا ئێستا زانیتان دەمێکە زانیومە و کاوێژی دەکەم، وا لێمان قەوما و خراپیش لێمان قەوما، بە تەنیا ئێمە شەڕی تەواوی جافمان پێ ناکرێ، نەکو هەر ئێمە، بگرە زۆر لە عەشرەتەکان ئەم شەڕەیان پێ ناکرێ و نامانگرنە خۆ، تەنیا کوێرە ئومێدێکمان بۆ مابێتەوە، ئەویش هەمەوەندەکانە، ئەوانەیش ناچار نەبن نارۆنە ژێر باری ئاوا پەنادانێکەوە، کەواتە دەبێ غافڵگیریان کەین و خۆمان بهاوێژینە بەر دەرگەی جوامێر، ئەگینا تا چەند ڕۆژی تر هەر سکی ئافرەت و منداڵی «کەرەم وەیسی»یە و ڕمی سوارەی جافە و دەچێ بە نافیا، خۆتان لەمە زیاتر مەشڵەژێنن، شەڕە و دەرکەی پێ گرتووین و تەقالاکەین، سەرمان دەرکەین بە ناموسەوە.

یەرغەیەکی دەست و یەك ئاهەنگ خرمەی ناڵی ئەسپەکانی ڕیتمدار دەخشاند لە گوێ، مێش و مەگەزی شینایی بەهار بەدەوری تەڕی دەموچاو و کەفەڵی ئەسپەکاندا هاژەیان دەهات و یاڵیان ڕادەوەشاند و سەریان بە چەپ و ڕاستدا هەڵدەتەکاند و کلکیان کردبووە باوەشێنی کەفەڵ و ناوگەڵیان، زەردەی هەتاو بەسەر ئاسۆکانی هەردەو هەڵەتی ناوچەی هەمەوەندا مەنگ و ئارام دوور و نزیکی گرتبووە خۆ، سوارەکان نزیکی دێ بووبوونەوە، تا نزیکتر دەبوونەوە سەرسامییەکی زۆرتر دەیگرتن دووسەد سێسەد ڕەشماڵێك، بە دەوری دێدا دوور و نزیك هەڵیان دابوو، ئاژێڵ و ئەسپ و ماین، سەگەل و توولە و تانجی لە دەوری



جوامێر هەمەوەند

دێدا شەپۆڵیان دەدا.

جوامێر هەمەوەند دەستی ڕاستی لە لەقاو بەردا و کردی بە سایەبانی هەردوو چاوی بێ ئەوەی لا بەلای دەروێشی برایەوە بکا وتی:

– دەروێش، گوایە ئەمانە کێن و ئەوێ بۆچی هاتبن؟ لە زەوار دەکەن، نەوەڵڵا چو ڕەنگە قەرەچی بن، کوڕە چوزانم، خۆ دەشێ میوان بن.

چی دەڵێ؟.

– تەواوی قەرەچی نێو کورد کۆکەیتەوە، هێندە نابن، قەرەچی چی؟ قەرەچی ئەم هەموو مەڕومالاتەی لە کوێ بوو؟ هەرچی سەر دێنم و سەر دەبەم ئەم ڕەشمالانە بێ مەلامەت نین، خوا بیکا بەخێر بگوزەرێ. جوامێر لە ئەسپ دابەزی و لەقاویان لە دەست گرت و یەکێك لە پیاوەکانی بە گوێیدا چرپانی:

– قوربان میوانمان هەس.

– میوانمان هەس، هەسمانە و بەخێر هاتوون وا دەبینم هەمانە..

جوامێر بەرەو دیوەخان ڕۆیشت و دیوەخان سمێڵ تا سمێڵ زەلام لێی دانیشتبوون، هەرکە ڕۆیشتە ژوورەوە تەواوی خەڵکەکە بەرزەپا لەبەری هەستان، دوای بەخێرهاتنی گەرموگوڕ و چاکی و چۆنییەکی فراوان لە گۆشەیەکەوە لێی دانیشت، سیرەی سەماوەرێك لە پایینی دیوەخانەوە تێکەڵ بە قوڵتەی ئاوی جۆش و کوڵاو لە بێدەنگی دانیشتوانی دیوەخاندا دەگەیشتە پەردەی گوێی هەموو کەس، نانی ئێوارە خورابوو، چەند چرایەکی ئاوینەدار بە دیواری دیوەخانیدا هەڵواسرابوو، جوامێر ڕووی کردە میوانەکان، وتی:

– ئینشائەڵڵا، خۆ دەمبەخشن لە مالا نەبووم، یەك دوو ڕۆژێکە لە ڕاو بووم، ماڵ ماڵی خۆتانە و خاوەن ماڵیش ئەگەر من بم لە خزمەتتاندایە.

لالۆ قادر لە گۆشەیەکەوە چوارمشقی دانیشتبوو، پلێکی خوارد و لەسەر چۆك نێو قەد ڕاوەستا و ڕوو بەجوامێر، وتی:

ئێمە تیرەی «کەرەم وەیسی» جافین بە لەوەڕ و هانا بە بنچك لێمان قەوماوە لە خوا و جوامێری و کەڵەمێردی جوامێر هەمەوەندە زیاتر لە ژێر ئەم ئاسمانەدا

کەسێك شك نابەین، هەر کەڵەمێردیی جوامێر هەمەوەند سەرسپاردانە کەمەن کێشی ئەم ئاستانەی کردووین، لالۆ قادر هەر هەستا و بەرەو کۆڵەکەی ناوەڕاستی دیوەخانەکە ڕۆیشت و هەردوو دەستی بە دەوریدا هەڵقە کرد، وتی:

– بەخوا و بەخوا ئەم کۆڵکەیە بەرنادەین، تا گفتمان نەدەیتی.

جوامێر هەروا ئارام دەینواڕی و سەرسامانە و لەسەرخۆ بەلالۆ قادری وت:

– خالۆ دڵنیا بە، شت نییە خوا ئاسانی نەکا، ئینشائەڵڵا، هەموو شت بەمرازی تۆ دەبێ.

– نا قوربان نا.. ئێمە لێمان قەوماوە تەنیا گفتی جوامێرە ئاسوودەمان دەکا. تەنیا بەڵێنی جوامێرە دڵنیامان دەکا.

– خالۆ ئەو کۆڵەکەیە بەردە، ئەگەر هەرچوار کوڕمت کوشتبێ دەتبەخشم، باشە.

– نا ئاغا جوامێر، نا. چنگ لە کۆڵەکەی غیرەتت بەرنادەم تا گفتی پارازتنمان نەدەیتێ. تا داڵدەمان نەدەی، تا نەیەیتە هانامانەوە، ئێمە چنگمان لە درەختی غیرەتی ڕیشەداری جوامێر هەمەوەند گیر کردووە، بێ خود بەرەو ئەم دەرو دەرگەیە نەهاتووین.

– خالۆ ئارام بگرە و ڕاحەت لێی دانیشە، بە حەییانەتی حەی قەسەم سەرم لە ڕێگەتانە، بە ماڵ و حاڵ و خۆم و عەشرەتمەوە.

لالۆ قادر کۆڵەکەی بەردا و پەلاماری دەستی جوامێری دا، تا ماچی بکا، جوامێر هەستایە سەر پا و دەستی کێشایەوە، نەیهێڵا، جوامێر ڕووی کردە لالۆ وتی:

ئێستا، دەتوانم بپرسم چیتان لێ قەوماوە.

لالۆ قادر نزیکتر بووەوە و دەستی کردە ناو پشتوێنەکەیدا، وتی:

– قوربان تا بڵێی خراومان لێ قەوماوە، خەتای گەورەمان لێ وەشاوەتەوە ئەمانەی وا پەنایان هێناوەتە ئەم ئاستانەیە، دەستیان بەخوێنی حەمە پاشای جاف ڕەنگین بووە، بەڵێ ئێمە حەمە پاشای جافمان کوشتووە و خۆمان

هـاویژتووتـه بـەر ئـەم دەرگـەیـە، دەرگـەی جوامێر.

جوامێر بـە بیستنی «حـەمـە پـاشـای جـافـمـان کوشتووە» بـە هـەردوو چـەپـۆك دای بـە تـەوقی سـەر خـۆیدا، وتی:

– ئـای خـانـەی وێرانم، ئـای مـاڵی کـاولم، ئـای کوڕی کوژراوم، ئـای چیتـان بـەخۆتـان کردووە و چیتـانیش بـە من کرد.

جوامێر بێ تـاقـەتـانـە لـە جێگـەکـەی خۆیدا دانیشتەوە، بێدەنگ، بێڕەنگ، ئـارام و حـەپـەساو، ورتـەی لـە دەم نـەهـاتـە دەرەوە.. کـەرەم وەیسییـەکـان دەروون پـەشێو، پـەرێشـان و ژلێژاو و بێدەنگ، چـاویـان بڕیبووە دەم و ڕووی جوامێر لـە هـەزار بیری جۆراوجۆردا دەپلیکانـەوە، دەچێتـە بـاری بـەڵێنی، دەستمـان پێوە دەنا؟ یـا کێ دەڵێ بـاڵبـەستمـان نـاکـا و نـامـانداتـە دەستی خوێن خوارەکـانمـانـەوە.

جـوامـێر مـژێکـی لـە قـلـیـانـەکـەی دا و دوو سێ جـار ئـەنـدێشمـەنـدانـە لـێوبـگـیری قلیـانـەکـەی دا بـە دانـەکـانی پێشەوەی دا و لـەسـەرخۆ، وتی:

– ئێوە بـاشتـان لـەگـەڵ ئێمـەدا نـەکرد، حـەمـە پـاشـا و ئێمـە پـەیمـانی دۆستـایـەتیمـان پێکـەوە ئیمزا کردبوو، گفتی دۆستـایـەتی و هـاوکـاریمـان لـەگـەڵ یـەکدا هـەبوو، بـە ئـەم شێوەدا دەیبینن، تـازە کـار لـە کـار ترازاوە، من لـەوانـە نیم بدەم لـە ژێری وتـە و گفت و پـەیمـانم، ئـاسوودە بن، هـەرچـەند دەزانم ئـەم گفتـەم گـەلێك گران بۆ تـەواو دەبێ، بـەڵام هـەردەم وا بووم، سـەر و مـاڵم لـە ڕێگـەی گفت و بـەڵێنمدا بووە، وا بـەم شێوە ئێمـەش دەستمـان دەڕواتـە نێو خوێنی حـەمـە پـاشـای جـاف، کـەواتـە دەبێ تـا زووە و درەنگی نـەکردووە بکـەوینـە خۆمـان، تـا بزانین هێزی جـاف و چـاوساقـانیـان چۆن چۆنین لێمـان دێنـە پێشـەوە؟

لالۆ قـادر زانی جوامێر لـەسـەر بـەڵێنی خۆی مـاوە و پێی نـاکرێ بـەئـاسـانی دەستیـان لێ هـەڵگرێ، دیسـانـەوە هـاتـەوە قسـە، وتی:

– ئـەگـەر ڕای جوامێری لـەسـەر بێ، ئێژم، بۆ مـەبـادا بـاشتر وایـە نـەختـەکێك بـارمـان سووك کـەینـەوە، بـەم بـارە قورسـەوە ڕەنگـە دەست و پـاگیری زۆر شت بین.

– منیش لـە هـەمـان بیردا بووم، بـاشتر وایـە لـەسبـەینێوە مـاڵ و منداڵ و ژن و

زاوزاتوول دوور بخەینەوە و بەرەو لایەك بیاننێرین، ئێمە لە دێدا شەڕی دوور و درێژمان پێ ناکرێ.

– قسەکەت شەکرە و بە قوربانەکەت بم، لە قزراباتەوە تا شلێر و ناو خوان، موڵکی جافە و بەگزادەی جافە، تا بەرەو سەر بڕۆین تیرە و توانای جاف زۆرتر دەبێ، باشتر وایە بەرەو خوارتر مل بنێین، هەر نەبێ دانیشتوانی جاف نین و دەردەسەرییان کەمتر دەبێ، ئەگەر زۆریش پێ بگێڕین و بمانەوێ بەرەو ئێران بڕۆین، خۆ هەر ڕێگەی ئەو خوارە باشترە و بێ مەرامەترە.

– ڕاست دەکەی، بۆ مەبادا، بەرگری لە گەمارۆنەدانمان بەرەو لای کەوانەی کەرکووك و لەیلان و ناوچەی زەنگەنە ببینەوە، وا دەزانم، باشتر بێ ئەگەرچی فرە بێ تفاقین زۆر کارمان لە پێشە و کاتێکی واشمان بە دەستەوە نەماوە.. بە هەرحاڵ تازە شەڕەکە بووە بە شەڕی ئێمەش، هەر لە ئەمشەوەوە دەبێ پێش قەرەوڵ بەهەرچوار لادا بڵاو کەینەوە، نەکا لەپڕ غافڵگیر کرێین.

جوامێر لە دیوەخان هاتە دەرەوە، لالۆ قادر و چەند ڕیشسپییەکی کەرەم وەیسی نەبێ، هەر هەموو دیوەخانیان بەجێ هێڵا.

تاریکە شەو بوو هەوری ڕەش و تاڵ، سنگی ئاسمانی داپۆشیبوو، ڕۆشنایی مانگ جارەوبار لە ژێر تەنکایی هەوردا دەرکەوت و چاوشارکێیەکی منداڵانەی دەکرد، بزەیەکی ساردوسڕی بەئینسان و زەمان و ئاسمانا دەهات، دەنگی جۆراوجۆری ئاژێڵ و بیگرە و بەریدە و گریانی منداڵ و حەپەی سەگەل دەهات، پەشێوی و ئاڵۆزیی فراوانی بۆ گوێگر وەدەردەخست، ئاسۆ ڕۆشن بووبووەوە، زۆربەی دەوارەکان ڕمابوون و لە زەویدا ڕاخرابوون و تەختە دەکران و لە گایان دەنان، ڕان و ئاژێڵ لە لاڕێوە بەرەو پەچەی دەربەدەری و هەوارگەی مەرگ و خوێن وەڕێ کەوتوو بوون.

قریوەی شوان، سارەمای مەڕ و بەرخ، ئاهەنگ و نەوایەکی کەساسانەیان لە ئاسماندا دەبەخشاندەوە، زەردیی هەتاو لەبن و بێخی ئاسمانەوە دەبینرا، سوارێك پڕتاو بەرەو نێو ئاوایی دەهات و یەکڕاست بەرەو دەرگەی ماڵی جوامێر

بەهەڵەداوان، خۆی گەیاندە جوامێر، وتی:

– چوار پێنچ سواری جاف نامەیان پێیە و دەیانەوێ بگەنە خزمەت.

– رایان مەگرن با بێن..

بەبیستنی هاتنی پەیکی جاف، پیاوانی کەرەم وەیسی لە دیوەخاندا دیسان گلێر بوونەوە، رۆبیتەن لە دیوەخان رۆیشتە ژوورەوە، بێ سەڵاوکردن وتی:

– جوامێر هەمەوەند کامتانن؟

یەکێك بە پەنجە ئیشارەتی بۆ جوامێر کرد و رۆبیتەن رووی لێ کرد، وتی:

– لە مەحموود بەگی حەمە پاشای جافەوە ئەم نامەم بۆ هێناوی.

نامەکەی دا بەدەستییەوە، ئینجا ئاوڕی دایەوە، تەواوی پاشاکوژەکان لە دیوەخانی جوامێردا لێی ڕمابوون، هەروا لە ناوەڕاستدا ڕاوەستا بوو، ڕووی تێ کردن، وتی:

– بۆ کوێ دەڕۆن؟ کام ئاسمان، کام دەریا، کام سارا، خەیاڵتان خاوە، هەزار باڵتان هەبێ هەر هەمووی دەشکێنین، ببنە دڵۆپێك ئاو و برۆن بە زەویدا دەرتان دێنین.

فارس لێی هەڵپەڕی، وتی:

– فشە فش، ئەیرا جێگەی گەزافەدان نییە، دیوەخانە، دەیوخانی پیاوان.

– زەڕنەقووتە دەم لە پیاوەتی دەدەی؟ ئەو مژدەیەت بدەمێ تۆوتان دەبڕینەوە نەکا

جوامێر هەمەوەند، ئاسمانیش دەستی بە باڵتانەوە بێ، تاك لە چنتان دەکەین. جوامێر لە نامە خوێندن بووەوە و ڕوو بە دانیشتوان، وتی:

– ئەم نامەیە پێوەندیی بە هەمووماونەوە هەیە، جا وا بە چاك دەزانم بۆتانی بخوێنمەوە باشتر بێ، بێ چاوەڕوانی دەستی بە خوێندنەوەی کرد.

لە مەحموود بەگی جافەوە، بۆ جوامێر هەمەوەند.

« وەك دەزانین نێوان ئێوە و مەرحوومی حەمە پاشا بریتی بوو لە دۆستی و ڕێز

و هاوکاری و برایەتی، هیچ جۆرە ناکۆکییەك لە نێواندا نەدەبینرا، ئێمە وامان دەزانی یەکێك دەبی لەوانەی دەست لەسەر دەستمان دانێی و تۆڵە خوێنی ناحەقی حەمە پاشا بسەنینەوە، کەچی بکوژەکانی پاشا لە دەیوخانەکەتدا لەنگەریان خستووە، جا داواکارم هەرچی زووترە لە خۆتانیان دوور خەیتەوە، تا بە ئومێدی خوا بەسزای گوناحی نابەخشوودەنییان بگەیەنین.

والسلام على من اتبع الهدى»

مەحموود کوڕی

حەمە پاشای جاف

دیسانەوە بالی بێدەنگی بەسەر دانیشتواندا کشا و کەس متەقی نەکرد و چاوەڕوان تا جوامێر چی بە نوێنەر و پەیکی جاف دەڵێ، جوامێر دانیشتوانی زۆر لە نیگەرانیدا نەهێڵایەوە، بە ڕۆبیتەنی وت:

– بە زمانی منەوە بە مەحموود بەگ بڵێ، سێ ڕۆژ مۆڵەتمان دەوێ، دوای ئەو سێ ڕۆژە وەڵامی منی دەستگیر دەبێ.

ڕۆبیتەن وتی:

– هەر ئەوەندە؟.

– هەر ئەوەندە.

پەیکی جاف بەبێ خواحافیزی لە دیوەخان ڕۆیشتە دەرەوە و سوار بوو و پڕتاو بەرەو لەشکری جاف گەڕایەوە.

ئینجا جوامێر ڕووی کردە کەرەم وەیسییەکان، وتی:

– ئێوە نیگەرانیتان بە رووەوە دیارە، بەهەڵەدا مەڕۆن و قسەی جوامێر هەمەوەند یەکە و بە دوو نابێ، من سێ ڕۆژ مۆڵەتم خوازتووە تا باشتر و ڕازاوەتر ئامادەی پەیکار و شەڕ و مەیدان بین، دەزانم لەشکری جاف لەم سێ ڕۆژەدا هیچ جۆرە بەرهەڵستی و جووڵانەوەیەکمان دەرحەق ناکەن، دوای خۆ گلێرکردنەوە لە نێو دەربەندی باسەڕەدا دامەزرێین و دەست لەدەست و قەوەت لە خوا، جا وا دەزانم

ئێوەش لەسەر ئەم بەرنامەیە بڕۆن و بکەونە خۆتان.

کوڕەکانی حەمە پاشا بە سەرۆکایەتیی مەحموود بەگی برایان لەگەڵ سێ هەزار سوار و چەکداری جافدا لە دامێنی ناوچەی هەمەوەندا پەخش و بڵاو بووبوونەوە، بە چاکیان زانی پێش ئەوەی دەست بەهیچ هێرشێك بکەن، نامەیەك بۆ جوامێر بنووسن، بۆ مەبادا و پاشەڕۆژ.

ماوەی دەرخواستی جوامێر بووە هۆی ڕاوەستانی سێ ڕۆژەی لەشکر، لە ڕۆژی سێیەمدا مەحموود بەگ ئالادار بوو، وا لەشکری هەمەوەند و کەرەم وەیسی سەر و خوار و ملەو کەوانەکانی دەربەندی باسەرەیان گرتووە و تیا دامەزراوان بە ئاگەداربوونی جەنگاوەرانی جاف دەیانزانی هێرشی هەڵەشانە بۆ سەر دەربەندی باسەرە، دەبێتە هۆی کوشتارێکی فراوان، هێزەکەیان بەرەو دێهات و ئاواییەکانیان پەلاماردا و هەرچییان وەچنگ کەوت دایانە دەم گڕی ئاگرەوە، شەڕ گەرم بوو، سەر و خواری دەربەندیان گرتبوو، پارچەیەك ئاگر، تەك تیر ئاویژان و تفەنگچییان وردە وردە لە سەر و خوار و ڕۆژهەلاتی دەربەندەوە دەچوونە پێشەوە، ژمارەی هێزی جاف چەندین بەرانبەری سەنگەرگیران بوو، مۆڵەتیان پێ نەدەدان وەلامیان بدەنەوە، ئاگربارانی فراوانی هێزی جاف تەنگی لە سەنگەرگیران هەڵچنیبوو، بازێك لە سەنگەرگیران دووکەڵی سووتانی دێ و ئاواییەکانیان دەدی، خۆیان پێ ڕانەگیرا و سەنگەریان بەجێ هێشت و بەدانەکانی ڕۆژئاوای دەربەندا کشانەوە.. دەرویشی برای جوامێر هەستایە سەر پا و خوڕییە هەلاتووان، لە پڕ گوللەیەك نەخشی ناوچاوانی پێکا و بەلادا هات، هێرشی جافەکان تا دەبوو بەتینتر و زۆرتر دەبوو، سەنگەرگیران لە سەنگەرەکانیان هەڵکەنرابوون، لاشە و بریندارانیان بەجێ دەهێشت، هەردوو لا تێکەڵ بووبوون، ڕم و شمشێر و خەنجەر و بازوو تێك ئالابوون، زۆرانی مەرگ و ژیانیان دەکرد، بە ئێوارەدا هێزی هەمەوەند خۆی پێ ڕانەگیراو، بە ڕۆژئاوای دەربەندا کشانەوە، هێزی جاف دوور و نزیك بەدوایانەوە بوون، هەمەوەند و کەرەم وەیسی دەکۆشان هەرچی زووتر بگەنە ناوچەی زەنگابات و لە نێوان شێخ باوە و جەلەولاوە لە سیروان بەرەو ئێران بپەڕنەوە، چاوساقانی لەشکری جاف ئەمەیان

بە باشی دەزانی، هێزەکەیان کردە دوو بەشەوە، بەشێکیان بێ ناوبڕ بە دوایانەوە بوون، شەڕ و پەلامار و کشانەوە و هێرش، بەشەکەی تر هێزی جاف لە خوارەوەی قەڵای شێروانەوە لە سیروان پەڕینەوە بێ ئەوەی هەمەوەندەکان ئاگەدار بن، پێشیان لێ گرتن، هێزی هەمەوەند و کەرەم وەیسی خوو و ڕەفتاری چەپاوگەری و شڕەخۆریی شەڕەکەی جافیان دەناسی، هەرچی ڕان و ئاژێڵ هەبوو لە ڕێگە بڵاوەیان پێ کرد، تا بە تاڵانەوە خەریك بن و نەیانپەرژێتە سەریان، بەڵام قین و هەستی تۆڵەی جەنگاوەرانی لەشکر لە هەستی حەز بە تاڵانکران زۆرتر بوو، بێ ئەوەی دەست بۆ ئاژێڵێك درێژ بکەن لە شەڕی خۆیاندا بەردەوام بوون، بێ پسانەوە بە دوایانەوە بوون.

هێزی هەمەوەند و کەرەم وەیسی لە سیروان پەڕیبوونەوە، هێزی جافیش بەدوایانەوە، لە ناوچەی زەهاودا، هێزی دووەمی جاف پێشی لێ گرتن، شەڕی مەرگ و ژیان دەکرا، جوامێر بە دژواری توانی پاشماوەی هێزەکەی لە ئابلووقە و مەرگی تێکراییی ڕزگار بکا و کەرەم وەیسییەکان بەجێ بهێڵێ و لە مەیدانی شەڕ دوور بکەوێتەوە.

هێزی جاف هەموو توانا و زەبر و زۆری خۆی بەکار برد بۆ گەمارۆدانی پاشماوەی هێز و سوارە و تاك تاکی کەرەم وەیسییەکان، جوامێر هەمەوەند بەناچاری لە کەرەم وەیسییەکان جیا بووبووەوە، نەبوونی جوامێر و هێزی هەمەوەند و شەڕی چەندین ڕۆژەی بێ ئامان و بێ وچانی خوێناوی و دەست و پاگیربوونی شەڕکەرانی کەرەم وەیسی بەژن و زاو مناڵەوە پردی توانا و دەسەڵاتیانی هەرووژاندبوو بەسەر یەکدا، هەرچی دەکۆشان دەروەدەروازەیەك وەچنگ بهێنن و خۆیان ڕزگار بکەن، ئابلووقەدان تا دەبووەوە و تەنگتر دەبۆوەو تەنگتر، ئەوان دەیانزانی بەخشینێك لە کۆڕوکایەدا نییە دەکۆشان حسابی ژن و منداڵ لە خۆیان جوێ بکەنەوە، بەچی شێوەیەك؟ نەیاندەزانی، ئامادەبوون خۆیان بە دەستەوەدەن، لێیان قبوڵ نەکرا، شەڕ شەڕی سەروماڵی بوو، لە زەردەی ئێوارەیەکی خوێناویدا شەڕکەرانی کەرەم وەیسی بە نائومێدییەوە چەکیان فڕێ دا، سوارە و سوپای جاف لە هەمان جێگەدا هەر هەموویان گەورە

و بچووك و پیر و جوانیان دا بەدەم  شمشێر و ڕمەوە، هەر بۆ نموونە منداڵێکیان بە زیندوویی نەهێڵایەوە.

سەری فارس و شاوەیسی و تەواوی پاشماوە ناسراوەکانی کەرەم وەیسی کرا بە نووکی ڕمەوە و بەرەو قەڵای شێروانە هێنایانەوە و بۆ چەندین ڕۆژ سەرەکان بەسەر ڕمەوە لەبەر دەرگەی قەڵادا تەماشاکەری پرسە و سەرخۆشیی خەڵکی بوون کە دەهاتن بۆ پرسەی پاشای جاف.